

بۆ تێگەیشتنی قورئان

بەرگی [٦]

نووسینی

مەلا مەحموودی گەلاڵەیی



تەفسیری ڕەوان

بۆ تێگەیشتنی قورئان

بەرگی شەشەم

نووسینی

مەلا مەحموودی گەلاڵەیی

جزمی (١٢)



- تەفسیری رەوان بۆ تێگەیشتنی قورئان.
- نووسینی: مەلا مەحموودی گەلاڵەیی.
- چاپی یەکەم.
- چاپخانەی ئۆفسێتی تیشک.
- تیژار: (٥٠٠) دانە.
- ژمارەی سپاردن : (٢٩٩)ی ساڵی (٢٠٠٠).

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

سورەتی هود

ئەم سورەتە ناونراوە بەسوورەتی هود، چونکە چیرۆکی حەزرەتی هودی تێدایە، هەواڵ و سەرگوزشتەی هودو گەلەکەی لەخۆ گرتووە.

لەم سوورەتەدا پەروەردگار لەئایەتی (٥٠) تا ئایەتی (٦٠) بەسەرهاتی هودو نەتەوەکەیمان بۆ دەگێڕێتەوە؛!

ئەم چیرۆکەش وەکوو چیرۆکەکانی تری قورئان بەربەرەکانیو صیراعێکی دژواری نێوان هودو گەلەکەی تۆمار کردوە. حەزرەتی هود بانگەوازی گەلەکەی کرد بۆ خوداپەرستیو وازهێنان لەبتپەرستی، بەڵام گەلەکەی سوور بوون لەسەر کوفرو بێدینی خۆیانو بەدرۆخستنەوەی حەزرەتی هود. ئیتر پەروەردگار بەعەزابێکی کوشندە لەناوی بردن، رەشەباو زریانێکی بەتەوژمی لەسەر هەڵکردن، حەوت شەوو هەشت رۆژ بەردوام بوو، وەکوو لەشوێنی خۆیداو لەم سورەتەدا خودا پیشتیوان بێ باسی دەکەین.

ئەم سورەتە لەمەککە هاتۆتە خوارێ بەسورەتێکی مەککی دەناسرێ!

هەندێک دەڵێن: ئایەتی ﴿فَلَعَلَّكَ تَارِكٌ....(١٢)﴾و ئایەتی ﴿أَفَمَن كَانَ عَلَى بَيِّنَةٍ....(١٧)﴾و ئایەتی ﴿وَأَقِمِ الصَّلَاةَ طَرَفَيِ النَّهَارِ وَزُلَفًا....(١٤٤)﴾ لەمەدینە هاتوونە خوارێ.

بەڵام مامۆستا سەیید زۆر بەتوندی ئەو رایە رەت دەکاتەوەو دەفەرموێ: سورەتەکە تێکڕا مەککییە، ئەو مەزوعانەی باسیان لێوە دەکا لەباسە سەرەکییەکانی قورئانی مەککین، پەیوەندییان بەعەقیدەوە هەیە، هەڵوێستی قورەیشییەکان بەرامبەر ئایین رادەنوێنیو کاریگەری ئەو هەڵوێستە لەدڵو دەروونی پێغەمبەرو هاوەڵانیداو چارەسەری قورئان بۆ ئەو کاریگەرە شی دەکەنەوە.

تێکڕای ئەم سورەتە لەدوای سورەتی (یونس) هاتۆتە خوارێ، سورەتی (یونس)یش دوای سورەتی (الاسراء) دابەزیوە، ئەمەش ئاماژەی ئەوەی تێدایە: کە سەردەمی هاتنە خوارەوەی سورەتی هود ناخۆشترین کات بوو ناسکترینو زەحمەترین رۆژگار بوو لەمێژووی بانگەوازی ئیسلام لەمەککەدا، ئەوەبوو پێش هاتنە خوارەوەی سورەتی (هود) ئەبوطالیب کە مامی پێغەمبەر بوو خەدیجە کە خێزانی بوو هەردوکیان دوو پاڵپشتو یارمەتیدەری پێغەمبەر بوون کۆچی دواییان کرد، رێگا بۆ قوریشییەکان ئاچۆخ بوو کە هێرش بکەنە سەر پێغەمبەر ﷺو لەوەپێش نەیاندەوێرا بەو شێوە ئەزیەتی پێغەمبەر بدەن، بەتایبەتی پاش روداوی ئیسراو میعراج: کە کافرەکان بەلایانەوە شتێکی سەیرو نەگونجاو بوو، دەستیان کرد بەگاڵتەپێکردنو بەدرۆخستنەوە، هەندێک لەوانەی لەوەپێش موسوڵمان بووبوون پاشگەز بوونەوە، سەرباری مردنی هاوسەری بەوەفای خاتو خەدیجەو مردنی ئەبوطالیبی مامی کە دوو پشتیوانی دڵسۆزی پێغەمبەر بوون، قورەیشییەکان پەرەیان بەدژایەتی کردنی بانگەوازیکردنی ئیسلامداو لەسنووریان تێپەڕاندو تەنگیان بەپێغەمبەرو هاوەڵانی هەڵچنی، بەجۆرێک جمو جۆڵی بانگەوازی ئیسلامی لەپەلو پۆ کەوتو تەجمید بوو، تەنانەت وای لێ هات لەمەککەو دەورو بەریدا بۆ ماوەیەکی زۆر کەس موسوڵمان نەدەبوو، تا خوا کردی پەیمانی عەقەبەی یەکەمو دووەم بەسترانو دەرویەکی بەرەحمەت لەبانگەوازی ئیسلامی کرایەوەو لەحاڵەتی خامۆشی یان بڵێین: لەحاڵەتی جمود رزگاری بوو.

سوورەتی (هود) کە لەدوای سوورەتی (یونس) هاتۆتە خوارێ، لەزۆر لایەنەوە ئەم دوو سورەتە لێک دەچن، مانایان لێک دەچن، باسەکانیان وەکو یەک وان، هەردوکیان بە(الر) دەست پێ دەکەن، هەردوکیان بەوەصفی ئیسلامو باسی قورئانو پەسنی پێغەمبەر کۆتاییان پێ دێ، هەردوکیان بانگەوازیکردنی ئادەمیزاد بۆ بڕوا کردن بەپەیامی پێغەمبەرو شی کردنەوەی

ئەو باسانەی لەسورەتی یونسدا بەکورتی هێنراون دەربارەی عەقیدەو یەکتاپەرستیو زیندوبوونەوەو پاداشو سزاو حیسابو لێکۆڵینەوەو سەرئاسایی قورئانو چەسپاندنی ئایەتەکانیو بەرپەرچدانەوەی موشریکەکانو تەحەدا لێ کردنیان بەقورئانی لەخۆگرتوو، هەروا باسی هەندێ سەرگوزشتەو بەسەرهاتی پێغەمبەرانی وەکوو نوحو ئیبراهیمو هودو صالحو شوعەیب (درودی خودایان لەسەر بێ) لەخۆ گرتووە.

ئەم سورەتە تایبەتمەندییەکی تێدایە لەبارەی هەڕەشەو ترساندنو سام بەرخستنەوە: کە لەچیرۆکی ئەو پێغەمبەرانەدا هەیە لەشوێنی تری قورئاندا ئاوا بەزەقی بەرچاو ناکەون.

بانگەوازی جەخت لەسەرکراوی تێدایە بۆ خۆگریو پابەند بوون بەئایینەوە.

تیرمیذی لەئیبنو عەبباسەوە فەرموودەیەک ریوایەت دەکا دەڵێ: حەزرەتی ئەبو بەکر عەرزی پێغەمبەری کرد وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! پیری لێی دیاری داوی! لەوەڵامدا پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: سورەتی (هود)و (الواقعة)و (المرسلات)و (عم يتساءلون)و (إِذَا الشَّمْسُ كُوِّرَتْ) پیریان کردم. لەریوایەتێکی تردا هاتووە دەڵێ: پرسیار لەپێغەمبەر کرا، چ شوێنێکی سورەتی هود پیری کردی؟ فەرمووی: ئایەتی ﴿فَاسْتَقِمْ كَمَا أُمِرْتَ﴾.

ئەو باسانەی لەم سورەتەدان:

ئەم سورەتەش وەکوو سورەتی یونس بنەما سەرەکییەکانی ئایینی لەخۆگرتوون: کە بریتین لەیەکتاپەرستیو پێغەمبەرایەتیو زیندوبوونەوەو سزاو پاداش. وەکوو لەم خاڵانەدا ئاماژەیان پێ دەکەین:

١- چەسپاندنی ئەوە: کە قورئان لەخوداوە هاتووەو ئایەتەکانی هەموو رێکو پێکو رەوانو پتەوو تەواوو بێ کەمو کوڕین، چەسپاندنی ئەوە : کە قورئان پڕە لەبەڵگەی یەکتاپەرستیو راستی پێغەمبەرایەتیو حوکمو یاساو

پەندو ئامۆژگاریو چیرۆکو جوداوازی خستن لەنێوان حەقو بەتاڵدا، لێکئ هەلاواردنی راستو ناڕاست..

چەسپاندنو سەلماندنی سەرئاسایی قورئانو تەحەدا کردن لەعەرەبو غەیری عەرەب کە بتوانن دە سورەتی وەکوو ئەم قورئانە بخەنە رو، وەکوو دەفەرموێ: ﴿أَمْ يَقُولُونَ افْتَرَاهُ قُلْ فَأْتُوا بِعَشْرِ سُوَرٍ مِثْلِهِ مُفْتَرَيَاتٍ وَادْعُوا مَنِ اسْتَطَعْتُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ﴾هود/١٣.

ئەمجار کە دەستەوەسان بوون: لەهێنانی نموونەی قورئان، یان دە سورەت، تەنانەت یەک سورەت لەکورترین سورەتیش، جا کە ئیفلاسیو بێ دەسەلاتییان دەرکەوت، ئەوە بزانو یەقینتان زیاد بێ کە ئەو قورئانە لەخوداوە هاتووە. وەکوو دەفەرموێ: ﴿فان لم يستجيبوا لكم، فاعلموا انما انزل بعلم الله﴾هود/١٤.

٢- یەکتاپەرستی خودا. ئەو یش دوو جۆرە:

ا- تاکئو تەنهایی لەخودایەتیدا (الألوهية) ئەمیش بریتییە لەبەندایەتی کردن بۆ خوداو بەس! پەرستنی خوداو طاعەت بۆ ئەو کردن، واتە: کەسی تر نەپەرستیو بەندایەتی بۆ کەسی تر نەکا.

ب- تاکئو تەنهایی لەربووبییەتدا. واتە: بیرو باوەڕت وابێ کە هەر خودا بەدیهێنەرو هەڵسوڕێنەری بوونەوەرە. هەر ئەو دەتوانێ بەویستی خۆی گۆڕانکاری تێدا ئەنجام بدا.

عەرەبەکان لەوەپێش بڕوایان وابوو: کە هەر خودا بەدیهێنەرە، بەڵام بڕوایان بەفرە خودایی هەبوو، دەیانگوت: خودا هاوەڵو شەریکی هەن. قورئان لەم بارەوە دەفەرموێ: ﴿وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ مَنْ خَلَقَ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضَ وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ...﴾العنكبوت/٦١.

بۆیە لەقورئاندا زۆر ئایەت هەن؛ تاکو تەنهایی خودا لەربووبییەتدا دەچەسپێنن؛ یەکێک لەو ئایەتانە ئایەتی ژمارە (٧)ی ئەم سورەتەیە: کە دەفەرموێ: ﴿وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ...الآية﴾.

٣- چەسپاندنی زیندوبوونەوەو هەبوونی حیسابو لێکۆڵینەوەو پاداشو سزا. وەکوو دەفەرموێ: ﴿إِلَى اللهِ مَرْجِعُكُمْ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾هود/٤. یان دەفەرموێ: ﴿وَلَئِنْ قُلْتَ: إِنَّكُمْ مَبْعُوثُونَ مِنْ بَعْدِ الْمَوْتِ لَيَقُولَنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا: إِنْ هَذَا إِلاَّ سِحْرٌ مُبِينٌ﴾هود/٧.

٤- بەتاقیکردنەوەی ئادەمیزاد بۆ ئەوەی بزانن: کامەیە کردەوەی باشو بەسودیان. وەکوو دەفەرموێ: ﴿لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلاً﴾هود/٧.

٥- بەرامبەریکردنو بەیەک گرتنی سروشتی موسوڵمانو کافر لەکاتی خۆشیو ناخۆشیدا. ئەوەتا خاوەن باوەڕو خوداپەرست لەکاتی تەنگانەدا خۆگرە، لەکاتی خۆشیو فەرەحیدا سوپاسگوزارە. کافر لەکاتی خۆشیدا تەڕدەماغو لەخۆبایی دەبێ، لەکاتی تەنگانەدا بەرچاوتەنگو بێ وزەو کوفرکەرە. سەیری ئایەتی (٩-١١) بکە.

٦- ئادەمیزاد پەلە دەکا بۆ وەدەستهێنانی خێرو سودو هاتنی عەزابو سزا، وەکوو دەفەرموێ: ﴿وَلَئِنْ أَخَّرْنَا عَنْهُمُ الْعَذَابَ إِلَى أُمَّةٍ مَعْدُودَةٍ لَيَقُولُنَّ: مَا يَحْبِسُهُ...؟﴾هود/٨.

هەروەکوو لەسورەتی (یونس)یشدا دەفەرموێ: ﴿وَلَوْ يُعَجِّلُ اللهُ لِلنَّاسِ الشَّرَ اسْتِعْجَالَهُمْ بِالْخَيْرِ لَقُضِيَ إِلَيْهِمْ أَجَلُهُمْ﴾یونس/١١.

٧- سورشتی ئادەمیزاد جوداوازو هەمە جۆرە تەنانەت لەوەرگرتنی (ئایین)یشدا مەگەر کەسێک خودا رەحمی پێ بکا. وەکوو دەفەرموێ: ﴿وَلاَ يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ إِلاَّ مَنْ رَحِمَ رَبُّكَ، وَلِذَلِكَ خَلَقَهُمْ﴾هود/١١٨-١١٩.

٨- هێنانی چیرۆکو سەرگوزەشتەی پێغەمبەران بەشێوەیەکی درێژئامێز، بەمەبەستی دڵدانەوەی پێغەمبەر ﷺ لەسەر ئەو ئەزیەتو

نارەحەتیەی تووشی دەهات لەلایەن قورەیشییەکانەوەو رو وەرگێرانو پشت هەڵکردنیان لەبانگەوازی‌یەکەی! وەکوو دەفەرموێ: ﴿كُلاًّ نَقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنْبَاءِ الرُّسُلِ مَا نُثَبِّتُ بِهِ فُؤَادَكَ﴾هود/١٢٠. هەڵبەتە لەهەموو چیرۆکو سەرگوزشتەیەکیش‌دا پەندو ئامۆژگاری هەیە بۆ موسوڵمانان..

لەم سورەتەدا چیرۆکی حەزرەتی هود لە (دە) ئایەتدا باس دەکا (ئایەتی ٥٠-٦٠) پاشان چیرۆکی حەزرەتی صالح لەگەڵ قەومەکەی لەئایەتی (٦١-٦٨)دا شی دەکاتەوەو بەدوو ئایەت (٦٩-٧٠) ئاماژە بۆ چیرۆکی میوانەکانی حەزرەتی ئیبراهیم: کە فریشتە بوون دەکا.

ئەمجار چیرۆکی حەزرەتی لوط لەئایەتەکانی (٧٠-٨٣)دا دەگێڕێتەوە. لەئایەتەکانی (٨٤-٩٥)یش‌دا چیرۆکی حەزرەتی شوعەیب دەگێڕێتەوە.

ئەمجار چیرۆکی حەزرەتی موسا لەگەڵ فیرعەون‌دا لەئایەتەکانی (٩٦-٩٩) رادەنوێنێ.

٩- دوابەدوای چیرۆکەکان راستەوخۆ پەندو عیبرەتی چیرۆکەکان دەخاتە روو لەناوچونی ستەمکاران دەچەسپێنێو دەفەرموێ: ﴿ذَلِكَ مِنْ أَنْبَاءِ الْقُرَى نَقُصُّهُ عَلَيْكَ مِنْهَا قَائِمٌ وَحَصِيدٌ، وَمَا ظَلَمْنَاهُمْ وَلَكِنْ ظَلَمُوا أَنفُسَهُمْ، فَمَا أَغْنَتْ عَنْهُمْ آلِهَتُهُمُ الَّتِي يَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللهِ شَيْءٌ...الآيـة﴾ سەیری ئایەتەکانی (١٠٠-١١١) بکە.

١٠- فەرمان بەئیستیقامەو بەردەوام بوون لەراگەیاندنو پابەند بوون بەفەرمانو جڵەوگیرییەکانی پەروەردگار، کە ئەمە قورسترین ئەرک بوو. پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ئەمە پیری کردم. چونکە ئیستقامە بریتییە لەجیهاد لەگەڵ نەفسو خۆگرتن لەسەر ئەنجامدانی ئەرکەکانو پارێزگاریکردنی نەفس لەتێدا چوونو فەوتان.

١١- ئەو راستییە رون دەکاتەوە کە لەخۆبایی بونو ملهوڕی هۆکاری وڵات وێرانبونو سەرتێداچوونەو سزاکەی ئاگری دۆزەخە. وەکوو دەفەرموێ:

﴿وَلاَ تَطْغَوْا إِنَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ. وَلاَتَرْكَنُوا إِلَى الَّذِينَ ظَلَمُوا فَتَمَسَّكُمُ النَّارُ﴾هود/١١٢-١١٣.

١٢- فەرمان بەئەنجامدانی نوێژەکان لەکاتو سەردەمی خۆیاندا چونکە نوێژ تاوانی لەوەپێش دەشواتەوە.

١٣- دژایەتیکردنی ئاشووبو فەساد لەسەر زەوی بۆ ئەوەی پارێزگاری تاکئو کۆمەڵ بکرێ لەفەوتانو لەناوچوون، وەکوو دەفەرموێ: ﴿فَلَوْلاَ كَانَ مِنَ الْقُرُونِ أُو لُو ابَقِيَّةٍ يَنْهَوْنَ عَنِ الْفَسَادِ فِي الأرض﴾هود/١١٦.

١٤- ئاماژەی ئەوەشی تێدایە: کە هەتا ئادەمیزاد بۆخۆیان راستاڵو فەرمانبەرداربن خودا سزایان ناداو لەناویان نابا. (ئایەتی١١٧).

١٥- هەڕەشەکردن بەسزای سەخت لەو کەسانەی روو لەبانگەوازی حەقو خودا پەسەند وەردەگێرن. لەهەمان کاتدا ئاماژەی ئەوەشی تێدایە کەسەرەنجام بۆ خوداپەرستانەو ئەوان رزگار بوو بەمرازگەیشتوون.

١٦- کۆتایی سورەتەکەش بەفەرمانکردن بەخوداپەرستیو پشت بەستن بەخوداو ترسان لەسزاو عیقابی دەهێنێو سەرەتاو کۆتایی سورەتەکە پێکەوە دەگونجێنێ.

قورئان کتێبێکی بێ کەمو کوڕیو بێ عەیب و ڕەخنە لێ نەگیراوە بانگەوازی ئادەمیزاد دەکا بۆ بەندایەتیکردنی خوداو گەڕانەوە بۆ لایو بڕوا بەزیندوبوونەوە (١-٤)

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

الٓرۚ كِتَٰبٌ أُحۡكِمَتۡ ءَايَٰتُهُۥ ثُمَّ فُصِّلَتۡ مِن لَّدُنۡ حَكِيمٍ خَبِيرٍ ﴿١﴾ أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّا ٱللَّهَۚ إِنَّنِي لَكُم مِّنۡهُ نَذِيرٞ وَبَشِيرٞ ﴿٢﴾ وَأَنِ ٱسۡتَغۡفِرُواْ رَبَّكُمۡ ثُمَّ تُوبُوٓاْ إِلَيۡهِ يُمَتِّعۡكُم مَّتَٰعًا حَسَنًا إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗى وَيُؤۡتِ كُلَّ ذِي فَضۡلٖ فَضۡلَهُۥۖ وَإِن تَوَلَّوۡاْ فَإِنِّيٓ أَخَافُ عَلَيۡكُمۡ عَذَابَ يَوۡمٖ كَبِيرٍ ﴿٣﴾ إِلَى ٱللَّهِ مَرۡجِعُكُمۡۖ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٌ ﴿٤﴾

﴿الر=ألف، لام، را﴾ موبتەدایەو ﴿کتاب احکمت آیاته..﴾ خەبەرەکەیەتی. واتە: ئەم کتێبەی کە پێک هاتوە لەو پیتانە ئەو کتێبەیە کە ئێوە بڕوای پێ ناکەنو پشتی لێ هەڵدەکەنو روی لێ وەردەگێڕن، لەهەمان کاتیش‌دا ناتوانن لەو پیتانە نمونەی ئەم کتێبە، یان دە ئایەت تەنانەت کورترین سورەتیش بخەنە ڕوو.

دەشتوانین بڵێین ﴿کِتابٌ أُحْكِمَتْ آیاتُهُ...﴾ خەبەرە بۆ موبتەدایەکی مەحذوف، واتە: ئەمە کتێبێکی بەرزو بەنرخە، ئایەتەکانی ڕێکوپێکو پتەوو بێ کەمو کوڕین، نەظمو مەعنای بێ عەیبو نەنگیە، لەهەموو رویەکەوە تەواوو پڕمانایە، جوان دانراوە، ماناکانی وردو وشەکانی پتەوو رستەکانی

مەبەستەکانیان پێکاوەو جوان ئاراستە کراون، هەموو وشەیەکی، هەموو رستەیەکی مەبەستێکی بەرزو مانایەکی قوڵو ورد دەگەیەنێ، هەموو مانایەکی، هەموو ئامـاژەو وشەکانی پێکەوە گونجاوە، رستەکانی دەستەملانی یەکتربوونو چەمبەرەیان تێک وەرهێناوە، دژایەتیو ناکۆکی لەنێوان وشەو رستەکانیدا نابیندرێو نیە، وشەو رستەکانی بەوپەڕی کارامایيو تەنظیمەوە رێکخراونو لێک دراون، ﴿ثم فصلت من لدن حكيم خبير﴾ پاشان شیکراوەتەوەو بەگوێرەی مەبەستەکانی دابەشکراوە، بەگوێرەی باسو مەواضیعەکانی سورەت سورەتو ئایەت ئایەت تەرتیب کراوە، هەر مەبەستو باسێک بەئەندازەی خۆی وشەو رستەی بۆ تەرخان کراوە!

ئەمجار کێ ئاوا ئەم کتێبە ناوازەی بەو شێوە سەرسوڕهێنەرە، ئاوا رەوانو فەصیحو بەو شێوە سەرنج راکێشە بەشبەشو سورەت سورەتو ئایەت ئایەت شی کردۆتەوە؟! بێگومان پەروەردگار، ئەمە شاکاری کەریمی کارسازە، تابلۆی رەنگینی دەستی قودرەتە، دانراوی پەروەردگارە، کەلامی نازڵبووی خودای داناو زانایە، لەلایەن خودای داناو زانا رێکخراوە، بەداناییو زانایی لەلایەن خۆیەوە ناردویەتی بۆ سەر پێغەمبەر ﷺ بۆ ئەوەی بیگەیەنێو لەئادەمیزادانی بگەیەنێ، گۆڕانکاریو دەست لێدانی تێدا نەکراوەو ناکرێ.

دەی با بزانین ئەم کتێبە شاکارە ناوازەیە چی تێدایە؟ بێگومان بنەماسەرەکییەکانی عەقیدە رادەگەیەنێ. حەقیقەتەکانی بیرو باوەڕ رون دەکاتەوە، بیرو باوەڕە پووچەکانی کافران قەڵاچۆ دەکا، جوانترین رێبازی ژیانو شەریعەتی راست بۆ ئادەمیزاد شی دەکاتەوە، باشترین پەیڕەوو پرۆگرامو پەندو ئامۆژگارىو ئەخلاقو رەوشت فێری ئادەمیزاد دەکا.

بەڵێ ئەم کتێبە ناوازە بێ وێنەیە فەرمان بەئێوەی ئادەمیزاد دەکا ﴿أَنْ لَاتَعْبُدُوا إِلَّا اللَّهَ﴾ کە جگە لەخودای تاکو تەنیاو بالا دەست کەسی تر نەپەرستن، هیچ شتێک نەکەن بەهاوەڵو هاوشانی.

یان دەڵێن: ئەم قورئانە موحکەمو شیکەرەوە، بۆیە هاتۆتە خوارێ: کە بەتەنیا بەندایەتی خودا بکرێ، طاعەتو پەرستش هەر بۆ زاتی ئەو ئەنجام بدرێ، یان دەڵێن: بۆیە ئەم قورئانە نێردراوە: کە جگە لەخودا کەسی تر نەپەرستن. وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ قَبْلِكَ مِنْ رَسُولٍ إِلاَّ نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنَا فَاعْبُدُونِ﴾الأنبياء/٢٥. یان دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَسُولاً أَنِ اعْبُدُوا اللهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ﴾النحل/٣٦.

ئەی موحەممەد! بەو خەڵکە بڵێ: ﴿إِنَّنِي لَكُمْ مِنْهُ نَذِيرٌ وَبَشِيرٌ﴾ من لەخوداوە کراوم بەپێغەمبەرو بۆ سەر ئێوە رەوانەکراوم، ئەگەر سەرپێچی پەیامەکەم بکەن، ئەوە لەسزاو عەزابێکی بەئێش دەتانترسێنم، ئەگەر پابەندی فەرمانو جڵەوگیرییەکانی قورئان بن، ئەوە موژدەتان دەدەمێ بەبەهەشتو ژیانی کامەرانی. ئەمە ئەرکی سەرەکی پێغەمبەرە ﷺ: کە یاخی بووان بترسێنێ لەئاگری دۆزەخو مزگێنی بەهەشت بەو کەسانە بدا: کە شوێنی دەکەون.

لەحەدیثی صەحیحو راستدا هاتووە، دەڵێ: رۆژێک پێغەمبەر ﷺ چووە سەر تەپۆلکەی صەفا، یەکە یەکە بنەماڵەکانی قورەیشی بانگ کردن، هەموو لێی کۆبوونەوە، ئەمجار فەرمووی: ئەی جەماوەری قورەیش! ئایا ئەگەر من هەواڵتان بدەمێ کە سبەینێ لەکاتی دەمەوبەیاندا لەشکرێک گەمارۆتان دەدا، ئایا ئێوە بڕوام پێ دەکەن؟ هەموو تێکڕا وتیان: بەڵێ بڕوات پێ دەکەین چونکە لەوەپێش درۆمان لێ نەدیوی. ئەمجار پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (فاني نذير لكم بين يدي عذاب شديد) دەسا من ترسێنەرم بۆ ئێوە پێش هاتنی عەزابێکی توندو دژوار.

پێیان بڵێ: ﴿وَأَنِ اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُوا إِلَيْهِ﴾ من فەرمانتان پێ دەکەم بەوەی تۆبەو پەشیمانی لەتاوانەکانتان بکەن، داوای لێخۆشبوونو لێبوردن لەتاوانی شیرکو یاخی بوون رابگەیەنن. بگەڕێنەوە بۆ لای خوداو

لەکرداری لەوەپێشتان پەشیمان ببنەوەو عەزمتان جەزم بێ کە جارێکی دی نەگەڕێنەوە بۆ سەر ئەو تاوانانە. ئەگەر وا بکەنو ئەوە هەڵوێستتان بێ ﴿يمتعكم متاعاً حسناً الى أجل مسمى﴾ پەروەردگار ژیانی کامەرانیو خێرو خۆشیتان بۆ ماوەیەکی درێژ پێ دەبەخشێ، هەتا تەمەنتان تەواو دەبێو کاتی مردنتان دێ، بەخۆشیو سەرفرازیو کامەرانی دەیگوزەرێنن!

﴿وَيُؤْتِ كُلَّ ذِي فَضْلٍ فَضْلَهُ﴾ ڕۆژی قیامەتیش هەر کەسێک کردەوەیەکی باشی هەبێ پاداشەکەی وەردەگرێتەوەو ستەمی لێ ناکرێ.

خۆشگوزەرانی لەجیهانداو پاداشی باش لەقیامەتدا، کۆکردنەوەی دوو پاداشە، وەلێ پاداشی دونیا کورتو کەم.خایەنە، پاداشی قیامەت بەردوامو نەبڕاوەیە بۆ هەتا هەتایە هەر درێژەی هەیە.

ئاماژەی ئەوەشی تێدایە کە پاداشی دونیا بۆ تێکڕای ئادەمیزادەو هەموویان تێکڕا سوود لەو پاداشە وەردەگرن. بەڵام پاداشی قیامەت تایبەتە بەخاوەن کردەوەکەوە، هەرکەسەو بەگوێرەی کردەوەی تایبەتی خۆی پاداشی دەدرێتەوە!!

ئاماژەی ئەوەشی تێدایە: کە هەموو خێرو خێراتی دونیاو قیامەت لەخوداوەیە، ئەو بەدییان دەهێنێو دەیانبەخشێ.

ئوسلووبو شێوازی قورئان وایە: کە باسی قیامەتی کرد باسی دونیاش بکا، کە پاداشی موسوڵمانانی دیاری کرد سزای کافرانیش دەست نیشان بکا، کە باسی شتێکی کرد سودەکەشی بەیان بکا بۆ هەڵنانو دەنەدەنەدانی ئادەمیزاد تا وەگری ببن، ئەمجار بەرامبەرەکەشی باس دەکا بۆ ئەوەی خۆی لێ بپارێزنو لێی بتەکێنەوە. دەفەرموێ: ﴿وَإِنْ تَوَلَّوْا فَإِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُمْ عذابَ يَوْمٍ كَبِيرٍ﴾ ئەی موحەممەد! پێیان بڵێ: ئەگەر ئێوە ڕو وەرگێڕن لەبانگەوازی یەکەمو پشت هەڵبکەن لەیەکتاپەرستیو بەندایەتیکردن بۆ خودا، ئەوە من دەترسم ئێوە دوچاری سزایەکی کوشندە ببن، عەزابێکی گەورەو

سامناکێ لەقیامەتدا توشتان ببێ، ئەو کاتە هیچ شتێکێ فریاتان ناکەوێو کار لەکار دەترازێ.

﴿اِلَی اللهِ مَرْجِعُکُمْ وُهُوَ عَلَی کُلِّ شَیْءٍ قَدِیرٌ﴾ دڵنیابن گەڕانەوەتان بۆ لای خودایەو رۆژی قیامەت هەمووتان زیندو دەکرێنەوەو دەخرێنە بەرحیسابو لێکۆڵینەوەی خودای باڵا دەستو بەتوانا چی بوێ لەگەڵتان ئەنجامی دەدا، چۆن پاداشی باش بەچاکەکاران دەداتەوە تۆڵەش لەخراپەکاران دەسێنێ، هیچی لێ عاسێ نابێو کەس ناتوانێ بەربەرەکانی بکا، چونکە زاتی پاکی بەسەر هەموو شتێکدا بەتواناو دەسەڵاتە!

جا هەرچەندە هەموو کاتو ساتێکێ لەدونیاو لەقیامەتدا گەڕانەوە هەر بۆ لای خودایەو هەموو کاتێ هەموو شتێکێ لەژێر دەسەڵاتی خودادایە بەڵام لەقورئاندا کە وشەی (مرجع)و ئەو جۆرە وشانە بەکاردێنێ کە لە(رجع) وەردەگیرێن مەبەست پێیان گەڕانەوەی دوا ژیانی دونیایە.

رو وەرگێرانی کافرەکان لەحەق و راستی (٥)

أَلَآ إِنَّهُمْ يَثْنُونَ صُدُورَهُمْ لِيَسْتَخْفُوا۟ مِنْهُ ۚ أَلَا حِينَ يَسْتَغْشُونَ ثِيَابَهُمْ يَعْلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعْلِنُونَ ۚ إِنَّهُۥ عَلِيمٌۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ﴿٥﴾

دوابەدوای راگەیاندنی خولاصەی ئەو نامە پیرۆزەی: کە ئایەتەکانی رێکو پێکو پڕماناو فەصیحو رەوانو بێ عەیبو نەنگینو لەلایەن خودای زاناو داناوە شی کراونەوەو رێکخراونو نێردراون، ئەمجار باسی حاڵەتی کافرەکانی کردو ئەوەی رون کردەوە: کە ئەگەر رو لەعیبادەتی خودا وەربگێڕنو بەندایەتی بۆ نەکەن دوچاری عەزابی رۆژێکی گەورەو سامناکێ

دەبن. ئەوە رون دەکاتەوە: کە رو وەرگێڕانو پشت هەڵکردن لەبەندایەتی خـودا بەنهێنیو پەنامەکی وەکوو رو وەرگێڕانی بەئاشکرا وایە، ئیتر سیاقی قورئـان ئەوە رادەنوێنێ: کە چۆن تاقمێک لەو کافرانە پێشوازی لەئایەتەکانی قورئـان دەکەن لەکاتێکدا پێغەمبەر ﷺ بۆیانی دەخوێنێتەوە. بەوردی وێنەی هەڵسو کـەوتیان دەکێشـێ، شێوەی خـۆ بـاریک کردنـەوەو سەرداخسـتنو خۆکـۆم کردنەوەیان نەخشەکێش دەکا، بێـهودەیی هەوڵدانەکـەیان رادەگەیـەنێو ئـەوە رون دەکاتەوە: کە پەروەردگار لەهەموو هـەڵسو کـەوتێکیان ئاگـادارەو هیـچ شتێک لەژێر تیشکی زانیاری خودادا هوون نابێو ئـەوان نـەفامن: کـە پێیـان وایە دەتوانن خۆیان لەخودا بشارنەوە دەفـەرموێ: [الا انـهم یثنـون صدورهـم لیستخفوا منه] ئاگادار ببـەرەوەو بزانـە: کـە ئـەو کافرانـە کـاتێ بانگـەوازی دەبیسن بۆ خوداپەرستی پشتی لێ هەڵ دەکەنو خۆیان کۆم دەکەنەوەو سـەری خۆیان شۆڕ دەکەنو خۆیان باریک دەکەنەوە بۆ ئەوەی پێغەمبەر نەیان بینـێ، کەس چاوی پێیان نەکەوێ، واتە: هێندە کافرو سەررەقو بێ بڕوان: کە گوێیـان لەئایەتی قورئانە خۆیان باریک دەکەنەوەو خۆیان دەشێرنەوە.

دەقە قورئانییەکـە تـەصویری حاڵـەتێک دەکـا: کـە لەموشـریکەکانەوە دیاری داوە: کە پێغەمبەر ﷺ قورئانی بۆ دەخوێندنەوە ئەوان سینگی خۆیـان وێک دەهێنایەوەو سەریان دادەخستو بەخـەیاڵی خۆیـان خۆیـان لـەو خودایـە دەشاردنەوە کە ئەم قورئانەی نازڵ کردوە!!

﴿أَلَا حِينَ يَسْتَغْشُونَ ثِيَابَهُمْ يَعْلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَـــا يُعْلِنُــونَ﴾ ئاگـادار ببەرەوەو بزانە ئەو خودایەی ئەم قورئانەی نـازڵ کـردوە هەمیشـە لەگەڵیانـەو چاوی لێیانە، ئەو کاتەی سەری خۆیان دادەپۆشن بەپۆشـاکەکانیان بـۆ ئـەوەی پێغەمبەر نەبینن، ئەوەندەیان رق لێیە چاویان بەرایی نـادا ببینـن، یـان بـۆ ئەوەی خۆیان لەپێغەمبەر یان لەخودا بشارنەوە، پێیان وایە: خودا نایـانبینێ، بەڵام با باش بزانن: خودا زاناو ئاگادارە بەو نهێنییانەی لەدڵیاندا حەشـاریان

داونو ئەوەی بەدەم دەیدرکێنن، ئاگادارە بەو شتە پەنامەکییانەی بەشەو بەنهێنی دەیکەنو بەو کارو کردەوانەی بەرۆژ بەئاشکرا ئەنجامیان دەدەن.

واتە: ئەوان لەو حاڵەتە پەنامەکییەی کەتێیدان؛ کاتێک دەچنە سەر جێگای نوستنیانو هەر خۆیانو بەس، شەو بەتاریکی خۆی دایپۆشیوەو پێخەف دایپۆشیونو بەخەیاڵی خۆیان کەس نایانبینێ، ئا لەو کاتەدا خودا لەگەڵیانەو ئاگای لەهەموو پەنامەکیو ئاشکرایییەکیانە! بەڵکوو خودا لەوەش پەنامەکی تر دەزانێو هیچ شتێک نیە لەخودا شاراوەبێ.

﴿اِنَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ﴾ پەروەردگار زاناو ئاگادارە بەو نهێنیو پەنامەکییانەی لەناوسنگدا شاراوەن ئەو نهێنیو پەنامەکییانەی لەدڵاندا حەشاردراون خودا ئاگای لێیانەو پێیان دەزانێ. هەرچی لەبوونەوەردا هەیە، هەرچی شکو گومانی ناو دڵو دەروون هەیە، هەرچی خەتەرەو خەیاڵ، خیانەتی چاو هەیە خودا پێی دەزانێ، پاداشو سزای هەموو ئادەمیزادێک دەداتەوە.

تێبینی :

رستەی ﴿يَثْنُونَ صُدُورَهُمْ﴾ واتە: سینگیان دەپێچنەوە، سینگیان وێک دێننەوە پشتیان کۆم دەکەنەوەو خۆیان باریک دەکەنەوەو سەریان دادەخەن، وەکوو ئەوە هەوڵ بدەن سینگیان بپێچنەوە بەسەر ورگیاندا بۆ ئەوەی سەرسامیو رقو کینەی ناو دڵیان کە لەسەر رویان دیارە بیشارنەوە. واتە: ئەم حاڵەتە پێچەوانەی سینگ دەرپەڕاندنو سەربەرز کردنەوەیە..

بەخششی پەروەردگارو زانستو دەسەڵاتی (٦-٧)

﴿وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِي ٱلْأَرْضِ إِلَّا عَلَى ٱللَّهِ رِزْقُهَا وَيَعْلَمُ مُسْتَقَرَّهَا وَمُسْتَوْدَعَهَا كُلٌّ فِي كِتَٰبٍ مُّبِينٍ ﴿٦﴾ وَهُوَ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ وَكَانَ عَرْشُهُۥ عَلَى ٱلْمَآءِ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا وَلَئِن قُلْتَ إِنَّكُم مَّبْعُوثُونَ مِنۢ بَعْدِ ٱلْمَوْتِ لَيَقُولَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ إِنْ هَٰذَآ إِلَّا سِحْرٌ مُّبِينٌ ﴿٧﴾

لەئایەتی پێشوودا ئەوەی راگەیاند کە پەروەردگار ﴿يَعْلَمُ مَايُسِرُّونَ وَمَايُعْلِنُونَ﴾ زانایە بەهەموو پەنامەکیو ئاشکرایەکی ئادەمیزاد، ئەمجار بەشوێن ئەوەدا ئەوە رون دەکاتەوە: کە ئەو خودایە هەموو زانیارییەک دەزانێ، بەسەر هەموو شتێکدا بەتواناو دەسەڵاتە، هەر ئەو بەدیهێنەرو رزقو رۆژیدەرە، هەر ئەو زانایە بەحاڵو چۆنیەتی ئادەمیزاد. پاش مردن زیندویان دەکاتەوە، رۆژی قیامەت دێو شکو گومانی تێدا نیە!

دەفەرموێ: ﴿وَمَامِنْ دَابَةٍ فِي الأَرْضِ الاَ عَلَى اللهِ رِزْقُـهَا﴾ واتە: هیچ پێرۆو خشۆکو باڵندەو ئاژەڵێک نیە لەسەر زەوی مەگەر خودا رزقو رۆژی دەداو بژێوی لەسەر پەروەردگارە، ئەمە وێنەیەکی ترە لەوێنەکانی زانیاری پەروەردگار: کە عەقڵ تێیدا سەرسامو هەستو شعوور لەبەرامبەریدا داماوە! ئەم هەموو پێرۆو زیندەوەرانە، هەرچی لەسەر زەوی گیانی تێدایەو دێو دەچێ: ئادەمیزادە، ئاژەڵە، خشۆکە، پەلەوەرە، باڵندەیە، هەرچی لەم

زیندەوەرانە کە سەرزەوییان پڕ کردوە، لەناو سکی دایە زەویدا خۆیان حەشارداوە، لەکونو کەلەبەریدا خۆیان شاردۆتەوە، ئەم هەموو زیندەوەرانەی: کە هەر خودا بۆخۆی ژمارەو جۆریان دەزانیو زانستی ئێمە پەییان پێ نابا، لای پەروەردگار زانیاری تەواوو وردو راست دەربارەیان هەیە، رزقو رۆژیشیان لەسەر ئەوەو ئەو بژێوییان دەدا، نەک هەر ئەوەندە بەڵکوو ﴿وَيَعْلَمُ مُسْتَقَرَّهَا وَمُسْتَوْدَعَهَا﴾ دەزانێ لەکوێ دەحەوێتەوە لەکوێوە هاتوونو بۆ کوێ دەچن، دەزانێ تا لەژیاندان جێگایان کوێیەو پاش مردنیان بۆ کوێ دەڕۆنو هەریەکێ لەم زیندەوەرو گیانلەبەرانە لەنێو زانستی رەهاو بێ سنووری پەروەردگاردا تۆمار کراونو کۆنترۆڵ کراون، بەڵێ ئەمە وێنەیەکی موفەصصە لەبۆ زانیاری خودا لەو کاتەدا کە پەیوەندی بەبونەوەرەوە دەکا، هەستی ئادەمیزاد وەلەرزە دێنیو عەقڵو هۆشی سەرسامو داماو دەکا! هەرچەندێک هەوڵ بدەن بەخەیاڵی ئادەمی خۆمان تەصەوری بکەین بێهودەیەو ناتوانین کۆنترۆڵی بکەین!

نەک هەر زانیاری تەواوی دەربارەیان هەیەو بەس! بەڵکوو بۆ هەر یەکێک لەم هەموو زیندەوەرانە: کە زانینی ژمارەو جۆریان لەوزەی ئادەمیزاد دا نیەو خەیاڵی ئێمە ناتوانێ کۆنترۆڵیان بکا، رزقو رۆژی مەزندەکراوی بۆ داناوەو هیچیان بژێوی هیچیان ناخۆن!

بەڵێ پەروەردگار بەویستو ئیختیاری خۆی لەسەر خۆی پێویست کردوە: کە بژێوی ئەو هەموو زیندەوەرانەی سەر زەویو ناوسکی زەویو شوێنی تریش ئەگەر هەبن بدا.

زەوی وا گونجاوە کە بژێوی هەموو زیندەوەرێکی سەر زەوی تێدا دابین بکرێ، دەسەڵاتو زانیاری داوە بەزیندەوەرەکان هەریەکەیان بەپێی سروشتی خۆی بژێوی خۆی لەم دایکە زەمینە فەراهەم بێنێ، بۆ هەموو شتێک هۆکاری داناوە، فەرمانی کردوە هۆکارەکان بەکار بێندرێن بۆ ئەوەی ئاکامەکان بێنە

دی. بەتایبەتی ئادەمیزاد کە خودا کردویەتی بەئاوەدانکەرەوەی زەوی‌و جێنشینی خودا تێیدا، هێزو توانای جەستەیی‌و عەقڵی پێ بەخشیوە بۆ ئەوەی سوود لەخێرو بەرەکەتی زەوی وەربگرێ، لێکدانەوەو تێکەو لێکە لەبەروبوومەکاندا ئەنجام بدا، کشتوکاڵ بکا، ئاژەڵ بەخێو بکا، پیشەسازی‌و بازرگانی بکا، گەشە بەشێوازی ژیان بدا، هەوڵو تەقەڵلا بدا بۆ وەدەست هێنانی بەروبوم‌و بژێو: کە خودا لەناو زەوی رەخساندویەتی زانیاری پێ بەخشیون‌و عەقڵ‌و هۆشی داونێ چۆن سوود لەگەنجینەکانی زەوی وەربگرن! چۆن سروشت وا بگونجێنن سوودی لێ وەربگرن! فەرمانی بەئادەمیزادان کردوە: کە هەوڵو کۆششی خۆیان بخەنە کار، هۆکارەکان پەیرەو بکەن!!

بێگومان بۆ هەموو زیندەوەرێک رزق‌و رۆژی تایبەتی هەیە، ئەمە راستییەکی حاشاهەڵنەگرە، بەڵام ئەو رزق‌و رۆژییە لەم بوونەوەرەدا فەراهەم هێنراوە، لەلایەن پەروەردگارەوە مەزندە کراوە، دابو نەرێتی خودا وا هاتووە دەبێ ئەو زیندەوەرانە هەوڵ بدەن بۆ وەدەستهێنانی بژێوو پێداویستی خۆیان.

پێویستە هەر کەسە لەعاست خۆیەوە هەوڵی دابین کردنی رزق‌و رۆژی خۆی بدا، وەکوو گوتراوە: (ئاسمان زێڕو زیو نابارێنێ!) بەڵام ئاسمان‌و زەوی پڕن لەرزق‌و رۆژی پێویست بۆ هەموو زیندەوەرێک، هەر کاتێک گیانلەبەران بەگوێرەی دابو نەرێتی پەروەردگار لەبوونەوەردا هەوڵو تەقەڵلای خۆیان بخەنەکار بۆ دابینکردنی بژێوو پێداویستی خۆیان، ئەوە بێگومان نائومێد نابن‌و هەریەکەیان رزقی خۆی دەست دەکەوێ.

﴿كُلٌّ فِي كِتَابٍ مُّبِينٍ﴾ هەموو زیندەوەرو گیانلەبەرێک چۆنیەتی‌و چەندییەتی، تەمەن‌و شێوازو روخساری، ژیان‌و مردنی بەئەوپەڕی وردی‌و لێزانی‌و ئاگالێبوونەوە لەلەوحولمەحفوظ دا چەسپێندراون‌و نوسراون!

وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وَمَا مِن دَابَّةٍ فِي الْأَرْضِ وَلَا طَائِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ إِلَّا أُمَمٌ أَمْثَالُكُم مَّا فَرَّطْنَا فِي الْكِتَابِ مِن شَيْءٍ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِمْ

يُحْشَرُونَ﴾الأنعام/٣٨. یان دەفەرموێ: ﴿وَعِنْدَهُ مَفَاتِحُ الْغَيْبِ لاَيَعْلَمُهَا إِلاَّ هُوَ، وَيَعْلَمُ مَا فِي الْبَرِ وَالْبَحْرِ، وَمَا تَسْقُطُ مِنْ وَرَقَةٍ إِلاَّ يَعْلَمُهَا، وَلاَ حَبَّةٍ فِي ظُلُمَاتِ الأَرْضِ وَلاَ رَطْبٍ وَلاَ يَابِسٍ إِلاَّ فِي كِتَابٍ مُبِينٍ﴾الأنعام/٥٩.

ئەمجار سیياقی قورئانەکە بەردەوامە لەناساندنی پەروەردگار بەئادەمیزادانو نیشاندانی دیاردەی دەسەلاتو توانای خودا لەبوونەوەرد ، حیکمەتو دانایی خودا لەدروستکردنی ئاسمانەکانو زەویدا بەنیظامو یاسایەکی تایبەتیو لەو قۆناغو ئەطوارانەی بەسەر ئاسمانەکانو زەویدا تێپەڕیوە چەند بوونو چۆن بوونو بۆچی وابوون؟! ئەمیشیان حیکمەتێکی تایبەتی خودایی‌یە. لێرەدا سیياقەکە باسی زیندو بوونەوەو حیسابو لێکۆڵینەوەو سزاو پاداش دێنێتە پێشەوەو ئاوێتەی باسی دروستکردنی ئاسمانەکانو زەوی دەکاو دەفەرموێ:

﴿وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ﴾ پەروەردگار ئاسمانەکانو زەوی دروستکردونو بەدیهێناون لەماوەی شەش ڕۆژدا ، نەک وەک ڕۆژی ئاسایی دونیا ، بەڵکوو لەڕۆژە تایبەتییەکانی خودا: کە هەر بۆخۆی دەزانێ ئەو ڕۆژانە چەندو چۆنن! وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وَإِنَّ يَوماً عِنْدَ رَبِّكَ كَأَلْفِ سَنَةٍ مِمَّا تَعُدُّونَ﴾الحج/٤٧. یان دەفەرموێ: ﴿تَعْرُجُ الْمَلاَئِكَةُ وَالرُّوحُ إِلَيْهِ فِي يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُ خَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ﴾المعارج/٤.

زانایانی فەلەکو ئاسمان شوناسیی ئەوەیان سەلماندوە: کە ڕۆژانی ئەستێرەکانی تری کۆمەڵەی خۆریی جیاوازییان هەیە لەڕۆژانی سەر زەوی ، جیاوازییەکەشیان بەگوێرەی قەبارەو خێرایی جمو جۆڵو هەڵسوڕانو دوورییانە! ڕۆژانی تەکوینو دروستکردن: کە پەروەردگار ئاسمانەکانو زەوی تێدا بەدیهێناون بەهەزاران هەزار ساڵی ئێمە مەزەندەدەکرێن!!

﴿وَكَانَ عَرْشُهُ عَلَى الْمَاءِ﴾ لەوەپێشو لەماوەی دروستکردنی ئاسمانەکانو زەویدا عەرشی پەروەردگار لەسەر ئاو بوو!

سەلەفی صالّحو زانایانی عیلمی کەلامو تەفسیر دەفەرموون: عەرشی پەروەردگار بەشێکە لەعالەمی غەیبو ئێمەی ئادەمیزاد بەهەستو عەقڵی خۆمان دەرکی ناکەینو ناتوانین بەبیرو هۆشی ئادەمیزادیمان تەصویری بکەین، نازانین خودا چۆن لەسەر ئەو عەرشە ئیستیوای کردوەو چۆنی کۆنترۆڵی کردوە؛ نازانین پەروەردگار چۆن نەخشەو فەرمانی خۆی بۆ ئەو مەملەکەتە گەورەو فراوانە ئاراستە کردوەو دەکا!!؟

بۆیە لەئوممەسەلەو ئیمام مالیکو رەبیعەو ئیمام ئەحمەدو هی تریشەوە ریوایەت کراوەو فەرموویانە (الأستواء معلوم والكيف مجهول) کۆنترۆڵکردنو دەس بەسەراگرتنەکە ئاشکرایەو بڕوامان پێیەتی بەلام چۆیەتیەتەکە نازانینو پەی پێ نابەین.!!

جا ئیتر ئەم ئاوە چۆن بوو، لەکوێ بووە، لەچ حاڵو چۆنیەتیەکدا بووە، عەرشی خودا چۆن لەسەر ئاو بووە؟ ئەمانە هەموو پرسیارنو دەقە قورئانییەکە لێیان بێ دەنگەو شی نەکردوونەوە، هەر راڤەکەرێکیش خۆی بناسێ، ناتوانێ زیاد لەمانای دەقە قورئانیەکە پل بهاوێ، ئێمە لەم غەیبەدا جگە لەم دەقە قورئانییە سەرچاوەی ترمان بەدەستەوە نیە!!

ناشگونجێو حەقیشمان نیە بۆ ئەم جۆرە دەقە قورئانییانە تیۆری ناونراو بەتیۆری زانستی بێنینە پێشەوەو بەگوێرەی ئەو جۆرە تیۆرانە دەقە قورئانییەکە مانا بکەین، تەنانەت ئەگەر ظاهیری دەقەکە لەگەڵ تیۆرەکەدا یەکیش بگرنەوە هەر نابێ بەگوێرەی تیۆرەکە دەقەکە مانا بکەین، چونکە تیۆری زانستی بەردەوام ئەگەری گۆڕانی تێدایەو هەر رۆژەی تیۆرێک دەردەکەوێ سەد دەرسەد دژی تیۆری پێشووەو بۆچوونی رابوردو هەڵدەوەشێنێتەوە، جا ئەگەر بێین مانای قورئان بەسەر تیۆرەکەدا ببڕینو بەو شێوەیە لێکی بدەینەوە، سبەینێ ئەگەر تیۆرەکە هەڵوەشایەوە دەبێ مانای ئایەتەکەش هەڵبوەشێنینەوە، ئەمەش شتێکی نەگونجاوو نەشیاوە، چونکە

دەقە قورئانییەکە خۆی لەخۆیدا سەد دەرسەد راستەو شكئو گومـانی تێدا نیە، تیۆرە زانستی‌یەکە لەوانەیە راست بێ لەوانەیـە درۆ بێ! بۆیـە نـەقورئان دادەبڕێ بەسەر تیۆری زانستی‌دا، نەتیۆرەکە بەسەر قورئاندا دادەبڕێ تیـۆری زانستی بۆخۆی ڕێبازێکی تایبەتی‌و مەجالێکی تری هەیە.

لەراستی‌دا هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕێبازی موافەقەکردنی تیۆری زانستی لەگەڵ دەقەکانی قورئاندا، نەک ئیمان بەهێز ناکەن‌و بەس بەڵکوو دەبێتە هۆکارێک بۆ لەق کردنی ئیمان بەراستی قورئان، تێشکانی بیرو باوەڕە بەناوەرۆکی قورئان‌و لەخۆیایی بوونە بەزانستو زێدە ڕەوییە لەبڕوا کردن بەزانست زیاد لەسنووری سروشتی خۆی!

﴿لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلاً﴾ لەپێش ئەم رستەدا چەند فەقەرەیەک مەزندە دەکرێن‌و بەزاراوەی زانستی (نەحوی عـــەرەبی) حـەزف کراون رستە حەزف کراوەکان بەم جۆرە مەزندە دەکرێن:

واتـە: پـەروەردگار ئـەم بوونـەوەرەی لـەم مـاوەدا بەدیـهێنا، بۆ ئـەوەی گونجـاوو ئامادەباش بێ بـۆ تێـدا ژیـانی رەگـەزی ئـادەمیزاد، ئێـوەی ئادەمیزادی دروستکردوە، زەوی بۆ تەرخان کردون، ئاسمـانی بـۆ گونجـاندون سوود لەمانگئو خـۆرو ئەستێرەو بارانی وەربگـرن.... پـەروەردگار باڵادەستە بەسەر هەموو بوونەوەردا بۆ؟ ﴿لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلاً﴾ بۆ ئەوەی ئێـوە بەتاقی بکاتەوە، دەربکـەوێ کامـەتان رو لـەخودا دەکـاو خواپەرستی چـاک دەکاو کرداری باش‌و گوفتاری چاکی دەبێ.

هەڵبەتـە ئـەم بەتاقیکردنەوەیـە بـۆ ئـەوە نیـە شـتێکی نـەزانراوی پـێ بزاندرێ، خودا بۆ خۆی زانایەو پێویستی بەوە نیە بەتاقیکردنەوە شـت بزانـێ، بەڵکوو بەتاقییان دەکاتـەوە بـۆ ئـەوەی کـرداری شـاردراوەیان دەربکـەوێ بـۆ خۆیان نەک بۆ خودا، پاداش‌و سزای لەسەر وەربگرنەوە.

جا لەگەڵ هەبوونی ئەم دەسەڵاتو توانا فراوانە بۆ خودای باڵا دەست، کەچی ئەو کافرانە عار نـانێنو دان بەزیندوبوونـەوەو حیسابو لێکۆڵینـەوەی قیامەتدا نانێن ﴿وَلَئِنْ قُلْتَ: اِنكُمْ مَبْعُوثُونَ مِنْ بَعْدِ الْمَوْتِ لَيَقُولَنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا اِنْ هَذَا اِلاَ سِحْرٌ مُبِينٌ﴾ ئەی موحەممەد! ئەگەر تۆ بەڵگەی زۆرو زەبەندە بهێنیەوە بۆ ئەو کافرانە لەسەر زینـدو بوونـەوەی دوای مـردنو پێیـان بڵـێی بەتـەئکید ئێـوە دوای مـردن زینـدو دەکرێنـەوەو لـەگۆڕەکانتان راسـت دەکرێنـەوە بـۆ حیسـابو لێکۆڵینـەوەو وەرگرتنـی سـزاو پـاداش، ئـەو کـافرە نەفامانە لـەجیاتی ئـەوەی بـڕوات پـێ بکـەنو بـەخۆیاندا بچنـەوە بەتـەئکید دەڵێـن: ئـەم زیندوبوونـەوەی تـۆ باسـی دەکـەی، یـان ئـەو قورئانـەی باسـی زیندوبوونـەوەی هـاتنی رۆژی قیامـەتی تێدایـە سـیحرەو فێـڵو فرتێکـی ئاشکرایەو بێ بناغەیەو شتی وا نابێ!

ئەمـەی کـە تـۆ دەیڵـێی بـۆ شـێواندنی دڵو دەروونو بـیرو باوەڕمانـە، چاوبەستەکێیە لێمان دەکەیو دەتەوێ ژیانی ئاساییمان لێ تێک بدەی!

هەڵوێستی موسوڵمان و کافر لەکاتی خۆشیو ناخۆشیدا

وَلَئِنۡ أَخَّرۡنَا عَنۡهُمُ ٱلۡعَذَابَ إِلَىٰٓ أُمَّةٖ مَّعۡدُودَةٖ لَّيَقُولُنَّ مَا يَحۡبِسُهُۥٓۗ أَلَا يَوۡمَ يَأۡتِيهِمۡ لَيۡسَ مَصۡرُوفًا عَنۡهُمۡ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُواْ بِهِۦ يَسۡتَهۡزِءُونَ ﴿٨﴾ وَلَئِنۡ أَذَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ مِنَّا رَحۡمَةٗ ثُمَّ نَزَعۡنَٰهَا مِنۡهُ إِنَّهُۥ لَيَـُٔوسٞ كَفُورٞ ﴿٩﴾ وَلَئِنۡ أَذَقۡنَٰهُ نَعۡمَآءَ بَعۡدَ ضَرَّآءَ

مَسَّتْهُ لَيَقُولَنَّ ذَهَبَ ٱلسَّيِّـَٔاتُ عَنِّيٓ ۚ إِنَّهُۥ لَفَرِحٌ فَخُورٌ ﴿١٠﴾ إِلَّا ٱلَّذِينَ صَبَرُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ أُو۟لَـٰٓئِكَ لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ كَبِيرٌ ﴿١١﴾

لەوەپێش پەروەردگار ئەوەی رون کردەوە: کە کافرەکان بڕوا بەپێغەمبەر ناکەنو ئەگەر پێیان بڵێ: قیامەت دێو ئێوە پاش مردن لەگۆڕەکانتان راست دەکرێنەوە، یەکسەر دەڵێن: ئەوە سیحرو قسەی پوچو بێ بناغەیە. ئەمجار جۆرێکی تر لەسەرکەشیو بڕوای پوچو کەودەنییان دیاری دەکا؛ ئەویش ئەوەیە: هەر کاتێ ئەو عەزابەی پێغەمبەر هەڕەشەی پێ لێ کردوون، وەغراو دواکەوت ئەوان یەکسەر دەست دەکەن بەگاڵتە پێ کردنو دەڵێن: ئەوە چی ناهێڵێ ئەو عەزابەمان بۆ بێ؟!

ئەمجار باسی هەڵوێستی ئادەمیزادی کافر دەکا: کە سروشتی بەدەو کاتی خۆشیو فەرەحی لەخۆی بایی دەبێو کاتی بەلاو ناخۆشیش لەرەحمەتی خودا نائومێد دەبێ! دەفەرموێ:

﴿وَلَئِنْ أَخَّرْنَا عَنْهُمُ الْعَذَابَ إِلَى أُمَّةٍ مَعْدُودَةٍ لَيَقُولُنَّ مَايَحْبِسُهُ؟﴾ وەڵلاهی ئەگەر ئێمە ئەو عەزابەی پێغەمبەر هەڕەشەی پێ لێ کردوون بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دوای بخەین، بەگوێرەی دابو نەرێتی خۆمانو لەبەر حیکمەتو پەرژەوەندییەک: هاتنی عەزابەکە هەڵبگرین بۆ ماوەی دیاریکراوی خۆی، بەگاڵتە پێکردنو لەشێوەی بەدرۆخستنەوەدا دەڵێن: ئەوەچی هاتنی عەزابەکەی بۆ ئێمە دواخست؟ بۆ نەهات؟ ئیتر زمان درێژ دەکەنو تیرو توانج لەپێغەمبەر دەدەنو لاقرتێی پێ دەکەن!

﴿أَلَا يَوْمَ يَأْتِيهِمْ لَيْسَ مَصْرُوفاً عَنْهُمْ﴾ ئاگاداربەو بابزانن هاتنی ئەو عەزابە رۆژی دیاریکراوی هەیە، کە کاتی خۆی هات، ئەو کاتە هات کە خودا

داینـاوە بۆ نازڵبونی ئەو عەزابەی ئەوان گاڵتەی پێ دەکەن، هیچ شتێک نیە بتوانێ عەزابەکە بگێڕێتەوەو لێیانی لادا، ﴿وحاق بهم ماكانوا به يستهزئون﴾ ئەو کاتە لەهەموو لایەکەوە عەزاب دەوریان دەداو تۆڵەی بەدرۆخستنەوەو گاڵتە پێ کردنیان لێ دەستێنێ، وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ عَذَابَ رَبِّكَ لَوَاقِعٌ، مَالَهُ مِنْ دَافِعٍ﴾الطور/٧-٨.

بێگومان گەلە پێشینەکان، هەر کاتێ پێغەمبەریان بهاتایە سەرو موعجیزەو داواکارییان جێ بەجێ بکرایەو ئیمانیان نەهێنایە خودا بەعەزابی جۆراو جۆر ریشەکێشی کردونو لەناوی بردون، چونکە پەیامی ئەو پێغەمبەرانە پەیامێکی کاتی بووەو بۆ کۆمەڵێک ئادەمیزاد بووە، بۆ چینێک بووە لەگەڵو نەتەوەیەک، موعجیزەکەش هەر ئەو کۆمەڵو چینە چاویان پێ کەوتووە، بەردەوام نەبوە تا چینی داهاتوو ببیننو ئەوانیش ئیمانی پێ بێنن.

بەڵام پەیامی پێغەمبەری ئیسلام سەرخەتمی پێغەمبەرایەتی هەموو پێغەمبەران بووە، بۆ هەموو گەلو نەتەوەکانی سەر زەویو بۆ هەموو چینەکانی ئادەمیزاد بووە، مەعجیزەکەشی موعجیزەیەکی غەیرە مادییەو تا دونیا دونیا بێ بەردەوامە، بەکەڵکیئەوە دێ چین لەدوای چین ئادەمیزادان تێی بفکرنو چین لەپاش چین ئیمانی پێ بهێنن.

بۆیە حیکمەتو ویستی خودا وا داخواز بووە: کە ئوممەتی حەزرەتی موحەممەد ﷺ لەگەڵە پێشینەکان جوداواز بنو عەزابی گشتیو لەبێخ دەرهێنەریان بۆ نەنێرێو سەر لەبەر لەناویان نەبا، ئەگەر عەزابیشیان بدا، عەزابەکە بۆ هەندێکیان بێو هەموان نەگرێتەوە، هەر وەکوو چۆن لەوەپێشیش بۆ خاوەن نامەکان (جولەکەو مەسیحی) عەزابی گشتگیرو ریشەکێشی بۆ نەناردوون.

بەڵام موشریکەکان لەبەر نەزانیو نەفامی، لەبەر تێنەگەیشتن لەدابو نەرێتی پەروەردگار دەربارەی بەدیهێنانی ئادەمیزادو دەسەڵاتو ئیختیار

پێدانی بەم شێوە؛ هەروەها دەربارەی دروستکردنی ئاسمانەکانو زەوی بەم شێوە سەرسوڕهێنەرو گونجاوە بۆ ژیانی ئادەمیزاد، هەروەها لەبەر نەزانیو نەفامییان دەربارەی دابو نەریتی خودا لەناردنی پێغەمبەرانو دەرخستنی موعجیزە لەسەر دەستیانو ناردنی عەزابو سزا بەگوێرەی حیکمەتو دانایی پەروەردگار، ئەگەر عەزابی هەڕەشە پێ لێکراویان بۆ ماوەیەک لێ دوابخرێ، دەڵێن: ئەوەچی عەزابەکەی راگرت؟ ئەوان نەفامن، ئاگایان لەحیکمەتی خودا نیە، نازانن لەو ماوەدا کە خودا عەزابی لەسەر کافرەکانی قورەیش دواخست چەند کەسیان موسوڵمان بوونو بوونە بانگەوازیکەرو موجاهید لەپێناو ئایینی ئیسلامدا، ئەو کافرانە چەند منداڵیان بوونو دوایی ئەو منداڵانە بوونە سەربازی ئیسلامو خزمەتی ئایینیان کرد!

هەر بەبۆنەی باسی پەلەکردنی کافرەکان بۆ هاتنی عەزاب، باسی هەندێ رەوشتی ناشیرینی ئادەمیزاد دەکاو دەفەرموێ: ﴿وَلَئِنْ أَذَقْنَا ٱلْإِنسَانَ مِنَّا رَحْمَةً ثُمَّ نَزَعْنَاهَا مِنْهُ إِنَّهُ لَيَـُٔوسٌ كَفُورٌ﴾ ئەگەر جۆرێک لەنیعمەتەکانمان ببەخشین بەئادەمیزاد، لەشساغو تەندروست بێ، ماڵو سامانی بدەینێ، کوڕو کچی باشی بدەینێ، ئەمنو ئاسایشی بۆ فەراهەم بێنین، لەخۆی بایی دەبێ، جا ئەگەر پاشان ئەو نیعمەتانەی لێ بستێنینەوە، نەخۆش بکەوێ، هەژار ببێ، خێزانو منداڵی بمرێ، توشی تەنگو چەڵەمەی ژیان ببێ، ئەوە لەرەحمەتی خودا نائومێد دەبێو زێدە رەوی دەکا لەرەشبینیو نائومێد بوون لەرەحمەتی یەزدان، کوفر دەکاو رابوردوی لەبیر دەچێتەوە، لەداهاتوو نائومێد دەبێو هەروەکوو قەت خێرو خۆشی نەبینیبێ!!

تەنانەت کوفرانی ئەو نیعمەتانەش دەکا: کە تێیاندایە، بەکورتی ئەو ئادەمیزادە رەوشتی خۆگری لەسەر بەڵاو سوپاسگوزاریی لەسەر نیعمەتی تێدا نیە..

﴿وَلَئِنْ أَذَقْنَاهُ نَعْمَاءَ بَعْدَ ضَرَّاءَ مَسَّتْهُ لَيَقُولَنَّ ذَهَبَ السَّيِّئَاتُ عَنِّي إِنَّهُ لَفَرِحٌ فَخُورٌ﴾ ئەگەر ئێمە لەروانگەی رەحمەتی خۆمانەوە، دوای ئەو

ناخۆشی‌و تەنگئو چەڵەمانەی تووشیان بووە نیعمەتی خۆمانی بەسەردا برێژین، شیفای نەخۆشی بدەین، دوای لاواز بوونو بێ هێزیی بەهێزی بکەین، پاش هەژاریی ساماندار‌ی بکەین، ئیتر رابوردووی لەبیردەچێتەوە، دەڵێ: بەلاو موصیبەت یەخەی بەردامو جارێکی تر تووشیان نابمەوە، ئیتر سەرلەنوێ خۆی لەخۆ دەگۆڕێو کەیف خۆشو تەڕدەماخو خۆبەزلزان، کەس بەپیاو نازانێو ئاوڕ لەهەژارو بێ نەوایان ناداتەوە، لەپاساوی ئەو نیعمەتانەدا سوپاسی خودا ناکا، بەڵکوو خۆ بەسەر خەڵکدا بادەداو خۆهەڵدەنێتەوەو فەخرو شانازی بەسەر ئەمو ئەودا دەکا.

ئەم ئایەتە ئاماژە بۆ ئەوە دەکا: کە لەئادەمیزاددا رەوشتی ناشیرینو نەخۆشی سامناک هەن، ئەو رەوشتە ناشیرینو نەخۆشیانە ناهومێد بوونە لەرەحمەتی خودا، کوفرانی نیعمەتو فەخرو شانازیو خۆبەزلزانییە. چارەسەری ئەم نەخۆشییانە صەبرو خۆڕاگرییە، بڕوابوونو رازی بوونە بەقەزاو قەدەری خودا.

هەموو ئادەمیزاد ئەم رەوشتە ناشرینو نەخۆشییە سامناکانەیان تێدایە ﴿إِلاَّ الَّذِينَ صَبَرُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ أُوْلَئِكَ لَهُمْ مَغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ كَبِيرٌ﴾ مەگەر ئەو ئادەمیزادە موسوڵمانانەی کە لەکاتی تەنگانەو ناخۆشی‌دا خاوەن صەبرو بەئارامن، ئیمانیان پتەوەو کرداری باش دەکەن، پابەندی فەرمانو جڵەوگیرییەکانی پەروەردگارن، لەکاتی ناخۆشی‌دا خۆڕاگرو بەئارامن، لەکاتی خۆشی‌و فەرەحی‌دا سوپاسگوزارن، ئەوانە لێخۆشبوون لەتاوانیان خەڵات دەکرێو پاداشی گەورەو مەزن لەسەر کرداری باشیان وەردەگرنەوە.

ئەوانەی خۆڕاگرن لەسەر جیهادو نەخۆشی‌و هەژاری، خاوەن ئارامن لەکاتی ناخۆشی‌و ماندوبووندا، لەکاتی خۆشی‌و فەرەحی‌دا وێڕای ئەنجامدانی ئەرکە پێویستەکانی سەرشانیان، سوپاسگوزاری نیعمەتەکانی پەروەردگارن،

کاری باش دەکەنو گوفتاری چاک دەبێژن، ئەوانە خودا لەتاوانەکانیان خۆش دەبێ، پاداشی کردارە باشەکانیشیان وەردەگرنەوە.

هەر لەمانای ئەم ئایەتەدایە: کە دەفەرموێ: ﴿وَالْعَصْرِ، إِنَّ الْإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ، إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ، وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ، وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ﴾العصر/١-٣.

پێغەمبەریش ﷺ لەفەرموودەیەکی‌دا دەفەرموێ: (والذي نفسي بيده لا يصيب المؤمن هم ولا غم ولا نصب ولا وصب ولا حزن حتى الشوكة يشاكها لا كفر الله بها من خطاياها) واتە: سوێندم بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە، تووشی موسوڵمانان نابێ هیچ غەمو خەفەتو ماندووبوونو نەخۆشی‌یەک تەنانەت هەتا چقڵو دڕکیش کە لەپێی رادەچێ، ئیللا پەروەردگار ئەو ناخۆشییانەی بۆ دەکاتە کەفارەتی گوناهەکانی.

لەفەرموودەیەکی تردا دەفەرموێ: (والذي نفسي بيده لايقضى الله للمؤمن قضاءً الا كان خيرا له: ان اصابته سراء فشكر، كان خيرا له، وان اصابته ضراء فصبر، كان خيرا له وليس ذلك لأحد غير المؤمن) واتە: سوێندم بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە، هەرچی خودا بەسەر موسوڵمانی دەهێنێ لەخۆشیو ناخۆشی، دەبێتە خێرو سەروەری بۆی: ئەگەر خێرو خۆشی توش بوو سوپاسی خودای لەسەر کرد دەبێتە مایەی خێر بۆی، ئەگەر ناخۆشیو زیانی تووش هات صەبری گرتو رازی بوو بەقەزاو قەدەری خودا، ئەوە دەبێتە مایەی خێرو خۆشی بۆی، ئەم بەهرەو سەروەرییە بۆ موسوڵمان نەبێ بۆ کەسی تر نیە.

بێگومان هەر ئیمانی پتەوو بەهێز: کە لەکردەوەی چاکدا رەنگ دەداتەوە دەتوانێ: دڵو دەروونی ئادەمیزاد لەو رەوشتە ناشیرینو نەخۆشییە سامناکانە پاڵفتە بکاتەوە، هەر ئیمانە دەتوانێ دڵی ئادەمیزاد وا لێ بکا لەکاتی خۆشی‌دا خۆی لەخۆ نەگۆڕێ، لەکاتی ناخۆشی‌دا نائومێد نەبێ: لەهەر

دوو حاڵەکەدا وا لەئادەمیزاد بکا: کە دڵی پەیوەست بێ بەخوداوە، بەکوتکی بەڵاو موصیبەت نەپوکێتەوە، بەخۆشیو فەرەحی لەخۆی بایی نەبێ!

موشریکەکانی موککە داوایان لەپێغەمبەر ﷺ کرد: کە گەنجو خەزێنەی بۆ بێتە خوارێ، یان فریشتە لەگەڵدابێ، دەشیانگوت: قورئان دەس هەڵبەستە

فَلَعَلَّكَ تَارِكُۢ بَعْضَ مَا يُوحَىٰٓ إِلَيْكَ وَضَآئِقُۢ بِهِۦ صَدْرُكَ أَن يَقُولُوا۟ لَوْلَآ أُنزِلَ عَلَيْهِ كَنزٌ أَوْ جَآءَ مَعَهُۥ مَلَكٌ ۚ إِنَّمَآ أَنتَ نَذِيرٌ ۚ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ وَكِيلٌ ﴿١٢﴾ أَمْ يَقُولُونَ ٱفْتَرَىٰهُ ۖ قُلْ فَأْتُوا۟ بِعَشْرِ سُوَرٍ مِّثْلِهِۦ مُفْتَرَيَٰتٍ وَٱدْعُوا۟ مَنِ ٱسْتَطَعْتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿١٣﴾ فَإِلَّمْ يَسْتَجِيبُوا۟ لَكُمْ فَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّمَآ أُنزِلَ بِعِلْمِ ٱللَّهِ وَأَن لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ فَهَلْ أَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴿١٤﴾

ئەو عەرەبە موشریکە نەفامانەی نەیاندەزانی حیکمەت لەبەدیهێنانی بوونەوەردا چیە، شارەزای دابو نەرێتی خودا نەبوون، ئەوانە بەشێک بوون لەو جۆرە ئادەمیزادانەی کە بێ ئاگاو غەفلەت زەدەو ناهومێدو کوفرکەرو لەخۆبایی تەڕدەماغ بوون، ئەوانە نەیاندەزانی: کە حیکمەتو بەرژەوەندی لەناردنی پێغەمبەری ئادەمی چیەو چی نیە، بۆیە داوایان دەکردو دەیانگوت: دەبێ فریشتە ببێتە پێغەمبەر، یان فریشتە لەگەڵ پێغەمبەری ئادەمیدا بێ،

نرخی پێغەمبەرایەتیان نەدەزانی، دەیانگوت: دەبێ پێغەمبەر گەنجو خەزێنەی هەبێ، ئەو درۆزنو بەدرۆخەرەوانەی کە سوورن لەسەر بەدرۆخستنەوەی پەیامی پێغەمبەرایەتیو سەرڕەقو یاخی بوون، دەبێ تۆ ئەی پێغەمبەر! چییان لەگەڵ بکەی؟

ئیبنو عەبباس ﷺ ریوایەت دەکاو دەفەرموێ: سەرانی قورەیش وتیان: ئەی موحەممەد! ئەگەر تۆ راست دەکەی پێغەمبەری، دە کێوەکانی مەککەمان بۆ بکە بەزێڕ! هەندێکی تریان وتیان: دەبێ فریشتەمان بۆ بێنی شایەتی بدا: کە تۆ پێغەمبەری، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی ناتوانم ئەوەتان بۆ بکەم ئیتر ئەم ئایەتە هاتە خوارێو دەفەرموێ: ﴿فَلَعَلَّكَ تَارِكٌ بَعْضَ مَايُوحَى اِلَيْكَ وَضَائِقٌ بِهِ صَدْرُكَ﴾ ئەی پێغەمبەر! تۆ هەوڵو تەقەلَلا مەدە موشریکەکان رازی بکەی، چونکە ئەوان ئیمان ناهێنن، لەوانەیە ئەگەر هەوڵ بدەی ئەوان رازی بکەی هەندێک لەو نیگایەی بۆت دەنێردرێو لەسەر شانی ئەوان گرانە تەرکی بکەیو نەیگەیەنی، بڕێک لەو شتانەی پێیان ناخۆشە بیبیسن وەکوو فەرمان بەیەکتاپەرستیو نەهی کردن لەبتپەرستیو هەڕەشە کردن لێیانو دەرخستنی نەفامیو گەوجییان پێ رانەگەیەنیو پێت ناخۆش بێ بۆیان بخوێنیتەوە، نەوەکوو بەرپەرچدانەوەیان توندو تیژ بێ.

بەکورتی لەوانەیە تۆ برێ لەو نیگایەی بۆت نێردراوە، وازی لێ بێنیو پێت ناخۆش بێ هەندێ برگە لەقورئانیان بەسەردا بخوێنیتەوە ﴿ان يَقُولُوا لَوْلاَ أُنْزِلَ عَلَيْهِ كَنْزٌ أَوْ جَاءَ مَعَهُ مَلَكٌ﴾ لەترسی ئەوەی نەوەکوو بڵێن: ئەرێ بۆچی گەنجو خەزێنەی ئاڵتونی بۆ نایەتە خوارێ بێ ئاتاجی بکا لەکاسبیو بازرگانیو بشبێتە نیشانەی راستی پەیامەکەی!؟ یان بۆچی فریشتە لەتەکیا نایە؟ بۆ ئەوە پشتگیری راستی پێغەمبەرایەتییەکەی بکا.

مەبەست بەو ئیستیفهامە ئینکارئامێزەی کە ﴿لَوْلاَ أُنزِلَ عَلَيْهِ﴾ دەیگەیەنێ لەئایەتەکەدا، نەفییە یان نەهییە..

واتە: ئەی موحەممەد! تۆ هیچ شتێ لەو نیگایەی بۆت کراوە وازی لێ مەهێنە، هەمووی بەموشریکەکانی مەککەو کافرو بێ بڕواکانی تر بگەیەنەو کۆلە خوێندنەوەی ئەو نیگایە بەسەریاندا مەکەرەوە، چیت بۆ دێ لەنیگا پێیان رابگەیەنە بەدڵنیاییو بڕوای پتەوەوە ئەرکی سەرشانی خۆت ئەنجام بدە. ئەمە موبالەغەو جەخت کردنەوەیە لەسەر پێغەمبەر کە بەتەواوی پەیامی خۆی رابگەیەنێ، موبالات بەقسەو قسەڵۆکی کافرەکان مەکە، پێغەمبەر ﷺ هەڵدەنێ کە بەتەواوی پەیامی خۆی بگەیەنێ ئەو خەڵکە پێیان خۆش بێ یان نارازی بن، گوێیان پێ نەدا، چونکە موجامەلەو رازیکردنیان بێ سوودە.

ئاشکراشە ئەمە ئەوە ناگەیەنێ: کە پێغەمبەر کەمتەرخەمی کردبێ لەئەنجامدانی ئەرکی سەرشانیو ویستبیەتی هەندێ لەقورئان پاشقول بداو نەیگەیەنێ، حاشا لەوەو قەت شتی وا نەبووە. چونکە پێغەمبەر ﷺ مەعصوومە لەوەی کەمتەرخەمی بکا یان خوانەخواستە خیانەت لەنیگادا بکا. بێگومان موسوڵمانان (ئیجماع) کۆڕایان لەسەر ئەوەیە: کە ناگونجێ پێغەمبەر ﷺ خیانەت لەگەیاندنی نیگادا بکا، نابێو نەبوە هەندێ لەقورئان پاشقول بدا، چونکە هەبوونی شتێک لەم جۆرە کەمتەرخەمیو پاشقول دانە گومانو شک لەهەموو شەریعەتدا پەیدا دەکا، تانە لەپێغەمبەرایەتی دەدا. ئەم ئایەتە ئامۆژگاری پەروەردگارە بۆ پێغەمبەر ﷺ کە تەنگەتاو نەبێ بەگەیاندنی هەموو ئەو پەیامو نیگایەی بۆی دێ، هیچ شتێک نەتوانێ لەئەنجامدانی کارەکەی بیگێڕێتەوە، بەوپەڕی دڵنیاییو بڕوا بەخۆبوون پەرە بەبانگەوازیەکەی بداو بەشەوو بەرۆژ خەریکی گەیاندنی پەیامەکەی بێ! گوێ بەبانگەشەو بەشاتە شاتی کافرەکان نەدا، وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿ولقد نعلم انك يضيق صدرك بما يقولون﴾الحجر/٩٧.

ئەی موحەممەد! گوێ بەگاڵتەکردنو رەتدانەوەی نابەجێیان مەدە، بەردەوامبە لەسەر رێبازی خۆت، ﴿انما أنت نذير﴾ تۆ تەنها ئەوەندەت لەسەرە بیانترسێنی بەو قورئانەی بۆت نێردراوە، ئەوەی فەرمانت پێکراوە پێیان بگەیەنیو بیگەیەنی، ئیتر ئەوان هەڵوێستیان چۆن دەبیو چۆن نابێ کەیفی خۆیانە، ئەوە تۆ لێی بەرپرسیار نی، ﴿والله على كل شيء وكيل﴾ خودا بەسەر هەموو شتێکدا ئاگادارو چاودێرە، لەسەر کردەوەو گوفتاریان سزایان دەداتەوە، چۆنی بوێ ئاوا سزایان دەدا، تۆ پشتت بەخودا قایم بێو ئیشی خۆت بەئەو بسپێرە، بەدڵێکی فراوانو بڕوایەکی پتەوەوە ئەرکی سەرشانی خۆت ئەنجام بدە، هیچ گرنگی بەسەر رەقیو یاخی بوونیان مەدە، بەگاڵتە پێکردنو رەتدانەوەی نابەجێیان تەنگەتاو مەبە!

ئاشکراشە لەچەند شوێنی تردا ئەم مانایە تابیلا بۆتەوە، وەکوو دەفەرموێ: ﴿لَيْسَ عَلَيْكَ هُدَاهُمْ وَلَكِنَّ اللهَ يَهْدِي مَنْ يَشَاءُ﴾البقرة/٢٧٢. یان دەفەرموێ: ﴿فَذَكِّرْ إِنما أَنْتَ مُذَكِّر، لَسْتَ عَلَيْهِمْ بِمُصَيْطِرٍ﴾الغاشية/٢١-٢٢. یان دەفەرموێ: ﴿نَحْنُ أَعْلَمُ بِمَا يَقُولُونَ، وَمَا أَنْتَ عَلَيْهِمْ بِجَبارٍ، فَذَكِّرْ بِالْقُرآنِ مَنْ يَخَافُ وعِيد﴾ق/٤٥.

ئەمجار پەروەردگار ئیعجازو سەرئاسایی قورئان بەیان دەکاو فەرمان بەپێغەمبەر ﷺ دەدا: کە تەحەدای عەرەبەکان بکا، بەدەمیان داداتەوەو پێیان بڵێ: ئەگەر ئێوە پێتان وایە قورئان دەس هەڵبەستی منە، دە ئێوە ئازابن (دە) سوورەتی ئاوا بخەنە روو!

دەفەرموێ: ﴿أَمْ يَقُولُونَ افْتَرَاهُ﴾ واتە: بەڵکوو موشریکەکانی مەککە پێیان وایە: موحەممەد ئەم قورئانەی داناوە، دەڵێن: دەسهەڵبەستی خۆیەتیو بەدەم خوداوە هەڵی بەستووە، ﴿قُلْ﴾ ئەی موحەممەد! پێیان بڵێ: ئەوەی ئێوە دەیڵێن: ئەگەر راست بێو ئادەمیزاد بتوانێ کەلامی ئاوا دابنێ؛ دە ئێوە ئازابن ﴿فَأْتُوا بِعَشْرِ سُوَرٍ مِثْلِهِ مُفْتَرَيَاتٍ﴾ دە سوورەتی ئاوا هەڵبەستراو

بخەنە ڕوو! هاوشانی ئەو قورئانەی من بکا لەفەصاحەتو بەلاغەتدا، لەڕێکئو پێکیو تۆکمەییو بەهێزیو یاسا دروستیو شەریعەت ڕەواییو لەخۆگرتنی زانیارییە جیا جیاکانی وەکوو ڕامیاریو کۆمەڵناسیو ئابوریو هەواڵدروستیو چیرۆکی ڕابوردوانو غەیب زانیدا، پێیان بڵێ: ئەمە ئەرزو ئەمە گەز، خۆ ئێوە شۆڕە سواری ڕەوانبێژیو گوزارەکاریو زمانڕەوانیو وتار بێژین. ﴿وَادْعُوا مَنِ اسْتَطَعْتُمْ مِنْ دُونِ اللهِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ﴾ داوای یارمەتی لەکێ دەکەن بیکەن، کێ یارمەتیتان دەدا بابیدا، بانگی ئادەمیزادو جنۆکە بکەن، بانگی ڕەوانبێژو زمانپاراوو هەستیارو وێژەوانانتان بکەن، با یارمەتیتان بدەنو کەلامێکی ئاوا بەئەندازەی (دە) سوورەتی دابێنێن ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن ئەم قورئانە کەلامی ئادەمیزادە!!

بەڵام قوڕەیشییەکان بۆڕیان خواردو نەیانتوانی، چۆن دەتوانن؟ کێ دەتوانێ نموونەی ئەم قورئانە بێنێتە ڕو؟ کەس ناتوانێ وێنەی قورئان بخاتە ڕو تەنانەت بەئەندازەی دەسوورەتیش ناتوانن بەڵکوو ناتوانن وێنەی کورترین سوورەتی قورئانیش دابنێن! چونکە کەلامی خودا جوداوازەو لەئاخاوتنی ئادەمیزادناچێ، هەر وەکوو چۆن صیفەتەکانی لەصیفەتی مەخلووقات ناچنو زاتی پاکیشی لەهیچ شتێک ناکاو هیچ شتێک لەوێنەی نیە!

جا ﴿فَإِنْ لَمْ يَسْتَجِيبُوا لَكُمْ﴾ ئەگەر بەدەنگتانەوە نەهاتنو نەیانتوانی (دە) سوورەتی وەکوو هی قورئان دابێنن، ئەوە ﴿فَاعْلَمُوا أَنَّمَا أُنْزِلَ بِعِلْمِ اللهِ﴾ بزانن: کە ئەوان عاجزن لەوەی بتوانن وێنەی (دە) سوورەتی قورئان بخەنە ڕو، لەهەمان کاتدا ئەوەش بزانن: قورئان لەلایەن خوداوە نازڵ کراوەو بەشێوەو شێوازێک نێردراوە جگە لەخودا کەسی تر ناتوانێ کەلامی ئاوا سەرئاساو موعجیز بنێرێ، کەسی تر ناتوانێ نامەی ئاوا پڕ حیکمەتو ئامۆژگاریو هەواڵدەر لەنهێنیو پەنامەکییەکان دابنێ!

بەکورتی: خیطابەکە ئاراستەی پێغەمبەرو موسوڵمانان کراوە، دەفەرموێ: ئەگەر کافرەکانی مەککە نەیانتوانی دە سوورەت لەوێنەی قورئان بێنن‌و نەیانتوانی بەربەرەکانی بکەن، ئەوە ئێوە بزانن ئەم قورئانە بەزانست‌و حیکمەتی خودا نێردراوەو کەلامی ئەوەو دەستی ئادەمیزادی تێدا نیە. هەروەها بزانن‌و دڵنیابن ﴿وَأَنْ لَاْ إِلَهَ إِلا اللَّهُ﴾ کە هیچ خودایەک نیە حەق‌و راست بێ‌و خاوەنی بوونەوەرو شیاوی پەرستن بێ جگە لە(الله) هەر ئەو خودایە شیاوی بەندایەتی بۆ کردنەو توانای ناردنی قورئانی ئاوای هەیە!

﴿فَهَلْ أَنْتُمْ مُسْلِمُونَ؟﴾ ئایا ئێوە ئەی گرۆهی کافرو موشریک! دوای راستکردنەوەی ئەم هەموو بەڵگەو دەلیلە بەهێزانە لەسەر ئەوەی: کە قورئان لەلایەن خوداوە هاتووە، موسوڵمان دەبن‌و بڕوا بەخودایەتی خوداو راستی قورئان دەکەن؟ گەردنکەچ دەبن بۆ فەرمان‌و جڵەوگیرییەکانی خودا کە لەقورئاندا ئاراستەی کردوون؟ پابەندی ئەو ئەحکام‌و شەریعەتو دابو یاسایانە دەبن کە لەخۆی گرتوون؟؟

ئەگەر خیطابەکە بۆ موسوڵمانەکان بێ، ئەو کاتە مانای (مسلمون) بە(مخلصون) لێک دەدەینەوە.

بێگومان حەق ئاشکرا بوو، کافرەکان دەیانزانی: کە قورئان کەلامی خودایەو دەست هەڵبەستی پێغەمبەر خۆی نیە، بەڵام ترسی ئەوەیان هەبوو بەرژەوەندی‌و دەسەڵاتیان لەکیس بچێ، نەتوانن هەژارو بێ‌نەوایان بچەوسێنەوە.. بۆیە پەرەیان بەبەربەرەکانی خۆیاندا، هەندێکیان لەو پیناوەدا تێداچوون!!

کەسێک لەژیاندا هەر هەوڵی دونیای بێ، لەنیعمەتو خۆشی قیامەت بێ بەش دەبێ!

مَن كَانَ يُرِيدُ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا وَزِينَتَهَا نُوَفِّ إِلَيْهِمْ أَعْمَٰلَهُمْ فِيهَا وَهُمْ فِيهَا لَا يُبْخَسُونَ ﴿١٥﴾ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَيْسَ لَهُمْ فِى ٱلْءَاخِرَةِ إِلَّا ٱلنَّارُ ۖ وَحَبِطَ مَا صَنَعُوا۟ فِيهَا وَبَٰطِلٌ مَّا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٦﴾

پاش ئەوەی پەروەردگار ئەوەی چەسپاند: کە قورئان کەلامی خودایەو لەخوداوە نێردراوە بۆ پێغەمبەرو دەست هەڵبەستی موحەممەد نیە، ئەوە روون دەکاتەوە: کە هۆکاری بەرهەڵستی کردنی موشریکەکان، بەدرۆخستنەوەیان بۆ پێغەمبەرو قورئان هەواو ئارەزۆو بەرژەوەند پەرستی بوو، ترسی لەدەستدانی دەسەلاتو پلەو پایەی دونیایی بوو!

دەفەرموێ: ﴿مَنْ كَانَ يُرِيدُ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا وَزِينَتَهَا نُوَفِّ إِلَيْهِمْ أَعْمَالَهُمْ فِيهَا وَهُمْ فِيهَا لَا يُبْخَسُونَ﴾ کەسێک هەوڵی ژیانی دونیا بدا، بیەوێ خۆشیو لەززەتی دونیای دەست بکەوێو جوانیو رازاوەیی دونیا بۆ خۆی دابین بکا، ئەوە بەروبوومی کردەوەکانیان بەتێرو تەسەلی دەدەینیو هیچی لێ کەم ناکەینەوە!!

هەوڵو تێکۆشان لەم زەوییەدا بەروبوومی هەیە، هەر کەسێک هەوڵو تێکۆشانی هەبێ هەوڵو تێکۆشانەکەی بەفیرۆ ناڕوا، ئاکامی دەبێ، جا کەسێک بۆ دونیا هەوڵ بداو کارو تێکۆشانی تەنها بۆ دونیا بێ ئەوە بێگومان

ئاکامی تێکۆشانەکەی لەدونیادا چنگ دەکەوێو لەو ماوە کەمو کورتەی کە تێیدا دەژیا لەززەتی لێ دەبینێ!

﴿وَأُولَٰئِكَ الَّذِينَ لَيْسَ لَهُمْ فِي الْآخِرَةِ إِلَّا النَّارُ﴾ ئەوانەی کە لەژیانی دونیایاندا تەنها هەوڵی دونیا دەدەنو بەس! ئەوانە لەقیامەتدا جگە لەئاگری دۆزەخ لەبەرامبەر هەوڵو تێکۆشانەکەیاندا هیچی تریان پێ نادرێ، چونکە ئەوان لەدونیادا پاداشی کردەوە چاکەکانیان وەرگرتووە، ئەوی ماوەتەوە بۆ قیامەتیان تەنها کردەوە خراپەکانیانە، چ کردەوەیەکی باشو پەسەندی بۆ قیامەت نەکردوە، هیچ حیسابێکی بۆ ژیانی پاش مردنی بەرچاو نەگرتووە.. کەوابێ ﴿وَحَبِطَ مَا صَنَعُوا فِيهَا﴾ بێ سوود بوو ئەو کردەوانەی لەدونیادا ئەنجامیان دابوون، هیچ کەڵکیان لێ وەرنەگرتن بۆ ژیانی قیامەتیان، چونکە مەبەستیان لەکردەوەکانیان بۆ قیامەت نەبوە.

﴿وَبَاطِلٌ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ بەتاڵو پووچ بوو پاداشی کردەوەکانیان لەقیامەتدا، چونکە ئەوان کە کردەوەکانیان ئەنجامداون مەبەستیان رەزامەندی خودا نەبوە، هەر کردەوەو تێکۆشانێک خۆشبەختی هەمیشەیی لێ نەکەوێتەوە پووچو بێ بایەخەو وەکوو نەبوو وایە، تەرازووی پاداشی قیامەت هەوڵدانە بۆ وەدەستهێنانی رەزامەندی خوداو ئیخلاصو دڵسۆزییە بۆ پەروەردگار!

هەر کارو کردەوەیەک بۆ رەزامەندی خودا نەبێ بەپووچو بەتاڵ دەژمێردرێ.

ئەمە دابو نەریتی خودایە لەبوونەوەردا، هەر کەسێک کار بکا بەروبوومی دەبێ، کردەوە بێ پاداشو بەروبووم نابێ..

ئێمە لەم سەر زەوییەدا تاکو کۆمەڵ دەبینین: کە کاردەکەن بۆ دونیەو بەدەستهێنانی پێویستیە مادییەکانی ژیان، دەبینین بەروبوومی هەوڵو تێکۆشانی خۆیان هەڵدەگرنەوە بەجوانیو رازاوەیی دونیا گەیشتوونو خۆشیو

نیعمەتەکانی جیهانیان دەستەبەر کردوە، خانوو باڵەخانەو باغو ڤیلاو ئامێری جۆراو جۆری ژیان خۆشکردنیان دەستکەوتووە! نابێ ئێمە لەوە سەرمان سوور بمێنێ، نابێ بڵێین ئەوە بۆچی وایە؟ چونکە ئەوە دابو نەریتی خودایە لەسەر زەوی: هەر کەسێک هەوڵو تەقەڵلا بدا بۆ ژیانی دونیاو خۆشگوزەرانی تێیدا پاداشی کردەوەکانیان لەدونیادا دەدەینەوەو نائومێدیان ناکەینو هیچیان لێ کەم ناکەینەوە.

بەڵام تەسلیم بوونمان بەم دابو نەریتو ئاکامانە نابێ ئەوەمان لەبیر بەرێتەوە، کە ئەو کەسانە دەتوانن هەمان کارو کردەوە ئەنجام بدەنو مەبەستیان رەزامەندی خودا بێو دڵسۆزانە بۆ خودا کاربکەن، ئەو کاتە وێڕای ئەوەی خۆشیو لەززەتی دونیایان دەس دەکەوێ، خۆشبەختی و کامەرانی قیامەتیشیان دەست دەکەوێ.

بێگومان هەوڵدان بۆ ژیانی قیامەت نابێتە کۆسپو تەگەرە لەبەردەم هەوڵدان بۆ ژیانی دونیا، بەڵکوو موراقەبە کردنی خودا لەکارو کردەوەدا دەبێتە هۆی بەرەکەتو زیاد بوونی بەرهەمو پیرۆزی کارەکەو کاسبی‌یەکە پاکئو خاوێن دەکاو لەززەتو خۆشی‌یەکە زیاد دەکاو خۆشبەختیو کامەرانی قیامەتیش مسۆگەر دەکا!

ئەی ئەوە نیە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: (**اعمل لدنياك كأنك تعيش أبدا، واعمل لآخرتك كأنك تموت غدا**) وا بۆ ژیانی دونیا تێبکۆشە وا بزانە هەتا هەتایە دەژیو قەت نامری، وا بۆ قیامەتیش هەولو تەقەڵلا بدە وا بزانە بەیانی دەمریو دونیا جێ دەهێڵی!

نموونەی ئەم ئایەتە ئایەتێکی ترە کە دەفەرموێ: ﴿**مَّن كَانَ يُرِيدُ الْعَاجِلَةَ عَجَّلْنَا لَهُ فِيهَا مَا نَشَاءُ لِمَن نُّرِيدُ، ثُمَّ جَعَلْنَا لَهُ جَهَنَّمَ يَصْلَاهَا مَذْمُومًا مَّدْحُورًا، وَمَنْ أَرَادَ الْآخِرَةَ وَسَعَىٰ لَهَا سَعْيَهَا وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُولَٰئِكَ كَانَ سَعْيُهُم مَّشْكُورًا**﴾الأسراء/١٨-١٩.

یان دەفەرموێ: ﴿مَنْ كَانَ يُرِيدُ حَرْثَ الآخِرَةِ نَزِدْ لَهُ فِي حَرْثِهِ، وَمَنْ كَانَ يُرِيدُ حَرْثَ الدُّنْيَا نُؤْتِهِ مِنْهَا، وَمَالَهُ فِي الآخِرَةِ مِنْ نَصِيبٍ﴾الشورى/٢٠.

ئیمامی عومەریش فەرموودەیەکی پێغەمبەر ﷺ لەم بارەوە دەگێڕێتەوەو دەفەرموێ: پێغەمبەر فەرمووی: (انما الأعمال بالنيات، وانما لكل امرئ مانوى، فمن كانت هجرته الى الله ورسوله فهجرته الى الله ورسوله ومن كانت هجرته الى الدنيا يصيبها أو امرأة ينكحها فهجرته الى ما هاجر اليه) هەموو کردەوەیەکێ بەگوێرەی نیەتو مەبەستە، هەموو ئادەمیزادێک نیازو مەبەستی چۆنە بەپێی نیازو مەبەستەکەی پاداشی دەدرێتەوە: چاکە بەچاکەو خراپە بەخراپە. کەوابوو هەر کەسێ نیازی لەکۆچکردنو هیجرەتەکەی لەمەککەوە بۆ مەدینە رەزای خوداو پێغەمبەر بێ ئەوە کۆچکردنەکەی قەبوولەو بەپاداشی گەورە دەگا! هەر کەسێکیش کۆچکردنەکەی لەبەر کارێکی دونیایی بێ کە دەستی بکەوێ، یاخود لەبەرئافرەتێک بێ مارەی بکا، ئەوە کۆچکردنەکەی بەپێی نیازەکەیەتیو هیچ خێری ناگا لەسەری!

قەتادە دەفەرموێ: کەسێک دونیا نیازو مەبەستو داواکاری بێ، خودا پاداشی چاکەی بەدونیا دەداتەوە، پاشان کەدەچێ بۆ قیامەت هیچ چاکەیەکی نیە پاداشی لەسەر وەربگرێتەوە، بەڵام موسوڵمان کە کاری چاکە ئەنجام دەدا، لەدونیادا پاداشی کردەوەکەی وەردەگرێتەوە، لەقیامەتیشدا پاداشی هەیە، واتە: موسوڵمان لەسەر کردەوەی چاکی دوو پاداشی هەیە؛ پاداشی دونیاو پاداشی قیامەتیش، بەڵام کافر لەسەر کردەوەی باشی تەنها لەدونیادا پاداش وەردەگرێتەوە...

کەسێک هەوڵی قیامەت بدا بەختەوەرە، کەسێک کافر بێ دۆزەخ جێگایەتی

أَفَمَن كَانَ عَلَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّهِۦ وَيَتْلُوهُ شَاهِدٌ مِّنْهُ وَمِن قَبْلِهِۦ كِتَٰبُ مُوسَىٰٓ إِمَامًا وَرَحْمَةً ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ يُؤْمِنُونَ بِهِۦ ۚ وَمَن يَكْفُرْ بِهِۦ مِنَ ٱلْأَحْزَابِ فَٱلنَّارُ مَوْعِدُهُۥ ۚ فَلَا تَكُ فِى مِرْيَةٍ مِّنْهُ ۚ إِنَّهُ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكَ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿١٧﴾

ئەم ئایەتە پەیوەندی بەئایەتی پێشوەوە ئاشکراو روونە، دوای ئەوەی پەروەردگار لەئایەتی پێشوودا باسی ئەو کەسانەی کرد: کە هەڵپەی ژیانی دونیایانەو هیچ گرنگی بەقیامەت نادەن، ئەمجار باسی ئەوانە دەکا: کە هەوڵو تێکۆشانیان بۆ قیامەتەو دەیانەوێ رەزامەندی خوداو ژیانی کامەرانی قیامەت دەستەبەر بکەنو دەفەرموێ: ﴿أَفَمَنْ كَانَ عَلَى بَيِّنَةٍ مِنْ ربهِ وَيَتلُوهُ شَاهِدٌ مِنْهُ﴾ یان کەسێک لەژیانی دونیادا بەرێکو پێکی هەڵسو کەوت بکا، خودا هیدایەتی دابێو رێگای حەقو راستی گرتبێتە بەرو هەوڵو تێکۆشانی بۆ رەزامەندی خودا بێ، دڵسۆزانە لەپێناو حەقو راستیدا ژیانی خۆی بەسەر بەرێ، شاهیدێکی راستی (کە قورئانە) گەواهی بۆ بداو پشتگیری لێ بکا، ﴿وَمِنْ قَبْلِهِ كِتَابُ مُوسَى إِمَاماً وَرَحْمَةً﴾ شایەتێکی تریشی هەبێ لەوەپێش هاتبێو شایەتی پێغەمبەرایەتی بۆ بداو موژدەی هاتنی دابێ. ئەویش کتێبی موسایە، نامەی تەوراتەو بەخەلات بۆ موسا هاتووە، پەیڕەوو پرۆگرامێکی

بەرزو پیرۆزو بەنرخە، شیاوی شوێنکەوتن بووەو نامەی هیدایەتو شەریعەت بووە، رەحمەتو بەرەکەت بووە بۆ ئەوانەی شوێنی کەوتوونو ئیمانیان پێ هێناوە..

ئایا کەسێک ئەوە حاڵو شەئنی بێ، ئەوە هەڵسو کەوتو پەیڕەوو پرۆگرامی بێ؛ وەکوو کەسێک وایە: کە لەژیانیدا گومڕاو سەرلێ شێواوو بێ بەرنامە بێ، هەر هەوڵی لەززەتو خۆشی کاتی دونیای بێ؟ بێگومان وەک یەک نین.

﴿أُولَئِكَ يُؤْمِنُونَ بِهِ﴾ ئەوانەی خودا هیدایەتی داونو بڕوایان بەناوەرۆکی تەورات هەیە: کە موژدەی هاتنی پێغەمبەرو ناوو نیشانەکانی تێدا تۆمار کراون، ئەوانە لەناخەوە بڕوایان بەپێغەمبەری ئیسلامو قورئان هەیە.

مامۆستا سەیید دەفەرموێ: هەندێ لەراڤەکەرانی قورئان، لێرەدا ئیشکالیان هەڵستاندوەو دەڵێن: ئەگەر مەبەست بە ﴿أَفَمَنْ كَانَ عَلَى بَيِّنَةٍ مِنْ رَبِّهِ وَيَتْلُوهُ شَاهِدٌ مِنْهُ﴾ شەخصی پێغەمبەر بێ ﷺ ئەو کاتە چۆن دەگونجێ ﴿أولئك يؤمنون به﴾ کە بۆ کۆیەو کۆمەڵ دەگەیەنێ بگەڕێتەوە بۆ ﴿مَــنْ﴾ لەرستەی ﴿أَفَمَنْ كَانَ...﴾دا.؟

بەڵام هیچ ئیشکالێک نایەتە گۆڕێ، چونکە راناو لە(يؤمنون بە) دەگەڕێتەوە بۆ (شاهد) کە قورئانە. هەروەها راناو لە(من قبله)یشدا دەگەڕێتەوە بۆ (شاهد). کەوابێ هیچ ئیشکالێک نیە لەوەدا بگوترێ: ﴿أُولَئِكَ يُؤْمِنُونَ بِهِ﴾ ئەوانە (واتە: پێغەمبەرو موسوڵمانان) ئیمانیان بەم قورئانە هەیە. خۆ ئاشکرایە پێغەمبەریش بۆ خۆی یەکەم کەسە کە بڕوای بەقورئان هەیە موسوڵمانانیش لەوەدا شوێنی کەوتوونو ئەوانیش بڕوایان پێی هەیە. وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنْزِلَ إِلَيْهِ مِنْ رَبِّهِ وَالْمُؤْمِنُونَ، كُلٌّ آمَنَ بِاللهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ..﴾البقرة/٢٨٥.

ئایەتی ﴿أفمن كــــان...﴾ لێرەدا ئامــاژە بـۆ خـودی پێغەمبـەر دەکـا موسوڵمانانی شوێنکەوتووشی دەخرێنە گەڵ کە بڕوایان بەپەیامەکەی کردوە ئەم جۆرە تەعبیرانە لەقورئاندا زۆرو زەبەندەن.

بەکورتی کەسێک بەسروشتو بەعــەقڵ موسـوڵمان بـێ، بـڕوای بـەنووری قورئان هەبێ، بڕوای بەو نیگایە بێ کە خودا بۆ پێغەمبــەرانی وەکـوو موسـاو عیساو ئەوانی تری کردوە ئەوە لەسەر پەیڕەوو پرۆگرامێکی حەقو راستە.

﴿وَمَنْ يَكْفُرْ بِهِ مِنَ الْأَحْزَابِ فَالنَّارُ مَوْعِدُهُ﴾ ئەو کەسەی لەدانیشتوانی مەککە بــڕوا بــەقورئان ناکـاو ئەوانـەی کۆمـەڵو پارتیـان پێـک هێنـاون دژی پێغەمبەر لەسەرانی قورەیشو جولەکـەو مەسـیحیو بتپەرستەکان دەیانـەوێ قورئان بەدرۆ بخەنەوەو موسـوڵمانان پاشـگەز بینـەوە. هـەوڵ دەدەن نـەهێڵن خەڵکی تر موسوڵمان ببن، ئەوانــە دۆزەخ شـوێنی حەوانەوەیانـەو بەتـەئکیدی دەچنـە نـاویو تۆڵـەی ئــەم بەدرۆخســتنەوەو دژایەتیکردنــەی ئایینیــان لێ دەستێندرێ! رۆژی قیامەت ئاگری دۆزەخ چاوەڕێیانە.

موقاتیل دەفــەرموێ: مەبەسـت بـە(الأحـزاب) خێڵـی بـەنو ئومەیـەو، بەنولموغـەیرەی نـەوەی عــەبدوڵلای مــەخزومیو خێڵــی طەڵحــەی کــوڕی عەبدوڵلان.

سەعیدی کوڕی جوبەیر دەڵـێ: مەبەسـت بـە(الأحـزاب) هـەموو ئـەهلی ئایینەکانن.

ریوایەتێکی تر لەموقاتیل ریوایەت کراوە دەڵێ: مەبەست بە(الأحـزاب) ئایینداری هەموو گەلو نەتەوەکانن.

لەصەحیحی موسلیمدا لەئەبوموســای ئەلئەشـعەرییەوە فەرموودەیـەکی پێغەمبەر ریوایەت کراوە: کـە پێغەمبــەر ﷺ فەرموویــەتی: (والـذي نفسـي بيده، لايسمع بي أحد من هذه الأمة يهودي أو نصراني، ثم لايؤمن بي الا دخل النار) سوێند بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە، هەرکەسێک لەم گـەلو

نەتەوانە هەواڵی پەیامی منی پێ بگا، جوولەکە بێ، مەسیحی بێ، ئیمانم پێ نەهێنێ رۆژی قیامەت دەخرێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە.

﴿فَلَا تَكُ فِي مِرْيَةٍ مِنْهُ﴾ ئەی موحەممەد! یان ئەی بەرپرسی بیسەر! هیچ شکئو گومانت نەبێ دەربارەی راستی ئەم قورئانە، ﴿إِنَّهُ الْحَقُّ مِنْ رَبِّكَ﴾ ئەم قورئانە کەلامێکی حەقەو لەهیچ رویەکەوە کەم و کورتی تێدا نیەو لەهیچ لایەکەوە رەخنەی لێ ناگیرێ، لەلایەن خوداوە هاتووە، بەدیهێنەری تۆ ناردویەتی، هەر کەسێ شوێنی بکەوێ خۆشبەختو کامەران دەبێ لەدونیاو قیامەتدا، ﴿وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يُؤْمِنُونَ﴾ وەلێ زوربەی ئادەمیزادان هەواو ئارەزۆبازیی گومڕای کردونو رێگایان لێ تێک چووەو بڕوا بەقورئان ناکەن!

کافرەکانو موسوڵمانەکانو پاداشو سزای هەموو لایەکیان

وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَىٰ عَلَى اللَّهِ كَذِبًا ۚ أُولَٰئِكَ يُعْرَضُونَ عَلَىٰ رَبِّهِمْ وَيَقُولُ الْأَشْهَادُ هَٰؤُلَاءِ الَّذِينَ كَذَبُوا عَلَىٰ رَبِّهِمْ ۚ أَلَا لَعْنَةُ اللَّهِ عَلَى الظَّالِمِينَ ﴿١٨﴾ الَّذِينَ يَصُدُّونَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ وَيَبْغُونَهَا عِوَجًا وَهُمْ بِالْآخِرَةِ هُمْ كَافِرُونَ ﴿١٩﴾ أُولَٰئِكَ لَمْ يَكُونُوا مُعْجِزِينَ فِي الْأَرْضِ وَمَا كَانَ لَهُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ مِنْ أَوْلِيَاءَ ۘ يُضَاعَفُ لَهُمُ الْعَذَابُ ۚ مَا كَانُوا يَسْتَطِيعُونَ

ٱلسَّمۡعَ وَمَا كَانُواْ يُبۡصِرُونَ ﴿٢٠﴾ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ وَضَلَّ عَنۡهُم مَّا كَانُواْ يَفۡتَرُونَ ﴿٢١﴾ لَا جَرَمَ أَنَّهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ هُمُ ٱلۡأَخۡسَرُونَ ﴿٢٢﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَأَخۡبَتُوٓاْ إِلَىٰ رَبِّهِمۡ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَنَّةِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٢٣﴾ ۞ مَثَلُ ٱلۡفَرِيقَيۡنِ كَٱلۡأَعۡمَىٰ وَٱلۡأَصَمِّ وَٱلۡبَصِيرِ وَٱلسَّمِيعِۚ هَلۡ يَسۡتَوِيَانِ مَثَلًاۚ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴿٢٤﴾

پاش ئەوەی قورئان باسی هەردوو کۆمەڵی ئادەمیزادی کرد، ئەوانەی هەوڵو تەقەلالایان بۆ دونیایەو ئەوانەی قیامەتیان دەوێو بۆ خۆشبەختیو کامەرانی ئەو جیهانە تێدەکۆشن. ئەمجار دێ ئاکامو سەرەنجامی هەردو تاقمو کۆمەڵ دیاری دەکا.

جاوەکوو باسمان کرد، مەبەست بە﴿مَنْ كَانَ يُرِيدُ الحَيَاةَ الدُّنْيَا وَزِينَتَهَا...﴾ سەرزەنشتکردنی ئەوانەیە: کە هەڵپەی دونیایانەو قیامەتیان لەبیرچۆتەوە.

مەبەستیش بە﴿أَفَمَنْ كَانَ عَلَى بَيِّنَةٍ مِنْ رَبِّهِ...﴾ رەتدانەوەی ئەوانەیە کە ئینکاری پێغەمبەرایەتی حەزرەتی موحەممەد ﷺ دەکەنو تانە لەموعجیزەکانی دەدەن.

هەروەها مەبەست بە﴿وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَى عَلَى اللهِ كَذِباً﴾ لەم ئایەتەدا رەتدانەوەی موشریکەکانە: کە پێیان وایە: بتەکانیان لای خودا شەفاعەتیان بۆ دەکەن. دەفەرموێ:

﴿وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَى عَلَى اللهِ كَذِباً؟﴾ کێ لەئەو کەسە ستەمکارترە بۆ خۆیو غەیری خۆیشی؟ واتە: کەس ستەمکارتر نیەو ستەمی زۆر تر نیەو دوورکەوتو تر نیە لەحەقو رێبازی راستو خوداپەسەند لەو کەسەی لەسەر خودا درۆ هەڵدەبەستێ، بەدەم خوداوە بەدرۆ شت هەڵدەبەستی لەکردارو گوفتارو صیفاتیدا، لەئەحکامو یاسایدا، یان پێیان وایە: بتەکانیان خودا درۆزنەکانیان لای خودا شەفاعەتیان بۆ دەکەنو خوداش شەفاعەتەکانیان قبووڵ دەکا! یان منداڵ پاڵ خودا دەدەنو پێیان وایە: خودا کوڕو کچی هەن! وەکوو هەندێ لەعەرەبەکان: کە دەیانگوت: فریشتە کچی خودان، جوولەکە دەیانگوت: عوزەیر کوڕی خودایە، مەسیحیەکان دەیانگوت: عیسا کوڕی خودایە!

﴿أُولَئِكَ يُعْرَضُونَ عَلَى رَبِّهِمْ﴾ ئەوانەی: کە ئاوا گومڕا بوونو ڕۆچوون لەکوفرو شیرکو درۆ هەڵبەستن لەسەر خودا، ڕۆژی قیامەت رادەنوێندرێن بەسەر پەروەردگاردا واتە: کردەوەو گوفتاریان بەسەر خودادا رادەنوێندرێ بۆ ئەوەی حیسابو لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکا.

﴿وَيَقُولُ الأَشْهَادُ هَؤُلاءِ الَّذِينَ كَذَبُوا عَلَى رَبِّهِمْ أَلا لَعْنَةُ اللهِ عَلَى الظَّالِمِينَ﴾ شایەدەکان لەفریشتەو پێغەمبەرانو پیاوچاکانی موسوڵمان راست دەبنەوەو دەڵێن: ئا ئەوانە بوون بەدەم خوداوە درۆو دەلەسەیان هەڵدەبەستن، گەورە ترین تاوانو ستەمییان دەرحەق بەپەروەردگار ئەنجام داوە، لێیان لەهەرا دەدەنو ریسوایان دەکەن، دەڵێن: دەی نەفرینی خودا لەسەر ستەمکاران بێ، ئەوانەی هاوەڵیان بۆ خودا قەرار دەداو، بەدەم خودا درۆیان هەڵدەبەستن.

هەڵبەتە ئەم رانواندنە رانواندنێکی تایبەتییە، رانواندنێکە بەمەبەستی ریسواکردنو ئابڕۆ بردنە، ئیتر لەناخۆشترین حاڵو وەزعدا ریسوایان دەکەنو شەرمەزاری ئەو رۆژە سامناکەیان دەکەن!

نموونەی ئەم ئایەتە ئایەتێکی ترە: کە دەفەرموێ: ﴿إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَالَّذِينَ آمَنُوا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا، وَيَوْمَ يَقُومُ الأَشْهَادُ، يَوْمَ لاَيَنْفَعُ الظَّالِمِينَ مَعْذِرَتُهُمْ، وَلَهُمُ اللَّعْنَةُ، وَلَهُمْ سُوءُ الدَّارِ﴾غافر/٥١-٥٢.

ئیمام ئەحمەدو هەردوو پیری فەرموودە موسلیمو بوخاری فەرموودەیەک لەئیبنو عومەرەوە دەگێڕنەوە دەفەرموێ: لەپێغەمبەرم ژنەوت؛ دەیفەرموو: رۆژی قیامەت: پەروەردگار موسوڵمان لەخۆی نزیک دەکاتەوە دەستی قودرەتی دەخاتە سەرشانو لەخەڵکی تاق دەکاتەوەو یەکە یەکە تاوانەکانی پێ دەدرکێنێ، پێی دەفەرموێ: فلان تاوانو فیسار تاوانت دێتەوە یاد؟ لەبیرتە فلان تاوانت ئەنجام دا؟ ئەویش دان بەتاوانەکانیدا دەنێو پێی وایە ئیتر بەفتارە چووە! ئەمجار پەروەردگار پێی دەفەرموێ: ئەمن لەدونیادا تاوانەکانتم بۆ پۆشیوی ئەمڕۆش لێت خۆش دەبم! ئەمجار نامەی کردەوە چاکەکانی دەداتێ.

بەڵام کافرو دووڕووەکان، شایەتەکان لێیان راست دەبنەوەو لێیان لەهەرا دەدەنو دەڵێن: ﴿هَؤُلاءِ الَّذِينَ كَذَبُوا عَلَى رَبِّهِمْ أَلاَ لَعْنَةُ اللهِ عَلَى الظَّالِمِينَ﴾ ئەمانە ئەوانەن کە درۆیان لەسەر خودا هەڵبەستووە، ستەمکار بوون، دەی نەفرینی خودا لەستەمکاران بێ!

﴿الَّذِينَ يَصُدُّونَ عَنْ سَبِيلِ اللهِ وَيَبْغُونَهَا عِوَجاً وَهُمْ بِالآخِرَةِ كَافِرُونَ﴾ ستەمکاران ئەو موشریکانەن کە ئادەمیزادان لەرێبازی خودا لا دەدەن، ئەوانەن کە بەدەم خوداوە درۆ هەڵدەبەستن بۆ ئەوەی خەڵک لەرێبازی حەق لابدەن، دەیانەوێ خەڵک شوێن حەقو راستی نەکەوێ، بڕوایان نەبێ، رێگایەک نەگرنە بەر: کە بیانگەیەنێ بەڕەزامەندی خودا، دەبنە کۆسپو تەگەرە لەنێوان

ئەوانو بەهەشتدا، خەڵكێ لەرێگەی خودا لادەدەن بۆ رێبازی گوناهكاریو شیرك، دەیانەوێ رێبازی ئەو خەڵكە رێبازێكی خوارو خێچ بێ، توشی هەڵدێرو سەرگەردانی ببن! وەلحاڵ ئەوان بۆ خۆشیان بڕوایان بەرۆژی دوایی نیەو بەدرۆی دەزانن‌و هەوڵ دەدەن خەڵكی تریش وەكوو ئەوان وا بێ!

بێگومان بەندایەتیكردنی ئادەمیزاد بۆ غەیری خودا، پەستی‌و نزمی‌و زەلیلی لەدڵو دەروونیاندا دەخولقێنێ، لەكاتێكدا خودا دەیەوێ لەسەر كەرامەتو پیاوەتی پەروەردە ببن‌و بژین. پەرستنی غەیری خودا، لەژیاندا ستەمكاری‌و یاخی بوون‌و دڵرەقی پەیدا دەكا، پەروەردگار دەیەوێ عەدالەتكارو میانەڕەو بن.

بەندایەتیكردن بۆ غەیری خودا هەوڵو كۆششی ئادەمیزادەكان ئاراستە دەكا بۆ بەخودا زانینی خودا درۆزنەكان‌و دەهۆڵو زورنا لێدان بۆیان‌و باتێكردنیان تا بەتەواوی جێگای خودای حەقیقی دەگرنەوە!

جا چونكە ئەم خودا درۆزنانە خۆیان لەخۆیاندا هیچ‌و پووچ‌و بێ وەجن، ناتوانن جێگای خودای حەقیقی بگرنەوە، ئەو بەندانەی دەیانپەرستن بەردەوام لەناخۆشیدا دەژین، شەوو رۆژ پێیاندا هەڵدەڵێن‌و تیشكیان دەخەنە سەرو وەسپو ثەنایان دەكەن، تەپڵو دەفیان بۆ لێ دەدەن سەلاواتیان لەدیدار دەدەن، تا هەموو كۆشش‌و هەوڵدانەكانی ئادەمیزاد بۆ بەرژەوەندی ئەوان تەرخان دەكرێ‌و ژیانیان دەسوڕێ بۆ غەم‌و ناڕەحەتی چ بەرهەمێكی نابێ، ئەمەش ئەوپەڕی رێگا خوارو چەوتو چەوێڵی‌یە.

﴿أُوْلَٰٓئِكَ لَمۡ يَكُونُواْ مُعۡجِزِينَ فِي ٱلۡأَرۡضِ﴾ ئەو ستەمكارە لەرێ لادەرانە، ئەو موشریكو كافرانە، هێزو توانایەكی ئەوتۆیان نیە بتوانن خودا دەستەوەستان بكەن لەوەی لەدونیادا بەسزا بیانگرێ، ولاتیان بەسەردا وێران بكا، بەزەویدا بیانباتە خوارێ، بەردەبارانیان بكاو لەناویان بەرێ، وەكوو چۆن گەلەپێشینەكانی لەناوبردن! بەڵكوو ئەمانیش لەژێر دەسەلاتو قەهرو

غەزەبی خۆیدان هەر کاتێ بیەوێو چۆنی بوێ ئاوا سزایان دەدا، دەتوانێ لەدونیادا پێش هاتنی قیامەت سزایان بدا!

﴿وَمَا كَانَ لَهُمْ مِنْ دُونِ اللهِ مِنْ أَوْلِيَاءَ﴾ ئەو ستەمکارو موشریکانە جگە لەخودا خۆی، هیچ یارمەتیدەرو پشتیوانێکیان نیە، کەس نیە بتوانێ عەزابی خودایان لێ دورور بخاتەوە...

﴿يُضَاعَفُ لَهُمُ الْعَذَابُ﴾ رۆژی قیامەت عەزابیان بۆ دوو چەندانەو چەند چەندانە دەکرێتەوە، بەهۆی ئەوەوە کە وێڕای گومڕابوونی خۆیان کەسانی دیکەشیان گومڕا کردوون، هەروەها چونکە پێیان ناخۆشبوو گوێیان لەقورئان بێ، نەیاندەویست نیشانەکانی خودا لەبوونەوەردا ببینن.

ئەوانە ﴿مَا كَانُوا يَسْتَطِيعُونَ السَّمْعَ وَمَا كَانُوا يُبْصِرُونَ﴾ بەهیچ جۆرێک نەیاندەویست گوێیان لەقورئان بێ، خۆیان لەبیستنی حەقو راستی کەڕ کردبوو، نەیاندەویست شوێن حەق بکەونو خۆیان لەئاستیدا کوێرو کوتر کردبوو! هەروەکوو ئەوە بڵێی نەیاندەتوانی ببیستنو ببینن!

تەنانەت کە گوێشیان لەقورئان دەبوو دڵیان نەدەدایەو لێی ورد نەدەبوونەوە، هەوڵیان دەدا کەس لێی حاڵی نەبێ، وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لَا تَسْمَعُوا لِهَذَا الْقُرْآنِ وَالْغَوْا فِيهِ لَعَلَّكُمْ تَغْلِبُونَ﴾فصلت/٢٦. کە لەبونەوەریشیان دەڕوانی بەدڵ لێی ورد نەدەبوونەوە، بەسەرنخەوە تەماشای ئایەتەکانی بوونەوەریان نەدەکرد!

﴿أُولَئِكَ الَّذِينَ خَسِرُوا أَنْفُسَهُمْ وَضَلَّ عَنْهُمْ مَا كَانُوا يَفْتَرُونَ﴾ ئەوانەی خاوەنی ئەو رەوشتە نامەردانەن کە لەوەپێش باس کران ئەو ئادەمیزادانەن: کە خودی خۆیان بەفیڕۆ داوە، لەدونیادا خۆیان فەوتاندوە، پارێزگاری کەرامەتو رێزو نرخی خۆیان نەکردوە، بڕوایان بەهاتنی قیامەت نەبوو، بەدەم خوداوە درۆو دەلەسەیان هەڵبەستن، خۆیان بەفیڕۆ دا، چونکە ئەوان رۆژی قیامەت دەخرێنە ناو ئاگری دۆزەخەوە، سات دوای سات گەرماییەکەی

لەزیادبووندایە، وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿مأواهم جهنمُ، كُلَّمَا خَبَتْ زِدْنَاهُمْ سَعِيراً﴾الأسراء/٩٧. لەو سزایەدا دەتلێنەوە نەئەوەیە بمرن‌و لەکۆڵ ببنەوە، نەئەوەیە بەشێوەیەکی ئاسایی ژیان بەسەر بەرن!

﴿وَضَلَّ عَنْهُمْ مَاكَانُوا يَفْتَرُونَ﴾ ئەو خودا درۆزنانەو شەفاعەتکارانەیان لێ گوم دەبن: کە لەدونیادا بەهاوەڵو هاوبەشی خودایان دەزانین، هیچ سودێکیان لێ دەست ناکەون! بەڵکوو زیانیان پێ دەگەیەنن! وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وَاِذَا حُشِرَ النَّاسُ كَانُوا لَهُمْ اعْدَاءً، وَكَانُوا بِعِبَادَتِهِم كَافِرِينَ﴾الأحقاف/٦. یان دەفەرموێ: ﴿وَاتَّخَذُوا مِنْ دُونِ اللهِ آلِهَةً لِيَكُونُوا لَهُمْ عِزاً، كَلاَّ سَيَكْفُرُونَ بِعِبَادَتِهِمْ، وَيَكُونُونَ عَلَيْهِمْ ضِدّاً﴾مريم/٨١-٨٢.

﴿لا جَرَمَ اَنَّهُمْ فِي الآخِرَةِ هُمُ الأَخْسَرُونَ﴾ هیچ گومان نیەو شتێکی حەق‌و راستە: کە ئەوانە لەقیامەتدا لەهەموو کەس زیاتر خەسارەتمەندن، چونکە خۆشی‌و لەززەتی بەهەشتیان گۆڕیوەتەوە بەسزای دۆزەخ، خۆراکی خۆشی بەهەشتییان بەئاوی کولاتووی دۆزەخ گۆڕیوەتەوە، پیاڵە شەرابی خۆش‌و گوارایان بەسەمومی گەرم گۆڕیوەتەوە، لەجیاتی حۆرییە چ‌و جوانەکانی بەهەشت بنکڵی دۆزەخ‌و لەباتی رەزامەندی پەروەردگارو چاوپێکەوتنی زاتی پاکی، غەزەب‌و قاری خوداو تۆڵەو سزای بەئێشی دۆزەخیان وەرگرتووە. دەی چ خەسارەتمەندییەک لەمە ماڵوێرانکەر ترە!؟!

ئەمجار پاش ئەوەی باسی حاڵ‌و چۆنیەتی‌و بەسەرهات‌و سەرەنجامی کافرەکانی کرد، بەشوێن ئەوەدا باسی حاڵ‌و چۆنیەتی موسوڵمانە بەختەوەرەکان دەکاو دەفەرموێ:

﴿اِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ، وَاَخْبَتُوا اِلَى رَبِّهِمْ أُولَئِكَ أَصْحَابُ الْجَنَّةِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾ بێگومان ئەوانەی ئیمانیان هێناوە، خوداو پێغەمبەریان بەراستی ناسیون، خودایان بەحەق ناسیوەو بەندایەتییان بۆ کردوە، پێغەمبەریان بەراست زانیوەو شوێنی کەوتوون، لەدونیادا کرداری

چاکیان ئەنجام داوەو پابەندی فەرمانو جڵەوگیرییەکانی ئـایین بـوون، دڵیـان بـەئیمان ئـاوەدان بـووە، بـەردەوام بـوون لەسـەر طاعـەتکردنو دوورە پـەرێزی لەتاوان، هەمیشە ترسی خودایان لـەدڵدا بـووە، ئەوانـە هـاوەڵانی بەهەشـتن، بەهەشـتی رازاوەو پـڕ خـێرو خۆشـییان دەدرێتـێ، نـازو نیعمـەتی وایـان پـێ دەبەخشـرێ کـە لـەژمارە نایـەنو بـەچاو نـەبیندراون بەگوێچکـە نەبیسـتراون بەخەیاڵیش بەسەر دڵی هیچ کەسدا رانەبردوون، ئەوان لـەو بەهەشـتە خـۆشو رازاوەدا بـۆ هـەتا هەتایـە دەمێننـەوە، نـەپیر دەبـن، نـەدەمرن، نەنـەخۆش دەکەون، نەپیسایيو بۆنی ناخۆشییان لێوە دەردەچێ.

ئەمجار پەروەردگار لێکچونو موشابەهەیەک دێنێتە کایـەوە، هەریـەکـە لەکافرو موسوڵمان دەشوبهێنێ بەشتێکی ترەوەو دەفەرموێ: ﴿مَثَلُ ٱلْفَرِيقَيْنِ كَٱلْأَعْمَىٰ وَٱلْأَصَمِّ وَٱلْبَصِيرِ وَٱلسَّمِيعِ﴾ واتە: مەثەلو نموونەی ئەو دوو تاقمو کۆمەڵەی لەوەپێش باسکران، ئاکامیان دیاری کرا، کافرەکـان بەبـەد بـەختيو موسوڵمانەکان بەکامەرانی، وەکوو نموونەی کوێرو کـەڕو شـنەواو بینـەر وان، کافر وەکوو کوێر وایە، چونکە خۆی لەئاستی حـەقو راستیدا کوێـر دەکـاو بەچاوی ورد تەماشای نیشانەکانی خودا ناکا لەبوونەوەردا، شـارەزای رێبـازی خێر نـابێو نایدۆزێتـەوە، وەکـوو کـەڕ وایـە، چونکـە بەڵگـەو دەلیلـی راسـت نابیستێ، شتێک سوودی هەبێ بەدڵ گوێی لێ ناگرێ!

موسوڵمان وەکوو چاو ساغی گوێچکە کراوە وایە لەوەدا: کە سـوود لـەو قورئانە دەبینێ کە دەیبسێ، نیشانەکانی تاکو تەنـهایی خـودا لەبوونـەوەردا دەبینێ ئیمانی پتەو دەبێ، دڵ دامەزراوو بەرچاو روون دەبێ.

ئامێری دیتنو بیستن (چاوو گوێچکە) دوو هۆکاری زانستو هیدایـەتن، لەروانگـەی ئەمانـەوە عـەقڵو هـۆش کـامڵ دەبـنو رەهنومـایی ئـادەمیزاد دەکەن...

﴿هَلْ يَسْتَوِيَانِ مَثَلاً أَفَلاَ تَذَكَّرُونَ﴾ ئایا ئەو تاقمو كۆمەڵە لەرەوشتو حاڵو سەرەنجامدا چۆن یەكن؟ ئەرێ بۆ بیر ناكەنەوە؟ بۆ پەند وەرناگرن؟

بێگومان ئەو دوو تاقمە وەكوو یەكێ نین، زۆر جوداوازن، دەی ئێوە بۆ وردنابنەوە؟ فەرقی نێوانی ئەم كۆمەڵو ئەو كۆمەڵ بكەن؟ چۆن ئێوە ئەوەندە نەفامن جیاوازی نێوان رەوشتو حاڵو چۆنیەتیو سەرەنجامی ئەم دوو تاقمە ناكەن؟ كورە خۆ زانینی ئەوە شتێكی گران نیە دەتوانن فێری ببن، ئەوەتا پەروەردگار لەشوێنێكی تردا دەفەرموێ: ﴿لاَيَسْتَوِي أَصْحَابُ النَّارِ وَأَصْحَابُ الْجَنَّةِ، أَصْحَابُ الْجَنَّةِ هُمُ الْفَائِزُونَ﴾الحشر/٢٠. یان دەفەرموێ: ﴿وَمَايَسْتَوِي الأَعْمَي وَالْبَصِيرِ، وَلاَ الظُّلُمَاتُ وَلاَ النُّورُ، وَلاَ الظِّلُ وَلاَ الحَرُورُ، وَمَا يَسْتَوِي الأحيَاءُ وَلاَ لأَمْوَاتُ، إِنَّ اللهَ يُسْمِعُ مَنْ يَشَاءُ، وَمَا أَنْتَ بِمُسْمِعٍ مَنْ فِي الْقُبُورِ﴾فاطر/١٩-٢٢.

چیرۆكی حەزرەتی نووح عليه السلام

وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوْمِهِۦٓ إِنِّى لَكُمْ نَذِيرٌ مُّبِينٌ ﴿٢٥﴾ أَن لَّا تَعْبُدُوٓا۟ إِلَّا ٱللَّهَ ۖ إِنِّىٓ أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ أَلِيمٍ ﴿٢٦﴾ فَقَالَ ٱلْمَلَأُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِن قَوْمِهِۦ مَا نَرَىٰكَ إِلَّا بَشَرًا مِّثْلَنَا وَمَا نَرَىٰكَ ٱتَّبَعَكَ إِلَّا ٱلَّذِينَ هُمْ أَرَاذِلُنَا بَادِىَ ٱلرَّأْىِ وَمَا نَرَىٰ لَكُمْ عَلَيْنَا مِن فَضْلٍۭ بَلْ نَظُنُّكُمْ كَٰذِبِينَ ﴿٢٧﴾ قَالَ يَٰقَوْمِ أَرَءَيْتُمْ إِن كُنتُ عَلَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّى وَءَاتَىٰنِى رَحْمَةً

مِّنْ عِندِهِۦ فَعُمِّيَتْ عَلَيْكُمْ أَنُلْزِمُكُمُوهَا وَأَنتُمْ لَهَا كَٰرِهُونَ ﴿٢٨﴾ وَيَٰقَوْمِ لَآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ مَالًا ۖ إِنْ أَجْرِىَ إِلَّا عَلَى ٱللَّهِ ۚ وَمَآ أَنَا۠ بِطَارِدِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ ۚ إِنَّهُم مُّلَٰقُوا۟ رَبِّهِمْ وَلَٰكِنِّىٓ أَرَىٰكُمْ قَوْمًا تَجْهَلُونَ ﴿٢٩﴾ وَيَٰقَوْمِ مَن يَنصُرُنِى مِنَ ٱللَّهِ إِن طَرَدتُّهُمْ ۚ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴿٣٠﴾ وَلَآ أَقُولُ لَكُمْ عِندِى خَزَآئِنُ ٱللَّهِ وَلَآ أَعْلَمُ ٱلْغَيْبَ وَلَآ أَقُولُ إِنِّى مَلَكٌ وَلَآ أَقُولُ لِلَّذِينَ تَزْدَرِىٓ أَعْيُنُكُمْ لَن يُؤْتِيَهُمُ ٱللَّهُ خَيْرًا ۖ ٱللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا فِىٓ أَنفُسِهِمْ ۖ إِنِّىٓ إِذًا لَّمِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٣١﴾

پاش ئەوەی پەروەردگار لەئایەتەکانی پێشوودا پێغەمبەرایەتی حەزرەتی موحەممەدی چەسپاند، ئەوەی تابیلا کردەوە: کە قورئانی پیرۆز نیگای خودایە، ئەمجار حاڵو چۆنیەتی تاقمی موسوڵمانو تاقمی کافری باس کردو سەرەنجامی هەردولایانی دیاری کرد، ئادەمیزادانی هەڵنان بۆ بیرکردنەوەو تێفکرینو پەندوەرگرتن، دوابەدوای ئەم باسو خواسانە، کۆمەڵێک چیرۆکی پێغەمبەران باس دەکا: بۆ پەندو ئامۆژگاریو بیرکردنەوە، هەروەها بۆ ئەوەی ئەوە بەیان بکا: کە پێغەمبەری ئیسلام لەگەڵ پێغەمبەرانی پێش خۆیدا هاوبەشە لەبنەمای بانگەوازیدا، هەموویان بانگەوازییان بۆ یەکتاپەرستیو بڕوا بەهاتنی ڕۆژی قیامەتو وەرگرتنەوەی پاداشو سزا کردوە هەروەها هۆشیار کردنەوەی پێغەمبەرە: کە لەبەرامبەر ئەزیەتدانی کافرەکاندا خۆڕاگر

بێ هەتا خودا چاریان دەکاو لەعۆدەیان دێ! یەکەم چیرۆکی ئەم سورەتە چیرۆکی حەزرەتی نووحە عليه السلام. لەوەپێش پەروەردگار لەسوورەتی (یونس)دا ئەم چیرۆکەی گێڕایەوە، لێرەشدا دووبارەی دەکاتەوە، چونکە پەندو ئامۆژگاری زۆری تێدان، گرنگتریان پێ زاناندنی کافرەکانە کە حەزرەتی موحەممەد وەکوو پێغەمبەرانی پێش خۆی، بۆیە رەوانە کراوە: کە بانگەوازی ئادەمیزادان بکا بۆ یەکتاپەرستیو چەسپاندنی زیندووبوونەوەو هاتنی رۆژی قیامەتو وەرگرتنەوەی پاداشو سزا. دەفەرموێ: ﴿لَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحاً إِلَىٰ قَوْمِهِ: إِنِّي لَكُمْ نَذِيرٌ مُبِينٌ﴾ واتە: ئەی موحەممەد! وەکوو چۆن تۆمان کردوە بەپێغەمبەرو رەوانەمان کردوی بەترسێنەرو موژدەدەر، بێگومان (نوح)مان رەوانەکردوە بۆ سەر گەلەکەیو پێی گوتن: من رەوانەکراوی پەروەردگارم، ترسێنەرێکی ئاشکراو حەقو راستم بۆ ئێوە، دەتانترسێنم لەسزای بەئێشی خودا، رێبازی رزگاریتان بۆ روون دەکەمەوە، بڕوام پێ بکەنو پابەندی فەرمانو جڵەوگیرییەکانی خودابن!

من بۆ ئێوە ترسێنەرێکی ئاشکراو شارەزاکارم بەوەی: کە ﴿أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا اللَّهَ﴾ جگە لەخودا بەندایەتی بۆ کەسی تر مەکەن. داواتان لێ دەکەم: کە یەکتاپەرستی بکەنو واز بێنن لەهاوەڵدانان بۆ پەروەردگار ﴿إِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ أَلِيمٍ﴾ چونکە ئەگەر بەقسەم نەکەنو یەکتاپەرستی نەکەنو واز لەهاوەڵدانان بۆ خودا نەهێنن، ئەوە من دەترسم سزای رۆژێکی بەشیدەت یەخەتان بگرێو رزگار بوونتان نەبێ.

بێگومان حەزرەتی نوح عليه السلام یەکەم پێغەمبەرو فروستادە بووە: کە رەوانەکراوە بۆ سەر دانشتوانی سەر زەوی لەموشریکێو بتپەرستان!

تێبینی:

وشەی (ألیم) فەعیلی بەمانا مەفعولە، دەی خۆ رۆژەکە ئازار ناچێژێ، ئەوەی ئازاری پێ دەگا خەڵکەکەیە نەک رۆژەکە. کەوابێ دەبێ بگوترێ:

لێرەدا تەعبیرەکە بەم شێوە هەڵبژێراوە بۆ ئەوەی وا پیشان بدا کە رۆژەکە بۆ خۆی خاوەن ئازارەو ئاوسە بەسزای بەئێشو بۆ خۆی ئازاری پێ دەگا! دەی حاڵی ئەوانەی لەو رۆژەدان دەبێ چۆن بێ؟!

﴿فَقَالَ الْمَلأُ الذينَ كَفَرُوا مِن قَوْمِهِ مَا نَرَاكَ إِلاَّ بَشَراً مِّثْلَنَا﴾ ریش سپیو پیاو ماقووڵو قسەرۆیشتووەکانی گەلەکەی؛ ئەوانەی کافر بوونو بڕوایان بەنووح نەدەکرد، وتیان: تۆ ئادەمیزادێکی وەکوو ئێمەیو هیچت لەئێمە زیاد نیە، تۆ پاشاو مەلیک نی، ئادەمیزادێکی ئاسایی وەکوو ئێمەیو بەس! ئیتر بۆچی شوێنت بکەوین. بۆچی زێدە لەهەموو کەس نیگا بۆ تۆ هاتووە؟!

﴿وَمَا نَرَاكَ اتَّبَعَكَ إِلاَّ الَّذِينَ هُمْ أَرَاذِلُنَا بَادِيَ الرَّأْيِ﴾ ئێمە نابینین شوێنکەوتوانت ئیللا کەسانێکن: کە پلەی کۆمەلاتییان نزمەو جوتیارو وەرزێرو خۆش باوەڕن، هیچ بیریان لەسەرەنجامو ئاکامی نەکردۆتەوە.. ئەگەر تۆ راست دەکەی پێغەمبەری پیاو ماقوڵو ئەشرافو عاقڵمەندان شوێنت دەکەوتن.

﴿وَمَا نَرَى لَكُمْ عَلَيْنَا مِن فَضْلٍ﴾ ئێمە نابینین بۆ ئێوە بەسەر خۆماندا هیچ رێزو نرخێک، هیچ شتێکتان لەئێمە زیاتر نیە؛ لەئێمە بەهێزو تواناتر نین، ساماندارتر نین، زانیاریو عەقڵو فامتان لەئێمە زیاتر نیە، ئیتر چ شتێک وا لەئێمە دەکا: کە شوێنتان بکەوین.؟!

﴿بَلْ نَظُنُّكُمْ كَاذِبِينَ﴾ بەڵکوو ئێمە ئەوەمان بەلاوە راستە کە ئێوە درۆزنو ئەوەی دەیڵێن: گوایە ئێوە لەدونیاو قیامەتدا بەختەوەر دەبن لەراستییەوە دوورەو هیچی بەسەر هیچەوە نیە.!

بەکورتی ئەو کۆمەڵە کە دەمڕاستو ریش سپی گەلی نووح بوون؛ چوار شوبهەیان ئاڕاستەی پەیامی حەزرەتی نووح کرد:

١- نووح ئادەمیزادێکە وەکوو ئەوانو پلەو پایەیەکی وای نیە بگاتە پایەی سەرداری مەعنەویو پێغەمبەرایەتی.

٢- ئەوانەی شـوێنی کـەوتوون کۆمـەڵێکی لاتو بـێ دەسـەلاتو هیـچ لەبارانەبوون، ئەمانە وەکوو تاقمێ وەهان لەبرسـا موشـاغەبە دروسـت بکـەن! دەی ئێمە ناچینە ریزی ئەوانەوە.

٣- پلەو پایەو شانو شـەوکەتی وا بـەنووحو شـوێنکەوتوانی‌یەوە نـابینن تەماعی ئەوەیان لا پەیدا ببێ خۆیان بکەن بەئوممەتی نووح.

٤- وا ئەزانین: کە تۆ لەم داوای رەهبەری‌و پێغەمبەرایەتدا درۆ دەکەی، دەی ئێمە شوێن پیاوی درۆزن ناکەوین..!

ئەمجار پەروەردگار باسی رەتدانەوەکەی حەزرەتی نووح دەکـاو شـوبهەو بیانوەکانیان بەرپەرچ دەداتەوەو دەفەرموێ:

﴿قَالَ: يَاقَوْمِ أَرَأَيْتُمْ﴾ نـووح لـەوەلامیاندا وتـی: ئـەی نەتەوەکـەم! پێـم بڵێن: من چی بکەمو ئێوە چۆنی دەبینن؟؟ ﴿إِنْ كُنْتُ عَلَى بَيِّنَةٍ مِـــنْ رَبِّي﴾ ئەگەر من بەڵگەی بەهێزم بەدەستەوە بێ، یەقینم هەبێ کە مـن رەوانـەکراوی پەروەردگارمو ئەرکی پێغەمبەرایەتیم خراوەتە سەرشانو دەبێ ئەنجامی بدەم، دڵنیام من لەسەر حەقو راستیمو لەخوداوە نێردراوم ﴿وَآتَانِي رَحْمَةً مِنْ عِنْدِهِ﴾ پەروەردگار رەحمەتو بەهرەی پێغەمبەرایەتی لەلایەن خۆیـەوە پـێ داوم: کـە گـەورەترین بـەهرەی پـەروەردگارە، بـەرزترین پلـەو پایەیـە: کـە خـودا دەیـدا بەبەندەی خۆی! چ رەحمەتو بەهرەیەک لەوە گـەورەترە کـە ئـادەمیزاد خـودا بناسێتو رێبـازی یەکتاپەرستی بگرێتـە بـەرو ئـەرکی فروسـتادەیی بخرێتـە سەرشان؟!

من چی لەئێوە بکەم؟ من کراوم بەپێغەمبەرو لەخوداوە نیگام بۆ هاتووە ﴿فَعُمِّيَتْ عَلَيْكُـمْ﴾ ئـەم بەهرەیـە لـەئێوە شـێردراوەتەوە، هەسـت بـەگرنگی ناکەن، پێی هیدایەت نـادرێن، ئیمـانی پـێ نـاهێنن بـەڵکوو خـێرا بـەدرۆتان خستمەوە، پەیامەکەمتان رەتکردمەوە، ﴿أَنُلْزِمُكُمُوهَا﴾ ئایا دەتـوانم بـەزۆر ـەم پەیامو رەحمەتەتان پێ قبووڵ بکەمو بتانخەمە سەری؟! وەلحال ﴿وَأَنْتُـمْ

لها كارهون﴾ ئێوه پشتی لێ هەڵدەكەنو ناتانەوێ، دەی خۆ ناگونجێو عەقڵ پەسەندی ناكا ئایین بەزۆر بسەپێ!

بەراستی ئەمەیە بەڵگەی پێغەمبەرایەتیو خۆبەرزگرتن لەئاست هەڵوێستی نەفامانو بێ هۆشان.

﴿وَيَا قَوْمِ لاَ أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مَالاً﴾ ئەی قەومەكەم! من لەجیاتی ئامۆژگاریو پەیام راگەیاندنەكەم داوای كرێو پارەو پولتان لێ ناكەم، ئەركی سەرشانتان بەوە گران ناكەم داوای كرێتان لێ بكەم! ئەمن پەیامی خودا بەئێوە دەگەیەنمو پاداشیشم هەر لەخودا دەوێ، ﴿إِنْ أَجْرِيَ إِلاَّ عَلَى اللهِ﴾ كرێو پاداشم هەر لای خودایەو هەر ئەو هیوای پاداشدانەوەی لێ دەكرێ!

بێگومان ئەمە هەڵوێستی هەموو پێغەمبەرانی دووا حەزرەتی نووح بوو؛ حەزرەتی هودو صالحو شوعەیبو حەزرەتی موحەممەدو هەموو پێغەمبەران هەر ئەم ئاخاوتنە بەنرخەیان ئاراستەی گەلەكانیان كردوە، هەموویان بەگەلەكانیان گوتووە: ئێمە ئەجرو پاداشمان لەئێوە ناوێ، خودا پاداشمان دەداتەوە!

﴿وَمَا أَنَا بِطَارِدِ الَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئەوە ئیشی من نیەو لەشانی من ناوەشێتەوە كە بڕواداران لە كۆڕو مەجلیسی خۆم دوور بخەمەوە؛ ئەوانە دەرناكەم ﴿إِنَّهُم مُّلاَقُوا رَبِّهِمْ﴾ ئەوانە لەرۆژی قیامەتدا بەخودای خۆیان دەگەنو حیسابیان لەگەڵ دەكا، ئەگەر دەریان بكەم شكاتم لێ دەكەنو تووشی سزا دەبم، ﴿وَلَكِنِّي أَرَاكُمْ قَوْماً تَجْهَلُونَ﴾ بەڵام من ئێوە دەبینم گەلو نەتەوەیەكی نەفامو نەزانن، حەقائیقی شت نازانن، لەناو زەلكاوی جەهلو گومڕاییدا دێنو دەچن؛ هەندێ لەنیشانەی بێ عەقڵیتان ئەوەیە: موسوڵمانەكان بەنەفام دەزانن، بەپڕوپوچو پلە نزم ناویان دەبەن، داوای ئەوەم لێ دەكەن لەكۆڕو كۆمەڵی خۆم دەریان بكەم، ئێوە نەفامن نازانن: كە پلەو پایەی ئادەمیزاد بەكردەوەی چاكو رەوشتی جوانو بیرو باوەڕی راستە، نەكێ

بەماڵو سامانو پلەو پایەی ڕواڵەتی دونیایی! یان نەزانییەکەتان لەوەدایە: کە بڕواتان بەزیندوبوونەوەو گەیشتنەوە بەخودا نیە، یان نازانن کە موسوڵمانەکان لەئێوە باشترن!

﴿وَيَا قَوْمِ مَنْ يَنْصُرُنِي مِنَ اللهِ إِنْ طَرَدْتُهُمْ أَفَلاَ تَذَكَّرُونَ﴾ ئەی گەلو هۆزەکەم! ئەگەر من ئەوانەی شوێنم کەوتوونو بڕوایان پێ کردوم دەریـن بکەمو نەهێڵم ئامادەی کۆڕو کۆمەڵم ببن؛ کێ پشتیوانو یارمەتیدەرم دەبێ لەبەرامبەر عەزابی خودادا، چونکە دەرکردنی ئەوانە ستەمو تاوانو سپڵەیی بەرامبەریان، ئەگەر من شتی وەها بکەم لەدەستەی ستەمکاران دەبم وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿فَتَطْرُدَهُمْ فَتَكُونَ مِنَ الظَّالِمِينَ﴾الأنعام/٥٢.

پەروەردگار خودای دەوڵەمەندو هەژارە، خاوەنی زەبوونو بەهێزە، خودا تەرازوی عەداڵەتی بەدەستەوەیە، بەپێی ئەو تەرازووە بەندەکانی هەڵدەسەنگێنێ، ئەو موسوڵمانانە لەژێر چاودێری خودادان، ئەو سەرپەرشتیاریانە، کێ من دەپارێزێ ئەگەر من تەرازوەکەی بشێوێنمو ستەم لەبەندە بڕوادارەکانی بکەم! ﴿أَفَلاَ تَذَكَّرُونَ؟﴾ ئەوە بۆ بیر ناکەنەوە، بێگومان ملهوڕیو سەررەقی ئێستاتان تەرازوی سروشتی لەبیر بردونەوە، بیر بکەنەوە بابێنەوە تایمو بچنەوە سەر ڕێبازی ڕاستەقینەی خۆتان!

ئەمجار کەسایەتیو پێغەمبەرایەتی خۆی دەخاتە بەردەمیان، واقعی حاڵی خۆی چۆنە ئاوا خۆی پێشکەش دەکاو دەفەرموێ: ﴿وَلَا أَقُولُ لَكُمْ عِنْدِي خَزَائِنُ اللهِ﴾ من کە دەڵێم: پێغەمبەرمو نیگام بۆ دێ، مانای ئەوە نیە من خاوەنی خەزێنەی پەروەردگارمو دەتوانم گۆڕانکاری لەملکی خودادا بکەم! ئەمن هەرگیز پێتان ناڵێم خەزێنەی خودام لایە، من ئادەمیزادمو نیگام بۆ کراوەو لەخوداوە بەموعجیزە پشتگیریم لێ دەکرێ، ئادەمیزادان بانگ دەکەم بۆ عیبادەت کردنی پەروەردگار.

﴿وَلَا أَعْلَمُ الْغَيْبَ﴾ من غەیب زان نیم، مەگەر هەندێ شتی پەنامەکی نەبێ کە خودا بەفەضلی خۆی منی بەسەردا ئاگادار کردوەو دەکا!! ﴿وَلَا أَقُولُ إِنِّي مَلَكٌ﴾ من نالێم فریشتەمو رەوشتو صیفەتێک بۆ خۆم داوا ناکەم کە نەمبێ، لافی شتێک لێ نادەم کە تێمدا نەبێو خۆم بەسەر ئێوەدا هەڵنانێمەوە. ﴿وَلَا أَقُولُ لِلَّذِينَ تَزْدَرِي أَعْيُنُكُمْ لَن يُؤْتِيَهُمُ اللَّهُ خَيْرًا﴾ ئەمن نالێم: بەئەو کەسانەی کە ئێوە بەهیچو پۆچیان دەزاننو لەپێش چاوتان بێ نموودو کەم بایەخن، نالێم خودا خێرو خۆشییان ناداتێ! من بڕیار نادەمو نالێم: ئەوانە خودا لەدونیاو قیامەتدا بەهرەمەندیان ناکا، ناچم بۆ رەزامەندی ئێوە ئەو بڕیارە هەڵەیە بدەم! ﴿اللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا فِي أَنفُسِهِمْ﴾ خودا دەزانێ چی لەدەروونیاندایە، خودا دەزانێ ئاخۆ بیرو باوەڕیان راستو پەسەندە یان نا؟ من ظاهیر بینمو سەیری رواڵەتیان دەکەمو بەظاهیر رێزدارو خاوەن بەهرەنو هومێد وایە خودا خێرو خۆشییان بەنسیب بکا. ئەگەر دڵو دەروونیان وەکوو دەرەوەیان پاکو خاوێن بێ، ئەوە بەهرەمەندو خۆشنودن!

مەبەست بەئایەتەکە ئەوەیە: کە حەزرەتی نووح گەردنکەچیو بەندایەتی خۆی بۆ پەروەردگار پێ راگەیاندن، ئەمەش نیشانەی هێڵێکی جیاکەرەوەیە: لەنێوان پێغەمبەرانو لەنێوان پاشاو فرمانڕەوایانی جیهان، پێغەمبەران گرنگی دەدەن بەشارەزایی کردنی ئادەمیزادان بۆ رێبازێک: کە بەختەوەریی دونیاو قیامەتی تێدا بێ، بەبێ ئەوەی ماڵو سامانو بەرژەوەندی تایبەتی کاریان تێ بکا، پاشاو سەرۆکەکانی تر بۆ پەیداکردنی تاقمو پێڕو شوێنکەوتوو پشت بەمادە دەبەستن، ماڵو سامان دەبەخشن بۆ وەدەستهێنانی لایەنگیریو دەنگ بۆدان!!

ئاماژەی ئەوەشی تێدایەکە پێغەمبەر ئادەمیزادەو فریشتە نیە غەیب زان نیەو چی خودا ئاگاداری نەکا پێی نازانێو پەی پێ نابا! وەکوو

دەفەرموێ: ﴿قل: لا املك لنفسي نفعاً ولا ضراً، الا ماشاء الله، ولو كنتُ اعلمُ الغيبَ لاستكثرتُ من الخير، وما مَسَني السوءُ﴾الأعراف/١٨٨.

ئەگەر من بڵێم: ئەو فەقیرو هەژارانە خاوەن پایە نین، ئیمانو باوەڕەکەیان نەنرخێنمو یەکتاپەرستییان تەقدیر نەکەم ﴿اِنِّيٓ اِذاً لَمِنَ الظَّالِمِينَ﴾ من بەراستی لەتاوانبارو ستەمکارانم، چونکە پێغەمبەر دەبێ راستی نیشان بدا نەک حەقو راستی ون بکا، هەر کەسێک حەق ون بکا ئەوە ستەمی لەخۆی کردوە کە حەقیقەتو راستی لێ شاردونەوە!

ئا بەو جۆرە حەزرەتی نوح خۆی پێشکەش دەکا، بەشێوەیەکی واقیعیو لەسەر حەقیقەتی خۆی بەبێ زیادو کەم خۆی رادەنوێنێو ماستاو بۆ کەس ناکاو تۆزقاڵێک لەهەڵوێستی پێغەمبەرایەتی خۆی دانابەزێو ناچێ لەسەر حیسابی پەیامەکەی ملهوڕەکان رازی بکا، بەمەش وانەیەکی بانگەوازی بۆ هەموو چینە بانگەوازیکەرەکانی دوا خۆی دادا، بوو بەنموونەی بانگخوازانی ئایینی خودا، رێچکەی بۆ شکاندن چۆن مرواجەهەی ملهوڕانو خاوەن دەسەڵاتان بکەنو حەقو راستییان بەگوێچکەدا بدەن بەبێ مەرایی کردن بۆیان!

ئیتر: کە کار گەییشتە ئەم ئەندازەو ریش سپیو پیاو ماقوڵانی نەتەوەی نووح هیچیان بەدەستەوە نەماو نەیانتوانی بەبەڵگە، بەڵگەکانی نووح بپووچێننەوە، ملیان لەملهوڕی خۆیاننـاو هەڵوێستی ئادەمیزادی دۆڕاوین نواندو پشتیان لەبەڵگە هێنانەوە هەڵکردو وازیان لەگەردنکەچ کردن بۆ بەڵگەی عەقڵیو فیطری هێناو دەستیان دایە بەربەرەکانی نەفامانەو سەررەقانەو تەحەددا کردنو رەتکردنەوەی حەقو گوێ پێ نەدانی راستی وەکو لەئایەتەکانی داهاتوودا دەردەکەوێ.

پەلە کردنی قەومی نوح بۆ هاتنی عەزابو ناهومێد بوونی حەزرەتی نوح لەئیمانهێنانیان

قَالُوا يَا نُوحُ قَدْ جَادَلْتَنَا فَأَكْثَرْتَ جِدَالَنَا فَأْتِنَا بِمَا تَعِدُنَا إِن كُنتَ مِنَ الصَّادِقِينَ ﴿٣٢﴾ قَالَ إِنَّمَا يَأْتِيكُم بِهِ اللَّهُ إِن شَاءَ وَمَا أَنتُم بِمُعْجِزِينَ ﴿٣٣﴾ وَلَا يَنفَعُكُمْ نُصْحِي إِنْ أَرَدتُّ أَنْ أَنصَحَ لَكُمْ إِن كَانَ اللَّهُ يُرِيدُ أَن يُغْوِيَكُمْ هُوَ رَبُّكُمْ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٣٤﴾ أَمْ يَقُولُونَ افْتَرَاهُ قُلْ إِنِ افْتَرَيْتُهُ فَعَلَيَّ إِجْرَامِي وَأَنَا بَرِيءٌ مِّمَّا تُجْرِمُونَ ﴿٣٥﴾

پاش ئەوەی حەزرەتی نوح ﷺ وەڵامی شوبهەو گومانی گەلەکەی دایەوە، ئیتر هەڵوێستی نامەردانەیان نواندو دوو خاڵیان ئاراستە کرد، یەکەمیان پێیان گوت: ئەتۆ زۆرت دەمە دەمێ لەگەڵ کردینو لەسنوورت تێپەڕاند. دووەمیان ئەوەبوو داوایان لێ کرد کە ئەو سزایەی هەڕەشەی پێ لێ کردن بۆیان بێنێ!

دەفەرموێ: ﴿قَالُوا: يَانُوحُ قَدْ جَادَلْتنا فَأَكْثَرْتَ جِدَالَنَا﴾ قەومەکەی نوح پێیان گوت: ئەی نوح! بێگومان زۆرت لەگەڵ گوتینو جەدەلو موناقەشەی زۆرت لەگەڵ کردین، لەسنوورت تێپەڕاند! بەڵگەیەک نەمایەوە نەیهێنی، شتێک نەما لامان پێت بڵێین، تاقەتمان چوو، کاس بووین، وەڕەز بووین لەبەڵگە هێنانەوەو بەرپەرچدانەوە!!

﴿فأتنا بما تعدنا ان كنت من الصادقين﴾ ئەگەر راست دەكەی دەڵێی بڕوام پێ نەكەن پێش سزای قیامەت لەدونیادا خودا سزاتان بۆ دەنێرێو بەوە هەڕەشەمان لێ دەكەی! دە ئەو عەزابەی هەڕەشەمان پێ لێ دەكەی بۆمان بێنەو منەتت نەبێ.

كە داوای هاتنی عەزابیان لەحەزرەتی نوح كرد: ﴿قَالَ: اِنَّمَا يَأْتِيكُمْ بِهِ اللهُ اِنْ شَاءَ وَمَا أَنتُمْ بِمُعْجِزِينَ﴾ فەرمووی: هاتنی عەزاب بەدەست خودایە، ئەو هەر كاتێ ویستی عەزابتان بدا دەیدا، ئێوە ناتوانن لەچنگ عەزابی ئەو خۆتان قوتار بكەن، هەڵاتنتان بۆ ناكرێ، چونكە هەمووتان لەژێر چنگو دەسەڵاتی خودادانو لەمڵكی ئەودان.

﴿وَلاَ يَنْفَعُكُمْ نُصْحِي اِنْ أَرَدْتُ أَنْ أَنْصَحَ لَكُمْ اِنْ كَانَ اللهُ يُرِيدُ اَنْ يُغْوِيَكُمْ﴾ ئەگەر خودا بیەوێ گومڕاتان بكا نەصیحەتو ئامۆژگاری من سوودتان پێ ناگەیەنێ، ئەگەر بمەوێ ئامۆژگاریتان بكەم. بەڵكوو سوود ببینن لەئامۆژگاری، پابەندە بەویستو مەشیئەتی خوداوە، دابو نەرێتی خوداش لەبوونەوەردا وا هاتووە: هەر كەسێك ئامادەباشی تێدا بێ ئامۆژگاری وەردەگرێو سوودی لێ دەبینێ: كەسێكیش گومڕاو فاسید بێ ڕەتی دەكاتەوە.

جا ئەگەر سوونەتی خودا داخوازی بەهیلاكچوونتان بێ بەهۆی گومڕایی خۆتانەوە، ئەوە من چەندێك ئامۆژگاریتان بكەم بێ سوودەو خودا سوننەتی خۆی دێنێتە جێ. نەك لەم ڕووەوە: كە خودا ناهێڵێ سوود لەئامۆژگارییەكانم وەربگرن چونكە هەڵسو كەوتی خۆتان وای كردوە سوننەتی خودا داخوازی گومڕاییتان بێو گومڕا ببن، خەتا لەخۆتانەوەیەو سوچ سوچی خۆتانە...

﴿هُوَ رَبُّكُمْ وَاِلَيْهِ تُرْجَعُونَ﴾ خودا بەخێوكاری ئێوەیەو هەموو شتێكی ئێوەی بەدەست خۆیەتی، بەگوێرەی دابو نەرێتی خۆی لەبوونەوەردا كاروباری ئێوە هەڵدەسوڕێنێو كارەكان ئەنجام دەدا، هەموو شتێكیش لای پەروەردگار

سنووررو ئەندازەی خۆی هەیەو مەزندەکراوە، لەقیامەتیش‌دا هەر بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە، سزاو پاداشی کردەوەکانتان دەداتەوە، چاکە بەچاکەو خراپە بەخراپەو تۆزقاڵێک ستەمتان لێ ناکرێ!

بەکورتی خودا بۆخۆی بەدیهێنەرو دروستکەرەوەیە، هەر خۆی خاوەنی دونیاو قیامەتە چۆنی بوێ ئەنجامی دەداو دەیهێنێتە کایەوە.

ئا بەم جۆرە چیرۆکەکەرادەنوێنێو بەڵگە بەرامبەر بەڵگە دێنێو هەڵوێست لەئاست هەڵوێستدا دەخاتە ڕو، جا کە چیرۆکەکە گەییشتە ئەم ئاستە حاسیمو یەکالاکەرەوە. ئایەتێکی ناواخنو موعتەرەضە دێنێ کە باس لەئوممەتی موحەممەد دەکاو پرسیارو وەلامە لەنێوان پێغەمبەرو قورەیشی‌یەکاندا.

هێنانی ئەم ئایەتە لەناوەندی چیرۆکەکەدا نیشانەی ئەوەیە: کە چیرۆکەکە بۆ مەبەستی تەوجیهو ئیرشادە، بۆ سەرنج ڕاکێشانو تەمثیلە، بەجۆرێک گونجاو بێ لەگەڵ بانگەوازی تازە. دەفەرموێ: ﴿أَمْ يَقُولُونَ افْتَرَاهُ﴾ بەڵکوو ئایا ئەو کافرە سەرڕەقو نەفامە قورەیشییانە دەڵێن: موحەممەد بۆخۆی قورئان هەڵدەبەستێو ئەم چیرۆکەی (نووح)یش کە بۆمان دەگێڕێتەوە بۆ خۆی دایناوە!

پەروەردگار فەرمان دەکا بەپێغەمبەر ﷺ کە ڕەدیان بداتەوە دەفەرموێ: ﴿قُلْ﴾ ئەی موحەممەد! پێیان بڵێ: ﴿إِنِ افْتَرَيْتُهُ فَعَلَيَّ إِجْرَامِي﴾ ئەمن ئەگەر ئەم قورئانەم هەڵبەستبێ وەکوو ئێوە دەڵێن، ئەوە ئێوە هیچتان لەسەر نیەو چ زیانێکتان پێ ناگا، بەڵکوو سزای تاوانی خۆم خۆم دەیچێژمو بۆخۆم بەرپرسیارم!

﴿وَأَنَا بَرِيءٌ مِمَّا تُجْرِمُونَ﴾ منیش بەرپرسیار نیم لەتاوانی ئێوە سزای تاوانی خۆتان لەسەر خۆتانە، حوکمی خودا وایەو بڕیاری وا داوە هەموو کەسێک بەگوێرەی کردەوەی خۆی پاداشو سزا وەربگرێتەوە. وەکوو

لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿ام لم ینبأ بما في صحف موسی، وابراهیم الذي وفى، الا تزروا وازرة وزر اخری﴾النجم/٣٦-٣٨.

وێنەی ئەم ئایەتەی ئێرە ئایەتێکی ترە: کە دەفەرموێ: ﴿وان کذبوك فقل: لي عملي ولکم عملکم، انتم بریئون مما اعمل وانا بریئ مما تعملون﴾یونس/٤١.

هەندێ لەراڤەکەران دەفەرموێ: ﴿أَمْ يَقُولُونَ افْتَرَاهُ...﴾ گفتو گۆی حەزرەتی نووحە لەگەڵ گەلەکەیو رەستەی ناوەخن نیە، چونکە نەلەپێشەوە نەلەپاشەوە جگە لەباسی نووحو گەلەکەی باسی کەسی تر ناکرێ.

تێبینی:

ئایەتەکان بەئاشکرا ئەم حوکمانەیان لێ وەردەگیرێ:

١- موناقەشەو دانوسان لەئایین‌دا بۆ چەسپاندنی بەڵگەو لابردنی شوبهەو گومان کارێکی پیرۆزە.

٢- لاسایی کردنەوەو نەفامیو سوور بوون لەسەر بەتاڵ، پیشەی کافرو گومڕایانە، کێشەو جەدەل بۆ زاڵبوونی بەتاڵ بەسەر حەقدا کارێکی ناپەسەندەو ئەو کەسەی خەریکی ئەوە بێ لەهەر دوو جیهاندا سەرزەنشت کراوە.

٣- رستەی ﴿إِنْ كَانَ اللهُ يُرِيدُ أَنْ يُغْوِيَكُمْ﴾ لەئایەتەکەدا ڕەددە لەسەر موعتەزیلەو قەدەرییەو شوێنکەوتوانیان؛ ئەوانەی پێیان وایە: خودا نایەوێ تاوانبار تاوان بکا، یان کافر کوفر بکا، پێیان وایە ئەوانە کە ئەمە دەکەن خودا ئیرادەی نەکردوە.

لەڕاستی‌دا خودا هیدایەتدەرو گومڕاکەرە، واتە: ئیرادەی خودا دەگونجێ تەعلووق ببەستێ بەئیغواوە وەکوو چۆن تەعەللوق دەبەستێ بە(اهداء)ەوە. بەکورتی خودا ڕێگەی هیدایەتو ڕێبازی گومڕایی بۆ ئادەمیزاد روون

دەکاتەوە، ئادەمیزاد بۆ خۆی لایەک هەڵدەبژێرێو هەڵبژاردنەکەش بەویستی خودایە!

فەرموودەکەی حەزرەتی نووح لەئایەتەکەدا، بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە خودا گومڕای نەکردون بەڵکوو ئیختیاری پێ داونو ئەوان بەویستی خۆیان ڕێبازی گومڕاییان هەڵبژاردوە ئەمەش بەدوو بەڵگە:

ا- ئەگەر خودا بیویستایە گومڕایان بکاو ویستەکەی خۆی بێنێتە دی، ئیتر ئەو کاتە چ سوودێک لەئامۆژگاری کردنەکەیاندا نەدەمایەوە، هەروەها خودا فەرمانی نەدەکرد بەنووح کە بانگی کافرەکان بکاو ئامۆژگارییان بکا. موسوڵمانانیش کۆڕا (اجماع)یان هەیە: کە پێغەمبەری ئێمە وەکوو باقی پێغەمبەرانی تر فەرمانی پێ کراوە: کە بانگەوازی کافران بکاو ئامۆژگارییان بکا.

ب- ئەگەر بچەسبێ: کە خودا بڕیاری داوە کە ئەوانە گومڕا بکا، یان بەگومڕایی دروستیان بکا، ئەو کاتە ئیمان نەهێنانەکەیان عوزرەو بیانوویان بەدەستەوە دەبێ، هەروەها بانگەوازی نووح بێهودەو بێ مەبەست دەبوو.

بەکورتی مەذهەبی ئەهلیسوننەو جەماعەت ئەوەیە: خودا جاری وا دەبێ ئیرادەی کوفر دەکا لەئادەمیزاد وەلێ فەرمانی پێ ناکا، بەڵکوو فەرمانی پێ دەکا بەئیمان هێنانی.

هەر کاتێ خودا ویستی ئادەمیزاد کافر بێ هەرگیز ئیمانهێنانی لێ دەرناکەوێ!

پەروەردگار جڵەوگیری لەنووح دەکا کە بەلەناوچوونی قەومەکەی غەم نەخواو، خەریکی دروستکردنی کەستی بێ

وَأُوحِيَ إِلَىٰ نُوحٍ أَنَّهُۥ لَن يُؤْمِنَ مِن قَوْمِكَ إِلَّا مَن قَدْ ءَامَنَ فَلَا تَبْتَئِسْ بِمَا كَانُوا۟ يَفْعَلُونَ ﴿٣٦﴾ وَٱصْنَعِ ٱلْفُلْكَ بِأَعْيُنِنَا وَوَحْيِنَا وَلَا تُخَٰطِبْنِى فِى ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓا۟ ۚ إِنَّهُم مُّغْرَقُونَ ﴿٣٧﴾ وَيَصْنَعُ ٱلْفُلْكَ وَكُلَّمَا مَرَّ عَلَيْهِ مَلَأٌ مِّن قَوْمِهِۦ سَخِرُوا۟ مِنْهُ ۚ قَالَ إِن تَسْخَرُوا۟ مِنَّا فَإِنَّا نَسْخَرُ مِنكُمْ كَمَا تَسْخَرُونَ ﴿٣٨﴾ فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ مَن يَأْتِيهِ عَذَابٌ يُخْزِيهِ وَيَحِلُّ عَلَيْهِ عَذَابٌ مُّقِيمٌ ﴿٣٩﴾ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَمْرُنَا وَفَارَ ٱلتَّنُّورُ قُلْنَا ٱحْمِلْ فِيهَا مِن كُلٍّ زَوْجَيْنِ ٱثْنَيْنِ وَأَهْلَكَ إِلَّا مَن سَبَقَ عَلَيْهِ ٱلْقَوْلُ وَمَنْ ءَامَنَ ۚ وَمَآ ءَامَنَ مَعَهُۥٓ إِلَّا قَلِيلٌ ﴿٤٠﴾ ۞ وَقَالَ ٱرْكَبُوا۟ فِيهَا بِسْمِ ٱللَّهِ مَجْر۪ىٰهَا وَمُرْسَىٰهَآ ۚ إِنَّ رَبِّى لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٤١﴾ وَهِىَ تَجْرِى بِهِمْ فِى مَوْجٍ كَٱلْجِبَالِ وَنَادَىٰ نُوحٌ ٱبْنَهُۥ وَكَانَ

فِي مَعْزِلٍ يَٰبُنَيَّ ٱرْكَب مَّعَنَا وَلَا تَكُن مَّعَ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٤٢﴾ قَالَ سَـَٔاوِىٓ إِلَىٰ جَبَلٍ يَعْصِمُنِى مِنَ ٱلْمَآءِ ۚ قَالَ لَا عَاصِمَ ٱلْيَوْمَ مِنْ أَمْرِ ٱللَّهِ إِلَّا مَن رَّحِمَ ۚ وَحَالَ بَيْنَهُمَا ٱلْمَوْجُ فَكَانَ مِنَ ٱلْمُغْرَقِينَ ﴿٤٣﴾ وَقِيلَ يَٰٓأَرْضُ ٱبْلَعِى مَآءَكِ وَيَٰسَمَآءُ أَقْلِعِى وَغِيضَ ٱلْمَآءُ وَقُضِىَ ٱلْأَمْرُ وَٱسْتَوَتْ عَلَى ٱلْجُودِىِّ ۖ وَقِيلَ بُعْدًا لِّلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٤٤﴾ وَنَادَىٰ نُوحٌ رَّبَّهُۥ فَقَالَ رَبِّ إِنَّ ٱبْنِى مِنْ أَهْلِى وَإِنَّ وَعْدَكَ ٱلْحَقُّ وَأَنتَ أَحْكَمُ ٱلْحَٰكِمِينَ ﴿٤٥﴾ قَالَ يَٰنُوحُ إِنَّهُۥ لَيْسَ مِنْ أَهْلِكَ ۖ إِنَّهُۥ عَمَلٌ غَيْرُ صَٰلِحٍ ۖ فَلَا تَسْـَٔلْنِ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ ۖ إِنِّىٓ أَعِظُكَ أَن تَكُونَ مِنَ ٱلْجَٰهِلِينَ ﴿٤٦﴾ قَالَ رَبِّ إِنِّىٓ أَعُوذُ بِكَ أَنْ أَسْـَٔلَكَ مَا لَيْسَ لِى بِهِۦ عِلْمٌ ۖ وَإِلَّا تَغْفِرْ لِى وَتَرْحَمْنِىٓ أَكُن مِّنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٤٧﴾

ئەم ئایەتانە تەواوکەری پێشەوەنو باسی خۆئامادەکردن بۆ لەناوبردنی گەلی نووح دەکاو دەفەرموێ: ﴿وَأُوحِيَ إِلَىٰ نُوحٍ أَنَّهُ لَنْ يُؤْمِنَ مِنْ قَوْمِكَ إِلَّا مَنْ قَدْ آمَنَ، فَلَا تَبْتَئِسْ بِمَا كَانُوا يَفْعَلُونَ﴾ واتە: نیگا بۆ نووح کرا: کە جگە لەوانەی لەگەڵەکەت ئیمانیان پێ هێناوی کەسی تر بڕوات پێ ناکا، کەوابێ تۆ ناڕەحەت مەبە بەوەی ئەنجامی دەدەنو بەوەی لەئاکاما بەسەریان دێ.

کاتی ترساندنو بانگەوازی بەسەر چوو، وەختی دەمەدەمێو موناقەشەو جیدال نەما، ئەو دڵو دەروونانەی ئامادەباشیان تێدا بوو: بۆ ئیمانهێنان ئیمانیان هێنا، ئەوانەی تا ئێستا بڕوایان پێ نەکردووی تازە ئیمانت پێ ناهێنن، چونکە ئامادەباشی ئیمانهێنانیان تێدا نیە.

ئا بەم جۆرە پەروەردگار نیگای بۆ پێغەمبەری خۆی؛ (نوح) کرد: ئەویش لەهەموو کەس باشتر حاڵو وەزعی بەندەکانی دەزانێ، دەزانێ چۆن دەبنو چی دەکەن، دەزانێ بەردەوام بوون لەسەر بانگەوازیی بێهودەیە، ئیتر هەڵوێستو کوفرو بەربەرەکانێو بەدرۆخستنەوەو گاڵتە کردنیان بەرامبەر پەیامەکەت عائید بەخۆیانەو خۆیان لێی بەرپرسیارنو خۆیان سزای ئەو کردەوانەیان دەچێژن!

دڵ ناخۆش مەبە بەوەی ئەنجامی دەدەن ئەو هەڵوێستو کردەوانەیان زیان بەتۆ ناگەیەنێ، خەفەتیان بۆ مەخۆ، چونکە ئەوان گەلێکی بێ خێرو پڕو پووچن، وازیان لێ بێنە!

حەزرەتی نووح کە لەئیمانهێنانیان ناهومێد بوو دوعای فەوتانو لەناوچوونی لێ کردن، فەرمووی: ﴿رَبِّ لَاتَذَرْ عَلَى الْأَرْضِ مِنَ الْكَافِرِينَ دَيَّاراً﴾نوح/٢٦.

ئەوان حیسابیان بیتی بوو، بڕیاری لەناوچوونیان دراوەو بڕاوەتەوە. تۆ خەریکی چارەسەری رزگار کردنی خۆتو شوێنکەوتوانت بە﴿وَاصْنَعِ الْفُلْكَ بِأَعْيُنِنَا وَوَحْيِنَا﴾ کەشتی رزگار بوون دروست بکە، لەژێر چاودێری ئێمەو ریعایەتو پارێزگاری ئێمە بەگوێرەی نیگای ئێمە خەریکی دروستکردنی کەشتی ببە، چۆنت پێ دەڵێین: ئاوا دروستی بکە، ئاکامو سەرەنجامی ئەوان تەواو بوو، بڕیاری لەناوچونیان درا. ﴿وَلَا تُخَاطِبْنِي فِي الَّذِينَ ظَلَمُوا، إِنَّهُمْ مُغْرَقُونَ﴾ ئەی نووح! ئیتر دەربارەی ئەو ستەمکارانە نزاو پاڕانەوەم لێ نەکەی! نەچی بپاڕێیەوە بۆ ئەوەی عەزابیان لەسەر لابەرین، شەفاعەتیان بۆ

نەکەی! ئەوان بڕیاری خنکانیان بەتۆفان دەرچووە، ئیتر شەفاعەت بۆ کردنیان یاساغە!

﴿وَيَصْنَعُ الْفُلْكَ﴾ ئیتر حەزرەتی نووح دەستی کرد بەدروستکردنی کەشتی ﴿وَكُلَّمَا مَرَّ عَلَيْهِ مَلَأٌ مِنْ قَوْمِهِ سَخِرُوا مِنْهُ﴾ هەر کاتێ کۆمەڵێک لەئەشرافی گەلەکەی بەلایدا تێپەڕبوونایە گاڵتەیان پێ دەهاتو پێی پێ دەکەنینو پێیان وابوو شێت بووە!! بەگاڵتەوە پێیان دەگوت: ئەوە دوای ئەوەی پێغەمبەر بووی ئەمجار بووی: بەدارتاش؟!

هەڵبەتە ئەمە شتێکی ئاسایی‌یەو چاوەڕوانکراو بوو، چونکە هەر کەسێک کارێک بکا لەژوور عەقڵو هۆشی خەڵکەوە بێ، حەتمەن گاڵتەی پێ دەکەنو بەلایانەوە گاڵتەیە تا لەئاکامو سەرەنجامدا سەرکەوتن بەدەست دێنێ!

ئەوان گاڵتەیان پێ دەکردن، چونکە هەر زاهیری شتەکەیان دەزانی، ئاگایان لەناوەڕۆکو پەنامەکی کەشتی دروستکردنەکە نەبوو، ئاگایان لەوە نەبوو ئەوە فەرمانو نیگای خودایە، نەیاندەزانی چ حیکمەتو نەخشەو پیلانێک لەو کارەدا هەیە.

بەڵام حەزرەتی نووح بتمانەی بەپەیامی پەروەردگار هەبوو، لای رونو ئاشکرابوو، ئاکامو سەرەنجام چۆن دەبێ!

بەوپەڕی دڵنیایی‌یەوە هەواڵی پێ دەدان: کە رۆژێک ئەمیش گاڵتە بەئەوان دەکا.

﴿قَالَ إِنْ تَسْخَرُوا مِنَّا فَإِنَّا نَسْخَرُ مِنْكُمْ كَمَا تَسْخَرُونَ﴾ حەزرەتی نووح فەرمووی: ئەگەر ئێوە ئەمڕۆ گاڵتە بەئێمە بکەنو پێتان وا بێ کەشتی دروستکردنەکەمان کارێکی بێ سوودە، ئەوە ئێمەش گاڵتە بەئێوە دەکەین، ئەمڕۆ گاڵتەتان پێ دەکەینو پێکەنینمان بەعەقڵی ئێوە دێ چونکە نەفامنو نازانن حیکمەتو بەرژەوەندی ئەمە چییە، سەبەینێش کە سزاو عەزاب دێتە سەرتان گاڵتەتان پێ دەکەین وەکوو چۆن ئەمڕۆ ئێوە گاڵتە بەئێمە دەکەن! جا

ئەگەر ئەمڕۆ سوودی کارەکەمان نازانن ئەوە ﴿فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ مَنْ يَأْتِيهِ عَذَابٌ يُخْزِيهِ وَيَحِلُّ عَلَيْهِ عَذَابٌ مُقِيمٌ﴾ لەوە بەولاوە سوودی کارەکەمانو کەشتی دروستکردنەکەمان دەزاننو لەمەبەستەکە حاڵی دەبن.

لەوە بەولاوە دەزانن: کێ عەزابی پڕ ئێشو ئازارو ریسواکەری بۆ دێ: کە سزای خنکان بەتۆفانە! دەزانن کێ عەزابی بەئێشی قیامەتی بۆ دێو دەیجەڕێنێ بۆ هەتا هەتایە تێیدا دەمێنێتەوەو رزگاری نابێ، ئێمە یان ئێوە!!

ئەمجار دیمەنێکی تر دەست پێ دەکا، دیمەنی ساعەی سیفرو کاتی دەست پێ کردنی تۆفان رادەنوێنێو دەفەرموێ: ﴿حَتَّىٰ إِذَا جَاءَ أَمْرُنَا وَفَارَ التَّنُّورُ﴾ جا ئەو کاتەی کاتی فەرمان کردنمان بەهیلاکچوونیان هات ئاو لەتەندوور هەڵقولاو بەخوڕەژم بەرزبوەوەو بڵقی هاویشتنو فوارەی کرد! ئەمە نیشانە بوو بۆ حەزرەتی نووح، کە هەر کاتێ لەتەندوور ئاو هەڵقولا، ئەوە نیشانەی هەڵسانی تۆفانەکەیە.

ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: تەنوور: روی زەوییە، واتە هەموو سەر رووی زەوی بوو بەسەرچاوەو ئاوی لێ هەڵدەقوولا، تەنانەت لەتەندوورەکان کە شوێنی ئاگرن ئاو هەڵدەقولاو فوارەی دەکرد.

چیرۆکو سەرگوشتەی زۆرو جۆراو جۆر دەربارەی هەڵقولانی ئەو لەتەندوور هەنو هەندێکیان خەیاڵئامێزنو ئیسرائیلییاتیان تێکەڵاو بووەو نامەوێ راگوێزی ئێرەیان بکەم.

ئەوەی کە لێرەدا دەتوانین بیلێین: ئەوەیە: دەگونجێ هەڵقولانی ئەو لەتەندوور بەهۆی بورکانێکەوە بێ لەتەندوورەکەوە ئاو هەڵقولابێ یان کانیاوێک لەو شوێنەوە تەقی بێ ئاوی لێ دەرچووبێ، دەگونجێ ئەم هەڵقولانە نیشانەیەک بوو بێ بۆ حەزرەتی نووحو هاو کات بووبێ بۆ سەرەتای دەست پێکردنی تۆفانەکە!

جا کە تۆفانەکە دەستی پێ کرد ﴿قُلْنَا احْمِلْ فِيهَا مِنْ كُلٍّ زَوْجَيْنِ اثْنَيْنِ﴾ ئەو کاتە بە(نووح)مان گوت: هەڵبگرە لەناو کەشتی‌یەکەدا لەهەموو جۆرە گیانلەبەرێک نێرو مێیەک، بۆ ئەوەی گەرای ئەو حەیوانانە نەفەوتێ دوایی زاووزێ بکەنو بێچوویان لێ بکەونەوە.

ئەمجار ژمارەی ئەم نێرو مێیانە چەند بوونو چەند جۆربوونو حەزرەتی نووح چۆنی کۆکردنەوە، ئەمەش دووربارە گۆڕەپانێکی بەرفراوانە بۆ ئیسرائیلیاتو نامەوێ ئەو راو بۆچوونانە راگوێزی ئێرە بکەم! دەقە قورئانییەکە هەر ئەوەندە دەڵێ: کە فەرمانمان بەنووح کرد لەهەموو نێرو مێیەک جوتێک بخاتە ناو کەشتی‌یەکەوە.

﴿وَأَهْلَكَ إِلاَّ مَنْ سَبَقَ عَلَيْهِ الْقَوْلُ﴾ واتە: هەڵبگرە لەناو کەشتی‌یەکەدا لەخانەوادەی خۆت بەنێرو مێیانەوە، جگە لەوانەی بڕیار دراوە کە لەپێڕی خنکاوان بن بەهۆی ستەمکارییانەوە ئەوانیش کەنعانی کوڕی نووحو دایکی کەنعان بوون کە لەبیرو ڕادا لەگەڵ کافرەکاندا بوونو نووحیان بەشێت دەزانی!

﴿ومن آمن﴾ هەروەها هەڵبگرە لەکەشتی‌یەکەدا هەر کەسێ ئیمانی پێت هێناوە لەکەسانی تر کە لەخانەوادەی خۆت نین ﴿وَمَا آمَنَ مَعَهُ إِلاَّ قَلِيلٌ﴾ وەلحال ژمارەیەکی کەم ئیمانیان پێ هینابوو، وێڕای ئەو ماوە دوورو درێژەی: کە نووح تێیدا بانگەوازی کردن، ژمارەیەکی کەم نەبێ کەسی تر بڕوایان پێ نەکرد، هەندێ لەراڤەکەران دەفەرموێ: شەش پیاو، یان هەشت پیاو لەگەڵ خێزانەکانیاندا ئیمانیان هێناوە! واتە: (٩٥٠) نۆسەدو پەنجا ساڵ ئەم پێغەمبەرە بەڕێزە بانگەوازی کردن ئەو ژمارە کەمە بڕوایان پێ کرد! ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: هەشتا کەس ئیمانیان پێ هێناوە!

پەروەردگار بەپێویستی نەزانیوە ژمارەی ئەوانە بەیان بکا کە ئیمانیان هێناوە، هەروەها جۆرەکانی ئەو گیانلەبەرانەی کە خستونیە ناو

کەشتی‌یەکەوە دیاری نەکردوونو چۆنیەتی هەڵگرتنەکە شیانی روون نەکردۆتەوە. (ئیتر بۆچی ئێمە رمڵی لیٚ راهاوین).

﴿وَقَالَ: ارْكَبُوا بِسْمِ اللهِ مَجْرٰيها وَمُرْسَاها﴾ واتە: نووح بڕوادارەکانو گیانلەبەرەکانی خستە ناو کەشتی‌یەکەوەو وتی: سوار بن، بەناوی خودایە رۆیشتنی ئەم کەشتییە بەسەر ئاودا، بەناوی خودایە ئاکامی رۆیشتنەکەیو راوەستانی، هەمووی بەتەسخیرو رامکردنی پەروەردگارە، بەهۆی دەسەلاتو توانای خودایە نەک بەهێزی ئێمە!

﴿اِنَّ رَبِّي لَغَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ پەروەردگاری من لێخۆشبوونی زۆرە بۆ بەندە بڕوادارەکانی، بەرەحمو بەسۆزە بۆیان: کە بەهۆی تاوانەوە لەناوی نەبردن، بەڵکوو کافرە ستەمکارەکان لەناو دەبا. بەرەحمو بەسۆزە: کە ئەو کەشتی‌یەی بۆ دابین کردنو لەو تۆفانو خنکانە رزگاری کردن.

طەبەرانیو هی تریش لەحەسەنی کوڕی عەلی‌یەوە ریوایەت دەکەن: کە دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (أمان لأمتي من الغرق اذ رَكِبُوا اَلْفُلْكَ ان يقولوا باسم الله الملك الرحمن الرحيم ﴿باسم الله مجريها ومرساها، ان ربي لغفور رحيم﴾).

ئەمجار دیمەنێکی سامنام دەست پێ دەکا، ئەویش دیمەنی تۆفانو هەڵبەزو دابەزی کەشتیەکەیە! دەفەرموێ: ﴿وَهِيَ تَجْرِي بِهِمْ فِي مَوْجٍ كَالْجِبَالِ﴾ واتە: کەشتییەکە دەرۆیشت بەناو شەپۆلی گەورەو سامناکدا، کە وەک کێو وەهابوون لەبەرزیو گەورەییو درێژیدا، جا کەسێک ئاگای لیٚ بوویو کەوتبێتە ناو شەپۆلی دەریای گەورە لەو کاتەدا کە بای بەهێزهەڵدەکاو شەپۆلی وەکوو کێو دەخولقێنیو دیمەنێکی سامناک نیشان دەدا، دەزانێ کە ئەم زێدە رەویو موبالەغە لەم تەشبیهو لێک چواندنەدا شتێکی ئاسایی‌یە..

چونکە لەکاتی هەڵسانی شەپۆلی ئاوەهادا، تۆ کەشتی‌یەکەت وا دێتە بەرچاو، وەکوو ئەوە بڵێی دادەبەزێتە قوڵایی‌یەکی زۆر قووڵو لەهەردولاوە وەکوو کێو شەپۆلەکان دەوری کەشتی‌یەکەیان داوەو خەریکە دایپۆشن، هەر پاش ماوەیەکی کورت دبینێ کەشتیەکەت بەرز بۆتەوە بۆ سەر تۆپەڵاکی شەپۆلەکەو دەیەوێ لەو حەوایەڕا خۆیەربداتەوەو بکەوێتە خوارو کەشتی‌یەوانان لەسەر پشتی کەشتی‌یەکە بەحەبلو گوریسی ئەستوورو پتەو خۆیان بەستۆتەوە، نەوەکوو لەنکاوێک بکەونە بەر هەڵمەتی شەپۆلەکانو لولیان بدەن! ئالەم کاتە سامناکەو ناسکەدا، حەزرەتی نووح کوڕێکی خۆی بینی لەوان تەرە بووەو سواری کەشتی‌یەکە نەبووە، ئیتر سۆزی باوکایەتی پاڵی پێوە دەنێو بانگی کوڕی یاخی بووی دەکاو دەفەرموێ:

﴿وَنَادَىٰ نُوحٌ ابْنَهُ وَكَانَ فِي مَعْزِلٍ﴾ حەزرەتی نوح بانگی کوڕەکەی خۆی کرد وەلحال لێیان تەرەبوبوو فەرمووی: ﴿يَابُنَيَّ ارْكَبْ مَعَنَا وَلَا تَكُنْ مِنَ الْكَافِرِينَ﴾ ئەی کوڕی خۆم! وەرە لەگەڵ ئێمە سواری کەشتی‌یەکە ببەو لەتاقمو پێڕی کافرەکان مەبە؛ کە خودا بڕیاری داوە بەم تۆفانە لەناو بچن!

بەڵام کوڕی گەنجو سەرکەشو لەخۆبایی بوو، ئامۆژگاری باوکی بەگوێدا نەچوو ﴿قَالَ سَآوِي إِلَىٰ جَبَلٍ يَعْصِمُنِي مِنَ الْمَاءِ﴾ وتی: خۆم دەگەیەنمە سەر لوتکەی کێوێک بۆ ئەوەی لەخنکان بمپارێزێ!

﴿قَالَ: لَا عَاصِمَ الْيَوْمَ مِنْ أَمْرِ اللَّهِ إِلَّا مَنْ رَحِمَ﴾ نووح وەلامی کوڕەکەی دایەوەو وتی: لەم ڕۆژەدا هیچ شتێک نیە بتوانێ یەکێک لەخنکان بپارێزێ هیچ شتێک نیە ئەمرۆ ببێتە لەمپەرو نەهێڵێ عەزابی خودا بگاتە ئەوانەی یاخی بوونو بڕیاری لەناچوونیان دراوە، مەوزوع مەوزوعی ئاو نیە بەئەسبابی رواڵەتی خۆی لێ رزگار بکەی! بەڵکوو مەوزوعی تۆڵەساندنی خودایە لەخراپەکارانی ئادەمیزاد؛ لەوانەی هاوەڵیان بۆ خودا دانـاوەو ستەمیان لەخۆیانو ئادەمیزادانی تریش کردوە، بەپیر بانگەوازی پێغەمبەری خوداوە

نەهاتوون، بەڵام ئەوانەی خوا رەحمی پـێ کـردونو ئیمانیـان هێنـاوەو سـواری کەشتی بوون ئەوانە رزگاریان دەبێ.

ئالەم سەروبەندەدا دیمەنی تۆفانەکە دەگۆڕێو ئاو زیاد دەکاو شەپۆلەکان بەهێز تر دەبن کار لەکار دەترازێو لەنکاوێک ﴿وَحَالَ بَيْنَهُمَا الْمَوْجُ فَكَانَ مِنَ الْمُغْرَقِينَ﴾ شەپۆلێک هاتو کوڕی یـاخی بـووی لـوول داو گفـتو گـۆی بـاوکو کوڕی دابڕیو لێکی جیاکردنـەوە! ئـەو کـوڕە یـاخی بـووە سەرکەشـە لـەپێڕی خنکاوان بوو.

بەراستی دیمەنێکی سامناکە منداڵ پیر دەکـا، ئـاو لـەئاسمان بەلێزمـە دێتـە خـوارێ، زەوی هـەمووی تەنانـەت تـەندووری ئـاگریش ئـاوی لێ هەڵدەقوڵێو دەریایـەکی پـانو پـۆڕی پـڕ شـەپۆلی یـەک لـەدوا یـەکی پێـک هێناوە، دارو بەردو کێوو دۆڵو دەشتاییو بەرزایی داپۆشیوە، ئاسمان بەخۆیو ئەستێرەو مـانگو خۆریـەوە داپۆشـراوە، کەشـتی لەسـەر ئـاوە، وەکـوو چـۆن لەپێش دروستکردنی بوونەوەردا عەرشی پەروەردگار لەسەر ئاو بوو!

زریانو لێزمەو رەشەبا نەما، هێدیو هێمنایەتیەک بەسەر وڵاتدا هـات: ﴿وَقِيلَ يَاأَرْضُ ابْلَعِي مَاءَكِ، وَيَا سَمَاءُ أَقْلِعِي، وَغِيضَ الْمَاءُ وَقُضِـيَ الأَمْـرُ، وَاسْتَوَتْ عَلَى الْجُودِيِّ وَقِيلَ بُعْداً لِلْقَـوْمِ الظَّـالِمِينَ﴾ بـانگێک لەمەڵـەنی سەرووەوە هات، خیطابی ئاڕاستەی ئاسمانو زەوی کرد، گوترا زەمـین ئـاوت هەڵقوڕێنە، بەرزایی بەس ببارێنە، ئاو رۆچو بەناخی ئاخاو کاری سەری گـرت، کەشتی لەسەر کێوی جودی لەنگەری گرت، گوترا: تارن ئەوانەی ناحەقیکارن! دووری بۆ ئەوان لەژیان ئەوەتا ژیانی دونیایان لەکیس چـوو، دووری بـۆ ئـەوان لەرەحمەتی خودا ئەوەتا نـەفرینیان لێ کـراوە، دووری بـۆ ئـەوان لەرەحمـەتی خودا ئەوەتا لەناوچوونو شیاوی ئەوە نین تەنانەت یادیشیان بکرێتەوە!

شایانی باسە ئەم چیرۆکە لەتەوراتدا لەسفری تەکوین‌دا لەچوار فەصل‌دا هاتووە لەفەصلی چوارەمدا دەڵێ کەشتی‌یەکە لەسەر کێوی ئارارات نیشتۆتەوە.

جا ئێستا کە تۆفان نیشتۆتەوە، ترس‌و سام نەماوە، کەشتی لەسەر کێوی جودی لەنگەری گرت، دووبارە سەر لەنوێ سۆزی باوکایەتی حەزرەتی نووح دەکەێتەوە جۆش‌و خرۆش، ﴿وَنَادَى نُوحٌ رَبَّهُ فَقَالَ رَبِّ إِنَّ ابْنِي مِنْ أَهْلِي﴾ نووح بانگی ئاڕاستەی پەروەردگار کردو وتی: خودایە! بێگومان کوڕەکەم لەئەهل‌و کەس‌و کاری منە؛ کەوا دەت دامێ رزگاریان بکەی فەرمانت پێ کردم بیانخەمە ناو کەشتی‌یەکەوە.

﴿وَإِنَّ وَعْدَكَ الْحَقُّ وَأَنْتَ أَحْكَمُ الْحَاكِمِينَ﴾ بێگومان وادەی تۆ بەجێیەو دێتە دی، دەی باشە ئاکامی کوڕەکەم بەچی گەیی؟ وەلحال تۆ لەهەموو دادوەرێک کاروبارت موحکەم ترو لەجیێ خۆی‌دایە، حوکم‌و بڕیاری تۆ لەئەوپەڕی زانستو دانایی‌یەوە دەردەچێ، ئەوپەڕی دادپەروەری‌و صەوابی تێدایە، هەرگیز هەڵەو ستەم‌و نابەجێیی تێدا نیە!

حەزرەتی نووح ئەم خیطابەی ئاڕاستەی پەروەردگار کرد، دەیەویست بزانێ خودا چۆن وادەی دەربارەی رزگار کردنی کەس‌و کارەکەی بەجێ دێنێ، دەیەویست بزانێ خودا حیکمەتی چۆنە لەوادەو بەجێهێناندا، چی تەقدیر کردوە چی ئەنجام داوە، وەلامێکی کورتو موختەصەری بۆ هات، کە لەوەپێش حەزرەتی نووح لیێ بێ ئاگابوو، کەس‌و کار لای خوداو لەتەرازووی خودادا، لەئایینی خودادا خزمایەتی‌و خوێن‌و رەچەڵەک نیە، بەڵکوو خزمایەتی بیرو باوەڕەن، ئەم کوڕەش کە بڕوای نەهێناوە نابێتە کوڕی حەقیقی تۆو بەکەس‌و کاری تۆ ناژمێردرێ.

وەلامی بۆ هاتەوەوەلامێکی بەهێزو جەخت لەسەر کراوو چەسپێنەرو بەشێوە توڕەیی‌و هەڕەشە ئامێز، دەفەرموێ: ﴿قَالَ يَا نُوحُ إِنَّهُ لَيْسَ مِنْ

أَهْلِكَ إِنَّهُ عَمَلٌ غَيْرُ صَالِحٍ﴾ پەروەردگار فەرمووی: ئەی نووح! بێگومـان ئـەو کوڕە لەکەس‌و کاری تۆ نیە، بێگومان ئەو کوڕەی تۆ خاوەنی کرداری بـەدبوو، خۆی لەچاکەکاری دەپاراست‌و خەریکی فەسـادو ئاشـوب‌و کوفـرو سـتەمکاری بوو! ئەو لەتۆ دابڕابوو، تۆش لەئەو دابڕابووی، ئەگەر بەرواڵەت لەپشتی تـۆش بێ، پەیوەندی بەهێز کە ئایینە پچڕاوە، هیچ پەیوەندی‌بەتۆوە نەماوە!

جا چونکە نووح دوعاکەی وا ئاڕاستە کرد، وەکوو ئەوە بڵـێی وادەیـەکی پێ دراوەو جێ بەجێ نەکراوە، بۆیە ڕەتدانەوەکە بۆنی سەرزەنشت‌و هەڕەشـەی لێ دێ!

﴿فَلَا تَسْأَلْنِ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ﴾ پرسیارم لەشتێک لێ مەکە کە نازانی چۆن‌و چۆن نیە، داوای شتێک مەکە: کـە نـازانی ئایـا ڕاسـت‌و دروسـتە، یـان هەڵەو ناقۆڵایە؟!.

﴿إِنِّي أَعِظُكَ أَنْ تَكُونَ مِنَ الْجَاهِلِينَ﴾ ئـەمن جڵـەوگیریت لێ دەکـەم، ئامۆژگاریت دەکەم لەوەی لەپێڕی نەزانان بـی، ئامۆژگـاریت دەکـەم نـەوەکوو نەزانی پـەیوەندی‌و کەسایەتی ڕاسـتی چیـەو چـی نیـە، یـان نەوەکوونـەزانی پەیوەندی کەسایەتی ڕاستی چیەو چی نیە، یان نەوەکوو لەوادەی خـودا حـاڵی نەبی‌و نەزانی چـۆن خـودا وادەی خـۆی بـەجێ هێنـاوە، وادەی خـودا هاتـە دی کەس‌و کاری حەقیقی تۆ ڕزگاریـان بـوو! جـارێکی تـر پرسـیاری ئـاوا نـاقۆڵاو نابەجێ مەکەو دەتترسێنم کە لەنەزان‌و تاوانباران بی!

ئیتر حەزرەتی نووح لەرزەی پێ کەوت‌و ترسی لێ نیشت: کـە دەربـارەی پەروەردگاری خۆی هەڵەیەکی کردبێ، بۆیە خێرا هانـا بـۆ خـودا دێنـێ‌و پـەنا بەزاتی پاکی دەگرێ‌و داوای لێ خۆشبون‌و ڕەحمەت دەکا دەفەرموێ: ﴿قَالَ: رَبِّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ أَنْ أَسْأَلَكَ مَا لَيْسَ لِي بِهِ عِلْمٌ﴾ وتی: خودایە! من پەنا دەگرم بەزاتی پاکت: کە لەئێستا بەولاوە پرسیارێکت ئاڕاسـتە بکـەم، نـەزانم جێ بەجێ بوونەکەی لەگەڵ حیکمەتی تۆدا یەک دەگرێتەوە!

﴿وَإِلاَّ تَغْفِرْ لِي وَتَرْحَمْنِي أَكُنْ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾ پەروەردگارا! ئەگەر لەتاوانم خۆش نەبیو رەحمم پێ نەکەی ئەمن لەپێڕی خەسارەتمەندانم، هەوڵمدا قازانجم دەست بکەوێ، هەموو منداڵەکانم رزگاریان ببێو بکەونە خۆشیو کامەرانییەوە بەهۆی بەندایەتیو خودا پەرستییانەوە، کەچی بەو جۆرە بەسەرمدا شکایەوە، تۆ خۆت باشتر دەزانیو ئاگاداری هەموو شتێکی!

تێبینی:

هەندێ لەو پەندو ئامۆژگاریانەی لەم ئایەتانەوە وەردەگیرێ:

١- خۆبەزلزانیو سەررەقی چ سوودو بەرژەوەندییەکی تێدا نیە، ئەوەتا کوڕی نووح چونکە کافرو لەخۆباییو سەررەق بوو، نژادو کوڕایەتی بۆ پێغەمبەری خودا دادی نەدا. چووە پێڕی کافرانەوەو عەزابی طوفان تێکیەوە پێچا.

٢- حەزرەتی نووح کە داوای رزگار بوونی کوڕەکەی کرد، داواکردنەکەی لەوەوە سەری هەڵدا کە خودا وادەی پێدا بوو: کە خزمو کەسو کارەکانی رزگار بکا، بەبڕوای خۆشی کوڕەکەی ئیماندار بووە.

حەسەنی بەصری دەفەرموێ: کوڕەکەی دووڕو بووە بەڕواڵەت موسوڵمانو لەدڵدا کافر بووە.

٣- داوا کردنی حەزرەتی نوح بۆ رزگار بوونی کوڕەکەی هەڵەیەکی ئیجتیهادی بووە بەمەبەستێکی پاک، بەڵام نەدەبوو ئەو ئیجتیهادی هەڵە بکا، نابێ پێغەمبەران هەڵەی ئاوا بکەن، چونکە وەکوو دەڵێن: (حسنات الابرار سیئا المقربین)ە.

٤- پەیوەندی ئایین لەپەیوەندی خوێنو رەچەڵەک بەهێزترە بۆیە خودا خاوەن باوەڕەکانی نەتەوەی نووحی رزگار کرد، بەڵام کوڕەکەیو خێزانەکەی چونکە کافر بوون لەناوی بردن!

٥- ئایەتەکە دڵدانەوەو تەسلییەیە بۆ ئەوانەی کوڕو کچیان باشو رەفتار جوان نابن.

٦- دادپەروەری خودا رەهاو موطلەقە، ماستاو کردنی تێدا نیە بۆ کەس، هەموو کەس، کوڕی کێ بێو خزمی کێ بێ، بەگوێرەی کردەوەی خۆی پاداشو سزا وەردەگرێتەوە، کەسێک بەنەسەبو بنەماڵەو رەچەڵەک لەخۆی بایی ببێو خەریکی خودا پەرستیو رازی کردنی خودا نەبێ ئەوە نەزانو نەفامە لەشەریعەتی خودا شارەزا نیە، هەر بۆیە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ئەی کۆمەڵی قورەیش! وا مەکەن خەڵکی بەکردەوەی باشەوە رۆژی قیامەت بێنە لام ئێوەش بەتەمای نەسەبو رەچەڵەک بێنە پێشەوە.

٧- تۆفانەکە گشتیو داگرندەی هەموو سەرزەوی بووە، راڤەکەرانی قورئانو ئەهلی کیتاب پێیان وایە هەموو سەر زەوی گرتۆتەوە.

ئەوەی پێویستە برِوامان پێی هەبێ ئەوەیە طوفانەکە گشتی بووە بۆ گەلی نووح: کە لەو رۆژگارەدا جگە لەئەوان کەسی تر نەبووە، تۆفانەکەش لەرۆژ هەلاتی ناوەراست بووە. بەلام نازانرێ ئاخۆ تۆفانەکە هەموو کورەی زەوی گرتۆتەوە یان نا.

پەندو عیبرەت وەرگرتن لەچیرۆکی حەزرەتی نووح

قِيلَ يَٰنُوحُ ٱهْبِطْ بِسَلَٰمٍ مِّنَّا وَبَرَكَٰتٍ عَلَيْكَ وَعَلَىٰٓ أُمَمٍ مِّمَّن مَّعَكَ ۚ وَأُمَمٌ سَنُمَتِّعُهُمْ ثُمَّ يَمَسُّهُم مِّنَّا عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٤٨﴾ تِلْكَ مِنْ أَنۢبَآءِ ٱلْغَيْبِ نُوحِيهَآ إِلَيْكَ ۖ مَا كُنتَ تَعْلَمُهَآ أَنتَ وَلَا قَوْمُكَ مِن قَبْلِ هَٰذَا ۖ فَٱصْبِرْ ۖ إِنَّ ٱلْعَٰقِبَةَ لِلْمُتَّقِينَ ﴿٤٩﴾

دوای ئەوەی پەروەردگار هەواڵی لەنگەرگرتنی کەشتی‌یەکەی ڕاگەیاندو ڕزگار بوونی موسوڵمانانو فەوتانی کافرانی باس کرد، پەروەردگار دوو شتی تر باس دەکا؛ کە وەکوو پەندو عیبرەتی چیرۆکەکە وەهان!

١- ڕێز گرتن لەنووح موسوڵمانانی شوێنکەوتووی، لەم ڕووەوە کەوادەی خۆی بەجێ هێنا، کە بەسەلامەتی لەکەشتی‌یەکە دابەزینو بەرەکەتی بەسەردا ڕشتنو لەشوێنێکی پیرۆز نیشتەجێی کردن، کە ئەویش خاکی کوردستانەو جێگای شانازی گەلی کوردە کە قورئانی پیرۆز وڵاتەکەی بەمویارەکئو پیرۆز ناوبردوون.

هەروەها سەلامەتییان لەشتی مەکرووهو ناخۆش، چونکە ئەوان کە دابەزین لەوەزعی خۆیان دەترسان. بیریان لەوە دەکردەوە چۆن هەڵسڕو کەوت بکەن، چۆن پێداویستی ژیانی خۆیان دابین بکەن، بەتایبەتی دوای ئەوەی تۆفانەکە هەموو سەر زەوی ئاوەدانی ئەو ڕۆژگارەی گرتبووەوە، لێیان نومایان بوو کە لەسەر زەوی شتێکی ئەوتۆ نەماوە کەڵکی لێ وەربگیرێ. جا کە پەروەردگار وادەی بەنووحو هاوەڵانی دا بەسەلامەتی ڕزگاربوون لەهەموو ناخۆشی‌یەکێ. وادەی بەرەکەتو هەرزانیو مانەوەو جێگیر بوونو بەمرازگەییشتنیشی پێ ڕاگەیاندن.

٢- دووەم شت کە لەچیرۆکەکە وەردەگیرێ؛ هەواڵدانە لەچەند کارێکی پەنامەکیو نادیار لەئادەمیزادان، کە وەکوو ئینذارو پەند وەرگرتن وایە، چەند نموونەیەکیش دەخاتە بەرچاو کە ئاکامی صەبرو خۆڕاگریی بەیان دەکا. ئەمجار پاش وەستانی ئاسمان لەباران باراندنو هەڵقوڕاندنی زەوی بۆ ئاوی خۆیو گیرسانەوەی تۆفان، دەفەرموێ: ﴿قِيلَ: يَانُوحُ اهْبِطْ بِسَلَامٍ مِنَّا وَبَرَكَاتٍ عَلَيْكَ وَعَلَى أُمَمٍ مِمَّنْ مَعَكَ، وَأُمَمٌ سَنُمَتِّعُهُمْ ثُمَّ يَمَسُّهُمْ مِنَّا عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ واتە: بەزوبانی نیگاو سروش بەنووح گوترا: لەکەشتی ڕزگاریی دابەزە بۆ سەر زەوی، بەسەلامەتیو بێ وەیی، بەدڵنیاییو دڵخۆشی، دابەزە سەلامی

خودات لەسەرو لەئەمانی خـودادا دەبـی. یـان لـەکێوی جودییـەوە دابـەزە بـۆ پێدەشتو دەشتاییەکانی دەورو بەری، ئەوە زەوی ئـاوی خـۆی هـەڵقوڕاندوەو ئاسمان لەباران باراندن وەستاوەتەوە، دونیا وشکئو برینگە، دابەزەو نیشتەجێ ببە سەلاوی ئێمەت لەسەر بێ، لەژێر چاودێری رێزلێنـانی ئێمـەدا بـی وەکـو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿سلام علی نوح في العالمین﴾الصافات/٧٩.

دابەزە خێرو بەرەکەتی ئێمەت بەسەردا بڕژێ، رزقو رۆژی دەڕژێ بەسـەر خۆتو ئەوانەی لەگەڵت دانو هەروا نەوەو وەچەی داهاتوویـان، هـەروەها ئـەو گەلو نەتەوانەی لەدوا ئێوەوە دێنە کۆڕی ژیانەوە، هەندێکیان بروایان بـەخودا دەبێو گەردنکەچی فەرمانو جڵەوگیرییەکانی ئێمە دەبـن، هـەندێکیان گـەلو نەتەوەیەک دەبن، هەر هەوڵی بەدەستهێنانی لەززەتی ژیانی دونیایـان دەبـێو پێداویستییەکانی بەدەست دێننو پابـەندی فـەرمانو جڵەوگیرییـەکانی خـودا نابن. ئەوانەیان لەرۆژی قیامەتدا سزایەکی بەئێشیان تووش دێ.

کە دەفەرموێ: ﴿وَعَلَىٰ أُمَمٍ مِّمَّن مَّعَكَ﴾ هەموو موسوڵمانانی سەر زەوی دەگرێتەوە هەر لەو رۆژەوە تا رۆژی قیامەت..

کە دەفەرموێ: ﴿وَأُمَمٌ سَنُمَتِّعُهُمْ﴾ هەموو کافرانی سەر زەوی دەگرێتەوە هەر لەو رۆژەوە تا رۆژی قیامەت.

بەکورتی سەلامی ئێمەو رزقو رۆژیو خێرو بەرەکەتی ئێمە لەسەر تۆ بێ ئەی نووح! هەروەها لەسەر ئەو موسوڵمانانەش بـێ کـە لەگـەڵ تـۆ پـەروەردە بوونو دەبن، جا لەوانەی لەگەڵ تۆدان گەلو نەتەوەیەک دێنـە کـۆڕی ژیانـەوە، بێدینو خوانـەناس دەبـن لـەززەتو خۆشـی دونیـا بەدەسـت دەهێنـنو پاشـان لەقیامەتدا دەخزێندرێنە ناو ئاگری دۆزەخەوە.

کەوابوو لەدووا حەزرەتی نووح ئادەمیزاد دەبنە دوو تاقمو کۆمەڵ: تاقمو کۆمەڵێکیان موسوڵمانو خوداپەرسـتو کامـەڕانی دونیـاو قیامـەتیان دەسـت

دەکەویٚ، تاقمو کۆمەڵێکیشیان لەدونیادا لەلەززەتو خۆشیدا دەژینو لەقیامەتدا دەخرێنە ناو عەزابی بەئێشەوە.

ئەمجار پەروەردگار پەندو عیبرەتی گشتی لەچیرۆکەکە بەیان دەکاو دەفەرمویٚ: ﴿تِلْكَ مِنْ أَنبَاءِ الْغَيْبِ نُوحِيهَا إِلَيْكَ﴾ ئەو هەواڵو سەرگورشتانەی بۆمان گێڕایتەوە لەباسو چیرۆکی نوحو گەلەکەی هەموویان هەواڵی نهێنیو پەنامەکین بۆت دەگێڕینەوە لەسەر شێوەی خۆی، هەر دەڵێی بەچاو دەی بینیو لێت ئاشکرایە. سروشو نیگایە لەئێمەوە بۆ تۆ، فێرت دەکەین..

﴿مَا كُنتَ تَعْلَمُهَا أَنتَ وَلَا قَوْمُكَ مِن قَبْلِ هَٰذَا﴾ پێش ناردنی نیگاو سروش بۆ تۆ، نەخۆت دەتزانیو نەنەتەوەکەشت، کەسیان زانیارییەکیان لەم بارەوە نەبوو، دەی چۆن ئەوانەی بەدرۆت دەخەنەوە دەڵێن: تۆ لەخەڵکی ترەوە فێری ئەم چیرۆکو سەرگورشتانە بووی؟ بیرو بۆچوونەکەیان هەڵەیە، ئەتۆ خودا فێری کردووی!

جا کەوابیٚ ئەی پێغەمبەر! ﴿فَاصْبِرْ﴾ تۆ خۆراگرە، بەئارام بە، صەبر بگرە لەسەر بەدرۆخستنەوەی کافرەکان بۆ پەیامەکەت، خۆگرو پشوو درێژبە لەسەر ئەزیەتدانی ئەوان بۆ تۆ، بەردەوامبە لەسەر گەیاندنی پەیامەکەتو باکت لەهیچ شتێک نەبیٚ، هەروەکوو چۆن نووح بەصەبرو پشوو درێژبوو لەبەرامبەر ئەزیەتی کافرەکانی سەردەمی خۆی، ماوەی (٩٥٠) ساڵی رەبەق بانگەوازی نەتەوەکەی کردو لەهەوڵدانو تێکۆشان ماندو نەبوو، تۆش بەصەبرو خۆگربە چونکە ﴿إِنَّ الْعَاقِبَةَ لِلْمُتَّقِينَ﴾ بێگومان سەرەنجامو سەرکەوتنو بەمرازگەیشتن بۆ تەقواکارانە، بۆ ئەوانەیە بەندایەتی پەروەردگار دەکەنو خۆیان لەتاوان دەپارێزن. ئێمە لەوە بەولاوە کۆمەگیت پیٚ دەکەینو چاودێرتینو سەرەنجام سەرکەوتنو بەمرازگەییشتن بۆ تۆو شوێنکەوتوانی پەیامەکەتە، لەدونیاو قیامەتدا، وەکوو چۆن لەوەپێش هەمان

هەڵسوکەوتمان لەگەڵ پێغەمبەرانی تر کردوە. بەسەر دوژمنانیاندا زاڵمان کردن! وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿انا لننصر رسلنا والذین آمنوا﴾غافر/٥١. یان دەفەرموێ: ﴿ولقد سبقت کلمتنا لعبادنا المرسلین، انهم لهم المنصورون﴾الصافات/١٧١-١٧٢.

تێبینییەک دەربارەی چیرۆکی نووح:

لەقورئانی پیرۆزدا دەقێکی یەکلاکەرەوە نیە ئەوە بگەیەنێ: کە تۆفانەکە هەموو دونیای گرتبێتەوە، یان ئەوە بگەیەنێ: کە پێغەمبەرایەتی نووح گشتی بووبێ، ئەو حەدیثانەی کە لەم بارەوە هاتوون، ئەگەر لەفەرزێکدا سەنەدەکانیشیان راست بن، حەدیثی ئاحادن جێگای متمانە نین، ئەوەی پێویستیشە بۆ چەسپاندنی ئەم راستیانە دڵنیا بوونە نەک گومان بردن!!

بەڵام مێژوو نووسانو زانستخوازان دەتوانن بەهۆی گومانو بۆچوونەوە بتمانە پەیدا بکەنو زانیاری پەیدابوو بۆیان بکەنە حەقیقەتی مێژوویی، هەرچەندە ناتواندرێ بکرێتە بەڵگەیەکی قەطعی لەسەر بیروباوەڕێکی ئایینی!

بۆیە بابەتی چۆنیەتی تۆفانەکە بووەتە جێگای سەرنجو کێشە لەنێوان خاوەن ئایینەکانو خاوەنی تیۆرە زانستیەکانی تایبەت بەتوێژەکانی زەویو کیشوەرناسەکانەوە، هەروا بوەتە جێگای خیلافو راجیایی نێوان مێژوو نووسانی کۆنو نوێ!

خاوەن نامەکانو زانایانی عالەمی ئیسلامی پێیان وایە: کە تۆفانەکە گشتی بووەو هەموو سەرزەوی گرتۆتەوە، زوربەی زۆری خاوەنانی تیۆرە زانستەکانیش هەمان رایان هەیە. بەڵگەشیان لەسەر ئەوە دۆزینەوەی هەندێ صەدەفو لاشەماسی بەبەردبوو لەبڵندایی کێوەکان، کە بەرواڵەت ئەم جۆرە شتانە لەدەریادا نەبێ پەیدا نابن، دەرکەوتنو دۆزینەوەی ئەم جۆرە شتانە لەسەر لوتکەی کەژەکان بەڵگەیە لەسەر ئەوەی: کە رۆژگارێک بووە ئاو ئەو

لوتکانەی داپۆشیوە. ئەمەش ئەوەمان لەلا دەچەسپێنیٚ کە تۆفانەکە هەموو سەر زەوی گرتبێتەوە!

زوربەی زۆری خاوەن تیۆرەکانی ئەم سەردەمانە پێیان وایە تۆفانەکە گشتی نەبوەو هەموو جیهانی نەگرتۆتەوە. لەم بارەوە بەڵگەی زۆرو جۆراو جۆریان هێنانەوەتەوە. (تەفسیری مەنارو المفصل في تاريخ العرب قبل الإسلامو کتێبەکانی د. سوسە) زۆریان لەم بارەوە نووسیوە.

بەڵام رەوانییە بۆ موسوڵمان هەر بەوەندە کە دەتوانریٚ ئایەتەکانی قورئان لەم بارەوە تەئویل بکرێن، ئینکاری ئەوە بکا: کە تۆفانەکە گشتی بوویٚ، بەڵکوو پێویستە هەر کەسێکٚ بڕوای بەئایینی ئیسلام هەیە هەر شتێکی ظاهیری ئایەتی قورئانو فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ گەیاندیان بڕوایان پیٚ بکاو واز لەتەئویلو مانالێدانەوەی بەپێچو پەنابێنیٚ! مەگەر بەڵگەیەکی عەقڵی بەهێز هەبیٚ پیٚ لەسەر ئەوە داگریٚ کە مانای ظاهیری دەقەکە مەبەست نیە.

بەکورتی ظاهیری ئایەتەکانی قورئانو فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ ئەوە دەگەیەنن: کە تۆفانەکە گشتیو سەرتاسەری بووە بۆ نەتەوەی نووح: کە ئەو کاتە لەسەر روی زەوی جگە لەو گەلو نەتەوە کەسی تر نەبوە، بڕوا بەئەم راستییە واجبەو پێویستە بڕوامان پیٚی هەبیٚ. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنیٚ: کە تۆفانەکە هەموو کیشوەرەکانی زەوی گرتبێتەوە، چونکە بەڵگەیەکٚ نیە لەسەر ئەوە: کە گەلی نووح هەموو سەر زەوییان پڕ کردبێتەوە.

هەروەها هەبوونی صەدەفو لاشەماسیو حەیواناتی دەریایی تر لەسەر لوتکەی کەژەکان ئەوە ناگەیەنیٚ: کە لەئاکامی ئەو تۆفانەوە بیٚ، چونکە گەییشتنی ئاو بۆ سەر لوتکەی کێوەکان بۆ ماوەی چەند رۆژێکٚ نابێتە هۆکاری پەیدابوونی ئەو دیاردانەی باسمان کردن!

چیرۆکی حەزرەتی هود عليه السلام

وَإِلَىٰ عَادٍ

أَخَاهُمْ هُودًا قَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥٓ إِنْ أَنتُمْ إِلَّا مُفْتَرُونَ ﴿٥٠﴾ يَٰقَوْمِ لَآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْرًا إِنْ أَجْرِىَ إِلَّا عَلَى ٱلَّذِى فَطَرَنِىٓ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴿٥١﴾ وَيَٰقَوْمِ ٱسْتَغْفِرُوا۟ رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُوٓا۟ إِلَيْهِ يُرْسِلِ ٱلسَّمَآءَ عَلَيْكُم مِّدْرَارًا وَيَزِدْكُمْ قُوَّةً إِلَىٰ قُوَّتِكُمْ وَلَا تَتَوَلَّوْا۟ مُجْرِمِينَ ﴿٥٢﴾ قَالُوا۟ يَٰهُودُ مَا جِئْتَنَا بِبَيِّنَةٍ وَمَا نَحْنُ بِتَارِكِىٓ ءَالِهَتِنَا عَن قَوْلِكَ وَمَا نَحْنُ لَكَ بِمُؤْمِنِينَ ﴿٥٣﴾ إِن نَّقُولُ إِلَّا ٱعْتَرَىٰكَ بَعْضُ ءَالِهَتِنَا بِسُوٓءٍ قَالَ إِنِّىٓ أُشْهِدُ ٱللَّهَ وَٱشْهَدُوٓا۟ أَنِّى بَرِىٓءٌ مِّمَّا تُشْرِكُونَ ﴿٥٤﴾ مِن دُونِهِۦ فَكِيدُونِى جَمِيعًا ثُمَّ لَا تُنظِرُونِ ﴿٥٥﴾ إِنِّى تَوَكَّلْتُ عَلَى ٱللَّهِ رَبِّى وَرَبِّكُم مَّا مِن دَآبَّةٍ إِلَّا هُوَ ءَاخِذٌۢ بِنَاصِيَتِهَآ إِنَّ رَبِّى عَلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٥٦﴾ فَإِن تَوَلَّوْا۟ فَقَدْ أَبْلَغْتُكُم مَّآ أُرْسِلْتُ بِهِۦٓ إِلَيْكُمْ وَيَسْتَخْلِفُ

رَبِّي قَوْمًا غَيْرَكُمْ وَلَا تَضُرُّونَهُۥ شَيْـًٔا ۚ إِنَّ رَبِّي عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ حَفِيظٌ ﴿٥٧﴾ وَلَمَّا جَآءَ أَمْرُنَا نَجَّيْنَا هُودًا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَهُۥ بِرَحْمَةٍ مِّنَّا وَنَجَّيْنَـٰهُم مِّنْ عَذَابٍ غَلِيظٍ ﴿٥٨﴾ وَتِلْكَ عَادٌ ۖ جَحَدُوا۟ بِـَٔايَـٰتِ رَبِّهِمْ وَعَصَوْا۟ رُسُلَهُۥ وَٱتَّبَعُوٓا۟ أَمْرَ كُلِّ جَبَّارٍ عَنِيدٍ ﴿٥٩﴾ وَأُتْبِعُوا۟ فِي هَـٰذِهِ ٱلدُّنْيَا لَعْنَةً وَيَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ ۗ أَلَآ إِنَّ عَادًا كَفَرُوا۟ رَبَّهُمْ ۗ أَلَا بُعْدًا لِّعَادٍ قَوْمِ هُودٍ ﴿٦٠﴾

ئەمە چیرۆکئو سەرگورشتەی پێغەمبەرێکی ترە لەو چیرۆکانەی پەروەردگار لەم سورەتەدا گێراونیەوە، بێگومان ئەم چیرۆکە بەشێوەو شێوازێکی تر لەسوورەتی (الأعراف)دا هێندراوە.

لەگێڕانەوەی ئەم چیرۆکە لێرەدا موشابەهەو لێکچونێک هەیە بەچیرۆکی حەزرەتی نووحەوە، ئەم چیرۆکەش بەهەمان شێوە ئەوەی تێدایە: کە هود بانگەوازیو دەعوەتنامەی خۆی بەنەتەوەکەی راگەیاندوەو ئەوانیش رەتیان کردۆتەوە، هەروەها کۆتایی ئەم چیرۆکەش بەرزگاربوونی موسوڵمانەکانو لەناوچونی کافرەکان دێ.

دەفەرموێ: ﴿وَإِلَىٰ عَادٍ أَخَاهُمْ هُودًا﴾ ناردمان بۆ لای گەلی عادی یەکەم، برای خۆیان (هود) ﷺ لەڕەچەڵەکو هۆزایەتی‌دا نەک برای ئایینیان بێ چونکە هود یەکێک بوو لەهۆزی عاد، کەسێکیش لەهۆزێک بوو پێی دەگوترێ: برای فلان ئەوەتا: بەکابرا دەگوترێ (یاأخا العرب) مەبەستیش یەکێکە لەعەرەب. ئەم هۆزی عادە هۆزێکی عەرەب بوون لەلای یەمەنەوە لەشیمالی حەضرەمەوت لەناوچەیەک پێی دەگوترێ (الأحقاف) نیشتەجێ

بوبوون، خاوەنی هێزو توانایەکی زۆرو کشتو کاڵی هەمەجۆرو مەڕو ماڵاتدار بوون!

سەرەتا: حەزرەتی هود بانگەوازی کردن بۆ یەکتاپەرستیو نەی لێ کردن لەبتپەرستی ﴿قَالَ: يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ﴾ وتی: ئەی نەتەوەکەم! تەنها خودا بپەرستنو کەسی تر بەخودا مەزانن، جگە لەخودا بتو صەنەم مەپەرستن، کەس مەکەن بەهاوەڵو هاوشانی پەروەردگار، ئێوە جگە لە ئەو خودای ترتان نیە. ﴿إِنْ أَنْتُمْ إِلا مُفْتَرُونَ﴾ ئێوە کە پەرستش بۆ بتو صەنەم دەکەنو بەخودایان دەزانن، لەخۆتانەوە شت هەڵدەبەستنو درۆ بەدەم خودای تاکو تەنیاوە هەڵدەبەستن لەخۆتانەوەو بەبێ بەڵگە ئەو خودا درۆزنانەتان کردوون بەهاوەڵو تکاکار لای خودا؛ ئەو خودایەی ئێوەی بەدیهێناوەو بژێوی پێ داون، نیعمەتی زۆرو زەبەندەی بەسەردا رشتوون...

﴿يَا قَوْمِ لَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْراً﴾ ئەی نەتەوەکەم! ئەمن لەپاساوی بانگەوازی کردنم بۆتان داوای کرێو پاداشتان لێ ناکەم، لەبارتەقای ئامۆژگاریو نەسیحەتەکانمدا پارەو ماڵم مەبەست نیە، ﴿إِنْ أَجْرِيَ إِلاَّ عَلَى اللهِ الَّذِي فَطَرَنِي أَفَلاَ تَعْقِلُونَ؟﴾ کرێو پاداشی من لەسەر پەروەردگار؛ لەسەر ئەو خودایەیە: کە دروستی کردوم لەسەر فیطرەتی ساغو راست، فیطرەتی خوداپەرستیو یەکتاپەرستی! ئەوە بۆ تێناگەن، بۆ حاڵی نابن لەقسەی کەسێک: کە دڵسۆزتانە بانگتان دەکا بۆ رێبازێک بەرژەوەندی ئێوەی تێدایە لەدونیاو لەقیامەت، بەبێ ئەوەی داوای کرێو پاداشتان لێ بکا! ئەوە بۆ رێزی ئەوەی پێتان دەگوترێ لەنەسیحەتو ئامۆژگاری ناگرن؟ ئەوە بۆ نازانن کە من دڵسۆزتانمو، کە جڵەوگیریتان لێ دەکەم لەبتپەرستی، راستیم پێکاوە!!

﴿وَيَا قَوْمِ اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ، ثُمَّ تُوبُوا إِلَيْهِ يُرْسِلِ السَّمَاءَ عَلَيْكُمْ مِدْرَاراً﴾ ئەی گەلەکەم! ئێوە داوای لێخۆشبوون بکەن لەسەر بتپەرستیو کوفرو بێدینی رابووردوتان، تۆبەیەکی راستالانە بکەن، جا ئەگەر داوای لێخۆشبوونتان

لەخودا کردو تۆبەیەکی ڕێکو پێکتان کردو کەوتنە سەر ڕێبازی خوداپەرستی، ئەوە خودا بارانی زۆرتان بۆ دەبارێنێ، زەوی‌و زارتان تێر ئاو دەبێ‌و کشتو کاڵتان بەرەکەت ئامێز دەبێ، دیارە ئەو کاتە ئەوان زۆریان پێویستی بەباران بووە، چونکە وەکوو ئاماژەمان بۆ کرد ئەوان خاوەنی ئاژەڵ‌و کشتو کاڵێکی زۆر بوون‌و ساڵەکەیان وشکە ساڵ بووە، ﴿وَيَزِدْكُمْ قُوَّةً إِلَىٰ قُوَّتِكُمْ﴾ ئەگەر داوای لێخۆشبوون بکەن‌و لەتاوانەکانتان پەشیمان ببنەوە، سەرباری هێزو توانای ئێستاتان هێزو توانای ترو ماڵ‌و سامانی کەشتان دەداتێ! زیاتر باڵادەستو سەرکەوتووتان دەکا.

بێگومان گەلی عاد بەهێزو تواناو شان‌و شەوکەوت بوون، شانازییان بەهێزو توانای خۆیان دەکرد، هەمیشە هەوڵی ئەوەیان بوو باڵا دەستو زاڵ بن بەسەر خەڵکدا. وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿واذكروا اذ جعلكم خلفاء من بعد قوم نوح، وزادكم في الخلق بسطة، فاذكروا آلاء الله لعلكم تفلحون﴾الأعراف/٦٩. یان دەفەرموێ: ﴿اتبنون بكل ريع آية تعبثون. وتتخذون مصانع لعلكم تخلدون. واذا بطشتم بطشتم جبارين، فاتقوا الله واطيعون، واتقوا الذي امدكم بما تعلمون، امدكم بأنعام وبنين﴾الشعراء/١٢٨-١٣٣. یان دەفەرموێ: ﴿فاما عاد فاستكبروا في الأرض بغير الحق، وقالوا: من اشد منا قوة﴾فصلت/١٥. ئەم ئایەتانەو ئایەتی تریش ئەوە دەگەیەنن: کە گەلی عاد بەدەستو بازوو شان‌و شەوکەتو شان پان‌و تێک سمڕاو بوون.

﴿وَلَا تَتَوَلَّوْا مُجْرِمِينَ﴾ ئێوە ئەی گەلەکەم! پشتم لێ هەڵمەکەن، بانگەوازییەکەم ڕەت مەکەنەوە، سوور مەبن لەسەر تاوان‌و جەریمە..

هەڵبەتە پەشیمان بوونەوە لەتاوان‌و داوای لێخۆشبوون لەگەناهـ سودێکی زۆری هەیە، پێغەمبەر ﷺ لەزۆر فەرموودەدا موسوڵمانانی هەڵناوە: کە پابەندی داوای لێخۆشبوون بن.

ئەبو داوودو ئیبنو ماجە لەئیبنو عەبباسەوە فەرموودەیەکێ ریوایەت دەکەن: کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (من لزم الاستغفار، جعل الله له من كل هم فرجا، ومن كل ضيق مخرجا، ورزقه من حيث لا يحتسب) کەسێک بەردەوام بێ لەسەر داوای لێخۆشبوونو بەدڵ لەخودا بپاڕێتەوە بۆ لێبووردن، خودای پەروەردگار بۆ هەموو تەنگو چەڵەمەیەکێ دەرووەیەکی لێ دەکاتەوە، لەهەموو ناخۆشی‌یەکێ دەرگای رزگار بوونی بۆ ئاوەڵا دەکا، لەلاوە رزقو رۆژی دەدا، بەجۆرێک کە خۆیشی نازانێ چۆنو لەکوێوە بۆی دێ.

جا کە حەزرەتی هود ئەو نەسیحەتو ئامۆژگاریانەی ئاراستە کردن ﴿قَالُوا: يَاهُودُ! مَا جِئْتَنَا بِبَيِّنَةٍ﴾ وتیان: ئەی هود! تۆ لەسەر داواو پەیامەکەت بەڵگەو نیشانەیەکی وات نیشان نەداین: کە پێت بڕوا بکەینو دڵنیا بین تۆ پێغەمبەریو لەخوداوە رەوانە کراوی! ﴿وَمَا نَحْنُ بِتَارِكِي آلِهَتِنَا عَنْ قَوْلِكَ﴾ ئێمە واز لەخوداکانی خۆمان ناهێنین بەقسەی روتی تۆ، بەتەما ئەوە مەبە ئێمە بەقسەکانی تۆ هەڵبخەڵەتێین، واز لەرەخنە گرتن لەخوداکانی ئێمە بێنە ﴿وَمَا نَحْنُ لَكَ بِمُؤْمِنِينَ﴾ ئێمە بڕوات پێ ناکەین. ﴿إِنْ نَقُولُ إِلاَّ اعْتَرَاكَ بَعْضُ آلِهَتِنَا بِسُوءٍ﴾ ئێمە لەبەرامبەر هەڵوێستی تۆدا هیچکە شکێ نابەین جگە لەوەی کە بڵێین هەندێ لەخوداکانمان دەستیان لێ وەشاندویو شێتیان کردووی، چونکە رەخنەت لێ گرتن، داوات لەئێمە کرد واز لەعیبادەت بۆ کردنیان بێنین، ئیتر ئاوایان لێ کردووی ئەم قسە پڕوپووچانە دەکەی! شێتو وێت بووی نازانی دەڵێی چیو چی دەکەی!!

وەلامی ئەو نەفانە چوار شتی تێدایە هەموویان ئەحمەقیو خۆبەزلزانییە.

ا- یەکەم داوای بەڵگەو نیشانەیان لێ کرد.

ب- دووەم سوور بوونی خۆیان راگەیاند لەسەر بتپەرستی.

ج- سێیەم بڕوانەکردن بەپەیامی هود.

د- چوارەم ئیدعای ئەوەیان کە هود عەقڵو هۆشی تێک چووە، خوداکانیان دەستیان لێ وەشاندوەو شێت بووە.

حەزرەتی هود وەڵامی دانەوە ﴿قَالَ: إِنِّيٓ أُشْهِدُ اللهَ وَاشْهَدُوٓا أَنِّي بَرِيٓءٌ مِّمَّا تُشْرِكُونَ﴾ وتی: من خودا دەکەم بەشایەت بەسەر خۆمەوە لەبابەت ئەوەی دەیڵێم: ئێوەش دەکەم بەشایەدو بزانن: کە من بەریمو دوورم لەنەخۆشی هاوەڵدانان بۆ خودا، من دوورە پەرێزم لەبتپەرستیو هەرگیز رێبازی ئاوام نەگرتوەو پەیڕەوی ناکەم! ئێوە نەخۆشن من لەو نەخشییە دوورە پەرێزم! ئەمەش مانای وا نیە کە حەزرەتی هود ئەوانی بەشیاوی ئەوە زانیبێ بەکاری شایەتیدان هاتبن، نەخێر بەشیاوی شایەتیدانی نەزانیون، بەڵام بۆ گاڵتە پێکردن بەوانو دڵنیا بوون لەراستی پەیامی خۆی ئەوانی کرد بەشایەد بۆ ئەوە بزانن: کە ئەوە بیرو باوەڕو هەڵوێستیەتیو ئەوان بەهیچ نازانێ.

بەڵێ من دوورم لەپەرستش بۆ ئەو خودا درۆزنانەی ئێوە بەخودایان دەزانن، ﴿مِن دُونِ اللهِ﴾ جگە لەخوداو پێتان وایە ئەو بتو صەنەمانە هاوەڵی پەروەردگارن.

دڵنیا بن: کە من هیچ موبالات بەئێوەو خوداکانتان ناکەم، چ گرنگی یەک بەخوداکانتان نادەم: کە دەڵێن: گوایە دەستیان لێ وەشاندوم. دەبێ منەت بن ﴿فَكِيدُونِي جَمِيعًا ثُمَّ لَا تُنظِرُونِ﴾ هەمووتان خەریکی پیلانو نەخشەکێشان بن لەدژی من، ئێوەو خوداکانتان هاوکاری یەکتری بکەن، دژم بوەستنو هەوڵی زیان پێکەیاندنم بدەن، چاو لێکنانێک مۆڵەتم مەدەن، خوداکانتان: کە پێتان وایە: دەستیان لێ وەشاندومو عەقڵیان تێک داوم با ئەوانیش یارمەتیتان بدەنو دەسەوەسان رانەوەستن!

﴿إِنِّي تَوَكَّلْتُ عَلَى اللهِ رَبِّي وَرَبِّكُم﴾ من پشتم بەخودای خۆم قایمەو تەوەککولم لەسەر پەروەردگارە، ئەو خاوەنی ئیشو کاری منو ئێوەشە، ئاگاداری هەڵوێستی منو هەڵوێستی ئێوەشە، ئەوم بەسە، پیلانی ئێوە

دەپوچێنێتەوەو هیچ شتێکێ نیە بتوانێ نەهێڵێ خودا یارمەتیم بدا، خودا توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە. ﴿مَامِنْ دَابَةٍ الاّ هُوَ آخذٌ بِنَاصِيَتِهَا﴾ هیچ گیانلەبەرێکێ نیە لەسەر زەویو شوێنی تریش ئیللا جڵەوی هەڵسوڕانو کاروباری بەدەست خودایەو ئەو خاوەنیەتی، چۆنی بوێ ئاوا رەدامیان دێنێ. هیچ شتێکێ نیە ئەو کۆڵەوار بکا لەپارێزگاری کردنی بۆ منو بەهیلاکێ بردنی ئێوە! ﴿إِنَّ رَبِّيَ عَلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ﴾ بێگومان کردەوەکانی خودای من بەگوێرەی حەقو دادپەروەری ئەنجام دەدرێن، ستەمو ستەمکاری تێدا نیە، دابو نەرێتی خودا وا هاتووە موسوڵمانانی راستاڵ یارمەتی دەداو کافرانی ئاشوبگێڕ لەناو دەبا.

بێگومان وەڵامدانەوەکەی حەزرەتی هود وەڵامێکی دەمکوتکەرو جەرگبڕو بوێرانە بوو، لەخۆڕادیوی پێوە دیارە، تەحەدای کردن، بەئاشکرا بەرائەتی خۆی لەهاوەڵدانانو بتپەرستی راگەیاند، خودای کرد بەشایەت لەسەر ئەوەو خۆشیانی کرد بەشایەت، داواشی لێ کردن چییان لەدەس دێ تەقصیری نەکەن، ئەوەی راگەیاند: کە هیچ موبالاتیان پێ ناکاو بەهیچیان دەزانێ، نە لەخۆیان دەترسێ نەمنەتی خودا درۆزنەکانیان دەزانێ!!

بێگومان ئەم هەڵوێستەی حەزرەتی هود دەق دەشوبهێتە هەڵوێستی حەزرەتی نوح کە لەوەپێش باسمان کردو قورئان ئاماژەی بۆ دەکا وەکوو دەفەرموێ: ﴿قل ادعوا شركاءكم، ثم كيدون فلا تنظرون﴾ الأعراف/١٩٥.

جا ﴿فَإِنْ تَوَلَّوْا فَقَدْ أَبْلَغْتُكُمْ مَا أُرْسِلْتُ بِهِ إِلَيْكُمْ﴾ ئەی نەتەوەکەم! ئەگەر رو لەپەیامەکەم وەربگێڕنو گوێ بۆ ئامۆژگاریو نەسیحەتەکانم نەگرن، پشت هەڵبکەن لەو نیگاو سروشەی پێتان رادەگەیەنم، هەڵوێستتان نەگۆڕنو هەر بەدرۆم بخەنەوە، ئەوە من خەتا بارنابم، چونکە ئەو پەیامو سروشەی پێی نێردراوم گەیاندومەو پێم راگەیاندوون، کەمتەرخەمیم نەکردوە لەبەجێهێنانی ئەرکی سەرشانم، ئێوەش بۆخۆتان دانی پێدا دەنێن: کە من

بانگەوازیم کردوونو داوام لیٚ کردوون تەنها خودا بپەرستنو هاوەڵی بۆ دامەنێن. ئەوا من پەیامی خۆم گەیاندو بوو بەبەڵگە لەسەر ئێوەو بیانووتان نەما، موستەحەقی سزاو عەزاب بوون. ﴿وَيَسْتَخْلِفُ رَبِّي قَوْماً غَيْرَكُمْ﴾ خودا بەهیلاکتان دەباو گەلو نەتەوەیەکی تر دێنێتە گۆڕیو دەبنە جیٚنشینی ئێوەو ماڵو نیشتمانتان بەمیراتی دەکەوێتە دەست ئەوان.

﴿وَلَا تَضُرُّونَهُ شَيْئاً﴾ ئێوە بەپشت هەڵکردنتان لەپەیامی خودا، بەسوور بوونتان لەسەر کوفرو بتپەرستی هیچ زیانێک بەخودا ناگەیەنن، بەڵکوو زیانی ئەوە لەسەر خۆتانەو بۆخۆتان تووشی دەردی سەریو کێشمەکێشم دەبن. ﴿إِنَّ رَبِّي عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ حَفِيظٌ﴾ بێگومان خودای من بەسەر هەموو شتێک ئاگادارو چاودێرە، هیچ شتیٚ لەکردەوەی ئێوەی لیٚ هون نابیو غافڵ نیە لەتۆڵە لیٚ ستاندنتان! ئەگەر ماوەیەکیش مۆڵەتتان بدا دڵنیابن پاشگوێتان ناخا.

ئەمجار پەروەردگار باسی عەزابی نێردراو بۆ سەر گەلی عاد دەکاو سەرەنجامی هودو گەلەکەی دیاری دەکاو دەفەرمویٚ: ﴿وَلَمَّا جَاءَ أَمْرُنَا نَجَّيْنَا هُودًا وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ بِرَحْمَةٍ مِّنَّا، وَنَجَّيْنَاهُم مِّنْ عَذَابٍ غَلِيظٍ﴾ کاتێک فەرمانی ئێمە هات بۆ بەهیلاک بردنیگەلی هود، خۆیو ئەوانەی لەگەڵیا ئیمانیان هێنابوو، رزگارمان کردن لەروانگەی رەحمەتی خۆمانەوە، رزگارمان کردن لەعەزابێکی سەختی ریشەکێش کەر، گەلەکەیشمان لەناو بردن، هەرچی ئیمانی نەهێنابوو کەوتنە بەر شالاوی عەزابی سامناکو ئاسەوارمان برینەوە.

﴿وَتِلْكَ عَادٌ جَحَدُوا بِآيَاتِ رَبِّهِمْ وَعَصَوْا رُسُلَهُ، وَاتَّبَعُوا أَمْرَ كُلِّ جَبَّارٍ عَنِيدٍ﴾ هۆی ئەو سزا سامناکەی هاتە سەریانو لەناوی بردن، ئەوە بوو: گەلی عاد نیشانەکانی خودایان رەتکردنەوەو ئینکاریان کردن، لەپێغەمبەرەکان یاخی بوون (پێغەمبەرەکانی بەکۆ هێنانو مەبەستیش یەک پێغەمبەرە کە

هودە، بەلام چونکە کەسێک بڕوای بەپێغەمبەرێک نەبوو وەکوو ئەوە وایە بڕوای بەهیچیان نەبێ، بۆیە فەرمووی (رسله) نەیفەرموو: (رسوله).

ئەوان هاوچەرخی حەزرەتی هود بوونوپەیامی ئەویان رەتکردەوە، بەلام کافر بوونەکەیان بەپەیامی ئەو، وەکوو کافر بوون وایە بەپەیامی هەموو پێغەمبەران! ئەوان پەیامی حەزرەتی هودیان بەدرۆخستەوەو شوێن فەرمانی ملهوڕەکانیان کەوتن، شوێن ئەو سەر رەقە یاخی بووانەیان کەوتن کە پابەندی حەق نەبوونو ملیان نەدا بۆ راستی!

﴿وَأُتْبِعُوا فِي هَٰذِهِ الدُّنْيَا لَعْنَةً وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾ لەم دونیادا نەفرینی خودایان دوکەوتوو هەروا نەفرینی ئادەمیزادانیان بەرکەوت، هەر کەسێ بەحالو وەزعیان بزانێو مێژوو بەسەرهاتیان ئاگادار بێ، نەفرینیان لێ دەکا، هەر پێغەمبەرێک هاتبێ، هەوالی ئەوانی گێڕابێتەوە نەفرینی لێ کردون، هەروەها رۆژی قیامەتیش ئەو کاتەی شایەتەکان شایەتی لەخەلک دەدەن نەفرین لەستەمکاران دەکەن، نەفرینی خۆیان ئاراستەی گەلی هودیش دەکەن!

لەپێش چاوی مەخلووقاتی دەشتی مەحشەر بانگدەرێک بانگ هەلدەداو دەلێ: ﴿أَلَا إِنَّ عَادًا كَفَرُوا رَبَّهُمْ أَلَا بُعْدًا لِعَادٍ قَوْمِ هُودٍ﴾ ئاگادار ببنەوەو بزانن: کە گەلی عاد بەنیعمەتەکانی خودا کافر بوون، ئینکاری ئایەتەکانی خودایان کرد، پێغەمبەرانیان بەدرۆ خستنەوە، ئاگادار ببنەوە دوور کەوتنەوە لەرەحمەتی خودا بۆ گەلی عاد: کە قەومی هود بوون! لەعنەتی خودایان لێ بێ، بەشیان فەوتانو تێدا چوونو بەدبەختیو عەزابی بەردەوام بێ!

چیرۆکی صالح پێغەمبەر عليه السلام

﴿ وَإِلَىٰ ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَٰلِحًا ۚ قَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥ ۖ هُوَ أَنشَأَكُم مِّنَ ٱلْأَرْضِ وَٱسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا فَٱسْتَغْفِرُوهُ ثُمَّ تُوبُوٓا۟ إِلَيْهِ ۚ إِنَّ رَبِّى قَرِيبٌ مُّجِيبٌ ﴿٦١﴾ قَالُوا۟ يَٰصَٰلِحُ قَدْ كُنتَ فِينَا مَرْجُوًّا قَبْلَ هَٰذَآ ۖ أَتَنْهَىٰنَآ أَن نَّعْبُدَ مَا يَعْبُدُ ءَابَآؤُنَا وَإِنَّنَا لَفِى شَكٍّ مِّمَّا تَدْعُونَآ إِلَيْهِ مُرِيبٍ ﴿٦٢﴾ قَالَ يَٰقَوْمِ أَرَءَيْتُمْ إِن كُنتُ عَلَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّى وَءَاتَىٰنِى مِنْهُ رَحْمَةً فَمَن يَنصُرُنِى مِنَ ٱللَّهِ إِنْ عَصَيْتُهُۥ ۖ فَمَا تَزِيدُونَنِى غَيْرَ تَخْسِيرٍ ﴿٦٣﴾ وَيَٰقَوْمِ هَٰذِهِۦ نَاقَةُ ٱللَّهِ لَكُمْ ءَايَةً فَذَرُوهَا تَأْكُلْ فِىٓ أَرْضِ ٱللَّهِ ۖ وَلَا تَمَسُّوهَا بِسُوٓءٍ فَيَأْخُذَكُمْ عَذَابٌ قَرِيبٌ ﴿٦٤﴾ فَعَقَرُوهَا فَقَالَ تَمَتَّعُوا۟ فِى دَارِكُمْ ثَلَٰثَةَ أَيَّامٍ ۖ ذَٰلِكَ وَعْدٌ غَيْرُ مَكْذُوبٍ ﴿٦٥﴾ فَلَمَّا جَآءَ أَمْرُنَا نَجَّيْنَا صَٰلِحًا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَهُۥ بِرَحْمَةٍ مِّنَّا وَمِنْ خِزْىِ يَوْمِئِذٍ ۗ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ ٱلْقَوِىُّ ٱلْعَزِيزُ ﴿٦٦﴾ وَأَخَذَ

ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ ٱلصَّيْحَةُ فَأَصْبَحُواْ فِي دِيَٰرِهِمْ جَٰثِمِينَ ﴿٦٧﴾ كَأَن لَّمْ يَغْنَوْاْ فِيهَآ أَلَآ إِنَّ ثَمُودَاْ كَفَرُواْ رَبَّهُمْ أَلَا بُعْدًا لِّثَمُودَ ﴿٦٨﴾



ئەمە چیرۆکی سێهەمە لەو چیرۆکانەی کە لەم سورەتەدا باس کراون؛ ئەویش چیرۆکێو بەسەرهاتی حەزرەتی (صالح)ە لەگەڵ گەلی ثەموود. حەزرەتی صالّح دووەم پێغەمبەرە لەنەتەوەی عەرەب رەوانە کرابێ. نیشتمانی گەلەکەشی (گەلی ثەموود)، ولاتی (حیجرە) کە کەوتۆتە نێوان ولاتی حیجازو ولاتی شامەوە. شوێنەواری شارو ولاتیان تا ئێستاش هەر ماوە.

شێوەی دارشتنی ئەم چیرۆکەش وەکوو هی چیرۆکی حەزرەتی هود وەهایە، بەلام ئەوەندە هەیە لەم چیرۆکەدا: حەزرەتی صالّح فەرمانی پێ کردن بەتەوحیدو خواپەرستی دوو بەڵگەی ئاراستە کردن، یەکەمیان ئەوەیە: دەفەرموێ: خودا ئێوەی لەزەوی دروست کردوە، دووەم وای لێ کردوون کە خۆتان ئەو زەوییە ئاوەدان بکەنەوە!

بێگومان چیرۆکی حەزرەتی صالّح لەوەپێش لەسورەتی (الأعراف)دا باس کراوە لەمەدواش لەسورەتی (الشعراء)و (النمل)و (القمر)و (الحجر)و سورەتی تریشدا هاتووە، ناوەرۆکی چیرۆکەکەش ئەوەیە: کە حەزرەتی صالّح بانگەوازی خۆی گەیاندوەو موناقەشەو گفتو گۆی زۆری لەگەڵ قەومەکەی کردوە، هەرەشەی لەناوچوونو فەوتانی لێ کردون، ئەوانیش پەیامەکەیان رەتکردەوە، پاشان پەروەردگار موعجیزەی وشترەکەی پێ بەخشی بۆ ئەوەی ببێتە بەڵگە لەسەر راستی پێغەمبەرایەتیەکەی. ئەمجار گەلەکەی وشترەکەیان کوشت، پەروەردگاریش بەگرمەو هەورە بروسکە لەناوی بردن!

دەفەرموێ: ﴿وَإِلَىٰ ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَالِحًا﴾ واتە: بێگومان ناردمان بۆ سەر قەومی ثەمود پیاوێک لەهۆزو نەژادی خۆیان، پەیوەندی نژادو خزمایەتی لەگەڵدا هەبوون، ئەویش صالح بوو ﷺ کە هاتە سەریان فەرمانی پێ کردن بەخودا پەرستی، ﴿قَالَ: يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُ﴾ پێی گوتن: ئەی نەتەوەکەم! تەنها پەرستش بۆ خودا بکەن، هەر ئەو بەخودا بزانن، جگە لەزاتی پەروەردگار هیچ خودای ترتان نیە شیاوی بەندایەتی بۆ کردن بێ!

ئەمجار دوو بەڵگەی لەسەر تاکئو تەنهایی خودا هێنایەوە:

ا- بەڵگەی یەکەم ئەوەیە: کە دەفەرموێ: ﴿هُوَ أَنشَأَكُم مِّنَ الْأَرْضِ﴾ واتە: سەرەتا ئێوەی لەخاک دروست کردوە، ئادەم کە باوکی ئێوەیە لەخاک دروست کراوە ئەویش باوە گەورەی ئادەمیزادە، خۆڵ یەکەم ماددەیە کە ئادەمی لێ دروستکراوە، ئەمجار ئێوەی ئادەمیزادی لە(سولالە)ی قوڕ بەچەند هۆکارێک بەدیهێناوە؛ ئێوەی لەدڵۆپە ئاوی (تۆماو) ئەمجار کردویەتی بە(عەلەقە) ئەمجار کردویەتی بەگۆشتپارە، پاشان کردی بەئێسقانو ئەمجار ئێسقانەکانی بەگۆشت داپۆشیوە.

بنەمای تۆماو لەخوێنەوەیە، خوێنیش لەخۆراکەوە پەیدا دەبێ، خۆراکیش یان لەدانەوێڵەو بەروبوومی دارو دروخت یان لەگۆشتو شیرو پەنیرو ئەم جۆرە شتانە پەیدا دەبێ کە ئەمانیش دەچنەوە سەر دانەوێڵەو بەروبووم.

ب- بەڵگەی دووەم ئەوەیە دەفەرموێ: ﴿وَاسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا﴾ ئێوەی کردوە بەئاوەدانکەرەوە ئیشی تێدا دەکەن، کشتو کاڵو پیشەسازیو بیناسازی تێدا ئەنجام دەدەن. جا کە زەوی بەکاری ئاوەدانکردنەوە بێو ئادەمیزادیش بتوانێ ئاوەدانی بکاتەوە، ئەوە بەڵگەیە لەسەر هەبوونی خودایەکی بەدیهێنەرو دانا، کە نەخشەی هەموو شتێکی کێشاوە، ئادەمیزادی شارەزا کردوە بۆ سوود وەرگرتن لەسروشت، عەقڵو هۆشی داوە

بەئادەمیزاد: کە بوونەوەر بۆ سوودی خۆی بەکار بێنێ، توانای داوەتێ کە تەصەروفی تێدا بکا.

جا کە پەروەردگار هەر خۆی شیاوی پەرستن بێ ﴿فَاسْتَغْفِرُوهُ﴾ داوای لێخۆشبوونی لێ بکەن بۆ ئەوەی لەتاوانی لەوەپێشتان خۆش بێ، ﴿ثُمَّ تُوبُوا إِلَيْهِ﴾ ئەمجار بگەڕێنەوە بۆ لای خودا، پەشیمان ببنەوە لەتاوانەکانتانو روبکەنە بەندایەتی بۆ کردنو عەزمتان جەزم بێ لەسەر نەگەڕانەوە بۆ گوناه لەداهاتوودا، ﴿إِنَّ رَبِّي قَرِيبٌ مُجِيبٌ﴾ بێگومان خودای من لەدروستکراوانی نزیکە بەرەحمەتو فەضلی خۆی، شنەواو زانایە بەمەخلووقاتی خۆی، بەفەضلو رەحمەتی خۆی وەلامی داوای ئاتاجان دەداتەوە، وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿واذا سألك عبادي عني، فاني قريب اجيب دعوة الداع اذا دعان﴾البقرة/١٨٦.

قەومەکەی بەشێوەیەکی نەفامانەو سەر رەقانە وەلامی حەزرەتی (صالح)یان دایەوە: ﴿قَالُوا: يَا صَالِحُ قَدْ كُنْتَ فِينَا مَرْجُوّاً قَبْلَ هَذا﴾ وتیان: ئەی صالح! تۆ لەوەپێش لەناو ئێمەدا شوێنی هومێد بووی! لەناو دلّماندا رێزو تەقدیرمان بۆ دانابووی، هیوامان پێت بوو بەتەما بووین ببیە گەورەو تەگبیرکەرو ریش سپیمان، چونکە زیرەکیو بلیمەتیو عاقلّمەندیو بیرتیژیو لێهاتوویيمان پێوە دەبینی، ئێستا تۆ ئێمەت ناهومێد کرد، هەموو ئاواتێکت برین، سەدمخابن ئێمە بەتەما بووین ببیە پاشاو گەورەمان بەلام وا ئێستا هیوا براوت کردین.

ئەمجار هۆکاری ناهومێد بوونەکەیانی لێ دیاری دەکەنو دەڵێن: ﴿أَتَنْهَانَا أَنْ نَعْبُدَ آبَاؤُنَا؟﴾ ئەوە جلّەوگیریمان لەوە لێ دەکەی: کە ئەوەی باوکو باپیرانمان پەرستویانە ئێمەش بیپەرستین؟ دەتەوێ واز لەپەرستنی ئەو بتانە بێنین کە باوکو باپیرانمان پەرستویانو لەسەری راهاتوون؟ ﴿وَإِنَّنَا لَفِي شَكٍّ مِمَّا تَدْعُونَا إِلَيْهِ مُرِيبٌ﴾ ئێمە گومانی زۆرمان هەیە دەربارەی

بانگەوازییەکەت: کە بانگمان دەکەی بۆ یەکتاپەرستی، بەراستی ئەمە جێگای گومانەو دڵمان لێ پیس کردوی.

مەبەست لەم قسانە ئەوەیە: دەڵێن: ئێمە سوورین لەسەر پابەند بوون بەبیرو باوەڕی باوکو باپیرانمان هەرگیز وازی لێ ناهێنین. ئەمە دەق لەهەڵوێستی کافرەکانی مەککە دەچێ: کە پەیامی پێغەمبەریان رەت دەکردەوەو دەیانگوت: ﴿أجعل الآلهة الها واحدا، ان هذا لشيئ عجاب﴾ص/٥.

حەزرەتی صاڵح وەڵامی دانەوە، وەلامێکی هێدیو هێمنانەو لەسەرە خۆ، هەڵوێستی دامەزراوی رادەگەیەنێ، بەردەوامی خۆی لەسەر پەیڕەوو پرۆگرامی پێغەمبەرایەتی خۆی دوپات دەکاتەوە. ﴿قَالَ: يَا قَوْمِ! أَرَأَيْتُمْ إِنْ كُنْتُمْ عَلَى بَيِّنَةٍ مِنْ رَبِّي﴾ حەزرەتی صاڵح وتی: ئەی نەتەوەکەم! من چۆن لەخودا یاخی دەبم؟ چۆن واز لەپەیامی پێغەمبەرایەتی خۆم دەهێنم؟ دەپێم بڵێن: من چی بکەمو ئێوە چیم بۆ بەباش دەزانن: ئەگەر من لەسەر رێبازێکی حەق بمو بەڵگەو نیشانەی راستو دروستم بەدەستەوە بێو، دڵنیابم: کە ئەو پەیامەی پێی نێردراومو بۆ ئێوەم هێناوە حەقو راستە، ﴿وَآتَانِي مِنْهُ رَحْمَةً﴾ ئێوە تەقدیری ئەوە بکەن: کە من لەخوداوە هیدایەت دراومو لەسەر بەصیرەتو بەرچاو روونی هەنگاو هەڵدەنێم، پێغەمبەرم بەراستیو خودا بەفەضڵو گەورەیی خۆی پلەو پایەی پێغەمبەرایەتی پێ بەخشیوم، سەیر بکەن ئەگەر من شوێنی ئێوە بکەومو لەخودا یاخی ببم ﴿فَمَنْ يَنْصُرُنِي مِنَ اللهِ؟﴾ کێ من لەعەزابی خودا دەمپارێزێ؟ ﴿إِنْ عَصَيْتُهُ﴾ ئەگەر من لەخودا یاخی ببمو شوێن ئێوە بکەومو واز لەبانگەوازییەکەم بهێنم، بانگی ئێوە نەکەم بۆ خوداپەرستی، جڵەو گیریتان لێ نەکەم لەبتپەرستی دڵنیام سوودم پێ ناگەیەنن ﴿فَمَا تَزِيدُونَنِي غَيْرَ تَخْسِيرٍ﴾ جگە لەخەسارەتمەندی هیچی ترم بۆ زیاد ناکەن، خەسارەتمەندی لەگۆڕینەوەی ئەو پەیامەی لامە، بەو بڕوا

پڕوپوچەی لای ئێوە، واز هێنـان لەپەیامی پێغەمبەرایەتیمو شوێن کەوتنی ئێوە.

جا چونکە دابو نەرێتی پێغەمبەران لەسەرەتاوە بانگەوازیکردنە بۆ خوداپەرستیو پاشان ئیدیعا کردنی پێغەمبەرایەتیو درکاندنی ئەوە: کە ئەو رەوانەکراوەو ئەرکی رابەری پێ سپێردراوە. حەزرەتی (صالح)یش ﷵ پاش راگەیاندنی پێغەمبەرایەتیەکەی، داوای موعجیزەیان لێ کرد، داوایان لێ کرد، وتیان: ئەگەر راست دەکەی پێغەمبەری، دە وشترێک لەو بەردە دەر بێنە! حەزرەتی صالح لەخودا پاڕایەوە داوای بەدیهێنانی ئەو موعجیزەیەی لێ کرد، پەروەردگار موعجیزەی بۆ هێنایەدیو وشتر لەبەردی رەقو تەق هاتە دەرەوە، ئەمجار روی کردە گەلەکەیو وتی: ﴿يَاقَوْمِ هَذِهِ نَاقَةُ اللهِ لَكُمْ آيَـةً﴾ ئەی گەلەکەم! ئەمە وشترێکە نیشانەی راستی پێغەمبەرایەتی منە، وشترێکە خودا بەموعجیزە دروستی کردوە، لەهەموو وشترێکی تر جیاوازە لەخواردنو خواردنەوەیدا لەزۆری شیریدا، وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿إِنَّا مُرْسِلُو النَّاقَةِ فِتْنَةً لَهُمْ فَارْتَقِبْهُمْ وَاصْطَبِرْ، وَنَبِّئْهُمْ أَنَّ الْمَاءَ قِسْمَةٌ بَيْنَهُمْ كُلُّ شِرْبٍ مُحْتَضَرٌ﴾القمر/٢٧-٢٨.

﴿فَذَرُوهَا تَأْكُلُ فِي أَرْضِ اللهِ﴾ مەرەخەسی بکەن لێی بگەڕێن لەکوێ دەلەوەڕێ با بلەوەڕێ، شیرو ماستەکەی بۆ ئێوەو ئالفەکەی لەسەر ئێوە نەبێ.

﴿وَلَا تَمَسُّوهَا بِسُوءٍ﴾ بەهیچ شێوەیەک خراپەی لەگەڵ مەکەنو دەستدرێژی مەکەنە سەرو ئەزیەتی مەدەن، ئەگەر ئەزیەتی بدەنو دەستدرێژی بکەنە سەر ﴿فَيَأْخُذَكُمْ عَذَابٌ قَرِيبٌ﴾ ئەوە سزایەکی نزیک خێرا یەخەتان دەگرێو لەناوتان دەبا، سێ رۆژ زیاتر نابا عەزابی خودا دێتە سەرتانو ئیتر رزگار بوونتان نابێ!

بەلام گەلەکەی ئامۆژگارییەکەیان نەبیستو بەدرۆیان خستەوە، ﴿فَعَقَرُوهَا﴾ بەرەزامەندی هەموویان قیداری کوڕی سالف هەڵسا وشترەکەی

سەربڕی، خۆبەزلزانیو لەخۆبایی بونو گاڵتە کردنیان بەئامۆژگاریو هەڕەشەکانی حەزرەتی صاڵح گەییشتە ئاستێک نەک هەر ئەزیەتدان، بەڵکوو وشترەکەشیان سەربڕی.

﴿فَقَالَ لَهُمْ تَمَتَّعُوا فِي دَارِكُمْ ثَلَاثَةَ أَيَامٍ ذَلِكَ وَعْدٌ غَيْرُ مَكْذُوبٍ﴾ حەزرەتی صاڵح پێی گوتن: سێ ڕۆژی تر بگوزەرێننو لەززەتو خۆشی ژیان وەربگرن لەجێو ڕێگای خۆتاندا، تا سێ ڕۆژی تر بژینو هەوا هەڵمژن، پاشان عەزابی بەئێشتان بۆ دێ، عەزابی پەروەردگار لەبێختان دەردێنێ، ئەوە وادەیەکی حەقو ڕاستەو درۆی تێدا نیە، هیچ گومانتان لەهاتنیدا نەبێ!

ئەمجار باسی هاتنی عەزابی هەڕەشە پێ لێکراو دەکاو دەفەرموێ: ﴿فَلَمَّا جَاءَ أَمْرُنَا نَجَّيْنَا صَالِحًا وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ بِرَحْمَةٍ مِنَّا وَمِنْ خِزْيِ يَوْمِئِذٍ﴾ جا کە کاتی هاتنی عەزابی ئێمە هاتو ئەوی هەڕەشەیان پێ لێکرابوو ڕوویدا، هەورە بروسکەو سزای ڕیشەکەنیان بەسەردا درا، صاڵحو شوێنکەوتوانی لەگەڵی بوون بەرەحمەتو میهرەبانی خۆمان ڕزگارمان کردن، لەو عەزابە بەئێشە قوتاریان بوو، لەرسواییو نارەحەتی ڕۆژی قڕکردنی گەلی ثەموود ڕزگارمان کردن، ئەو نەفرینو ناوزڕانو سەرزەنشتەی گەلی ثەموودی گرتەوە ئەوان لیێ ڕەها بوون!!

﴿إِنَّ رَبَّكَ هُوَ الْقَوِيُّ الْعَزِيزُ﴾ خودای تۆ ئەی موحەممەد! ئەو خودایەی گەلی ثەموودی بەو مەرەدە برد، خودایەکی بەتواناو باڵا دەستە، دەتوانێ وێنەی ئەو عەزابەو توند تریش بەگەلی تۆ بگەیەنێ، ئەگەر ئەوان بەردەوام بن لەسەر ئینکاریو سەر ڕەقی!!

﴿وَأَخَذَ الَّذِينَ ظَلَمُوا الصَّيْحَةُ فَأَصْبَحُوا فِي دِيَارِهِمْ جَاثِمِينَ﴾ ئەوە بوو: دەنگی فریشتە، یان گرمەوناڵەی عەزاب، گەلی ثەموودی گرتو دارو بەردی وەلەرزە هێناو ڕایتەکاندنو لەرزەی خستە دڵو دەروونیانەوە، چونکە ئەوانە ستەمیان لەخۆیان کردو کافرو سەر ڕەقو تەجاوەز کار بوون، لەئاکامی گرمەو

ناڵەی هەورە تریشقەو صاعیقەکەدا هەموو ئەوانەی بڕوایان بەحەزرەتی صالح نەکردبوو سلار بوونەوەو جوڵەیان لێ بڕا، بوون بەلاکە تۆپیوی فڕێ دراو لەسەر زەوی.

﴿كَأَنْ لَمْ يَغْنَوْا فِيهَا﴾ ئەوان بەهۆی خێرا لەناوچوونیان دەتگوت: هەر لەدونیادا نەبوونو لەماڵو وڵاتی خۆیاندا ژیانیان بەسەر نەبردوە. ئیشیان تەواو بوو، لەکۆڕی ژیان وەدەر نران، لەوڵاتدا نەمان، بەجۆرێک هەر وەکوو نەبووبن، حاڵو وەزعیان هاتبوە زوبان بەجۆرێک پەندیان لێ وەربگیرێو هەموو عاقڵمەندێک پێیان تەمبێ ببێ!

﴿أَلَا إِنَّ ثَمُودَا كَفَرُوا رَبَّهُمْ أَلَا بُعْدًا لِثَمُودَ﴾ بزانن: کە گەلی ثەموود بەخودای خۆیان کافر بوونو پابەندی فەرمانو جڵەوگیرییەکانی نەبوون، شوێن پەیامی پێغەمبەرەکەیان نەکەوتن، دووری لەرەحمەتی خوداو نەفرینی خودا لەگەلی ثەموود بێ!

تێبینی:

بڕێ لەو شتانەی لەچیرۆکەکە وەردەگیرێ:

١- تۆبەو ئیستیغفار لەتاوانو یاخی بوون هۆکارێکی خێرایە بۆ دوعا قبووڵ بوون، چونکە خودا هەمیشە لەبەندەکانی نزیکەو رەحمو فەضلی زۆرە بۆیان، داواکاری ئاتاجان جێ بەجێ دەکا.

٢- وشترەکە موعجیزەیەکی سەرسوڕهێنەر بوو، چونکە لەبەردێکی رەقو تەق دروستکرابوو، کە وەدی هات ئاوس بوو، دروستکرابوو لەسەر شێوەی کامڵیو زەلامی، یەکسەر کە هاتە دی وشترێکی تەواوو کامڵ بوو، رۆژێک هەموو ئاوی کانیاو یان بیرەکەی دەخواردەوە، رۆژێکیش ئاوەکە بەشی گەلەکە بوو، شیری ئەوەندە زۆر بوو بەشی هەموو ئەو خەڵکەی دەکرد!!

٣- دادپەروەری خوداو رەحمەتو میهرەبانی وا داخواز بوو: کە صالحو شوێنکەوتوانی رزگار بکا، دەڵێن: ژمارەیان چوار هەزار کەس بوو. نەتەوەی ثەموودیشی لەناو برد.

٤- وادەو بەڵێنی پێغەمبەران راستو بەجێیە، هەڕەشەکانیان دێنەدیو خیلافولوەعدەیان نابێ. بێگومان حەزرەتی صالح هەڕەشەی لێ کردبوون: کە پاش سێ رۆژی تر عەزابیان بۆ دێ، لەرۆژی چوارەمدا ئەو عەزابە سامناکە یەخەی گرتن!

٥- عەزابەکەیان بەگرمەو ناڵەیەک، یان بەصاعیقەو بومەلەرزەیەک بوو هەموویان بوون بەلاشەی بێ گیانو لالو پال کەوتوو. جا گرمەکە یان گرمەی جوبرائیل بوو، یان دەنگێکی ئاسمانی بەهێز بوو یەکسەر دڵیان تەقیو خپ بوون.

چیرۆکی حەزرەتی ئیبراهیم عليه السلام

وَلَقَدْ جَآءَتْ رُسُلُنَآ إِبْرَٰهِيمَ بِٱلْبُشْرَىٰ قَالُوا۟ سَلَٰمًا ۖ قَالَ سَلَٰمٌ ۖ فَمَا لَبِثَ أَن جَآءَ بِعِجْلٍ حَنِيذٍ ﴿٦٩﴾ فَلَمَّا رَءَآ أَيْدِيَهُمْ لَا تَصِلُ إِلَيْهِ نَكِرَهُمْ وَأَوْجَسَ مِنْهُمْ خِيفَةً ۚ قَالُوا۟ لَا تَخَفْ إِنَّآ أُرْسِلْنَآ إِلَىٰ قَوْمِ لُوطٍ ﴿٧٠﴾ وَٱمْرَأَتُهُۥ قَآئِمَةٌ فَضَحِكَتْ فَبَشَّرْنَٰهَا بِإِسْحَٰقَ وَمِن وَرَآءِ إِسْحَٰقَ يَعْقُوبَ ﴿٧١﴾ قَالَتْ يَٰوَيْلَتَىٰٓ ءَأَلِدُ وَأَنَا۠ عَجُوزٌ وَهَٰذَا بَعْلِى شَيْخًا ۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَىْءٌ عَجِيبٌ ﴿٧٢﴾ قَالُوٓا۟ أَتَعْجَبِينَ مِنْ أَمْرِ ٱللَّهِ ۖ رَحْمَتُ ٱللَّهِ

وَبَرَكَٰتُهُۥ عَلَيۡكُمۡ أَهۡلَ ٱلۡبَيۡتِۚ إِنَّهُۥ حَمِيدٞ مَّجِيدٞ ﴿٧٣﴾ فَلَمَّا ذَهَبَ عَنۡ إِبۡرَٰهِيمَ ٱلرَّوۡعُ وَجَآءَتۡهُ ٱلۡبُشۡرَىٰ يُجَٰدِلُنَا فِي قَوۡمِ لُوطٍ ﴿٧٤﴾ إِنَّ إِبۡرَٰهِيمَ لَحَلِيمٌ أَوَّٰهٞ مُّنِيبٞ ﴿٧٥﴾ يَٰٓإِبۡرَٰهِيمُ أَعۡرِضۡ عَنۡ هَٰذَآۖ إِنَّهُۥ قَدۡ جَآءَ أَمۡرُ رَبِّكَۖ وَإِنَّهُمۡ ءَاتِيهِمۡ عَذَابٌ غَيۡرُ مَرۡدُودٖ ﴿٧٦﴾

ئەمە چیرۆکی چوارەمە لەو چیرۆکانەی: کە لەم سورەتەدا باسکراون، بێگومان چیرۆکی حەزرەتی ئیبراهیم لەوەپێش لەسورەتی (البقرة)دا باس کراوە!

حەزرەتی ئیبراهیم لەقورئاندا زۆر جار باس کراوە، جاری وا هەیە: لەگەڵ باوکیو گەلەکەیدا باس کراوە، لێرەدا لەتەک چیرۆکی ئەو فریشتانە ناوی هێنراوە کە موژدەی (ئیسحاقو یەعقووب)یان پێدا، هەروا هەواڵی لەناوبردنی گەلی (لوط)یشیان پێ ڕاگەیاند، لەشوێنێکی تردا لەگەڵ ئیسماعیلی کوڕی باس کراوە.

ئەو شارو گوندانەی حەزرەتی (لوط)یان لێ بوو کەوتبوونە دەوروبەری شام، حەزرەتی (ئیبراهیم)یش بۆ خۆی لەخاکی فەلەستین بوو، جا کە پەروەردگار فریشتەی عەزابی ناردن بۆ سەر گەلی لوط بەسەر ئیبراهیمدا تێپەڕینو میوانی ئەو بوون! وەکوو دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدْ جَاءَتْ رُسُلُنَا اِبْرَاهِيمَ بِالْبُشْرَىٰ﴾ واتە: بێگومان فریشتەمان ناردن بۆ لای ئیبراهیم بەموژدەوە؛ مزگێنیمان دا بەئیبراهیمو خێزانی بەوەی: کە منداڵیان دەبێ!

عەطاو کۆمەڵێکی تر لەتابعین دەڵێن: ئەو فریشتانە: جوبرائیلو میکائیلو ئیسرافیل بوون. هەندێکی تر لەراڤەکەرانی قورئان دەڵێن: لەگەڵ جوبرائیلدا حەوت فریشتەی تر هەبوون. هەرچەندە لەراستیدا زانینی ئەم

جۆرە شتانە پێویستی بەوە هەیە بەنیگاو سروش بچەسپێو لەرێگەی خەبەری صادیقەوە بەئێمە بگا، نەشگەییشتوە!

بەهەر حاڵ قورئان ئاماژە بۆ ئەوە دەکا: کە فریشتە هاتوونو مزگێنیان بەئیراهیمو خێزانی داوە بەوە کە کوڕیان دەبێ، کوڕەکەش ئیسحاقە وەکوو لەئایەتی ژمارە (٧١)ی ئەم سورەتەدا هاتووەو دەفەرموێ: ﴿فَبَشَّرْنَاهَا بِإِسْحَاقَ...الآيـة﴾ لەشوێنێکی تریشدا دەفەرموێ: ﴿وبشروه بغلام حليم﴾الذاريات/٢٨.

هەندێکیش دەڵێن: مزگێنی‌یەکە بریتی بوو: لەفەوتاندنو لەناو بردنی گەلی لوطو رزگار کردنی حەزرەتی لوط!

جا کە فریشتەکان هاتن ﴿قَالُوا: سَلاَماً﴾ وتیان: ئەی ئیبراهیم! سلاوت لێ بێ. ﴿قَالَ: سَلاَمٌ﴾ (ئیبراهیم)یش وەلامی دانەوەو وتی: هەمیشە سەلام لەسەر ئێوە بێ.

﴿فَمَا لَبِثَ اَنْ جَاءَ بِعِجْلٍ حَنِيذٍ﴾ پەلەی کردو ئەوەندەی پێ نەچوو کە گوێرەکەیەکی قەڵەوی برژێندراوی هێناو خستیە بەر دەمیان بۆ ئەوەی لێی بخۆن! گۆشتی ئەم گوێرەکەیە لەسەر بەردی گەرم برژابوو. لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿فراغ الى اهله فجاء بعجل سمين، فقربه اليهم، قال: الا تاكلون؟﴾الذاريات/٢٦.

ئەمەش ئاماژە بۆ ئەوە دەکاو بەڵگەیە لەسەر ئەوە: کە ئەو گوێرەکە برژێندراوو ئامادە کراو بوو بۆ میوان، دەشگونجێ لەکاتی گەییشتنی فریشتەکان بەگورجیو خێرایی برژێندرابێ!

﴿فَلَمَّا رَأَى أَيْدِيَهُمْ لاَ تَصِلُ اِلَيْهِ نَكِرَهُمْ، وَأَوْجَسَ مِنْهُمْ خِيفَةً﴾ جا کە بینی میوانەکان دەستیان بۆ خواردنەکە نابەن، وەکوو میوانی ئاسایی دەستیان بۆ خواردنەکە نەبرد، حەزرەتی ئیبراهیم لێیان بەگومان کەوتو پێی

وانەبوو ئەوانە میوان بن! لەدڵدا لێیان ترساو بۆی ئاشکرا بوو ئەوانە ئادەمیزاد نینو وێ دەچێ فریشتەی عەزاب بن.

﴿قَالُوا: لَا تَخَفْ إِنَّا أُرْسِلْنَا إِلَىٰ قَوْمِ لُوطٍ﴾ وتیان: ئەی ئیبراهیم! مەترسە ئێمە نامانەوێ زیان بە تۆ بگەیەنین، ئێمە نێردراوین بۆ لەناوبردنی گەلی لوط. ولاتی گەلی لوط نزیک بوو لەو شوێنەی: کە حەزرەتی ئیبراهیمی لێ بوو.

﴿وَامْرَأَتُهُ قَائِمَةٌ فَضَحِكَتْ﴾ خێزانی ئیبراهیم لەپاش پەردەیەکەوە راوەستابوو بەجۆرێک کە چاوی لەفریشتەکان بوو، یان هەر راوەستابوو لەپێش میوانەکانو خزمەتی دەکردن، بەبیستنی قسەکانیانو دڵنیا کردنیان بۆ ئیبراهیم کەیف خۆش بوو پێکەنینی لێ بڕژا، یان بەبیستنی هەواڵی لەناوبردنی گەلی لوط کەیف خۆش بوو، چونکە دژی کردەوەکانیان بوو، کوفرو بێ دینیو سەر رەقییان ئاشکراو نومایان بوو. ﴿فَبَشَّرْنَاهَا بِإِسْحَاقَ، وَمِنْ وَرَاءِ إِسْحَاقَ يَعْقُوبَ﴾ لەسەر زوبانی فریشتەکان موژدەمان بەخێزانی ئیبراهیم دا: کوڕی دەبێو ناوی دەنێن ئیسحاق، ئەم کوڕە دەژیاو تەمەن درێژ دەبێ دوایی کوڕێکی دەبێ ناوی لێ دەنێ یەعقووب! ئیتر خێزانی ئیبراهیم هاواری لێ هەستاو لەخۆشیانو قیژاندی ﴿قَالَتْ: يَا وَيْلَتَىٰ أَأَلِدُ وَأَنَا عَجُوزٌ﴾ وتی: ئای چەند سەیرە، ئای کە جێگای سەر سوڕمانە چۆن من منداڵم دەبێ، وەلحاڵ ئەمن پیرەژنم، پەکم کەوتووەو کەوتومە حاڵەتی نەزۆکییەوە ﴿وَهَٰذَا بَعْلِي شَيْخًا﴾ ئەوەش مێردەکەمە دەبینن پیرە مێردێکی بەساڵا چووە، بەرواڵەت هاوتەمەنانی ئەو منداڵیان نابن ﴿إِنَّ هَٰذَا لَشَيْءٌ عَجِيبٌ﴾ بەراستی ئەوەی بیستم شتێکی سەیرو سەمەرەیە، چونکە چۆن پیرەژنێکو پیرەمێردێکی بەساڵا چووی وەکوو منو مێردەکەم منداڵیان دەبێ؟! ﴿قَالُوا: أَتَعْجَبِينَ مِنْ أَمْرِ اللَّهِ﴾ فریشتەکان وەلامیان دایەوەو وتیان چۆن تۆ لەقەزاو قەدەری خودا سەرت سوڕ دەمێنێ؟ چۆن ئەوەت بەلاوە سەیرە کە بەپیری

منداڵتان ببێ؟ ئەوە کـاری خودایـەو ویسـتو ئـیرادەی ئـەوە: کـە هیچـی لـێ عـاصی نابێ، ﴿رَحْمَةُ اللهِ وَبَرَكَاتُهُ عَلَيْكُمْ أَهْلَ الْبَيْتِ﴾ ئـەوە رەحمـەتی خودایـەو بەرەکـەتو خـێری ئـەوە بەسـەر ئێـوەوە ئـەی خانـەوادەی پێغەمبەرایەتی!! هیچ عەجایەب نیە: کە خودا شتێک بەئێوە ببەخشێ کە نایدا بەکەسانی تر!

بێگومان پێغەمبەرایـەتی لەخانـەوادەی حـەزرەتی ئیبراهیمدا بـەردەوام بوو، هەر لەنەوەو نەوەی حەزرەتی ئیبراهیم تـا رۆژی قیامـەت پلـەو پایـەی پێغەمبەرایەتی بەردەوام بوو! ﴿إِنَّهُ حَمِيدٌ مَجِيدٌ﴾ بێگومـان پـەروەردگار لەسـەر هەموو کردەوەیەکی سوپاس کراوە، شیاوی هەموو حەمدو سوپاسێکە، زاتو صیفاتی پیرۆزو موبارەکە، خێرو ئیحسانی زۆرو فراوانە، ئەو زاتە سوپاسکراو بەرزو پیرۆزە. بەخشندەو خاوەن عەطایە.

﴿فَلَمَّا ذَهَبَ عَنْ إِبْرَاهِيمَ الرَّوْعُ وَجَاءَتْهُ الْبُشْرَى يُجَادِلُنَا فِي قَوْمِ لُوطٍ﴾

جا کاتێک ترسو خۆف لەئیبراهیم رەوییەوە، موژدەی خۆشی بیستو گوێی لەموژدەدانی فریشتەکان بوو کە موژدەی بونی کوڕیان پێدا، زانی: کە ئەوانـە فریشتەی عەزابن بۆ گەلی لوط. دەسـتی کـرد بەموناقەشـە لەگـەڵ فریشـتەی ئێمە دەربارەی بەهیلاکبردنی گەلی لوط، وتی: چۆن ئێـوە ئـەو گـەلو ولاتـە لەناو دەبەن؟ لوط لەناویان دایە، ئاخر ئەویش بەردەکەوێ.

﴿إِنَّ إِبْرَاهِيمَ لَحَلِيمٌ أَوَّاهٌ مُنِيبٌ﴾ بێگومان ئیبراهیم پیاوێکی لەسەرەخۆو هێمن بوو، پەلەی نەدەکرد لەتۆڵەستاندنەوەی ئەو کەسـانەی خراپـەیان لەگـەڵ دەکرد، زۆر بەزەیی بەخەڵکدا دەهاتەوە، ئـاخو ئۆفـی زۆر بـوو: کـە بیدیایـە خەڵکانی دیکە تووشی نارەحەتی بوون، هـەموو شتێکیشـی دەگـەڕاندەوە بـۆ لای خودا، هەمیشە تۆبەو ئیستیغفاری دەکردو دەیەویست ئەو کارانە بکا کە خودا پێی خۆشە، جا دڵنەرمیو خۆشەویستی بۆ خـەڵک پـاڵی پێـوە نـا: کـە

موجادەلە لەگەڵ فریشتەکان بکا، بەهیوای ئەوە: کە خودا عەزاب لەسەر گەلی لوط هەڵبگرێو ئەوانیش تۆبە بکەنو ئیمان بهێنن!

فریشتەکان وەلامیان دایەوەو وتیان: ﴿یَا اِبْرَاهِیمُ! اَعْرِضْ عَنْ هَـذَا﴾ ئەی ئیبراهیم! واز لەو جیدالو موناقەشەیە بێنە، چی دی دەربارەی گەلی لوط داکۆکی مەکە ﴿اِنَّهُ قَدْ جَاءَ أَمْرُ رَبِّكَ﴾ شەئنو حاڵ وایە: بێگومان فەرمانی خودای تۆ هاتووەو بڕیار دەرچووە بەلەناوبردنی گەلی لوطو هاتنی عەزاب بۆ سەریان، ﴿وانهم آتیهم عذاب غیر مردود﴾ بێگومان گەلی لوط سزایان بۆ دێو سزاکەش گەڕانەوەی نیە، چەندێک موناقەشەو جیدال بکەی بێ سوودە.

چیرۆکی حەزرەتی لوط لەگەڵ نەتەوەکەیدا

وَلَمَّا جَآءَتْ رُسُلُنَا لُوطًا سِيٓءَ بِهِمْ وَضَاقَ بِهِمْ ذَرْعًا وَقَالَ هَٰذَا يَوْمٌ عَصِيبٌ ﴿٧٧﴾ وَجَآءَهُۥ قَوْمُهُۥ يُهْرَعُونَ إِلَيْهِ وَمِن قَبْلُ كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ٱلسَّيِّـَٔاتِ ۚ قَالَ يَٰقَوْمِ هَٰٓؤُلَآءِ بَنَاتِى هُنَّ أَطْهَرُ لَكُمْ ۖ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَلَا تُخْزُونِ فِى ضَيْفِىٓ ۖ أَلَيْسَ مِنكُمْ رَجُلٌ رَّشِيدٌ ﴿٧٨﴾ قَالُوا۟ لَقَدْ عَلِمْتَ مَا لَنَا فِى بَنَاتِكَ مِنْ حَقٍّ وَإِنَّكَ لَتَعْلَمُ مَا نُرِيدُ ﴿٧٩﴾ قَالَ لَوْ أَنَّ لِى بِكُمْ قُوَّةً أَوْ ءَاوِىٓ إِلَىٰ رُكْنٍ شَدِيدٍ ﴿٨٠﴾ قَالُوا۟ يَٰلُوطُ إِنَّا رُسُلُ رَبِّكَ لَن يَصِلُوٓا۟ إِلَيْكَ ۖ فَأَسْرِ بِأَهْلِكَ بِقِطْعٍ

مِّنَ ٱلَّيۡلِ وَلَا يَلۡتَفِتۡ مِنكُمۡ أَحَدٌ إِلَّا ٱمۡرَأَتَكَۖ إِنَّهُۥ مُصِيبُهَا مَآ أَصَابَهُمۡۚ إِنَّ مَوۡعِدَهُمُ ٱلصُّبۡحُۚ أَلَيۡسَ ٱلصُّبۡحُ بِقَرِيبٖ ﴿٨١﴾ فَلَمَّا جَآءَ أَمۡرُنَا جَعَلۡنَا عَٰلِيَهَا سَافِلَهَا وَأَمۡطَرۡنَا عَلَيۡهَا حِجَارَةٗ مِّن سِجِّيلٖ مَّنضُودٖ ﴿٨٢﴾ مُّسَوَّمَةً عِندَ رَبِّكَۖ وَمَا هِيَ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ بِبَعِيدٖ ﴿٨٣﴾

ئەمە چیرۆکی پێنجەمە لەو چیرۆکانەی لەم سورەتەدا باس کراون، ئەویش چیرۆکی حەزرەتی لوگە لەگەڵ گەلەکەیدا.

گەلی لوط ئەهلی سەدوومی ئوردنن.

ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: فریشتەکان لەلای حەزرەتی ئیبراهیمەوە رۆیشتن بۆ لای لوط (کە برازای ئیبراهیم بوو) لەنێوان شوێنی ئیبراهیمو شوێنی لوطدا چوار فرسەخ بوو. کە چوونە لای لوط. لەشێوەی کوڕی تازە پێگەیشتووی بێ موو، شێوەو روخساریان لەوپەڕی جوانیو شۆخو شەنگیدا بوو. حەزرەتی (لوط)یش نەیزانی: کە فریشتەن.

دەفەرموێ: ﴿وَلَمَّا جَآءَتۡ رُسُلُنَا لُوطٗا سِيٓءَ بِهِمۡ وَضَاقَ بِهِمۡ ذَرۡعٗا﴾ کە فریشتەکانی ئێمە لەشێوەی کوڕی تازە پێگەیشتودا هاتنە لای لوط، زۆری پێ ناخۆش بوو، خەمو پەژارە دایگرت، هەستی کرد: کە ناتوانێ میوانداریيان بکا، چونکە ترسا لەوەی: کە گەلەکەی پێیان بزانو پەلاماریان بدەن، دەستدرێژییان بکەنەسەر. ﴿وَقَالَ هَٰذَا يَوۡمٌ عَصِيبٞ﴾ وتی: ئەمە رۆژێکی سەختو دژوارە تیێ کەوتووم، ئەمرۆ تەنگانەیەو تووشی بەلایەکی گەورە بووم!

﴿وَجَاءَهُ قَوْمُهُ يُهْرَعُونَ إِلَيْهِ﴾ جا کە گەلی لوط زانییان: کە ماڵی لوط ئەم کوڕە تازە پێگەیشتوانەی تێدانو میوانی ماڵی (لوط)ن، بەهەڵەداوانو راکردن بەرەو ماڵی لوط راجمین، کەیفخۆشو تەڕدەماخ بوون بەو هەواڵەو دەیانەویست زوو بەر پەلانیان بکەون سواریان بن، ئەمەش شتێکی ئاساییو عادەتی بوو لایان، چونکە ﴿وَمِنْ قَبْلُ كَانُوا يَعْمَلُونَ السَّيِّئَاتِ﴾ لەپێش هاتنی ئەم میوانانەدا دابو نەریتی هەتیوبازی لایان باو بوو، ئەو کردەوە ناشیرینەیان ئەنجام دەدا، ئەم عادەتەیان لێ ببوە خوو وازیان لێ نەدەهێنا، تەنانەت کاتێ عەزابیان لێ گیرا لەسەر ئەو حاڵەتە ناشیرینە بوونو سەرگەرمی ئەو هەتیو بازییە بوون. وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿ائنكم لتأتون الرجال، وتقطعون السبيل، وتأتون في ناديكم المنكر﴾العنكبوت/٢٩.

﴿قَالَ: يَا قَوْمِ هَؤُلَاءِ بَنَاتِي هُنَّ أَطْهَرُ لَكُمْ﴾ لوط روی تێکردنو وتی: ئەی گەلو هۆزەکەم! ئەوانە کچەکانمن، واتە: ئافرەتی گەلەکەی مەبەستە؛ چونکە پێغەمبەر بۆ نەتەوەکەی وەکوو باوک وایە، ئەوە کچەکانمن مارەیان بکەنو بچنە لایان ئەوانە بۆ ئێوە پاکو خاوێن ترو باشترن لەوەی خەریکی ئەو کارە ناشرینە بن، مارە کردنو خێزان پێکەوەنان سوودی زیاترە بۆ ئێوە لەدونیاو قیامەتدا، وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿اتأتون الذكران من العالمين، وتذرون ما خلق لكم ربكم من أزواجكم، بل أنتم قوم عادون﴾الشعراء/١٦٥-١٦٦.

موجاهیدو قەتادەو هی تریش وتوویانە: هیچ کامێ لەو ئافرەتانە کچی لوط نەبوون، بەڵکوو ئافرەتی گەلەکەی بوون، هەموو پێغەمبەرێکیش باوکی ئوممەتەکەیەتی.

ئیبنو جورەیج دەڵێ: فەرمانی پێ کردن: کە ئافرەت مارە بکەن، نەک ئافرەتی بۆ رانواندبن!

سەعیدی کوڕی جوبەیر دەڵێ: مەبەستی ئەوەیە: کە ئافرەتی گەلەکەی هەموویان کچی ئەون‌و ئەو باوکییانە!

﴿فَاتَّقُوا اللَّهَ﴾ لەخودا بترسن‌و خۆتان لەسزاو عەزابی بپارێزن، ﴿وَلاَ تُخْزُونِ فِي ضَيْفِي﴾ حەیاو ئابڕوم مەبەن، دەستدرێژی مەکەنە سەر میوانەکانم، خەجاڵەتو چاو بەرەو ژێرم مەکەن سوکایەتیکردن بەمیوانەکانم سوکایەتیکردنە بەخودی خۆم!

﴿أَلَيْسَ مِنْكُمْ رَجُلٌ رَشِيدٌ﴾ ئایا لەناو ئێوەدا پیاوێکی داناو عاقڵمەندی تێدا نیە ئامۆژگارییەکانم وەربگرێ‌و بەقسەم بکاو واز لەو شتانە بێنێ: کە جڵەو گیریتان لێ دەکەم‌و شارەزاتان بکا بۆ ڕێگای ڕاستو دروست.؟؟

﴿قَالُوا: لَقَدْ عَلِمْتَ مَالَنَا فِي بَنَاتِكَ مِنْ حَقٍّ، وَإِنَّكَ لَتَعْلَمُ مَا نُرِيدُ﴾ هەموویان ڕویان کردە حەزرەتی لوطو وتیان: بێگومان تۆ لەوە پێش زانیوتە: کە ئێمە کارمان بەکچەکانت نیەو ئارەزۆمان لەئافرەت نیە، کەوابێ چ سوودێک نیە لەوەی کە دەیڵێی: ئێمە تەنها کارمان بەنێرە، تۆ بۆخۆشت دەزانی ئێمە چیمان دەوێ، ئیتر چ سودێک هەیە لەدوبارە کردنەوەی ئەو جۆرە قسانە؟؟ واتە: ئێمە سوورین لەسەر هەتیوبازی‌و وازی لێ ناهێنین!

﴿قَالَ: لَوْ أَنَّ لِي بِكُمْ قُوَّةً أَوْ آوِي إِلَى رُكْنٍ شَدِيدٍ﴾ لوط بە گەلەکەی وت: ئەگەر من هێزو توانایەکی وەهام ببوایە بمتوانیایە بەرگری بکەم، یان هۆزێکی شەڕکەرم ببوایە پشتم بگرێ‌و یارمەتیم بداو شەڕو ئاشووبی ئێوەی لێ دوور بخستمایەوە بەرەنگاریم دەکردن‌و نەم دەهێشتن بەئاواتی خۆتان بگەن.

دوای پەیدا بوونی ئەم ترس‌و لەرزەی کەوتبوە ناو دڵ‌و دەروونی (لوط)ەوە دەربارەی میوانەکانی، دوای ئەوەی لوط تەنگەتاو بوو، فریشتەکان پەردەیان لەسەر خۆیان لاداو موژدەی ڕزگار بونیان پێ داو ﴿قَالُوا: يَالُوطُ! إِنَّا رُسُلُ رَبِّكَ﴾ وتیان: ئەی لوط! مەترسەو ئەو غەم‌و پەژارەیە لەدڵ‌و دەروونی

خۆت دەربهاوێ ئێمە فروستادەی خودای تۆین، ئێمە فریشتەینو رەوانە کراوین بۆ ئەوەی تۆ رزگار بکەین لەشەڕو خراپی ئەمانەو لەناویان بەرین.. هیچ مەترسەو خەمت نەبێ ﴿لَنْ يَصِلوُا اِلَيْكَ﴾ ئەوانە ناتوانن خراپەو شەڕو نەگبەتی خۆیان بەتۆ بگەیەنن، سوکایەتیت پێ بکەن، ئابڕۆو ناموست بەرن، ئیتر لەو کاتەدا خودا چاوی ئەو هەتیوبازانەی کوێر کردو کەسیان نەدەبینی وەکو لەسورەی (القمر)دا دەفەرموێ: ﴿ولقد راودوه عن ضيفة فطمسنا اعينهم﴾.

﴿فَأَسْرِ بِأَهْلِكَ بِقِطْعٍ مِنَ اللَّيْلِ وَلاَ يَلْتَفِتْ مِنْكُمْ أَحَدٌ اِلاَ إمْرَئَتَكَ﴾ ئەتۆ خۆتو ماڵو خێزانت کە شەو راشکاو زوربەی زۆری تێپەڕ بوو پێش بەرەبەیان خۆتان رزگار بکەنو لەشار دەرچنو هەڵێن: کەستان ئاوڕ نەداتەوە، نەوەکوو دیمەنی عەزابی سامناك ببینیێو زەندەقی بچێ، هەمووتان شار بەجێ بێڵن، جگە لەژنەکەت: کە خیانەتی لێ کردی، ئەو لەگەڵ دەرچووەکان نەبێ ﴿اِنَّهُ مُصِيبُهَا مَاأَصَابَهُمْ﴾ بەتەئکید ئەو عەزابەی تووشی گەلە ستەمکارەکەت دەبێ، دەبێ ژنەکەشت بگرێتەوە، دەبێ ئەویش ئەو عەزابە بچێژێ! ئێوە بەشەو دەرچن چونکە ﴿اِنَّ مَوْعِدَهُمُ الصُّبْحُ﴾ بێگومان کاتی لەناو بردنی ئەوان بەیانییەو هەر کەسێ لەشاردا بمێنێتەوە لەناو دەچێ عەزابەکە دوا فەجر دەست پێ دەکا کاتی خۆرهەڵاتن، وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿فأخذتهم الصيحة مشرقين﴾الحجر/٧٣.

دەشگونجێ خیطابەکەی حەزرەتی لوط لەگەڵ میوانەکاندا بووبێ، واتە: روی کردە ئەو کۆمەڵە گەنجە دەمو چاو جوانو شۆخو شەنگانە، کە لەدیدی حەزرەتی لوطدا ئەوانە خاوەن هێزو توانا بوونو ئاواتی خواست کە بیانتوانییایە یارمەتی بدەنو پشتی بگرنو بەهەموویان بەرگری لەو کارە ناشرینە بکەن. خەمو نارەحەتی لوط گەییشتبوە ئاستێك ئەوەی لەبیر

چویوەوە کە خودا پشتیوانیەتی، بۆیە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: (رحمة الله علی لوط لقد کان یأوی الی رکن شدید!)

هۆی هەڵبژاردنی ئەم کاتە بۆ هاتنی عەزاب بۆ سەریان، ئەوە بووە لەو کاتەدا هەموویان لەماڵو شوێنی خۆیاندا کۆبونەوە.

ریوایەت کراوە: کە بە(لوط)یان گوت: ﴿إِنَّ مَوْعِدَهُمُ الصُّبْحُ﴾ لوط وتی: دەمەوێ عەزابەکە زووتر بێ، پێم خۆشە پاش سەعاتێکی تر عەزابەکەیان بۆ بێ، فریشتەکان وتیان: ﴿أَلَيْسَ الصُّبْحُ بِقَرِيبٍ؟﴾ راڤەکەرانی قورئان دەڵێن: حەزرەتی لوط کە ئەم قسانەی بیستن بەشەو لەگەڵ ماڵو منداڵیا دەرچوون! ﴿فَلَمَّا جَاءَ أَمْرُنَا﴾ جا کاتێ فەرمانی ئێمە بەسزادانیان هاتو وەختی نازڵبوونی عەزابەکە هات لەکاتی خۆرهەڵاتندا ویستو ئیرادەی ئێمە هاتە دی ﴿جَعَلْنَا عَالِيَهَا سَافِلَهَا﴾ شارەکەمان ژێرو زەبەر کرد لای سەروی کە دانیشتوانی لەسەری دەژیان خستمانە ژێرەوە؛ واتە: خاکەکەمان هەڵگێڕایەوەو بەزەویماندا بردنە خوارێ!

﴿وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهَا حِجَارَةً مِنْ سِجِّيلٍ مَنْضُودٍ﴾ وێڕای ئەو هەڵەوگێڕییە بەردە بارانمان کردن، بەردی سواڵەتمان بەسەردا باراندن، بەردو گڵی جۆشخواردومان بەسەردا باراندن، هەندێ لەو بەردانە لکابوون بەهەندێکیانەوە، واتە: یەکێ بەدوای یەکێدا باراندمانن. واتە: ئەوەندەمان بەرد بەسەردا باراندن تا بەردەکان کەڵەکە بوون.

﴿مُسَوَّمَةً عِنْدَ رَبِّكَ﴾ ئەو بەردانە نیشانەدار کرابوون بۆ سزاو عەزاب، بەردەکان نیشانەیەکی تایبەتیان پێوە بوو لەلایەن خوداوە، بۆ ئەو شوێنە دیاری کرا بوون، لەبەردی سەرزەوی جودا بوون!

﴿وَمَا هِيَ مِنَ الظَّالِمِينَ بِبَعِيدٍ﴾ ئەو جۆرە عەزابو بەردەبارانە دوور نیە تووشی ستەمکارانی گەلی تۆش ببێ ئەی موحەممەد!

یـان ئـەو شـارو گوندانـەی ئـاوا ژێـرو زەبـەر کـرانو بـەردە بـاران کــران لەستەمکارانی گەلەکەتەوە دوور نیە، ئەو شوێنە لەشــاری مەککـەوە نزیکـەو ئێوە لەگەشتو هاتو چۆتاندا بەشەوو بەرۆژ بەسەر ئەو شـوێنەدا دێـنو دەڕۆن وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وانكم لتمرون عليهم مصبحين، وبالليل افلا تعقلون؟﴾الصافات/١٣٧-١٣٨.

بەکورتی لەسبەینیێی ئەو رۆژەدا: کە بڕیار درابوو بـۆ لـەناوبردنی گـەلی لوط، فریشتەی تایبەتی: (جوبرائیل) بەهێزو توانای خوا پێداوی ئـەو وڵاتـەی بەرز کردەوە بۆ حەواو کوتایەوە بەزەویداو ئاداری بەسەر پادارەوە نەهێشت!

ئەو شارو گوندانەی کە بەر ئەم عەزابە کەوتن پێنج گونـد بـوون؛ سـدروم (شارە دێرینەکەیانبوو)، عـامورا، دادوما، ضفوة، قەتەم.

ئەم عەزابە دوو تایبەتمەندی تێدا بوون:

یەکەم: خاکەکە ژێرو زەبەر کرا، بەم جۆرە زەوییەکەیان هەڵکەندراو تا نزیکی ئاسمان بەرزکرایەوەو ئەمجار کوترایەوە بەزەویدا.

دووەم: ئەم هەڵکەندنو بەردانەوە لەو خاکەدا رویدا: بەبێ ئەوەی گونـدو شارەکانی جیرانیان تۆزێک جوڵەیان پێ بکەوێ.

ئەمجار زیان نەگەیشتن بەلوطو هاوەڵانی هەرچەندە لـەو شـوێنە نزیـک بوون ئەمـەش موعجیزەیەکی ترە.

کە دەفەرموێ: ﴿وَمَا هِيَ مِنَ الظَّالِمِينَ بِبَعِيدٍ﴾ هەندێ لەراڤەکەران پێیـان وایە: مەبەست بە(الظالمین) گەلی لوطە واتە: ئـەو عـەزابـە بەشـێوەیەک بـوو گەلی لوطی هەڵە نەکردو یەکسەر پێکای.

لەلایەکی تـرەوە ئـەو عـەزابـەو بـەو شـێوە، پـەندو عیبرەتـە بـۆ هـەموو ستەمکارێک لەدانیشتوانی مەککەو شوێنی تریش.

پێغەمبەر ﷺ لەفەرموودەیەکی تردا دەفـەرموێ: (سيكون في آخـر أمـتي قوم يكتفى رجالهم بالرجال، ونساؤهم بالنساء، فاذا كان ذلك فارتقبوا عـذاب

لوط، ان يرسل الله عليهم حجارة من سجيل) ئـەمجار پێغەمبـەر ﷺ ئەمـەی خوێندەوە ﴿وما هي من الظالمين ببعيد﴾!!.

چیرۆکی حەزرەتی شوعەیب عليه السلام

۞ وَإِلَىٰ مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْبًا ۚ قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُ ۖ وَلَا تَنقُصُوا الْمِكْيَالَ وَالْمِيزَانَ ۚ إِنِّي أَرَاكُم بِخَيْرٍ وَإِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ مُّحِيطٍ ﴿٨٤﴾ وَيَا قَوْمِ أَوْفُوا الْمِكْيَالَ وَالْمِيزَانَ بِالْقِسْطِ ۖ وَلَا تَبْخَسُوا النَّاسَ أَشْيَاءَهُمْ وَلَا تَعْثَوْا فِي الْأَرْضِ مُفْسِدِينَ ﴿٨٥﴾ بَقِيَّتُ اللَّهِ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ۚ وَمَا أَنَا عَلَيْكُم بِحَفِيظٍ ﴿٨٦﴾ قَالُوا يَا شُعَيْبُ أَصَلَاتُكَ تَأْمُرُكَ أَن نَّتْرُكَ مَا يَعْبُدُ آبَاؤُنَا أَوْ أَن نَّفْعَلَ فِي أَمْوَالِنَا مَا نَشَاءُ ۖ إِنَّكَ لَأَنتَ الْحَلِيمُ الرَّشِيدُ ﴿٨٧﴾ قَالَ يَا قَوْمِ أَرَأَيْتُمْ إِن كُنتُ عَلَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّي وَرَزَقَنِي مِنْهُ رِزْقًا حَسَنًا ۚ وَمَا أُرِيدُ أَنْ أُخَالِفَكُمْ إِلَىٰ مَا أَنْهَاكُمْ عَنْهُ ۚ إِنْ أُرِيدُ إِلَّا الْإِصْلَاحَ

مَا ٱسْتَطَعْتُۚ وَمَا تَوْفِيقِيٓ إِلَّا بِٱللَّهِۚ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ أُنِيبُ ﴿٨٨﴾
وَيَٰقَوْمِ لَا يَجْرِمَنَّكُمْ شِقَاقِيٓ أَن يُصِيبَكُم مِّثْلُ مَآ أَصَابَ
قَوْمَ نُوحٍ أَوْ قَوْمَ هُودٍ أَوْ قَوْمَ صَٰلِحٍۚ وَمَا قَوْمُ لُوطٍ مِّنكُم
بِبَعِيدٍ ﴿٨٩﴾ وَٱسْتَغْفِرُواْ رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُوٓاْ إِلَيْهِۚ إِنَّ رَبِّي
رَحِيمٞ وَدُودٞ ﴿٩٠﴾ قَالُواْ يَٰشُعَيْبُ مَا نَفْقَهُ كَثِيرٗا مِّمَّا تَقُولُ
وَإِنَّا لَنَرَىٰكَ فِينَا ضَعِيفٗاۖ وَلَوْلَا رَهْطُكَ لَرَجَمْنَٰكَۖ وَمَآ أَنتَ
عَلَيْنَا بِعَزِيزٖ ﴿٩١﴾ قَالَ يَٰقَوْمِ أَرَهْطِيٓ أَعَزُّ عَلَيْكُم مِّنَ
ٱللَّهِ وَٱتَّخَذْتُمُوهُ وَرَآءَكُمْ ظِهْرِيًّاۖ إِنَّ رَبِّي بِمَا تَعْمَلُونَ
مُحِيطٞ ﴿٩٢﴾ وَيَٰقَوْمِ ٱعْمَلُواْ عَلَىٰ مَكَانَتِكُمْ إِنِّي عَٰمِلٞۖ
سَوْفَ تَعْلَمُونَ مَن يَأْتِيهِ عَذَابٞ يُخْزِيهِ وَمَنْ هُوَ
كَٰذِبٞۖ وَٱرْتَقِبُوٓاْ إِنِّي مَعَكُمْ رَقِيبٞ ﴿٩٣﴾ وَلَمَّا جَآءَ
أَمْرُنَا نَجَّيْنَا شُعَيْبٗا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَعَهُۥ بِرَحْمَةٖ مِّنَّا وَأَخَذَتِ
ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ ٱلصَّيْحَةُ فَأَصْبَحُواْ فِي دِيَٰرِهِمْ جَٰثِمِينَ ﴿٩٤﴾
كَأَن لَّمْ يَغْنَوْاْ فِيهَآۗ أَلَا بُعْدٗا لِّمَدْيَنَ كَمَا بَعِدَتْ ثَمُودُ ﴿٩٥﴾

ئەمە چیرۆکی شەشەمە لەو چیرۆکانەی لەم سورەتەدا باسکراون. ئەم چیرۆکە لەوە پێش لەسورەتی (الأعراف)دا بەشێوەیەکی تر باسکراوە، لەهەر دوو شوێنەکەدا ئەحکامو یاسای تایبەتی لەخۆ گرتوون؛ بەبێ ئەوەی دژایەتیو ئیختلافی لەناوەرۆکی چیرۆکەکەدا پەیدا کردبێ. چیرۆکەکە لێرەدا ئەوەی لەخۆ گرتووە: کە حەزرەتی شوعەیب پەیامی خۆی بەگەلەکەی گەیاندو موناقەشەی لەگەڵ کردنو رەدی دانەوە، پاشان هەڕەشەی بەهاتنی عەزاب بۆ سەریان لێ کردن، عەزابەکەش هاتو سەرپێچیکارانی لەناو بردو موسوڵمانەکانیش رزگاریان بوو.

مەدیەن: ناوی شارێکە کەوتۆتە نێوان وڵاتی حیجازو وڵاتی شام نزیک شاری (معان). دەڵێن: مەدیەنی کوڕی ئیبراهیم دروستی کردوە. دەفەرموێ: ﴿وَإِلَىٰ مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْباً﴾ ناردمان بۆ سەر دانیشتوانی شاری مەدیەن برای خۆیان لەنەسەبدا: شوعەیب. کە لەبەرێزترین بنەماڵەو خانەوادەی ئەو گەلەبوو. کردمان بەپێغەمبەرو رەوانەمان کرد بۆ سەریان تا پەیامی خودایان پێ بگەیەنێ.

کە هاتە سەریان بانگەوازی کردن: ﴿قَالَ: يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ﴾ وتی: ئەی گەلو هۆزەکەم! عیبادەتی خودا بکەن، بەس ئەو بپەرستن، هاوەڵی بۆ دامەنێن، جگە لەخودای پەروەردگار هیچ شتێکی تر نیە شیاوی خودایەتی بێ، هەر ئەو خودای ئێوەیەو خودای ترتان نیە.

ئەمە دابو نەرێتی پێغەمبەرانە سەرەتا بانگەوازی بۆ یەکتاپەرستی دەکەن، چونکە یەکتاپەرستی بنەمای سەرەکی ئیمانو باوەڕە، ئەمجار بەگوێرەی پێویستو گرنگی فەرمانو جڵەوگیرییان ئاراستە دەکەن، بۆیە حەزرەتی شوعەیب دوا بەدوا فەرمان بەیەکتاپەرستی، جڵەوگیری لێ کردن لەتەرازوبازیو دزیو فزی لەکێشانو پێواندا، چونکە دانیشتوانی شاری مەدیەن خوویان بەو دیاردە ناشرینەوە گرتبوو ﴿وَلَا تَنْقُصُوا الْمِكْيَالَ

والمیزان﴾ کە دەپێونو دەکێشن بۆ خەڵک دزی تێدا مەکەن، بەتەواوی حەقی خۆیان بدەنێ، تەرازوبازیو قسناغ چووکی مەکەن، واز لەم دابو نەرێتە ناشرینەتان بێنن، چ بفرۆشن چ بکرن ئامێری پێوانەو کێشانەتان تەواو بێو کەمو کورِی تێدا مەکەن!

﴿اِنِّیٓ أَرٰاكُمْ بِخَیْرٍ﴾ ئەوە دەتان بینم خاوەن رزقو رۆژی زۆرو زەبەندەن، هیچ پێویستیتان بەم دزیو گزییە نیە، حەوێجەتان بەخواردنی ماڵی خەڵک نیە بەبەتاڵ!

﴿وَاِنِّیٓ أَخَافُ عَلَیْكُمْ عَذَابَ یَوْمٍ مُحِیطٍ﴾ ئەمن ترسی ئەوەم هەیە کە بەهۆی سەرپێچی کردنتان بۆ فەرمانی خودا ئەو نازو نیعمەتەتان لێ بسەندرێتەوە، هەروەها دەترسم عەزابێکی سەختو دژوار دەورەتان بداو تێکتانەوە پێچێو کەستان رزگاری نەبێ، یان عەزابی ریشەکێشتان دێتە سەرو دەورەتان دەدا، یان عەزابی دۆزەخ لەقیامەتدا.

﴿وَیَا قَوْمِ أَوْفُوا الْمِكْیَالَ وَالْمِیزَانَ بِالْقِسْطِ﴾ ئەی گەلو هۆزەکەم! پێوانەو کێشانەتان دادپەروەرانە بێ، زیادو کەمی تێدا مەکەن، بەتەواوی مافی خەڵکی بدەن، هەڵبەتە ئەگەر مافی خەڵک بدەی بەتەواوی پێویستە تۆزێ زیادیەکی بخەیە سەری، ئەمەیان قەیناکا بەڵکوو پێویستە.

ئەمجار جڵەوگیرییان لێ دەکا لەوەی کە کەمو کورِی لەهیچ شتێکدا نەکەن، دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَبْخَسُوا النَّاسَ أَشْیَاءَهُمْ﴾ واتە: خۆتان بپارێزن: کە ستەمو ناحەقی بکەن لەمافی خەڵکدا رەخنە لەکاڵای خەڵک مەگرن لەنرخی دامەشکێنن بۆ ئەوەی بەبەهای کەم لێیان بکرن، ئەمەش دابو نەریتێکی ناشیرینو ناپەسەندە!

﴿وَلَا تَعْثَوْا فِی الْأَرْضِ مُفْسِدِینَ﴾ هەوڵ مەدەن بەئەنقەست بەرژەوەندی دینو دونیای ئادەمیزادان تێک بدەن، ئەخلاقو رەوشتی خەڵک فاسید مەکەن، چەتەییو رێگری مەکەن، واتە: کاروباری خەڵک پەک مەخەن

بەمەبەستی ئیفسادو زیانگەیاندن بەئادەمیزاد. بەڵام برێ کارو کردەوە هەن بەرواڵەت بەئیفساد دادەنرێن وەلێ لەراستیدا بۆ ئیصلاحو بەرژەوەندی دەکرێن: وەکوو برینی دارەستانو بەرەڵڵا کردنی بەنداوو سوتاندنی دارەستانو جەنگەڵستان لەکاتی جەنگو شەڕو هەرادا ئەم جۆرە کارانە ناچنە خانەی ئیفسادەوە چونکە بەئەنقەست بەمەبەستی پەکخستنو ئیفساد ئەنجام نادرێن بەڵکوو بۆ بەرژەوەندی گەلو وڵاتە، یان وادەبێ بەهەڵە کارێکی ئیفسادئامێز ئەنجام دەدرێ ئەمەش ناچێتە چوار چێوەی چڵەوگیری ئایەتەکەوە..

﴿بَقِيَّتُ اللهِ خَيْرٌ لَكُمْ اِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾ ئەوەی بۆتان دەمێنێتەوە لەقازانجو سوودی حەڵاڵ، دوای گۆڕینەوەو فرۆشتنی کاڵاکانتان بەپێوانەو کێشانەی تەواوو رێکو پێکو دادوەرانە ئەوە زۆر باشترە لەو ماڵە حەرامەی بەهۆی تەرازوبازیو گزیو فزی لەپێوانەو کێشانەدا یان کردنی فرتو فێڵی تر لەو ماڵەدا دەستتان دەکەوێ.

ئەو قازانجەی لەرێگەی حەڵاڵەوە دەستتان دەکەوێ زۆر پیرۆز ترە؛ بەمەرجێک ئێوە موسوڵمان بن. چونکە ئیمانو باوەڕ دڵو دەروون لەتەماعو رەزیلی پاک دەکاتەوە، رەوشتی سەخاوەتو هاریکاریو بەخشش لەدەرووندا دەڕسکێنێ.

﴿وَمَآ أَنَا عَلَيْكُم بِحَفِيظٍ﴾ من چاودێرو رەقیب نیم بەسەر کردەوەکانتانەوە، ناتوانم مەنعتان بکەم لەکردنی ئەو کارە ناشرینانەتان! بەڵکوو من ئامۆژگاریتان دەکەمو نەسیحەتکارێکی ئەمینم بۆتان، کاری خێر ئامێزو خودا پەسند بکەن، دڵسۆزانە بۆ خودا ئەنجامیان بدەن نەک بۆ ریابازیو روپامایی!

ئەمن بەس راگەیاندنم لەسەرەو حیسابو لێکۆڵینەوە لەسەر کردارو گوفتارتان لای خودایە.

ئەمجار پەروەردگار باسی هەڵوێستو رەتدانـەوەی دانیشتوانی مەدیـەن بۆ شوعەیب دەکاو دەفەرموێ:

﴿قَالُوا: يَاشُعَيْبُ! أَصَلَاتُكَ تَأْمُرُكَ اَنْ تَتْرُكَ مَايَعْبُدُ آبَاؤُنَا؟﴾ وتیان: ئەی شوعەیب! ئەوە نوێژەکەت فـەرمانت پـێ دەکـا کـە ئێمـە واز لەشـێوە عیبادەتکردنی باوکو باپیری خۆمان بینینو چیدی بتپەرستی نەکەین؟

ئەم قسانەیان بەشێوەی گاڵتەپێکردنو لاقرتـێ ئاڕاستەکردنو ئەوەشیان راگـەیاند: کـە ئـەوان سـوورن لەسـەر شـێوە عیبـادەتکردنی رابوردویـانو واز لەعیبادەتی بتەکانیان ناهێنن!

وەکوو رایوایەت کراوە حەزرەتی شوعەیب زۆری نوێژ دەکرد تەنانەت ئەو گەلە ناپەسندەی هەر کە بیاندییایە نوێژ دەکا پێی پێدەکەنینو گاڵتەیان پـێ دەکردو دەیانکردە فیشقیاتو قرپوەو پێکەنین.

﴿أَوْ أَنْ نَفْعَلَ فِي أَمْوَالِنَا مَانَشَاءُ؟﴾ ئایا نوێژەکەت فـەرمانت پـێ دەکـا: کـە ئێمـە بـەئارەزوی خۆمـان لـەماڵو سـامانی خۆمـاندا نـەتوانین ئـەوەی دەمانەوێ بیکەین؟ ئەوە نوێژەکەت فەرمانت پێ دەکـا: کە ئێمـە بـەئازادیو سەربەستی تەصەروف لەماڵو سامانی خۆمـاندا نەکـەین. مەبەسـت ئەوەیـە: دەڵێن: ئێمە سەربەستو ئازادین لەماڵو سامانی خۆماندا، چۆنی رەدام بێنین کەیفی خۆمانە، زەکات نادەین، تەرازوبازی دەکەین، ماڵی خۆمـان لەرێگـەی خێردا نابەخشین، بەهەر وەسیلەو هۆیەکێ بێ دەمانەوێ ماڵو سامانی خۆمان زۆر بکەین، ئەوەی کە تۆ فەرمانمان پـێ دەکـەی لـەوازهێنان لەتـەرازوبازیو فرتو فێڵ لەمامەڵەدا پێچەوانەی سیاسەتی ماڵ کۆکرنەوەو ماڵ زۆر کردنە، ئەوەی کە تۆ دەیڵێی: دەست بەستنی ئێمەیەو داگیرکردنی حورییەتو ئازادی هەڵسرو کەوتمانە.

بەکورتی رەددانـەوەیان لەسـەر شوعەیب دوو لایـەنی سـەرەکی لەخۆ گرتبوو:

یەکەم: سوور بوونیان لەسەر پابەند بوون بەئایینی باوکئو باپیرانیانەوەو بەردەوام بوونیان لەسەر بتپەرستی!

دووەم: تەماعو هەڵپەکردنیان بۆ کۆکردنەوەی ماڵو سامان بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە ئەوە ئاخۆ لەرێگەی حەلالو ڕەواوە بەدەستی دێنن یان لەرێگەی حەرامەوە!

ئەمجار جەختیان لەسەر گاڵتەپێکردنەکەیان کردەوەو وتیان: ﴿إِنَّكَ لَأَنْتَ الْحَلِيمُ الرَّشِيدُ﴾ بەراستی ماشا ئەڵلا تۆ لەم ولاتەدا پیاوێکی خاوەن عەقلو فامی! وا دیارە هەر تۆ خاوەنی ماریفەتو هیدایەتی! ماشا ئەڵلا پیاوێکی زەریفو هۆشمەندی، دەتەوێ ئیصلاحی مەعنەویاتو مادیاتی ئێمە بکەی! مەبەستیان ئەوە بوو: وەصفی بکەن بەپێچەوانەی ئەو رەوشتانە. وەکوو چۆن بەتەوسەوە بەپیاوی بەخیل دەڵێی ماشا ئەڵلا ئەگەر حاتەمی طائی تۆی ببینیایە چاوی لێ دەکردیو شوێنیت دەکەوت!!

ئەمجار حەزرەتی شوعەیب کەوتە گفتو گۆ لەگەڵیاندا، بەنەرمی مەوعیظەی حەسەنەی کردن ﴿قَالَ: يَاقَوْمِ! أَرَأَيْتُمْ إِنْ كُنْتُ عَلَى بَيِّنَةٍ مِنْ رَبِّي﴾ وتی: ئەی گەلو هۆزەکەم! شتێکی ئاشکراو بەڵگە نەویستە: کە هەر کەسێ بیەوێ قسەی ببیسترێ دەبێ بەڵگەی راستی بەدەستەوە بێو مەبەستی پاک بێ، دەی وەرن پێم بڵێن: ئەگەر من لەم بانگەوازییەمدا لەخوداوە بەڵگەو دەلیلی راستم بەدەستەوە بێ، رێبازێکی مەعقوولو خودا پەسەندم گرتبێ، نیگاو سروشم لەخوداوە بۆ هاتبێ!

﴿وَرَزَقَنِي مِنْهُ رِزْقاً حَسَناً﴾ ئەو خودا گەورەو بەرەحمە بەفەضلی خۆی رزقێکی جوانی گیانی پێدابم، منی کردبێ بەپێغەمبەر، حیکمەتو زانیاری فێر کردبم، ئەوەندەشی رزقو رۆژیو بژێو پێ دابم: کە پڕ کیشی تەرازوبازی نەکەمو ماڵی خەڵک بەتالان نەخۆمو داوای دارای لەکەس نەکەم، دەی پێم بڵێن: ئەگەر من لەسەر یەقین بم لەخوداوە، بەراستی پێغەمبەر بم!! ئایا

ڕەوایە: کە فەرمانتان پێ نەکەم بەخودا پەرستی؟ ئایا دەگونجێ من جڵەوگیریتان لێ نەکەم لەبتپەرستی؟ ئایا نابێ مەنعتان بکەم لەتاوانو ستەمکاریو تەرازو بازی؟

ئایا پێغەمبەران بۆ گەیاندنی ئەم ئەرکانە ڕەوانە نەکراون؟ ئایا: کە من پێغەمبەر بم نابێ ئەو فەرمانو جڵەو گیرییانەی پەروەردگارتان پێ بگەیەنم؟! وەڵامی پرسیارەکان حەزف کراوە!! چونکە پرسیارەکان پرسیاری تەقریر ئامێزن!

﴿وَمَا أُرِيدُ أَنْ أُخَالِفَكُمْ إِلَى مَا أَنْهَاكُمْ﴾ ئەمن نامەوێ جڵەوگیریتان لەشتێک لێ بکەمو بۆ خۆم پابەندی نەبم، بەڵکوو ئەوەی بەئێوەی دەڵێم: بۆ خۆم بەعەمەلی ئەنجامی دەدەم.

ئەمجار بەچەند وشەیەکی کورت جەخت لەسەر ئەو شتانە دەکاتەوە: کە ئەرکی سەرشانی خۆیەتی دەفەرموێ: ﴿إِنْ أُرِيدُ إِلَّا الْإِصْلَاحَ مَا اسْتَطَعْتُ﴾ ئەمن بەم نەسیحەتو ئامۆژگارییانەم، بەم فەرمان بەچاکەو جڵەوگیرییانەم لەخراپە، مەبەستم ئەوەیە ئێوە ئیصلاح بکەم، چەندێک بتوانم ئێوە بخەمە سەر ڕێبازی ڕاستو دروست، بەمەش ئاماژە بۆ ئەوە دەکا: کە عاقڵو لێزانو کارامەو داناو زانایە، ئەوان بەهەڵە لێی تێگەیشتوون!

﴿وَمَا تَوْفِيقِي إِلَّا بِاللَّهِ﴾ تۆفیقو سەرکەوتنم لەئەنجامدانی ئەرکی سەرشانم بەیارمەتیدانی خودایەو ئەو هیدایەتدەرو پشتیوانم نەبێ هیچم بۆ ناکرێ، من لەهەموو کارێکمدا (کە برێکی ڕاگەیاندنی پەیامەکەمە) پشتیوانم هەر بەخودایەو بەس. چونکە من ﴿عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ﴾ پشتیوانم هەر بەخودایەو بۆ ئەنجامدانی هەموو کارێکم بۆ گەیاندنی پەیامی ئاسمانیم، ئەگەر یارمەتیو کۆمەکی خودا نەبێ هیچم بۆ ناکرێ، هەر بۆ لای ئەویش دەگەڕێمەوە.

بەکورتی من نە بەتەمای ئەجرو پاداشی ئێوەم، نە ترسیشم لەوە هەیە زیانم پێ بگەیەنن. من لەسەر بیرو باوەڕو پەیامی خۆم بەردەوامو سوورم، بەهیچ شێوەیەک دەست بەرداری نابم.

﴿وَيَا قَوْمِ لاَ يَجْرِمَنَّكُمْ شِقَاقِي أَنْ يُصِيبَكُمْ مِثْلُ مَاأَصَابَ قَوْمَ نُوحٍ أَوْ قَوْمَ هُودٍ أَوْ قَوْمَ صَالِحٍ﴾ ئەی گەلو نەتەوەکەم! تکام لێتان ئەوەیە: کە ناکۆکیتان لەگەڵ منو ناحەزیتان بۆ من واتان لێ نەکا ئێوە لەسەر کافریی خۆتان سووربن، یا دژایەتیکردنتان بۆ من هەڵتان نەنێ بۆ ئەوەی بەردەوام بن لەسەر سەرپێچی فەرمانی خوداو دزیو تەرازوبازیو ئەمجار بەسۆنگەی ئەو سور بوونەتان لەسەر کوفرو بێدینی، ئەو عەزابو بەڵایانەی بەسەر گەلی نوحو گەلی هودو گەلی صالح هات بەسەر ئێوەش بێ! ئێوەش ئاوا ریشەکێش بکرێن!!

﴿وَمَا قَوْمُ لُوطٍ مِنْكُمْ بِبَعِيدٍ﴾ خۆ ئەوەی بەسەر قەومی لوط هات لەئێوە دوور نیە؛ نەمێژووەکەی زۆر کۆن بووە، نەشوێنەکەشی لەنیشتمانی ئێوە دوورە، ئەگەر پەندو عیبرەت لەگەلە لەناوچووە پێشینەکان وەرناگرن دە لەقەومی لوط پەند وەربگرنو تەمبێ ببن!

دەشگونجێ مانای ئەم رستەیە بەم جۆرە بێ: خۆ ئێوە لەکوفرو بێدینی لەقەومی لوط دوور نین، کوفرو بێدینی ئێوەش گەیشتۆتە ئاستی کوفرو سەرپێچی ئەوان، کەوابێ بترسن کە هەمان شێوە عەزاب بۆ ئێوەش بێ.

﴿وَاسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُوا إِلَيْهِ﴾ داوای لێخۆشبوون لەخودای خۆتان بکەن لەو تاوانانەی ئەنجامتان داوەو تا ئێستاش بەردەوامو سوورن لەسەری، ئەمجار تۆبەیەکی نەصوح بکەنو بگەڕێنەوە بۆ لای خوداو پابەندی فەرمانو نەهیەکانی بنو خۆتان بەئەو بسپێرن ﴿إِنَّ رَبِّي رَحِيمٌ وَدُودٌ﴾ بێگومان خودای من بەرەحمو میهرەبانە بۆ ئەوانەی تۆبە دەکەنو دەگەڕێنەوە بۆ لای ئەو، ئەو کەسانەی خۆش دەوێن کە تۆبەکارن، رەحمەتو بەخششی زۆرە بۆ تەوبەکاران.

ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە تۆبەو ئیستیغفار گوناح هەڵدەوەرێنیو دەبنە هۆکار بۆ دەستەبەربوونی خێری دونیاو قیامەت...!

ئەمجار دوای ئەوەی کە ئامۆژگاری کەڵکی نەبوو موجادەڵەو موفاوەضەو دانو سان هیچیان لێ شین نەبوو، خەڵکەکە دەستیان کرد: بەسوکایەتی کردن بەحەزرەتی شوعەیبو پەیامەکەی، هەڕەشەیان لێ کرد، بوختانو شتی ناشرینیان وەپاڵ دا، ﴿قَالُوا: يَاشُعَيْبُ مَانَفْقَهُ كَثِيراً مِمَّا تَقُولُ﴾ وتیان: ئەی شوعەیب! بەراستی ئێمە لەزۆر لەو شتانەی دەیانڵێی حاڵی نابین، هەرچەند ورد دەبینەوە، لەمانای یەکتاپەرستیو وازهێنان لەپەرستنی بتەکانمان حاڵی نابین، ئەو ئایینەی تۆ بۆمان شی دەکەیەوە ناچێتە دڵمانەوە. هەروەها لەوەش حاڵی نابین کە ئێمە پایەمان لەئاستی پایەی خەڵک دابێ، هەرچی بۆ ئێمە رەوابێ بۆ کەسانی دیکەش رەوا بێ، بەڵکوو ئێمە گەلی هەڵبژاردەینو هەرچی پێویست بێ بۆخۆمان بەرەوای دەزانین! ئیتر تۆ ئەم قسە پڕوپوچانە چیە دەیانکەیو بۆچی وازمان لێ ناهێنی؟!

﴿وَإِنَا لَنَرَاكَ فِينَا ضَعِيفاً﴾ ئێمە کە سەیری تۆ دەکەین، تۆ بەهاوشانی خۆمان نازانین، پلەو پایەت زۆر لەخوار هی ئێمەوەیە، دەی چۆن تەماعی ئەوەمان لێ دەکەی کە تۆ بەرەهبەرو پێشەوای خۆمان دابنێینو بەئارەزۆی تۆ رەفتار بکەین؟ ﴿وَلَوْلَا رَهْطُكَ لَرَجَمْنَاكَ﴾ ئەگەر لەبەر دڵڕاگرتنی خزمو کەسو کارو عەشیرەتەکەت نەبوایە: کە نامانەوێ دڵیان بشکێنین، شاربەدەرمان دەکردیو نەماندەهێشت لەم وڵاتەدا دانیشی! چونکە تۆ بۆ خۆت لای ئێمە هیچ رێزو نرخێکت نیە، ﴿وَمَا أَنْتَ عَلَيْنَا بِعَزِيزٍ﴾ تۆ هیچ دەسەڵاتو هێزێکت نیە لەئێمە یاخی ببی، کوشتنو ئەزیەتدانت زۆر ئاسانە!

ئاوا بەو جۆرە حەزرەتی شوعەیب بەڵگەی بۆ دەهێنانەوەو بەو شێوە نەرمیو دڵسۆزییە ئامۆژگاری دەکردن، کەچی ئەوان بەتوانجو بەهەڕەشەو قسەی نابەجێ وەڵامیان دایەوە!

بۆیە حەزرەتی شوعەیب سەرزەنشتی کردنو لۆمەو تەوبیخی ئاڕاستە کردن لەسەر ئەو هەموو بێ عەقڵیو نەفامییەیانە دەفەرموێ: ﴿قَالَ: يَا قَوْمِ أَرَهْطِي أَعَزُّ عَلَيْكُمْ مِنَ اللهِ؟﴾ ئەی گەلو هۆزەکەم! ئەوە ئێوە بۆچی ئەوەندە نەفامو تێنەگەیشتوون؟ ئایا خزمو کەسو کارم لای ئێوە لەخودا عەزیز ترەو ئەوانتان لەلا لەخودا ڕێزدار ترە؟! کە زیانم پێ ناگەیەنن لەبەر خاتری خزمەکانمە، نەک لەبەر خاتری خودا؟! بەراستی جێگای سەرسوڕمانو پێکەنینە!

خودا شیاوی ئەوەیە: پابەندی فەرمانەکانی بن، ڕێزی بگرن بەندایەتی بکەن، هەوڵ بدەن ڕەزامەندی ئەو بەدەست بێنن، کەچی ئێوە ئەوەندە نەفامن چەند کەسێکی خزمو کارەکەمتان لەخودا بەلاوە عەزیزترەو ﴿وَاتَّخَذْتُمُوهُ وَرَاءَكُمْ ظِهْرِيًّا﴾ خودای پەروەردگارتان پاشگوێ خستووە، لایەنی خوداتان بەرداوە، خستوتانەتە پاش خۆتانەوە وەکوو شتێکی بێ نرخ، نەئیطاعەی دەکەن، نەڕێزی دەگرن، نەلەعەزابو تۆڵەی دەترسن، نەسوپاسی نازو نیعمەتی دەکەن، تەنانەت ئەوەتا بەدەمی خۆتان دەڵێن: ئێمە کە بەردەبارانت ناکەین لەبەر خاتری خزمەکانتە نەک لەبەر خاتری خودا!.. ﴿إِنَّ رَبِّي بِمَا تَعْمَلُونَ مُحِيطٌ﴾ خودای من بەو هەڵوێستو کردەوانەتان ئاگادارە، دەزانێ چی دەکەنو چی دەڵێنو هەڵوێستتان چیەو هیچی لێ گووم نابێ، پڕاو پڕ عادلانە سزاتان دەداتەوە.!!

جا کە شوعەیب نائومێد بوو لەئیمانهێنانیانو زانی بەهیچ جۆرێک بەپیر بانەوازییەکەیەوە نایەن، هەڵوێستێکی یەکلاکەرەوەی ڕاگەیاندو خۆی لێ جیا کردنەوە، وتی: ﴿وَيَاقَوْمِ: اعْمَلُوا عَلَى مَكَانَتِكُمْ﴾ ئەی گەلو نەتەوەکەم! مادام کە باوەڕم پێ ناکەنو شوێنم ناکەون، دە ئێوە بەگوێرەی تواناو بیرو باوەڕی خۆتان کار بکەن، چیتان لەدەس دێ دەربارەی زیان پێ گەیاندنم، تەقصیری مەکەن! بۆ خۆتان سوور بن لەسەر کوفرو بێدینیو

تەرازوو بازی خۆتانو باقی کارە ناشرینو نەشیاوەکانتان! ﴿إِنِّي عَامِلٌ﴾ ئەمنیش بەگوێرەی بیرو باوەڕی خۆمو بەگوێرەی تەئییدو پشتیوانی خودا بۆخۆم کار دەکەم.

بەکورتی: ئێوە لەسەر کوفرو گومڕایی خۆتان بەردەوام بن، منیش بەردەوام دەبم لەسەر بانگەوازیو بتمانە بوونم بەخودا، ﴿سَوْفَ تَعْلَمُونَ مَنْ يَأْتِيهِ عَذَابٌ يُخْزِيهِ وَمَنْ هُوَ كَاذِبٌ﴾ لەوە بەولاوە بۆتان دەردەکەویو دەزانن: کێ سزای ریسواکەری بۆ دێو یەخەی دەگرێو زەلیلو داماوی دەکا لەدونیاو قیامەتدا؟ دەزانن: کێ درۆزنەو کێ راستە لەقسەو گوتاریدا، من یان ئێوە؟!

﴿وَارْتَقِبُوا إِنِّي مَعَكُمْ رَقِيبٌ﴾ چاوەڕوانی ئەوە بن: کە پێتان دەڵێم: دەربارەی هاتنی عەزاب، منیش لەگەڵتاندا چاوەڕوانی دەکەم!

ئیتر لێرەدا پەردە بەسەر نمایشەکەدا دادەتەوەو نیشانەی لێک دابڕانو جودا بوونەوەی حەقو بەتاڵ دەردەکەوێ، با چاوەڕوان بین بزانین چی رو دەدا؟! ئەوەتا: لەپڕێکا دوا بەدوای مەشهەدی پێشوو پەردە لەسەر نمایشێکی تر هەڵدەدرێتەوە، چی دەبینین؟ بەهیلاکچوونی گەلەکەی شوعەیب، هەموو ئەو خەڵکە لاڵو پاڵ کەوتوون، بەهەمان شێوە عەزابو صاعیقەی گەلی (صالح) پێغەمبەری لەناوبردن، ئەمانیشی خستە ناو توونی دۆزەخی عەزابی یەزدانییەوە، سەرەنجامی ئەمانیش وەکوو ئاکامی گەلی صالح وابوو، ولاتو شارو دێهاتیان لێ چۆڵ بوو، هەروەکوو نەبووبن، هەروەکوو لەوەپێش رۆژێک لەرۆژان ولاتیان ئاوەدان نەکردبێتەوە، دونیایان بەجێ هێشت بەباری لەعنەتو نەفرینەوە، لاپەڕەی ژیانیان پێچرایەوەو لەبیر چوونەوە.

دەفەرموێ: ﴿وَلَمَّا جَاءَ أَمْرُنَا نَجَّيْنَا شُعَيْباً وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ بِرَحْمَةٍ مِنَّا﴾ کاتێک فەرمانی ئێمە بەسزادانی گەلی شوعەیب دەرچوو ئەمرەکەمان دەربارەیان تەنفیذ کرا، شوعەیبو موسوڵمانانی شوێنکەوتوویمان رزگار کردن، بەرەحمەتو میهرەبانی خۆمان پێغەمبەرو شوێنکەوتوانیمان لەو

عەزابو مەینەتییە قوتار کرد، ﴿وَأَخَذَتِ الَّذِينَ ظَلَمُوا الصَّيْحَةُ﴾ گرمەو صاعیقەی مەرگ ئاوەر یەخەی ئەوانەی گرت کە ستەمکار بوونو بەپیر بانگەوازییەکەی شوعەیبەوە نەچوونو ئامۆژگاریو نەسیحەتەکانی بەگوێیاندا نەچوو، بەهۆی ستەمو کوفرو خراپەکارییانەوە دەنگێکی گەورەو سامناکو ریشەکێشکەر؛ کە دونیای لێ وەلەرزە هێنانو لەناوی بردن، لەماوەیەکی کەمدا هەموویانی خپ کردن ﴿فَأَصْبَحُوا فِي دِيَارِهِمْ جَاثِمِينَ﴾ هەر کەسە لەماڵو حاڵی خۆیدا، لەشوێنو نیشتمەنی خۆیان بەرەو دەم سەرەنگری بوونو جوڵەیان لێ برا!!

ئوسلوبو شێوازی قورئان دەربارەی چۆنیەتی عەزابەکەیان جیاوازی هەیە لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، لەهەر سورەتێکدا بەگوێرەی سەرپێچیو خراپەکارییان جۆری عەزابەکە دەستنیشان کراوە لەسوورەتی (الأعراف)دا گەلەکە هەڕەشەیان لەشوعەیب کرد بەوە: ئەگەر واز نەهێنێ خۆیو شوێنکەوتوانی لەشار وەدەرنێن، لەوێدا جۆری عەزابەکەی بە(الرجفة) دەست نیشان کردوە. لێرەدا گەلەکە بێ ئەدەبییان لەگەڵ شوعەیب کردو هەڕەشەی ناشیرینیان بەرامبەر نواندو هەڵوێستی نالەباریان نیشان دان، بۆیە لێرەدا جۆری عەزابەکەی بە(الصیحة) ناو هێناوە.

لەسورەتی (الشعراء)دا خەڵکەکە داوای بەربوونەوەی پارچەیەک لەئاسمانیان کرد: کە بکەوێ بەسەریاندا، بۆیە جۆری عەزابەکەی بە(عذاب یوم الظلة) ناو هێنا.

بەڵێ بەجۆرێک ئەو نەتەوە کرکەوتنو ئاسەواریان برایەوەو لەناوچوون ﴿كَأَن لَّمْ يَغْنَوْا فِيهَا﴾ هەر دەڵێی لەنیشتمانی خۆیاندا رۆژێک لەرۆژان نەبوونو نەژیاونو بەخۆشی رایان نەبواردوە، لەوەپێش جمو جۆڵو هەڵپەی ژیانیان نەبوە!! ﴿أَلَا بُعْدًا لِّمَدْيَنَ كَمَا بَعِدَتْ ثَمُودُ﴾ دەک بەفتارە بچن وەکوو چوونو دووریی لەرەحمەتو میهرەبانی خودا بۆ دانیشتوانی مەدیەن بێ،

وەکوو چۆن لەوەپێش گەلی ثەموود لەرەحمەتو میهرەبانی خودا دوور خرانەوەو بەهیلاک چوونو فەوتان!

گەلی مەدیەن دراوسێی گەلی ثەموود بوون، وەکوو ئەوان کافرو سەر رەقو بێدین بوون هەردوو نەتەوە بەرەچەڵەک عەرەب بوون ئێستا پێیان دەگوترێ: عەرەبی بائیدة، واتە: عەرەبە لەناو براوەکان!

شایانی باسە هەردوو گەل بەدەنگی گەورەی زەمینلەرزە لەناو چوون.

ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: پەروەردگار هیچ کاتێ دوو گەلی بەیەک شێوە عەزاب لەناو نەبردوە جگە لەگەلی (صالح)و گەلی (شوعەیب)، گەلی صالح گرمەو صاعیقە لەژێریانەوە پەیدا بوو لەناوی بردن، گەلی شوعەیب لەسەرویانەوە بۆیان هاتو لەناوی بردن.

چیرۆکی موسا لەگەڵ فیرعەونو پیاو ماقوڵانیدا

وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسَىٰ بِآيَاتِنَا وَسُلْطَانٍ مُّبِينٍ ﴿٩٦﴾ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَمَلَئِهِ فَاتَّبَعُوا أَمْرَ فِرْعَوْنَ ۖ وَمَا أَمْرُ فِرْعَوْنَ بِرَشِيدٍ ﴿٩٧﴾ يَقْدُمُ قَوْمَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَأَوْرَدَهُمُ النَّارَ ۖ وَبِئْسَ الْوِرْدُ الْمَوْرُودُ ﴿٩٨﴾ وَأُتْبِعُوا فِي هَٰذِهِ لَعْنَةً وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ ۚ بِئْسَ الرِّفْدُ الْمَرْفُودُ ﴿٩٩﴾

ئەمە چیرۆکی حەوتەمە لەو چیرۆکانەی پەروەردگار لەم سورەتەدا گێڕاونیەوە، دوا چیرۆکی ئەم سورەتەشە!

بێگومان سەرگورشتەی حەزرەتی موسا ﷺ لەگەڵ فیرعەونو دارو دەستەکەیدا لەزۆر شوێنی قورئاندا باس کراوە: لەسورەتی (الأعراف/١٠٤-١٠٥)و لەسورەتی (الشعراء/١٧-٢٨)و سورەتی (طه/٤٨-٥٥)و سورەتی (القصص/٣٨)و سورەتی (غافر/٣٦-٣٧) ئەم چیرۆکە بەشێوەی جیا جیا بەکورتی یان بەدرێژی هێندراوە.

مەبەست لەدووبارە بوونەوەو سێ بارە بوونەوەی ئەم چیرۆکە عیبرەت وەرگرتنو تەمێ خواردوییە لەسەرەنجامی ئەم چیرۆکە: کە رزگاربوونی حەزرەتی موساو شوێنکەوتوانیەتیو لەناوچونی فیرعەونو دارو دەستەکەیەتی، وێڕای لەناوچوون، نەفرینو دوور لەرەحمەتی خوداو عەزابی سەختی دۆزەخە، کە ئەوەش چارەنووسی هەموو کافرو ملهوڕو ستەمکارو خودا نەناسانی رۆژگارە؛ ئەوانەی پشتیان لەبانگەوازی پێغەمبەرانی خودا هەڵکردوە، بەپیر بانگەوازییەکەیانەوە نەچوون، شایانی باسە عەزابی نێردراو بۆ سەر فیرعەونو دارو دەستەکەی، خنکان بوو لەناو دەریاداو هەموو کەسی ئەو گەلەی نەگرتەوە.

دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسَى بِآيَاتِنَا وَسُلْطَانٍ مُبِينٍ إِلَى فِرْعَوْنَ وَمَلَئِهِ﴾ سوێند بێ ئێمە موسامان کردە پێغەمبەرو رەوانەمان کرد بەبەڵگەو نیشانەی ئاشکراوە بۆ سەر فیرعەونو دارو دەستەکەی، ئایەتەکان نۆ موعجیزەی ئاشکراو نومایان بوون، نیشانەی تاکو تەنهایی خوداو راستی پێغەمبەرایەتی موسا بوون.

جا هەر چەندە موسا بۆ سەر هەموو گەلی فیرعەون (بەقیبطیو بەنو ئیسرائیلییەوە) نێردراوەو بانگەوازییەکەی بۆ هەموان بووە وەلێ چونکە فیرعەونو تاقمەکەی ئەهلی حیللو عەقد بوون، بۆیە لێرەدا بەتایبەتی ناوی

ئەوان هێندراوەو ڕەوانە کردنەکە بۆ لای ئەوان دیاری کراوە، ﴿فَاتَّبَعُوا أَمْرَ فِرْعَوْنَ﴾ واتە: فیرعەون بۆ خۆی بڕوای پێ نەکردو پێی کافر بوو، فەرمانیشی بەدارو دەستەکەی کرد کە بڕوا بەموسا نەکەنو شوێن خۆی (واتە: فیرعەون) بکەون لەکوفرو سەرپێچی فەرمانی خودادا، ئەوانیش شوێن فەرمانی فیرعەون کەوتن، ڕێبازی ئەویان پەیڕەو کرد لەگومڕایی‌و سەر لێ شێواویدا، لەستەم کردن لەنەتەوەی ئیسرائیلو لەناوبردنی زارۆکە نێرینەکانیانو هێشتنەوەی مێینەکانیاندا، لەچەوساندنەوەو ئەزیەتدانیاندا بەهەموو شێوەیەک.

﴿وَمَا أَمْرُ فِرْعَوْنَ بِرَشِيدٍ﴾ ئیشو کاری فیرعەون، پەیڕەوو ڕێبازی‌و هەڵسو کەوتو مەنهەجی ژیانی گونجاوو لەبار نەبوو، ڕێبازێکی عاقڵانەو هیدایەت ئامێز نەبوو، بەڵکوو گومڕایی‌و نەزانی‌و نەفامی‌و کوفرو سەرپێچی‌و ستەمو ئاشوب بوو!

جا کە ئەوان شوێنکەوتووی فیرعەون بوونو لەدوا ئەوەوە دەڕۆیشتن شوێن فەرمانو مەنهەجی ئەو کەوتبوون، بەبێ لێ ورد بوونەوەو تێفکرین، بەبێ ئەوەی ڕایەکیان هەبێ کوێرانە دوای کەوتبوون، خۆیانی سووک کردبوو، ڕێزو نرخێک کە خودا پێی دابوون لەخۆیان داڕی بوو، ئیرادەو عەقڵو ئازادی خۆیان لەدەس دا بوو، کەوابێ سزایان لەقیامەتدا دۆزەخە، دەبێ تۆڵەیان لێ بسەندرێ، لەهەردوو لایان؛ لەفیرعەونو لەشوێنکەوتوانیشی ﴿يَقْدُمُ قَوْمَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾ فیرعەون ڕۆژی قیامەت پێش گەلەکەی دەکەوێ، فیرعەون پێشەواو ئەوانیش بەدوویدا، بۆ کوێ؟ ﴿فَأَوْرَدَهُمُ النَّارَ﴾ بەتەئکید دەیانباتە نا ئاگرەوە، داخڵی دۆزەخ دەبن، ئازاری ئەو عەزابە دەچێژن ﴿وَبِئْسَ الْوِرْدُ الْمَوْرُودُ﴾ خراپ شوێنێکە کە ئەوان دەچنە ناوی، دەچن لەجیاتی ئاوی ساردو فێنک کردنەوەی ناو دەروونیان ئاوی کولاتووی بۆگەن دەخۆنەوە، لەجیاتی ئەوەی تێنویەتییان بشکێ بەو ئاوە کولاتووە ڕیخۆڵەکانیان پچڕ پچڕ دەبن.

﴿وَأُتۡبِعُوا۟ فِی هَـٰذِهِۦ لَعۡنَةࣰ وَیَوۡمَ ٱلۡقِیَـٰمَةِۚ﴾ سەرباری ئەو عەزابە سامناکەی دۆزەخ، لەدونیاشدا نەفرینیان لیٚ دەکریٚ لەلایەن ئەو گەلو نەتەوانەی کە دوا ئەوان دیٚنە کۆڕی ژیانەوە، هەروەها ڕۆژی قیامەتیش لەلایەن خوداوە نەفرینیان لیٚ دەکریٚ، لەلایەن فریشتەکانەوە، لەلایەن ئەهلی مەحشەرەوە نەفرینیان لیٚ دەکریٚ، ئەوان واتە: فیرعەونو تاقمەکەی قیٚزلیٚ کراوو ڕەزا گرانو ریسوا کراون، هەموو کەس نەفرینیان لیٚ دەکا، ﴿وَبِئۡسَ ٱلرِّفۡدُ ٱلۡمَرۡفُودُ﴾ بەراستی خراپ خەلاٚتیٚکە ئەم نەفرین لیٚکردنەی دونیاو قیامەت کە پیٚشکەش ئەوان دەکریٚ، نەفرین لیٚکردنو دوور بوونیان لەرەحمەت ناونراوە (رفد) عەطاو بەخشش بۆ گاڵتەپیٚکردنو قەشمەریو سوکایەتی پیٚکردنیان!

پەندو عیبرەت وەرگرتن لەچیرۆکی گەلە ستەمکارەکان

ذَ ٰلِكَ مِنۡ أَنۢبَاۤءِ ٱلۡقُرَىٰ نَقُصُّهُۥ عَلَیۡكَۖ مِنۡهَا قَاۤىِٕمࣱ وَحَصِیدࣱ ﴿١٠٠﴾ وَمَا ظَلَمۡنَـٰهُمۡ وَلَـٰكِن ظَلَمُوۤا۟ أَنفُسَهُمۡۖ فَمَاۤ أَغۡنَتۡ عَنۡهُمۡ ءَالِهَتُهُمُ ٱلَّتِی یَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مِن شَیۡءࣲ لَّمَّا جَاۤءَ أَمۡرُ رَبِّكَۖ وَمَا زَادُوهُمۡ غَیۡرَ تَتۡبِیبࣲ ﴿١٠١﴾ وَكَذَ ٰلِكَ أَخۡذُ رَبِّكَ إِذَاۤ أَخَذَ ٱلۡقُرَىٰ وَهِیَ ظَـٰلِمَةٌۚ إِنَّ أَخۡذَهُۥۤ أَلِیمࣱ شَدِیدٌ ﴿١٠٢﴾

پەیوەندی ئەم ئایەتانە بەهی پێشەوە ئاشکراو نومایانە، چونکە پاش ئەوەی پەروەردگار چیرۆکی پێغەمبەرانی پێشووی گێڕایەوە: کە حەوت چیرۆک بوون (چیرۆکی حەزرەتی نوح، هود، صالح، ئیبراهیم، لوط، شوعەیب، موسا (درودی خودا لەسەر هەموویان بێ)) ئەمجار ئاماژە بۆ پەندو ئامۆژگاری ئەو چیرۆکانە دەکا، دەفەرموێ: ﴿ذَٰلِكَ مِنْ أَنبَاءِ الْقُرَىٰ نَقُصُّهُ عَلَيْكَ، مِنْهَا قَائِمٌ وَحَصِيدٌ﴾.

ئەگەر بەوردی لەو چیرۆکانە ورد بینەوە، فێری ئوسلووبی جەدەلو دانوسان دەبین، ئەم چیرۆکانە ئادەمیزاد فێری پوچانەوەی بەڵگە بەبەڵگە دەکەن، پشتگیری بەڵگەی عەقلی بەچیرۆکی واقیعی دەکا، خوێنەرو بیسەر ئامادە دەکا بۆ سوود وەرگرتن لەو پەندو عیبرەتانەی لەو چیرۆکانە وەردەگیرێن! بەئەم چیرۆکانی دڵی موسوڵمان نەرم دەبێ، نەفسی پاك دەبێتەوە، ئەندامەکانی ترسی خودایان لێ دەنیشێو رام دەبن بۆ یاد کردنەوەی خوداو بەندایەتی بۆ کردنی، ترسی سزای، گوناحباران وەلەرزە دێنێو دەزاندرێ: کە موسوڵمان جیهان بەجێ دێڵێ مەدحو ثەنای دەکرێو رێزدارە، کافر: کە جیهان جێ دێڵێ دەکەوێتە بەر نەفرینی خەڵکو لەقیامەتیشدا نەفرینو عەزابی زۆرو بەئازاری تووش دێ، لەهەمان کاتدا ئەم چیرۆکانە بەڵگەن لەسەر راستگۆیی پێغەمبەر ﷺ چونکە ئەگەر لەخوداوە نیگای بۆ نەیە چۆن پێغەمبەرێکی نەخوێندەوار، پێغەمبەرێك بەدرێژایی ژیانی رابوردووی سەیری کتێبێکی نەکردوە، خوێندگاو قوتابخانەیەکی نەبینیوە، قوتابیەتیو فەقێیەتی کەسی نەکردوە، چۆن ئەو هەواڵانەی زانینو چۆن ئەو چیرۆکو سەرگوزەشتانەی گێڕانەوە!

هەڵبەتە گێڕانەوەی ئەم چیرۆکانە نیشانەی پێغەمبەرایەتی موحەممەدە ﷺ بەڵگەی ئەوەیە: کە قورئان کەلامی خودایەو بەنیگاو سروش بۆ

پێغەمبەری ناردوە وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿ماكان حديثا يفترى، ولكن تصديق الذي بين يديه...﴾يوسف/١١١.

دەفەرموێ: ﴿ذَٰلِكَ مِنْ أَنبَاءِ الْقُرَىٰ نَقُصُّهُ عَلَيْكَ﴾ ئەم چیرۆکانەی بۆمان گێڕایتەوە ئەی موحەممەد! ئەوە بڕێکن لەهەواڵو سەرگورشتەی ئەو گوندو شارانەی: کە ژێرو زەبەرمان کردن، وێرانمان کردن، ئەمانە هەموویان هەواڵی پەنامەکینو بۆت دەگێڕینەوە ﴿مِنْهَا قَائِمٌ وَحَصِيدٌ﴾ هەندێ لەو گوندو شارانەی تا ئێستاش ئاسەواریان ماوەو شوێنەواریان دەبیندرێ. هەندێکیشیان ئاسەواریان نەماوە ئەوە مەیدانی لەناوبردنی گەلە ستەمکارەکانە رادەنوێندرێ، نەفسو خەیاڵ تەنگە تاو دەکا!! هەندێ لەو گەلو نەتەوانە لەنێو شەپۆلی تۆفاندا نوغرۆ بوون، هەندێکیان بەرەشەباو زریان خاکو ولاتیان ژێرو زەبەر کراوە، هەندێکیان بەرگمەو ناڵەی بێ ئامانی دەنگی فریشتەی هێزو توانا پێدراوی لەووزە بەدەر شارو گوندیان وێران کرانو خۆیان سەرەنگرێ کەوتنو خپ بوون. هەندێکیان بەخۆیانو ماڵو حاڵیانەوە بەزەویدا رۆچونو چوونە دەریای نەمانەوە، هەندێکیان لەدەریادا خنکانو هەمیشە نەفرینیان لێ دەکرێو فیرعەون پێشەوایان بوو بۆ دۆزەخ!

ئەمانە چیرۆکو سەربردەی دانیشتوی چەند گوندو شارێک بوون: کە لەسەر دەمی جیا جیادا بەهیلاکمان بردنو ۆۆتی دەگێڕینەوە، لەوەپێش تۆ هیچ زانیارییەکت دەربارەیان نەبوو، ئێمە بەهۆی نیگاو سروشەوە ئەم غەیبە نەزاندراوەت فێر دەکەین، تۆش بۆ گەلەکەتی بخوێنەوە پێیان رابگەیەنە بۆ ئەوەی پەندو عیبرەتی لێ وەربگرن!

هەندێ لەو شارو گوندانەی وێرانمان کردنو دانیشتوانەکانمان لەناوبردوون تا ئێستاش شوێنەوارو کەلاوەکانیان ماون، شایەتی زیندون بۆ هێزو توانای ئەو گەلو نەتەوانەو ئاستی بیناسازییان، سەیری پاشماوەو

کەلاوەکانی گەلی عاد لەوەلاتی ئەحقافو شوێنەواری گەلی ثەموود لەوەلاتی حیجردا بکەنو پەندی لیٚ وەربگرن!

هەندێکی تر لەو شارو گوندانە ئاسەواریان نەماوە، دەڵێی کشتو کاڵی دراواوەنو لەسەر زەوی هەڵکەندراونو روی زەوییان لیٚ پاک کراوەتەوە. وەکو: ئەوەی بەسەر گەلی نوحو گەلی لوط هات، وەلاتو خانووبەرەیان ئاداری بەسەر پادارییەوە نەماوەو خۆشیان لەبیر چوونەوە!

﴿وَمَا ظَلَمْنَاهُمْ﴾ ئێمە کە لەناومان بردنو وەلاتمان وێران کردن ستەممان لیٚ نەکردن، بەبیٚ تاوانو ئەوەمان بەسەر نەهێنان ﴿وَلَكِنْ ظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ﴾ بەڵکوو ئەوان بۆ خۆیان ستەمیان لەخۆیان کرد.. کە سوور بوون لەسەر کوفرو ستەمکاری خۆیان، بەردەوام بوون لەسەر پەرستنی غەیری پەروەردگار، وازیان لەئاشوبو فیتنە جۆیی نەهێنا، ئامێری هەستی خۆیان لەکار خست، پشتیان لەهیدایەت هەڵکردو روویان لەبانگەوازی پێغەمبەران وەرگێڕا، پێغەمبەرانیان بەدرۆ خستنەوە، گاڵتەیان بەهەڕەشەو ترساندنی خودا دەهات، بتمانەیان بەبتو خوداکانیان هەبوو کە لەزیانو نارەحەتی دەیانپارێزن! بۆیە ئەوەیان بەسەر هات: کە بەسەریان هات ﴿فَمَا أَغْنَتْ عَنْهُمْ آلِهَتُهُمُ الَّتِي يَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللهِ مِنْ شَيْءٍ لَمَّا جَاءَ أَمْرُ رَبِّكَ﴾ ئەو کاتەی فەرمانی خودای مەزن دەرچوو بەلەناو بردنیان خودا درۆزنەکانیان هیچ سودو نەفعێکیان بۆیان نەبوو، ئەو بتو صەنەمانەی کە لەجیاتی خودا بەندایەتیان بۆ دەکردن دادیان نەدانو عەزابی ریشەکێشکەریان لیٚ دوور نەخستنەوە، بەڵکوو زیانیان پیٚ گەیاندنو بوون بەمایەی لەناوبردنو بەفتارە چوون بۆیان ﴿وَمَا زَادُوهُمْ غَيْرَ تَتْبِيبٍ﴾ بەردەوامیو سوور بوونیان لەسەر بتپەرستیو بەندایەتی کردن بۆ غەیری خودا وێرانیو فەوتانی بۆ زیاد کردن، جگە لەخەسارەتمەندیو بەهیلاک بردنیان هیچ سوودێکی تریان بۆیان نەبوو، چونکە ئەوان پشتیان بەو بتو صەنەمانە بەستو رو وەرگێرانو گاڵتە

بەپێغەمبەرانیان زیاد کرد، پەروەردگاریش تۆڵەو عەزابو وێرانیو سەرگەردانی بۆ زیاد کردن! بەهۆی پەرستش بۆ ئەو بتانە خودا سزای توند تر کردنو بەسامناکترین شێوە لەناوی بردن.

﴿وَكَذَٰلِكَ أَخْذُ رَبِّكَ إِذَا أَخَذَ الْقُرَىٰ وَهِيَ ظَالِمَةٌ﴾ وەکوو ئەو سزادانو غەزەب لێ گرتنە سامناکەی کە خودای تۆ ئەی موحەممەد! دانیشتوی ئەو شارو گوندانەی پێ گرتن، وەکوو ئەو وێرانیو لەناوبردنەی بەسەر گەلی نوحو قەومی عادو ثەموودو غەیری ئەوانیشمان هێنا کاتێ ستەمیان لەخۆیان کردو پەیامی پێغەمبەرانیان رەتکردەوە، هەمان عەزابو سزا دەنێرین بۆ سەر گەلو نەتەوەی تر هەر کاتێ ستەمیان لەخۆیان کردو سەرپێچی فەرمانی خودایان کرد! چۆن گەلو نەتەوە پێشینەکانمان لەناو بردن ئاواش گەلو نەتەوەی تر لەناو دەبەین هەر کاتێ رەچاوی ئەوان بکەن. ﴿إِنَّ أَخْذَهُ أَلِيمٌ شَدِيدٌ﴾ بێگومان تۆڵەساندنو سزاو گرتنی خودا بۆ ستەمکاران سامناکو بەئازارو پڕ ئەندێشەیەو رزگار بوونی لێ ناکرێ!! ئیمام ئەحمەدو بوخاریو موسلیمو تیرمیذیو ئیبنو ماجە لەئەبو موسای ئەلئەشعەرییەوە خودایان لێ رازی بێ، ریوایەتیان کردوە، وتوویەتی: پێغەمبەر فەرموویەتی: (خودا مۆڵەتی ستەمکار دەدا تا ماوەیەک بەڵام کە گرتی ئیتر رزگار بوونی نیە، ئەمجار ئایەتی ﴿وَكَذَٰلِكَ أَخْذُ رَبِّكَ إِذَا أَخَذَ الْقُرَىٰ وَهِيَ ظَالِمَةٌ إِنَّ أَخْذَهُ أَلِيمٌ شَدِيدٌ﴾ی خوێندەوە.

دەی با ستەمکاران پەندو عیبرەت وەربگرنو لەخۆیان بایی نەبنو بگەڕێنەوە بۆ لای خوداو واز لەستەمکاری بێنن!!

پەند وەرگرتن لەچیرۆکەکانی قورئان بەسزای قیامەت

أَلِيمٌ شَدِيدٌ ﴿١٠٢﴾ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً لِّمَنْ خَافَ عَذَابَ الْآخِرَةِ ۚ ذَٰلِكَ يَوْمٌ مَّجْمُوعٌ لَّهُ النَّاسُ وَذَٰلِكَ يَوْمٌ مَّشْهُودٌ ﴿١٠٣﴾ وَمَا نُؤَخِّرُهُ إِلَّا لِأَجَلٍ مَّعْدُودٍ ﴿١٠٤﴾ يَوْمَ يَأْتِ لَا تَكَلَّمُ نَفْسٌ إِلَّا بِإِذْنِهِ ۚ فَمِنْهُمْ شَقِيٌّ وَسَعِيدٌ ﴿١٠٥﴾ فَأَمَّا الَّذِينَ شَقُوا فَفِي النَّارِ لَهُمْ فِيهَا زَفِيرٌ وَشَهِيقٌ ﴿١٠٦﴾ خَالِدِينَ فِيهَا مَا دَامَتِ السَّمَاوَاتُ وَالْأَرْضُ إِلَّا مَا شَاءَ رَبُّكَ ۚ إِنَّ رَبَّكَ فَعَّالٌ لِّمَا يُرِيدُ ﴿١٠٧﴾ ۞ وَأَمَّا الَّذِينَ سُعِدُوا فَفِي الْجَنَّةِ خَالِدِينَ فِيهَا مَا دَامَتِ السَّمَاوَاتُ وَالْأَرْضُ إِلَّا مَا شَاءَ رَبُّكَ ۖ عَطَاءً غَيْرَ مَجْذُوذٍ ﴿١٠٨﴾ فَلَا تَكُ فِي مِرْيَةٍ مِّمَّا يَعْبُدُ هَٰؤُلَاءِ ۚ مَا يَعْبُدُونَ إِلَّا كَمَا يَعْبُدُ آبَاؤُهُم مِّن قَبْلُ ۚ وَإِنَّا لَمُوَفُّوهُمْ نَصِيبَهُمْ غَيْرَ مَنقُوصٍ ﴿١٠٩﴾

ئەم کۆمەلە ئایەتەش پەیوەندییان بەئایەتەکانی پێشەوە هەیە. بۆ پەند وەرگرتن لەچیرۆکی گەلە ستەمکارەکان، جا دوای ئەوەی پەروەردگار باسی پەند وەرگرتن لەبەهیلاکبردنی گەلە ستەمکارەکانی جیهانی کرد، دێتە سەر باسی پەند وەرگرتن بەپاداشو سزای قیامەت بۆ بەختەوەرانو بەدبەختان!

ئەمەش لەرووی رانواندنی بەڵگەو دەلیل لەسەر راستگۆیی پێغەمبەرانو راستی وادەی پەروەردگار، هەروەها ترساندن لەسەرپێچی کردنی خوداو کافر بوون بەوادەو هەرەشەکانی. هەڵنانی ئادەمیزادان بۆ طاعەتکردنی پەروەردگار.

ئەو گرتنە گورچکبڕە کە لەدونیادا پەروەردگار ستەمکارانی پیێ گرتو لەناوی بردن، نیشانەی عەزابی قیامەتە، هەر کەسێ لەسزای قیامەت بترسێ دەبێ ئەو جۆرە سزایانە بخاتە پێش چاوی خۆیو پەندو عیبرەت وەربگرێ. واتە: ئەوانەی چاوی دڵیان رۆشنو بینایە، هەست بەوە دەکەن: کە ئەو کەسەی لەم لە جیهانەدا ستەمکاران بەو شێوە لەناو دەبا، لەقیامەتیشدا بەدۆزەخ سزایان دەدا.

دەفەرموێ: ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً لِّمَنْ خَافَ عَذَابَ الْآخِرَةِ﴾ بێگومان لەم چیرۆکانەی باسمان کردنو بەهیلاکچوونی ستەمکارانو رزگار بوونی بڕوادارنیان لەخۆ گرتبوو، بەڵگەی بەهێزو ئاشکرا هەن لەسەر راستی وادەو بەڵێنی خودا دەربارەی پاداشو سزای قیامەت؛ بۆ کەسانێک بڕوایان بەقیامەت هەیەو لەسزاو ئازاری سامناکی دەترسن! لەدونیادا خۆیان لەکوفرو ستەمکاریو سەپێچی فەرمانی خودا دەپارێزن، چونکە دەزانێ: ئەوەی پێغەمبەران هەواڵیان پێداوە لەزیندو بوونەوەو پاداشو سزا راستەو گومانی تێدا نیە، دەزانێ: ئەو کەسەی لەدونیادا سزای ستەمکارانی داوەو لەناوی بردوون دەتوانێ لەقیامەتیشدا سزایان بدا، دەزانێ ئەو سزاو عەزابەی لەدونیادا یەخەی تاوانبارانی گرت نموونەیە کە بۆ عەزابی قیامەت..

زومەخشەری لێرەدا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ﴾ ئاماژەیە بۆ چیرۆکو سەرگورشتەی گەلە ستەمکارە لەناوبراوەکان کە خودا لەسەر تاوانو ستەمکارییان لەناوی بردن.

کە دەفەرموێ: (لَآيَةً) واتە: لەم چیرۆکانەدا پەندو عیبرەت هەیە بۆ کەسانێک کە لەعەزابی قیامەت دەترسن. چونکە ئەوانە دەڕواننە ئەو سزاو

عەزابەی بەسەر ئەواندا درا لەدونیادا لێیان روونە ئەوە نموونەی عەزابی قیامەتە، جا کە عەزابو نارەحەتیو توندو تیژی ئەو سزایانەیان هێنایە پێش چاوی خۆیان، پەند ئامێز دەبن، ترسی خودایان لێ دەنیشێ...

﴿ذَٰلِكَ يَوْمٌ مَّجْمُوعٌ لَّهُ النَّاسُ﴾ ئەو رۆژە رۆژی عەزابی قیامەتە، هەموو ئادەمیزادی تێدا کۆدەکرێنەوە، لەیەک کەسەوە تا دواکەس لەو رۆژەدا گرد دەکرێنەوە، بۆ ئەوەی حیسابیان لەگەڵ بکرێو لەسەر کردەوەکانیان پاداشو سزا بدرێنەوە. وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وحشرناهم فلم نغادر منهم احداً﴾الكهف/٤٧. خەڵکەکە بەدەست خۆیان نیە، زیندوودەکرێنەوە، راپێچ دەکرێن بۆ دەشتی مەحشەر بەبێ ئەوەی هیچ ویستو ئیرادەیەکیان هەبێ، هەموویان کۆدەکرێنەوە، هەموویان چاوەڕوانن چی دەبێو چی رو دەدا!!!

﴿وَذَٰلِكَ يَوْمٌ مَّشْهُودٌ﴾ ئەو رۆژە رۆژێکی گەورەو سامناکە، رۆژێکی گەورەیە: فریشتە ئامادەی دەبن، پێغەمبەران تێیدا کۆدەبنەوە، خودا تێیدا حاکمەو پێغەمبەرانو شەهیدانو پیاوچاکان شایەتو گەواهیدەرن!!

رۆژێکی گەورەیە، چونکە مەخلوقات سەر لەبەر هەموویان تێیدا کۆدەبنەوە؛ ئادەمیزادو جندۆکەو باڵندەو درندەو ئاژەڵو خشۆکو هەموو گیانلەبەرێک بەبێ ئیستیثناء تێیدا کۆدەبنەوە، دادوەر خودای عادڵو زاناو دانایە، کەس بەئەندازەی تۆزقاڵێک ستەمی لێ ناکرێ!

هەڵسووڕانی کاروباری بوونەوەر لەدونیاو لەقیامەتدا هەر لەزەرەتامەجەرە بەهەموو رووداوو لەناوبردنو عەزاب ناردنە سەرو عەزاب هەڵگرتنو باران بارینو هێنانو بردنی هەورو لێدانی بومەلەرزەو صاعیقەو تۆفانو رەشەباو زریان...هتد هەمووی بەدەست خودایەو بەویستی ئەو دێنە جێو نامێنن! سروشت (طبیعة) بۆ خۆی هیچ دەورێکی لەو رووداوانەدا نیە، ئەویش مەخلووقێکی فەرمان پێکراوەو هیچی تر! ئەوەی ماددییەکان دەیڵێن:

گوایە تۆفانو هەورە بروسکەو زەوی رۆچونو بومەلەرزە، کاروباری سروشتینو خودا چ دەخڵێکی تێیاندا نیە، بۆ خۆیان گوت: بەڵێ بۆ خۆیان گوت. ساکار ترین رەتدانەوەی ئەوانە ئەوەیە: کە ئەو عەزابو سزایانەی یەخەی ئەو گەلە ستەمکارانەی گرتووە پێش وەخت پێغەمبەرەکانیان ئینذاریان کردونو کاتی دیاریکراویان بۆ داناونو بەتەحدید کاتی هاتنی عەزابەکەیان دیاری کردوە، ئەی ئەوە نیە حەزرەتی صالح فەرمووی: ﴿تمتعوا في داركم ثلاثة ايام ذلك وعد غير مكذوب﴾هود/٦٥. حەزرەتی (لوط)یش فەرموی: ﴿ان موعدهم الصبح﴾هود/٨١.

ئەمجار پەروەردگار هەواڵی دواخستنی قیامەتو هاتنی عەزابی خۆی رادەگەیەنیو دەفەرموێ: ﴿وَمَا نُؤَخِّرُهُ اِلاَّ لِأَجَلٍ مَعْدُودٍ﴾ ئێمە هەڵسانی قیامەت دواناخەین مەگەر بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کە خۆمان لەزانستی خۆماندا دیاریمان کردوە، هیچ زیادو کەمییەکی تێدا ناکریو پاشو پێش ناکا، هەر کاتێ تەمەنی دونیا تەواو بوو قیامەت رادەبیو کۆتایی بەژیان دێ! پەروەردگار کەسی بەسەر زانیاری کاتی هاتنی رۆژی قیامەتدا ئاگادار نەکردوە، ئەو زانیارییە تایبەتە بەزاتی خۆیەوەو کەسی تر نایزانێ...

﴿يَوْمَ يَأْتِ لاَتُكَلَّمُ نَفْسٌ اِلاَّ بِإِذْنِهِ﴾ لەو کاتەی رۆژی قیامەت دێ هیچ زیندەوەرێکی خاوەن نوتقو قسە، ئاخاوتنی بۆ ناکرێ، مەگەر خودا رێگەی بدا، چونکە لەو رۆژەدا کەس ئیرادەو ئیختیاری نیە، بەبێ ئیزن وەرگرتن کەس قسەو کردەوەی بۆ ناکرێ! هەر خودا خاوەنی فەرمانو جڵەوگیرییە، کەسی تر دارای هیچ نیە. وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿يوم يقوم الروح والملائكة صفاً، لايتكلمون الا من اذن له الرحمن وقال صواباً﴾النبأ/٣٨. یان دەفەرموێ: ﴿يؤمئذ يتبعون الداعي لاعوج له، وخشعت الأصوات للرحمن فلا تسمع الا همساً﴾طه/١٠٨.

بێدەنگی یەکی سامناک هەموو مەخلووقات دادەپۆشێ، ترسێکی گشتی خۆ بەسەر مەشهەدو ئامادەبوانی مەشـهەدەکەدا باڵ دەکێشێ! کەس زاتی ناهێنێ داوای قسە کردن، بکا، کەس ورتەی لەدەم نایەتە دەرێ، بەڵام جاری وادەبێ خودای مەزن ڕێگە دەدا بەهەندێ کەس قسەیەک بکاو پەردەی بێدەنگی بدڕێنێ!

﴿فَمِنْهُمْ شَقِيٌّ وَسَعِيدٌ﴾ لەو حەشاماتەی کۆبۆتەوە لەو ڕۆژەدا هەیانە بەدبەختو نەگبەتە بەهۆی کوفرو بێدینی لەژیانی دونیایدا، هەشیانە بەختەوەرو کامەرانە، تاقمو کۆمەڵی بەهەشتی رازاوەیە؛ چونکە لەژیانی دونیادا بڕوای راستی هەبوەو بەردەوام بووە لەسەر خوداپەرستی وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿فريق في الجنة، وفريق في السعير﴾الشورى/٧.

جا هەر کەسێک ویسترابێ بەدبەخت بێو کاری خراپەی کردبێ ئەوە ئەهلی شەقاوەتە، کەسێکیش ویسترابێ خێرو خۆشی پێ بگاو کاری خێری ئەنجام دابێ ئەوە لەئەهلی سەعادەتو بەختەوەرانە، هەر کەسەو ڕێرەوی ڕێگای بۆ دیاریکراوی خۆیەتی، بۆ چ لایەک دروست کراوە ئەوە ئەنجام دەدا! تیرمیذیو ئەبو یەعلاو هی تریش لەعومەری کوڕی خەتتابەوە ریوایەت دەکەن، دەڵێن: عومەر ﷺ دەڵێ: کە ئایەتی ﴿فَمِنْهُمْ شَقِيٌّ وَسَعِيدٌ﴾ هاتە خوارێ پرسیارم لەپێغەمبەر کرد وتم: ئەی پێغەمبەری خودا! لەسەر چی کار بکەین؟ لەسەر شتێک کە بڕاوەتەوە یان لەسەر شتێک کە نەبڕاوەتەوە؟ لەوەلامدا فەرمووی: کار بکەن لەسەر شتێک کە بڕاوەتەوەو مۆر کراوەو قەڵەمی بەسەردا هاتووە، وەلێ هەموو کەس پەیڕەوی ئەو ڕێبازە دەکا کە بۆی دیاری کراوەو بۆی دروست کراوە ئەمجار ئەم ئایەتانەی خوێندەوە: ﴿فأما من أعطى اتقى، وصدق بالحسنى فسنيسره لليسرى، واما من بخل واستغنى وكذب بالحسنى فسنيسره للعسرى﴾الليل/٥-١٠.

مەبەست ئەوەیە: خودا بۆ خۆی غەیب زانەو ئاگاداری روداوی داهـاتووە. دەزانێ چ دەبێو چ رو دەدا، دەزانێ کێ چ دەکاو سەرەنجامی کارەکان چۆنە، هەموو کاروبارێکی لەکتێبی غـەیبی خۆیدا تۆمـار کـردوە.. پێغەمبەر ﷺ لەفەرمودەکەیدا ئـەوەمان فێر دەکـا: کـە سـزاو پـاداش لەسـەر کـردەوە دەدرێنەوە، هەموو ئادەمیزادێك ئەو رێبازەی بۆ ئاسانکراوە کە بـۆی دیـاری کراوە، جا رێبازەکەی سەربکێشێ بۆ کامەرانی بەهەشـت، یـان بـۆ بەدبـەختی ناو دۆزەخ، ئەو ئامادەباشیو عەزیمەتەی پـێی دراوە، رۆڵـی خۆیـان دەگـێڕن لەبـەخێو کردنی نـەفسو رامکردنـی بـۆ ئـەو رێبـازەی پـێی سـپێردراوەو بەختەوەری لێ چنگ دەکەوێ.

ئـەمجار پـەروەردگار سزاو پاداشـی هـەردوو تاقمەکـە دیـاری دەکـاو دەفەرموێ: ﴿فَأَمَّا الَّذِينَ شَقُوا فَفِي النَّارِ لَهُمْ فِيهَا زَفِيرٌ وَشَهِيقٌ﴾ جا ئەوانـەی بەدبەختن لەژیانی دونیادا بەهۆی ئەو کردەوە ناشیرینانەی ئـەنجامیان داوە، کـە لـەئاکامی بـیرو بـاوەڕی فاسـیدو پوچـی بـەجێماو بۆیـانو شـوێنکەوتنی خراپەکاران لەکردارو گوفتـاردا هـەتا وایـان لێ هـات لـەتاوانو خراپـەکاریدا نوغرۆ بوونو روناکایی بیرو باوەڕی سروشتییان کوژایەوەو دڵیـان تـاریك بـوو گومڕا بوون، موستەحەقی چوونە ناو دۆزەخ بوون، ئاگر بەشی ئەوانەو جیگـای حەوانەوەو پشودانیانە. ئـەوان لـەناو ئـەو دۆزەخـەدا شـینو شـەپۆڕیان هەیـەو هەناسە سوارنو نرکەو هانکە هانکیان لێ دێ، سینگیان تەنگ دەبـێ لرخـەو پرخەو لرفەو دادو فیفانیانو شاتە شاتیان جیهانێك پڕ دەکا!!

﴿خَالِدِينَ فِيهَا مَادَامَتِ السَّمَوَاتُ وَالأَرْضُ﴾ ئەوانـە لـەناو دۆزەخدا دەمێننەوە بۆ هەتا هەتایە، مـانەوەکەیان لەوێدا بەردەوامو نەبڕاوەیە، تا ئـەو ئاسمانـەی لەسـەریانەو ئـەو زەوییـەی لەسـەرنی بمێننـەوە ئـەوانیش لـەناو دۆزەخدا دەمێننەوە، مەبەست بەم تەعبیرە قورئانییە مانەوەیانە لەناو ئاگردا بۆ هەتا هەتایە. کۆتایی نەهاتنی سزاکەیانە.

مەبەست بە(السموات) لێرەدا ئاسمانی هەر یەکێ لەئەهلی دۆزەخو ئەهلی بەهەشتە، واتە: ئەو سەقفەی لەسەریانە، مەبەستیش بە(الأرض) لێرەدا ئەو زەوییە: کە ئەوان لەسەرنیو کەوتۆتە ژێریانەوە. چونکە لەقیامەتدا ئاسمانو زەوی ئێستا نامێنێو دەگۆڕدرێن؛ وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿یوم تبدل الأرض غیر الأرض والسموات﴾ابراهیم/٤٨. یان دەفەرموێ: ﴿واورثنا الأرض نتبوا من الجنة حیث نشاء﴾الزمر/٤٨.

هەروەها چونکە پێویستە بۆ ئەهلی قیامەت ئاسمانێک هەبێ دایانپۆشێو زەوییەک هەبێ هەڵیانگرێ! هەر شتێک لەسەرتەوە بێ بەئاسمان حیسابە بۆ تۆ.

ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: لەقیامەتدا بۆ هەموو کەس زەوێو ئاسمان هەیە.

﴿إِلَّا مَاشَاءَ رَبُّكَ﴾ واتە: ئەم مانەوەیان لەدۆزەخدا بەردەوامو نەبڕاوەیە: مەگەر خودای تۆ مەیلی بێنێ، ئەم یاسایە بگۆڕێ لەشێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی تر! مەبەست بەم تەعبیرە بەردەوامو مانەوەی ئەبەدییە، چونکە مانەوەی موشریکان لەناو دۆزەخداو مانەوەی بەهەشتییەکان لەبەهەشتدا چەسپاوو سەلمێنراوە.

کەوابوو مەبەست ئەوەیە: مانەوە هەتا هەتاییەکە بەویستی خودایەو هیچ شتێک لەدونیاو لەقیامەتدا بەبێ مەشیئەتی خودا نابێ، لەزمانی عەرەبیدا ئەگەر کەسێک بیەوێ تەعبیر لەبەردەوامی شتێک بداتەوە، دەڵێ: (هذا دائم دوام السموات والأرض) زانایانی تەفسیر زۆر راوو بۆچونیان لەسەر ئەم ئیستثنایە دەربڕیوە، گرنگەکانیان ئەمانەن:

زومەخشەری دەڵێ: ئیستیثنائەکە رو دەکاتە وشەی: (خالدین)ی ناو ئایەتەکە، واتە: ئەهلی دۆزەخ بەبەردەوامی لەناو ئاگردا نامێننەوە، بەڵکوو دەگوێزرێنەوە بۆ ناو زەمهەریر، هەروەها جگە لەئاگر بەچەند جۆری تریش

عەزاب دەدرێن، لەوانەیە سزاکەیان لەسزای ئاگر بەئێش تر بێ، ئەویش نارەزامەندی خودایە لێیان. هەروەها ئەهلی بەهەشت جگە لەنازو نیعمەتی بەهەشت خۆشی تریان تووش دێ، وەکوو رەزامەندی خودا لێیان، جگە لەبەهەشت پەروەردگار بەفەضلی خۆی نیعمەتی وایان پێ دەبەخشێ چۆنیەتەکەی نازاندرێو وەصفی ناکرێ.

واتە: ئەهلی دۆزەخو ئەهلی بەهەشت بەبەردەوامی دەمێننەوە مەگەر خودا بیەوێ ئەو شێوە ژیانەیان بگۆڕێ، سزایان زیاد بکا یان کەمی بکا، نازو نیعمەتیان بۆ زیاد بکا یان کەمی بکاتەوە.

مەبەست ئەوەیە: هەموو شتێک لەژێر دەسەلاتی خودا دایەو بەویستی خۆی زیادو کەمی دەکا.

ئەبو حەییان لەتەفسیری بەحری موحیطدا دەڵێ: وا پێدەچێ ﴿إِلَّا مَاشَاءَ اللَّهُ﴾ چەرتکردنەکە روبکاتە ئەو کاتو زەمانەی کە لە﴿خَالِدِينَ فِيهَا مَادَامَتِ السَّمَوَاتُ وَالأَرْضُ﴾ وەردەگیرێ. واتە: ئەوانە لەدۆزەخدان، مەگەر ئەو کاتو زەمانەی خودا دەیەوێ لەوێدا نەبن، یان ئەوانە لەبەهەشتدان مەگەر ئەو کاتە نەبێ کە خودا دەیەوێ لەوێدا نەبن، ئەمەش دەگونجێ ئەو کاتو زەمانە بێ کە خودا حیسابو لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکا، کەوابێ زەمانە چەرتکراوەکە ئەو کاتە دەبێ کە خەڵکە لەدەشتی مەحشەردا دەمێننەوە.

ئەگەر ئیستیثنائەکە رو بکاتە (خالدین) ئەو کاتە بەنیسبەت ئەهلی دۆزەخەوە ماناکە ئاشکرایە، چونکە دەگونجێ زەمانە چەرتکراوەکە ئەو زەمانە بێ کە هەندێ لەئەهلی دۆزەخ: کە موسوڵمانی تاوانبارن، پاش پاکبوونەوەو سزادانیان بەئەندازەی تاوانەکانیان لەدۆزەخ دەردێندرێنو دەبرێنە بەهەشت. بەڵام ئەم جۆرە ماناکردنە بەنیسبەت ئەهلی بەهەشتەوە ناگونجێ، چونکە هەر کەسێ چووە ناو بەهەشت ئیتر لێی دەرناچێو دەرناکرێ..

﴿إِنَّ رَبَّكَ فَعَّالٌ لِّمَا يُرِيدُ﴾ بێگومان خودای تۆ هەرچی بۆێ دەیکا: بەگوێرەی زانیاری‌و دانایی خۆی چی بوێ لەگەڵ ئەهلی دۆزەخی دەکا، هەروەکوو چۆن چی بوێ بیدا بەبەهەشتییەکان پێیان دەدا.

ئەمجار پەروەردگار پاداشی تاقمی دووەم تاقمی بەختەوەرەکان دیاری دەکاو دەفەرموێ: ﴿وَأَمَّا الَّذِينَ سُعِدُوا فَفِي الْجَنَّةِ خَالِدِينَ فِيهَا مَادَامَتِ السَّمَوَاتُ وَالْأَرْضُ إِلَّا مَاشَاءَ رَبُّكَ عَطَاءً غَيْرَ مَجْذُوذٍ﴾ واتە: ئەهلی سەعادەت: کە شوێنکەوتووی پێغەمبەرانن، ئەوانە شوێن‌و ماوایان بەهەشتەو بۆ هەتا هەتایە تێیدا دەمێننەو، هەتا ئاسمانی بەهەشتیان بەسەرەوە بێ‌و زەوی بەهەشتیان لەژێرەوە بێ بەویستو ئیرادەی خودا تێیدا دەمێننەوە، ئەو بەهەشتە بۆ ئەوان بەخششێکی نەبڕاوەو نایاساغە، بۆ هەتا هەتایەیە!

ئیبنو کەثیر دەفەرموێ: مەعنای ئیستیثنائەکە لێرەدا ئەوەیە: کە مانەوەی ئەهلی بەهەشت لەناو ئەو نازو نیعمەتانەدا شتێک نیە لەبەر زاتی خۆی پێویست بێ (واجب لذاتە) نیە بەڵکوو پابەندە بەویستو ئیرادەی خوداوە، بۆیە هەمیشە منەتو بەخشایندەیی خودا لەسەریانەو ئەوانیش تەسبیح‌و تەمجیدی خودا دەکەن لەپاساوی ئەو بەهرەو بەخششانەدا.

هەریەکێ لەپاداشی بەهەشتو سزای دۆزەخ بەویستو ئیرادەی خودا بەردەوامەو بەگوێرەی عەداڵەتکاری‌و دانایی خودا لەپاساوی کردەوەکانیان!!

عەزابی ئەهلی دۆزەخ بەردەوامەو پابەندە بەویستو ئیرادەی خوداو سزای کردەوەکانیانە.

نیعمەتو لەززەتی بەهەشت بۆ بەهەشتییان ئەویش پابەندە بەمەشیئەتی خوداوەو پاداشی کردەوەکانیانە.

بەڵام ئەوەندە هەیە پەروەردگار لەکۆتایی باسی دۆزەخییە بەدبەختەکاندا فەرمووی: ﴿إِنَّ رَبَّكَ فَعَّالٌ لِّمَا يُرِيدُ﴾ لەکۆتایی باسی ئەهلی بەهەشتدا فەرمووی: ﴿عَطَاءً غَيْرَ مَجْذُوذٍ﴾ ئەمەش بۆ دڵخۆشکردنی

بڕواداران‌و ئاماژەشە بۆ ئەوە: کە پاداشیٚ موسوڵمانان بەخششێکی خودایەو چاکەیەکی بەردەوامە لەگەڵیان دەکا.

موسلیم‌و بوخاری‌و نەسائی لەئەبو هورەیرەوە فەرموودەیەکی پێغەمبەریان ﷺ ریوایەت کردوە دەفەرمویٚ: (لن يدخل أحد منكم الجنة بعمله قالوا: ولا أنت يا رسول الله؟ قال: ولا أنا الا أن يتغمدني الله برحمته) واتە: هیچ کەس بەهۆی کردەوەی خۆیەوە ناچێتە ناو بەهەشتەوە، هاوەڵان وتیان: تەنانەت تۆیش ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی: تەنانەت منیش، مەگەر خودا بەرەحمەتی خۆی دامپۆشیٚ!

ئەمجار پاش باسکردنی حاڵ‌و چۆنیەتی دۆزەخییەکان‌و بەهەشتییەکان، پەروەردگار هەڕەشەیەکی توند ئاڕاستەی دوژمنانی پێغەمبەر دەکا ﷺ. هەڕەشەی عەزاب‌و لەناوچوونی وەکوو گەلە پێشینەکانیان لیٚ دەکاو دەفەرمویٚ: ﴿فَلَا تَكُ فِي مِرْيَةٍ مِمَّا يَعْبُدُ هَؤُلَاءِ﴾ واتە: ئەی موحەممەد! ئەگەر ئەوەی باسکرا لەچیرۆک‌و سەرگوزەشتەی گەلە ستەمکارە موشریکەکان لەدونیاو قیامەت سەرەنجامی هەموو ستەمکارو موشریکێک بیٚ، ئەوە تۆ ئەی موحەممەد! هیچ شک‌و گومانت نەبیٚ لەسەرەنجامی ئەوەی: کە ئەو موشریکانەی گەلەکەت ئەوانە بت پەرستن، شک‌و گومانت لەفەسادی بیرو باوەڕیان نەبیٚ! هەرچی دەیپەرستن بەتاڵ‌و پووچ‌و نەزانی‌و گومڕاییە، عەزابەکەیان مسۆگەرەو بۆیان دیٚ. ئەمەش دڵدانەوەیە بۆ پێغەمبەر ﷺ هەڕەشەیە لەگەلەکەی.

ئەمجار حاڵ‌و چۆنیەتییان لەعیبادەت کردندا روون دەکاتەوەو پاداشەکەشیان دەست نیشان دەکاو دەفەرمویٚ: ﴿مَا يَعْبُدُونَ إِلَّا كَمَا يَعْبُدُ آبَاؤُهُمْ مِنْ قَبْلُ، وَإِنَّا لَمُوَفُّوهُمْ نَصِيبَهُمْ غَيْرَ مَنْقُوصٍ﴾ ئەوان عیبادەت ناکەن مەگەر وەکوو باوک‌و باپیرانیان دەیکەن! ئێمەش پاداشیان دەدەینەوە بەتەواوی. واتە: ئەوان وەکوو باوک‌و باپیرانیان بتپەرستی دەکەن ئەمانیش

وەکوو ئـەوان نـەفامو نـەزانن، کوێرانـە شـوێنیان کـەوتوون. پـەروەردگار رۆژی قیامەت لەسەر کردەوەکانیان پڕاوپڕ پاداشیان دەداتەوە، سـزایەکی بەئێشـیان دەداو تۆڵـەی باشـیان لێ دەسـتێنێ. بەنیسـبەت کـردەوە باشـەکانی دونیاشیانەوە، وەکوو: بەجێهێنانی صیلەی رەحمو چاکە لەگەڵ باوکو دایـکو یارمەتی کۆست کەوتووان، ئەوە پەروەردگار هەر لەدونیادا جەزایان دەداتـەوە بەرزقو رۆژی زۆرو لابردنـی بـەلاو ناخۆشـی لەسـەریان، جەزایـەکی پڕاوپڕیـان دەداتـەوە، ئـەو خۆشـیو لەزەتـە کاتییـەی دەیـاندرێتێ نیعمـەتو لـەزەتێکی کەمخایەنەو زوو بەسـەر دەچـێ، کـەوابێ باکـەس هەڵنەخەڵـەتێ بـەڕابواردنی کافرو بێدینان، کە هەندێ جار لەخۆشیو لەززەتی دونیادا دەتلێنەوە، چونکـە ئەوان هەر دونیایان هەیەو بێ بەشـن لەنیعمەتـەکانی بەهەشـت، لەقیامـەتدا جگە لەسزای جۆراو جۆری دۆزەخ هیچی تریان نادرێتێ..!

ئایەتەکان بەروونی ئەم حوکمانەیان لێ وەردەگیرێ:

١- هەرچی پێغەمبەران هەواڵیان پـێ داوە لـەڕووداوی رابـوردوو نـەهێنی داهاتوو لەدونیاو لەقیامەتدا سەد دەرسەد راستنو شکو گومانی تێدا نیە.

٢- زیندو بوونەوە حەقو راستەو گومان لەهاتنی قیامەت دا نیـە، وەلێ حیکمەتی خودا واداخوازە کە تا کاتی خۆی نەیە هەڵی نەستێنێ.

٣- دەسەلاتی موطلـەقو رەهـا لـەرۆژی قیامـەتدا بـۆ خـودای مەزنـە، کەس بەبێ ئیزنو رەزای ئەو ناتوانێ شەفاعەت بکا.

٤- ئـادەمیزاد رۆژی قیامـەت دوو تـاقمن: نەگبـەتو بەختـەوەر، نەگبەتـەکان لـەدرۆزەخدانو بەختـەوەران لەبەهەشـتدا. هـەردوولایان تێیـاندا دەمێننەوە بەویستو ئیرادەی خودا بۆ هەتا هەتایە.

٥- جەماوەری زانایان کۆکن لەسەر ئـەوە کـە سـزای کـافران لـەدۆزەخدا بەردەوامو ئەبەدییەو بڕانەوەی نیە. هەروەها موسـوڵمانانیش لەبەهەشـتدا بـۆ هەتا هەتایە دەمێننەوە.

٦- لەززەتی بەهەشت بەردەوامەو بڕانەوەی نیە.

٧- پەرستشی موشریکەکان بۆ بتەکانیان عیبادەتێکی پوچو بێ بناغەیەو عەقڵو مەنطیقوەری ناگرن. بەڵکوو ئەو عیبادەتو پەرستنە لەنەفامیو لاسایی کردنەوەوە سەری هەڵداوە.

٨- پەروەردگار دەرحەق بەکافرانیش عادڵو دادپەروەرە پاداشی کردەوە باشەکانیان لەدونیادا پێ دەداتەوە، بەڵام لەقیامەتدا پاداشیان نیە، چونکە وەرگرتنی کرداری باشیان مەرجە، دەبێ لەبیرو باوەڕەوە سەری هەڵدابێ، کردەوە بێ بوونی ئیمان لەقیامەت سوودی نابێ.

مەبەستەکانی چیرۆکی قورئان:

وا دەبێ چیرۆکێک چەند جارێک بەشێوازی جیا جیا لەقورئاندا دوبارە دەبێتەوە هەر جارە بەبۆنەی شتێکەوە دەهێنرێو کاریگەری تایبەتی خۆی دەبێ. لەگێڕانەوەی چیرۆکی گەلەپێشینەکان لەم سورەتەو سورەتەکانی تریشدا چەند مەبەستێکی سەرەکی هەن، گرنگەکانیان ئەمانەن:

١- هەواڵدان لەسەردەمو مێژووی برێ گەلو نەتەوەی رابوردوو. تیشک خستنە سەر برێ روداوی گرنگ کە لەوەپێش پێغەمبەرو غەیری پێغەمبەر نەیانزانیوە. ئەمەش دەبێتە نیشانەیەکی بەهێز لەسەر راستی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر ﷺ.

٢- هەواڵدان بەهەموو ئادەمیزادان دەربارەی هەوڵو تێکۆشانی پێغەمبەران لەپێناو بڵاوکردنەوەی بانگەوازەیەکەیانو ململانێو بەریەرەکانی کردنیان لەگەڵ گەلەکانیان، بۆ ئەوەی حەقو راستی دەربکەونو بەتاڵ پوچ بکەنەوە. هەروا بۆ زانینی ئاستی بەپیرەوە هاتنو پشت لێ هەڵکردنی گەلەکانیان بۆ پەیامی پێغەمبەرەکانیان. لەهەمان کاتدا تەسەللاو دڵدانەوەیە بۆ پێغەمبەری ئیسلام: کە دڵی بەخۆ نەمێنێو ئەوەی تووشی ئەو بووە تووشی پێغەمبەرانی پێش ئەویش بووە. ئەو چیرۆکانە ئەوەشیان لەخۆ

گرتووە: کە پێغەمبەران مامۆستای راستەقینەی بانگخوازانی ئیسلامن و پێویستە بانگەوازیکەران بیانکەنە نموونەو پێشەواو شوێنیان بکەون، جیهادو تێکۆشانو خۆڕاگری لەوانەوە فێر بن.

٣- ئەو چیرۆکانە ئەوەشیان لێ وەردەگیرێ: کە هەموو پێغەمبەران لەیەک سەرچاوەوە پەیامی خۆیان هەڵێنجاوە هەموویان لەبنەمەی پێغەمبەرایەتیەکەیاندا دەبنە یەکئو پەیامی ئەویان پشتگیری ئەمیان دەکا لەبواری یەکتاپەرستی و بڕوا بەهاتنی رۆژی قیامەتو زیندوبوونەوەی هەموو گیانلەبەرانو پاداشو سزادانەوەی بڕوادارو بێ بڕوایان یەکنو جودا وازی لەپەیامەکەیاندا نیە!

٤- چیرۆک عونصورێکی کێشکەرو مەرغووبە، کاریگەری خۆی هەیە لەبواری بەخێوکردنو فێر کردنو چەسپاندنی شت بەبەڵگەی عەقڵیو بەرودای حیسسی. بۆ گەورەو پچوک بەسوودە، ژنو پیاوو کچو کوڕ چێژی خۆیانی لێ دەکەن، ئەمەش سەر دەکێشێ بۆ چاندنو رسکانی تۆوی ئیمانو باوەڕ لەدڵاندا، هەڵنانی خەڵک بۆ طاعەتو خودا پەرستی، ترساندن لەگوناهو تاوان، بەجۆرێک دەتوانین بڵێین چیرۆک قوتابخانەیەکی خودایی یە بۆ بڕواداران، بۆ دڵنەوایی پێغەمبەران، واقیعو روداوەکانیان دەخەنە روو، قوتابخانەی فێر بوونی گەلو نەتەوەکانن، مێژووی چیرۆک کۆنو کەوناڕایە. مەوضوعی چیرۆکەکان بەهیلاکبردنی ستەمکارانە مەبەستو ئامانجیش لەو چیرۆکانە پاڵفتە کردنی دڵو دەروونەو ئیصلاحی حاڵو وەزعیانە.

٥- یەکەم مەبەستی سەرەکی چیرۆک لەقورئاندا سەلماندنو چەسپاندنی یەکتاپەرستیو بوونی خودایەکی بالادەستو زاناو دانایە، چەسپاندنی پێغەمبەرایەتیو زیندو بوونەوەی رۆژی قیامەتە.

٦- چیرۆکەکانی قورئان ئەوەمان بۆ روون دەکەنەوە کە ئەرکی سەرەکی پێغەمبەر ﷺ راگەیاندنی نیگاو سرووشەو ترساندنو مژدە پێدانی

ئادەمیزادە، هەڕەشە لێکردنیانە بەهاتنی عەزابی خودا زوو یان درەنگ، بەبێ ئەوەی پێغەمبەر بۆ خۆی چ دەسەلاتێکی لەهاتنو نەهاتنی عەزابەکەیان زوو هاتنو درەنگ هاتنیدا هەبێ. هەروەها سوور بوونی ئەو پێغەمبەرانە لەسەر مەبدەئەکەیانو هەوڵو تێکۆشانی بێ وچانیان دەردەخەن!

٧- چیرۆکەکانی قورئان ئاستی ئامادەباشی ئادەمیزاد بۆ کافر بونو ئیمانهێنان دیاری دەکا.

٨- هەروەها دەسەلاتو توانای خودا دەردەخەن، ئەو سزاو عەزابەی دەینێرێ نموونەیەکی عەزابی قیامەتە.

٩- هەر لەبواری چیرۆکەکانی قورئاندا، پشتگیری خودا بۆ پێغەمبەرەکانیو بەدیهێنانی موعجیزەو ئایەتەکانی خۆی لەسەر دەستی ئەوانو راستکردنەوەی بەڵگە لەسەر ئادەمیزادەکان بۆ ئەوەی هەڵیان بنێ بۆ ئیمانهێنانو قەناعەتکردن بەبانگەوازی پێغەمبەران! بەئاشکرا دەبیندرێ.

١٠- چیرۆکەکانی قورئان هەموویان پەندو عیبرەتن، دەرمانی دڵو دەروون دەکەن.

١١- لەسەروو هەموو ئەو مەبەستانەی باسکران مەبەستێکی گرنگی تر هەیە ئەویش ئەوەیە: هەواڵدانی پێغەمبەرێکی نەخوێندەوار: بەبێ ئەوەی بزانێ بنوسێ یان بخوێنێتەوە، یان چیرۆک گێڕەوەو مێژوو زان بێ، کە ئەویش پێغەمبەری ئیسلامە ﷺ هەواڵدانی ئەو پێغەمبەرە بەئەو سەرگورشتانە بەڵگەیەکی بەهێزە لەسەر پێغەمبەرایەتیو بەرزی پەیامەکەیو هەواڵدانی بۆ بلاوکردنەوەی زانستو زانیاری، هەروەها بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە لەسەر ئەوەی: کە قورئان نامەی خودایەو دەستورو یاسایە بۆ ئادەمیزاد تا رۆژی قیامەت.

سەرەنجامی ناكۆكی پەیدا كردن لەتەورات دا

وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَـٰبَ فَٱخْتُلِفَ فِيهِ ۗ وَلَوْلَا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ لَقُضِىَ بَيْنَهُمْ ۚ وَإِنَّهُمْ لَفِى شَكٍّ مِّنْهُ مُرِيبٍ ﴿١١٠﴾ وَإِنَّ كُلًّا لَّمَّا لَيُوَفِّيَنَّهُمْ رَبُّكَ أَعْمَـٰلَهُمْ ۚ إِنَّهُۥ بِمَا يَعْمَلُونَ



دوای ئەوەی پەروەردگار موشریكەكانی عەرەبی ئاگادار كردەوە بەسەرنجامی گەلو نەوە لەناو براوەكان! لێرەشدا ئەوەیان دەخاتەوە بیر: كە گەلی موسا ناكۆكییان لەتەوراتدا پەیدا كرد، هەیانبوو ئیمانی پێ هێناو هەبوو ئیمانی پێ نەهێنا! ئیتر خودا سزای دانو لەسەر كردەوە خراپەكانیان عەزابی بۆ ناردن. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە: كە كوفر یەك گەلو نەتەوەبەو مێژووی كافرانو هەڵوێستیان لەگەڵ پێغەمبەراندا یەك مێژوو یەك هەڵوێستە...

ئەوەتا: كافرەكانی قورەیش وێڕی ئینكاریكردنی تاكو تەنهایی خودا ئینكاری پێغەمبەرایەتی موحەممەدیش دەكەنو قورئانەكەی بەدرۆ دەخەنەوە، ئەمانیش وەكوو گەلو نەتەوە كافرەكانی پێشوو هەڵوێست دەنوێنن! دەفەرموێ: ﴿ولقد آتينا موسى الكتاب فاختلف فيه﴾ بێگومان ئێمە تەوراتمان دا بەموسا بۆ ئەوەی گەلەكەی بیكەنە بەرنامەو یاساو شەریعەتی خۆیانو بەگوێرەی ئەو كتێبە هەڵسو كەوت بكەن! بەڵام ئەوان لەڕاو بیرو بۆچونو راڤەكردنیاندا كێشەیان تێكەوت هەر كەسە بەئارەزۆی

خۆی مانای لەدەقەکانی دەدایـەوە، بوونـە تـاقم تـاقم گـرۆ گـرۆ، پەرتـەوازە بوونو هەر تاقمەیان دەیەوێ بۆ مەرامی خۆی بیگونجێنێو بیکاتە داردەستی خۆی بۆ دونیا خواردنو چەوساندنەوەی کەسـانی دیکـە، هـەندێکیان ئیمانیـان پێ هێناو ئەوانی دیکە پێی کافر بوون! زوربەی زۆریان لـەو حـەقو راستیەی تەورات بـۆی هێنـا بـوون دوور کەوتنـەوە، هەرچـەندە نامـەی ئاسمـانی بۆیـە نێردراوە یەکتاپەرستی بچەسپێنێ، ئادەمیزادان لەسەر یـەک رێبـازو پـەیڕەوو پرۆگرام کۆبکاتەوە، بەڵام نەتـەوەی موسـا کێشـەیان تێکـەوتو جوداوازییـان پەیڕەو کرد.. کـەوابێ تـۆش ئـەی موحەمـمەد! موبـالات بەهەڵوێسـتی گـەلو نەتەوەکەت مەکە، کە دەربارەی قورئـان کێشـەیان تـێ کـەوتووە هـەندێکیان باوەڕیان پێ کردوە، زوربەشیان بەدرۆت دەخەنەوە! ئـەوە دابـو نـەرێتی گـەلو نەتەوە پێشینەکان بووە لەگەڵ پێغەمبەرەکانیان، تۆ ئـەرکی سەرشـانی خۆت ئەنجام بدەو خەفەت بەوە مـەخۆ کـە بـەدرۆت دەخەنـەوەو پەیامەکـەت رەت دەکەنەوە.

﴿وَلَوْلَا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ لَقُضِيَ بَيْنَهُمْ﴾ ئەگـەر لەبـەر ئـەوە نەبوایە: کە قەزاو قەدەری خودای تۆ، داخوازی ئەوە بووە: کـە بـۆ ماوەیـەکی دیاریکراو کە هاتنی رۆژی قیامەتە عەزابیان بۆ نەنێرێ، ئەوە هەر لـەدونیادا ناوانمان دەکردن، هەر لـەدونیادا عـەزابمان بـۆ دەناردن، سـەرپێچیکارانمان لـەناو دەبـردن، خـودا پەرسـتانمان رزگـار دەکـردن، وەکـوو چـۆن لـەوەپێش دەربارەی گەلو نەتەوە پێشینەکان ئەنجامـمان دا.

﴿وَإِنَّهُمْ﴾ بێگومان گەلو نەتەوەی موسا ﴿لَفِي شَكٍّ مِّنْهُ مُرِيبٍ﴾ دەربارەی تـەورات لەشـکو گومـانێکی زۆر چەواشـەکاردان، چونکـە تـەورات زۆری لێ گۆڕاوە، زۆری لێ فەوتاوە، مێژوو نووسان دەڵێن: کاتێک بابلیـەکان پەیکەری سولەیمانیان سوتاند؛ تەوراتیش فەوتاو لەناو چوو، ماوەیـەکی زۆری

پێ چوو ئەمجار جولەکەکان سەر لەنوێ هەوڵیاندا تەوراتیان نووسیەوە بەڵام بەشێواویو دەست لێدراوی، چونکە نوسخە ئەصلیەکەی نەمابوو!

﴿وَإِنْ كُلاً لَمَّا لَيُوَفِّيَنَّهُمْ رَبُّكَ أَعْمَالَهُمْ﴾ هەر تاقمە لەموسوڵمانانو لەکافرەکان: کە کێشەیان هەیە دەربارەی نامەی خودا، هەموو ئەوانەی: کە جیاوازییان هەبوە لەکتێبی تەوراتو هەندێکیان بڕوایان پێ کردو زوربەشیان ڕەتیان کردەوە، خودای تۆ ئەی موحەممەد! پاداشو سزای خۆیان بەتەواوی دەداتەوە، ﴿إِنَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ﴾ بێگومان پەروەردگار ئاگادارو زانایە بەهەر شتێکی ئەوانە ئەنجامی دەدەن. هیچی لێ هون نابێ!!

پابەند بون و بەردەوام بوون لەسەر فەرمانی خودا

فَٱسۡتَقِمۡ كَمَآ أُمِرۡتَ وَمَن تَابَ مَعَكَ وَلَا تَطۡغَوۡاْۚ إِنَّهُۥ بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرٞ ﴿١١٢﴾ وَلَا تَرۡكَنُوٓاْ إِلَى ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ فَتَمَسَّكُمُ ٱلنَّارُ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ مِنۡ أَوۡلِيَآءَ ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ ﴿١١٣﴾

لەوەپێش پەروەردگار هەڵوێستی جوداخوازانی دەربارەی یەکتاپەرستیو پێغەمبەرایەتی روونکردەوە، بەدوورو درێژی هەڕەشەی جۆراو جۆرو توندی ئاڕاستە کردن، وادەو بەڵێنی بەخوداپەرستان دا، ئەمجار لێرەدا فەرمانی بەپێغەمبەری ئیسلام کرد کە پابەندی ئەو فەرمانو جڵەوگیرییانە بێ کە ئاڕاستەی دەکرێن، ئیستیقامەی هەبێ، بەردەوام بێ لەسەر پابەند بوون بەفەرمانی خودا، دەفەرموێ: ﴿فَاسْتَقِمْ كَمَا أُمِرْتَ وَمَنْ تَابَ مَعَكَ﴾ ئەی موحەممەد! خۆتو ئەوانەی شوێنت کەوتوون، ڕێبازی ئیستیقامە بگرنەبەر،

لەبواری عەقیدەو کردەوەو ئەخلاقدا بەردەوام بن لەسەر رێبازی ئیسلام؛ رێبازی مام ناوەندی پەیڕەو بکەن، بەبێ ئیفراطو تەفریط. لەرێگای راست لامەدەن، بەردەوام بن لەسەر رێبازی خودا پەسەند، کە بریتییە لەیەکتاپەرستی بڕوا بوون بەوەی: کە خودا تاکو تەنیایە لەزاتو لەصیفاتدا، بڕوا بوونە بەغەیبو شتە پەنامەکییەکان: کە بریتیین لە بەهەشتو دۆزەخو زیندوبوونەوەو حیسابو لێکۆڵینەوەو فریشتەو عەرشو هەموو ئەو شتانەی ئایین ئاماژەی پێ کردون.

ئیستیقامە بریتییە: لەپابەند بوون بەهەموو ئەو شتانەی قورئان فەرمانی پێ کردوە لەچوار چێوەی عیبادەتو مامەڵەو بیرو باوەڕەوە، ئیستیقامە پلەیەکی بەرزو پیرۆزە، کەسێک زەخت لەنەفسی خۆی نەکاو هەواو هەوەسی نەخاتە ژێر پێوە ئەو بەهرەیەی گیر ناکەوێ!!

پێغەمبەر ﷺ کە فەرمان بەئیستیقامەی ئاڕاستە کرا، هەستی بەگرنگی ئەم رەوشتە کرد، زانی پابەند بوون بەم رەوشتە چەند کارێکی قورسو گرنگە! تەنانەت فەرموودەیەکی لێوە ریوایەت دەکرێ کە ئاماژەی بەئەم ئایەتەی ئێرە کردوە کە فەرمانی بەئیستیقامە کردوەو فەرموویەتی: (شیبتني هود واخواتها...) چونکە ئیستیقامە یانی مام ناوەندیو میانەڕەویو رێگا گرتنەبەر بەبێ لادانو ئیفراطو تەفریط. ئیستیقامە پێویستی بەدڵ هۆشیاری بەردەوام هەیە، پێویستی بەهەوڵو تێکۆشان هەیە بۆ دۆزینەوەی رێگای راستو رەوان. پێویستی بەتەنظیمو کۆنترۆڵکردنی رەوتی ئادەمیزاد هەیە بۆ ئەوەی رێبازی حەق بەرنەدا، کەوابێ ئیستیقامە چاودێری کردنی هەموو جمو جوڵێکی ژیانەو کێشانیەتی بەتەرازووی وردبینیو وردخوێنی خودایی.

حەزرەتی موساو هارونیش فەرمانیان پێکراوە کە پابەندی پەیامی خودا بنو ئیستیقامەیان هەبێو بەردەوام بن لەسەر رێباوی خۆیان. وەکوو

لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿قد اجیبت دعوتکما فاستقیما ولا تتبعان سبیل الذین لایعلمون﴾یونس/٨٩.

پەروەردگار لەئایەتێکی تردا پاداشی ئەوانە دیاری دەکا کە ئیستیقامەیان پەیڕەو کردوە دەفەرموێ: ﴿ان الذین قالوا ربنا الله، ثم استقاموا، تتنزل علیهم الملائکة الاّ تخافوا ولا تحزنوا وابشروا بالجنة التي کنتم توعدون﴾فصلت/٣٠. ئەوانەی دەڵێن: ئەڵڵا خودامانە، پاشان بەردەوام بوون لەسەر ئەم رەوشتە، فریشتە دادەبارنە سەریانو پێیان دەڵێن: مەترسن خەفەت مەخۆن، موژدەتان لێ بێ بەو بەهەشتەی وادەتان پێدراوە.

کاتێک سوفیانی ثەقەفی لەپێغەمبەری پرسی ئەی پێغەمبەری خودا! شتێکم پێ بڵێ: لەئیسلامدا لەوەبەولاوە دوا تۆ لەکەس پرسیار نەکەم، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (قل آمنت بالله ثم استقم) بڵێ بڕوام بەخودا هەیەو پاشان ئیستیقامەت هەبێو بەردەوام بە لەسەر ئەو بیرو باوەڕەت! هەڵبەتە فەرمانکردن بەپێغەمبەر ﷺ بەئیستیقامە ئەوە ناگەیەنێ: کە پێغەمبەر ئەو رەوشتەی نەبوە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە پێغەمبەر ئەوپەڕی ئیستقامەی هەبوە، کەوابوو مەبەست بەم فەرمانکردنە پێی بەئیستقامە بەردەوام بوونو پابەندبونە بەو رێبازو پەیامەی بۆ نێردراوە، پەروەردگار فەرمان بەپێغەمبەرو شوێنکەوتوانی دەکا: کە بەردوام بن لەسەر ئیستیقامە چونکە ئیستیقامە باشترینو کاریگەر ترین چەکە بۆ سەرکەوتنو زاڵبوون بەسەر دوژمناندا. لەهەمان کاتدا هەڵنانی تێدایە بۆ موسوڵمانان، چونکە لەکاتێکدا فەرمان بەپێغەمبەر بکرێ بە ئیستیقامە موسوڵمانان بە(طریق الاولی)وە دەبێ پابەند بن.

ئایەتەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکا: کە شوێنکەوتنی دەقە شەرعییەکان پێویستەو نابێ هیچ ئەملاو ئەولای تێدا بکرێ.

دەسەڵاتدان بەعەقڵ بۆ ئەوەی بچێتە ناو باسو خواسی تایبەت بەزاتی خوداو صیفاتەکانی، دەم تێوەردان لەعالەمی غەیبو چۆنیەتی فریشتەو بەهەشتو دۆزەخ..هتد. زێدە رەویکردنە لەدەسەڵاتی عەقڵدا، چونکە گەورترین عاقڵمەندو فەیلەسووف نازانن حەقیقەتی خۆیان چیەو چۆنە، بەڵکوو نازانن: حەقیقەتی گیانلەبەرانی تریش چۆنەو چۆن نیە، دەی چۆن پەی بەحەقیقەتی زاتی خوداو صیفاتەکانی دەبەن؟ یان چۆن پەی بەحەقیقەتی فریشتەو شتە پەنامەکییەکانی تر دەبەن؟!

بەراستی لادان لەشوێنکەوتنی دەقەکانی قورئانو فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ لەو بوارانەدا گومڕابوونو سەر لێ شێوانە، لادانە لەشەقامەڕێی خودا پەسندو ڕێبازی سەلەفی صالحو شوێنکەوتوانیان! لاسایی کردنەوەی ئەوانەیە کە ئایینی خۆیان بەشبەش کردو کێشەیان تێدا پەیدا بوو! وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿من الذين فرّقوا دينهم وكانوا شيعاً كل حزب بما لديهم فرحون﴾الروم/٣٢.

باشترین ڕێگاچارە بۆ بنبڕکردنی کێشەو نیزاع گەڕانەوەیە بۆ قورئانو فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ پابەند بوون بەو پەیامو زانیاریەی لەو سەرچاوە خاوێنانەوە دەستمان دەکەوێ وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿فان تنازعتم في شيئ فردوه الى الله والرسول﴾النساء/٥٩.

هەڵبەتە ڕاجیاییو ئیختیلاف لەبواری عەقیدەو بنەما ئایینییەکاندا کارێکی خراپو ناپەسندە، دەم تێوەردانە لەشتە غەیبییەکانو هەوڵدان بۆ ناسینی خودا بەعەقڵی ڕوتو پشتگوێ خستنی دەقەکانی قورئانو فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ کارێکی بێهودەیەو نەهی لێ کراوە.

بەڵام ڕاجیایی لەغەیری ئەو شتانەدا وەکوو کارو باری دونیایی. بەڕێوەبردنی وڵاتو چۆنیەتی ئاژەڵداریو کشتو کاڵ کردنو باغو بێستان وەبەرهەم هێنانو ئاڵو وێر کردنو بینا سازیو پیشەسازی...هتد ئەمانە عەقڵ

رۆڵێکی سەرەکی تێیاندا هەیەو ناگونجێ گرنگی عەقڵ لەم بوارانەدا پاشگوێ بخرێ.

ئەمجار پاش ئەوەی پەروەردگار فەرمانی بەئادەمیزادان کرد بەئیستیقامە، ئەمجار نەهی دەکا لەشتێک کە پێچەوانەی ئەو رەوشتە پەسندەیە، دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَطْغَوْا﴾ سنور بەزێنی مەکەن، گومڕاو یاخی مەبن، لەخۆتان بایی مەبن، لوتبەرزیی مەنوێنن ﴿إِنَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ﴾ بێگومان خودا بیناو زاناو شنەوایە بەو کردەوانەی ئەنجامیان دەدەن، هیچی لێ هون نابێ سزاو پاداشتان دەداتەوە لەسەر هەموو گوفتارو کردەوەیەکتان. کەوابێ خۆتان بپارێزن لەنافەرمانی خوداو شتێک ئەنجام مەدەن ئەو پێی ناخۆش بێ!

هەڵبەتە بانگەوازی کردن بۆ ئیستیقامەو پابەند بوون پێوەی مەبەستێکی سەرەکی قورئانەو چەند جارێکی تر فەرمان بەئیستیقامەی دووبارە کردۆتەوە، وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**فلذلك فادع واستقم كما امرت، ولا تتبع أهواءهم، وقل آمنت بما انزل الله من كتاب، وامرت لأعدل بينكم الله ربنا وربكم، لنا اعمالنا ولكم اعمالكم، لاحجة بيننا وبينكم، الله يجمع بيننا واله المصير**﴾الشوری/١٥. واتە: هەر لەبەر تەبایی‌و یەکیەتی لەئایین‌دا، بۆ ئەوەی تەفرەقەو جوداوازی لەئایین‌دا پەیدا نەبێ، ئەی موحەممەد! ئادەمیزادان بانگ بکە بۆ پابەند بوون بەئایینەوە، ئەمجار بەردەوام بە لەسەر بانگەوازییەکەت بەو شێوەی خودا فەرمانی پێ کردووی، بەهیچ جۆرێ شوێن موشریکەکان مەکەوە، بڵێ: من بڕوام بەهەموو نامە ئاسمانییەکان هەیە کە بۆ پێغەمبەران نێردراون، فەرمانم پێ کراوە: عەدالەت بەرپا بکەم. پێیان بڵێ: ئەڵلا بەدیهێنەری ئێمەو ئێوەشە، کردەوەی خۆمان بۆ خۆمانو هی خۆتان بۆ خۆتان ئایینی ئێمە ئەوەندە ئاشکراو واضیحە پێویست بەبەڵگەو

دەلیل هێنانەوە ناکا، خودا ڕۆژی قیامەت کۆمان دەکاتەوە، بۆ دادگایی کردنو وەرگرتنەوەی پاداشو سزا. گەڕانەوە هەر بۆ لای خودایە.

ئەمجار پەروەردگار هۆشیارمان دەکاتەوە: کە مەیلی ستەمکارو موشریکەکان نەکەین ﴿وَلاَ تَرْكَنُوا إِلَى الَّذِينَ ظَلَمُوا﴾ بەهیچ شێوەیەک کەمترین مەیل مەکەن بۆ لای ستەمکاران، خۆشتان نەوێن، مەراییان مەکەن، داوای کۆمەگییان لێ مەکەن، پشتیان پێ مەبەستن، ڕێبازیان بەجوانو پەسند مەزانن ﴿فَتَمَسَّكُمُ النَّارُ﴾ ئەگەر وا بکەن شیاوی ئەوە دەبن: کە بەئاگری دۆزەخ سزا بدرێن، پەروەردگار لەسەر ئەو مەیلو ڕەغبەتەتان بۆ لای کافران سزای دۆزەختان دەدا ﴿وَمَا لَكُمْ مِنْ دُونِ اللهِ مِنْ أَوْلِيَاءَ﴾ نیە بۆ ئێوە جگە لەخودا کەسێکی تر یارمەتیتان بدا، کەس نیە سوودتان پێ بگەیەنێ، عەزابتان لێ دوور بخاتەوە﴿ثُمَّ لاَتُنْصَرُونَ﴾ پاشان ئێوە یارمەتیتان نادرێ، خودا پشتیوانیتان ناکا، چونکە پەروەردگار کۆمەکی بەستەمکاران ناکا، وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وما للظالمين من انصار﴾البقرة/٢٧٠، یان دەفەرموێ: ﴿وما للظالمين من نصير﴾الحج/٧١، فاطر/٣٧.

جا کە ئەمە حاڵی ئەوانە بێ کە مەیل دەدەنە ستەمکاران، هاوکاریکردنو خۆشەویستی ستەمکاران ببێتە هۆکاری چوونە ناو دۆزەخ، ئەی دەبێ حاڵی ستەمکارەکان خۆیان چۆن بێ؟!

کەسێک تێوەگلاو ئیشو کاری تێکەڵ بەستەمکاران بوو، بوو بەکار بەدەست لەژێر دەستیان، با بۆخۆی وردبێتەوە، گوفتارو کرداریان بەتەرازووی شەرع بکێشێ، ئەگەر ئەوان لەڕێبازی شەریعەت لایاندا، ئەوە ستەمیان لەخۆیان کردوە، بەگوێکردنو پەیڕەو کردنی فەرمانو نەهیەکانیان واجبە بەمەرجێ کارەکە بێ شەرعی نەبێ، سەرپێچی فەرمانی خودای تێدا نەبێ، ئەگەر فەرمانیان پێ کرد: کە وەزیفەیەک وەربگرێ، قازییەتییان وتارخوێنی

جومعە یان وانە بێژی یان هەر وەزیفەیەکی لەم جۆرانەی پێ درا با وەری بگرێ بەمەرجێ بتمانەی بەخۆی هەبێ کە دەتوانێ ئەرکەکەی بەرێکو پێکی ئەنجام دەدا، بەڵام لەهەمان کاتدا پێویستە بەگشتی دەستی ستەمکاران بگرێ وەندێکی بۆی دەکرێ بەرەنگاری مونکەر ببێتەوەو هەوڵی گۆڕینی مونکەر بدا بەدەستو بەکردەوە، ئەگەر نەیتوانی بەزمان ئەگینا بەدڵ، ئەمەش نیشانەی بیرو باوەڕی لاوازە.

ئیمام ئەحمەدو خاوەنانی سونەنەکان ریوایەت دەکەن لەئەبو بەکرەوە کە هەستاو سوپاسی خودای کردو پاشان فەرمووی: ئەی خەڵکینە! ئێوە ئایەتی ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا، عَلَيْكُمْ أَنْفُسَكُمْ لاَ يَضُرُّكُمْ مَنْ ضَلَّ إِذَا اهْتَدَيْتُمْ﴾ دەخوێننەوە، ئاگادار ببنەوە: ئادەمیزادان هەر کاتێ ستەمکاریان بینی‌و دەستیان نەگرت، لەوانەیە خودا بەڵایەکی گشتی‌و هەمە جۆریان بۆ بنێری. ئاگادار ببنەوە: من لەخودی پێغەمبەرم ژنەوتووە دیفەرموو: ﴿ان الناس اذا رأوا المنكر بينهم، فلم ينكروه، يوشك ان يعمهم الله بعقابه﴾ بێگومان ئادەمیزادان ئەگەر کاری نابەجێیان بینی لەناویان بڵاوبۆتەوەو نارەزامەندی خۆیان دەر نەبڕی، نزیکە خودا عەزابی ئیقایم گیریان بۆ بنێرێ.

فەرمان بەنوێژ کردن و بەخۆڕاگری

وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ طَرَفَيِ ٱلنَّهَارِ وَزُلَفًا مِّنَ ٱلَّيۡلِۚ إِنَّ ٱلۡحَسَنَٰتِ يُذۡهِبۡنَ ٱلسَّيِّـَٔاتِۚ ذَٰلِكَ ذِكۡرَىٰ لِلذَّٰكِرِينَ ﴿١١٤﴾ وَٱصۡبِرۡ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجۡرَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴿١١٥﴾

دەربارەی نازڵبوونی ئەم ئایەتانە، هەردوو پیری فەرموودەو ئیبنو جەریر لەئیبنو مەسعوودەوە ریوایەت دەکەن، دەڵێ: پیاوێک ئافرەتێکی ماچ کردبوو، هاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ ئەمەی بۆ گێڕایەوە، ئیتر پەروەردگار ئایەتی ﴿وَأَقِمِ الصَّلَاةَ طَرَفَيِ النَّهَارِ وَزُلَفًا مِنَ اللَّيْلِ إِنَّ الْحَسَنَاتِ يُذْهِبْنَ السَّيِّئَاتِ﴾ نارده خوارێ پیاوەکە وتی: ئەمە هەر بۆ منە؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: نەخێر بەڵکوو بۆ هەموو ئومەتمە.

تیرمیذی لەئیبنو مەسعوودەوە بەم شێوە ریوایەت دەکا: دەڵێ: پیاوێک هاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ وتی: من لەوپەڕی شاری مەدینە ئافرەتێکم تیمار دەکرد، وەمن تەنیا لەگەڵیا جوت نەبووم ئەگینا شتی ترم لەگەڵ کرد، ئەوەتام، فەرموو دەربارەی منو کارەکەم بڕیار دەرکە، چۆنت دەوێ ئاوا حوکم بدە، حەزرەتی عومەر وتی: خودا تاوانەکەی پۆشیوی، ئەگەر بۆ خۆت بێدەنگ بویتایە! پێغەمبەر هیچ وەڵامی نەدایەوە، پیاوەکە رۆیشت، پێغەمبەر ﷺ پیاوێکی بەدودا ناردو بانگی کردەوە، کە هاتەوە ئایەتی ﴿وَأَقِمِ الصَّلَاةَ طَرَفَيِ النَّهَارِ وَزُلَفًا مِنَ اللَّيْلِ إِنَّ الْحَسَنَاتِ يُذْهِبْنَ السَّيِّئَاتِ، ذَلِكَ ذِكْرَى لِلذَّاكِرِينَ﴾ی بەسەردا خوێندەوە. پیاوێک لەئامادەبوان وتی: ئەمە تایبەتە بەئەم کابرایەوە؟ فەرمووی نا ئەمە بۆ هەموو کەسە.

پەیوەندی ئەم ئایەتە بەهی پێشەوە ئەوەیە: پاش ئەوەی پەروەردگار فەرمانی بەپێغەمبەرو موسوڵمانان کرد کە ئیستیقامەیان هەبێو سنوور بەزێنی نەکەن لەئایین‌دا، روونەکەنە ستەمکارانو مەیلو خۆشەویستیان بۆ تەرخان نەکەن. بەشوێن ئەوەدا فەرمانی بە نوێژ کردنو صەبرو خۆڕاگری ئاڕاستە کردن، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە: کە دوا ئیمان بەخودا نوێژ لەهەموو روکنێکی تری ئیسلامی گەورەترە. ئەمجار پلەی صەبرو خۆڕاگری دێتە پێشەوە، چونکە صەبر نیوەی ئیمانە. نوێژ بناغەی خودا پەرستییەو کۆڵەکەی ئایینە.

دەفەرموێ: ﴿وَأَقِمِ الصَّلَاةَ طَرَفَيِ النَّهَارِ وَزُلَفاً مِنَ اللَّيْلِ﴾ ئەی پێغەمبەر! نوێژ بەتەواوی‌و رێکو پێکی ئەنجام بدە لەهەردوو سەری رۆژدا، هەموو رۆژێک نوێژەکانت ئەنجام بدە لەدوو تەرەفی رۆژدا: کە نوێژی بەیانی‌و نیوەڕۆو عەصر دەگرێتەوە، بەم رەنگە لەنیوەی ئەوەڵدا نوێژی بەیانی دەکرێ، لەنیوەی دووەمدا نوێژی نیوەڕۆو نوێژی عەصر دەکرێ، لەبەر ئەوە ئەم دوو نوێژە کەوتوونەتە یەک، چونکە لەکاتی جەمعدا یان نیوەڕۆ دەبرێتە لای عەصر، یان عەصر دەهێندرێتە لای نیوەڕۆ، لەغەیری جەمعیشدا وەکو دروستە نوێژی نیوەڕۆو پاش زەوال بکرێ، دروستیشە لەئاخرو ئۆخری وەختا بکرێ، واتە: کاتی کردنەکەی دەکەوێتە نزیک کاتی نوێژی عەصر.

بەکورتی پاش زەوال کاتی نوێژی نیوەڕۆو عەصرە، جا لەم روەوە کە پاش زەوال کاتی ئیوارەیە، ئەم دوو نوێژە دەکەونە لایەکی رۆژەوە، نوێژی بەیانیش دەکەوێتە لایەکیەوە.

ئەو کاتانەیش کە نزیکی شەون‌و بە(زلفاً من الليل) ئاماژەیان بۆ کراوە بریتیتن لەکاتی پاش رۆژ ئاوا بوون کە وەختی مەغریبەو ونبوونی روناکی کەناری ئاسمانە کە وەختی نوێژی عیشایە، کەوابێ ئایەتەکە ئاماژەی بۆ هەر پێنج نوێژەکان تێدایە. وەکوو چۆن لەئایەتی تریشدا ئاماژەیان بۆ کراوە کە دەفەرموێ:

١- ﴿اقم الصلاة لدلوك الشمس الى غسق الليل، وقرآن الفجر، ان قرآن الفجر كان مشهودا﴾الأسراء/٧٨.

٢- ﴿فسبحان الله حين تمسون وحين تصبحون، وله الحمد في السموات والأرض وعشياً، وحين تظهرون﴾الروم/١٨.

٣- ﴿وسبح بحمد ربك قبل طلوع الشمس وقبل غروبها ومن آناء الليل فسبح واطراف النهار، لعلك ترضى﴾طه/١٣٠.

ئەمجار پەروەردگار لەئایەتەکەی ئێرەدا سوودو قازانجی نوێژ بەیان دەکاو دەفەرموێ: ﴿إِنَّ الْحَسَنَاتِ يُذْهِبْنَ السَّيِّئَاتِ﴾ بێگومان کرداری چاکەو چاکەکاری (کە نوێژ بەشێکە لەچاکە) تاوانی پێشوو رەش دەکاتەوە، واتە: تاوانی بچوک، چونکە تاوانی گەورە کەفارەتو تۆڵەو حەدی خۆیان هەیە!! پێویستیان بە تۆبەی نەصووحو شتی تر هەیە!

ئیمام ئەحمەدو هی تریش لەئیمام عەلییەوە فەرموودەیەکیان ریوایەت کردوە دەفەرموێ: ئەبوبەکر بۆی گێڕامەوە دەفەرموێ: لەپێغەمبەرم ژنەوت، دەیفەرموو: (مامن مسلم يذنب ذنبا فيتوضأ، ويصلى ركعتين الا غفرله) هەر موسوڵمانێک تاوانێک بکا، ئەمجار دەستنوێژ بشواو دوور کات نوێژ بکا ئیللا خودا لیێ خۆش دەبێ.

لەصەحیحەیندا ریوایەت دەکا: کە عوسمانی کوڕی عەففان دەستنوێژێکی وەکوو دەشتنوێژی پێغەمبەر ﷺ ششت، ئەمجار فەرمووی: پێغەمبەری خودا ئاوا دەستنوێژی دەشۆردو دەیفەرموو: (من توضأ وضوئي هذا، ثم صلى ركعتين، لايحدث فيها نفسه، غفر له ما تقدم من ذنبه) هەر کەسێک وەکوو ئەم دەستنوێژ شتنەی من دەستنوێژ بشوا، پاشان دوو رکات نوێژ بکا، بەدڵ مەبەستی رەزامەندی خودا بێ، لێخۆشبون لەتاوانەکانی پێشووی دەستگیر دەبێ.

(الحسنات) کۆی (حسنة)یە، هەموو کردارێکی چاک دەگرێتەوە، (السيئات)یش کۆی (سيئە)یە لێرەدا بەمانا تاوانی پچوکە، چونکە تاوانی گەورە بەتۆبە نەبێ لەکۆڵ ناکەوێ، وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿ان تجتنبوا كبائر ما تنهون عنه نكفر عنكم سيئاتكم، وندخلكم مدخلا كريما﴾النساء/٣١.

هەر ئیمامی موسلیم فەرموودەیەکی ریوایەت کردوە: کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (الصلوات الخمس كفارة لما بينهن، اذا اجتنبت الكبائر) پێنج

نوێژە فەرزەکان دەبنە کەفارەتو تاوانشۆرەوەی نێوان خۆیان بۆ موسوڵمان بەمەرجێ ئەو موسوڵمانە تاوانی گەورەی نەکردبێ. نوێژ قەڵای موسوڵمانە، کۆبوونەوەیە لەگەڵ پەروەردگارو چپە کردنە لەخزمەت خودادا، لەکاتی بەلاو موصیبەتدا پەنا بۆ نوێژ دەبرێ، پێغەمبەر ﷺ هەر کاتێ تەنگو چەڵەمەو ناخۆشی‌یەکی توش دەهات پەنای بۆ نوێژ کردن دەبرد.

تۆبەی نەصوح چوار مەرجی هەن:

١- وازهێنان لەتاوانو پەشیمان بوونەوە لێیان.

٢- بڕیاردانو سوور بوون لەسەر نەگەڕانەوە بۆیان لەداهاتوودا.

٣- ئەنجامدانی کردەوەی چاکێ کە ببێتە هۆکاری رەشکردنەوەی تاوان هەروەها گێڕانەوەی مافی خەڵکێ بۆیان.

٤- داوای لێبوردن لەوانەی بەدەستو زمانی ئەم تووشی زیان بوون.

﴿ذلك ذكرى للذاكرين﴾ ئەو ئامۆژگارییانەی پێشوو کە بریتی بوون: لەئیستیقامەو کردنی کردەوەی باشو پەسندو پابەند بوون بەفەرمانو جڵەوگیرییەکانی پەروەردگارو سنوور نەبەزاندنو مەیل نەدان بەستەمکاران، پەندو عیبرەتن بۆ ئەو کەسانەی پەند وەرگرنو شت دەبیسنو تێی دەگەنو هەست بەگرنگی دەکەن، خۆیان لەخەتەری خراپەکاری دەپارێزنو ترسی خودایان هەیەو داوای لێبوردن لەتاوانەکانیان دەکەن.

﴿وَاصْبِرْ فَإِنَّ اللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجْرَ الْمُحْسِنِينَ﴾ صەبر بریتییە لەپابەندبوون لەسەر کردنی کاری چاکو نارەحەتی بەجێهێنانی هەروا خۆگری لەسەر کردنی تاوانو داخوازییەکانی، خۆ بەدووربگرە لەهەموو شتێکی خراپو ناپەسندو حەرام، لەکاتی بەلاو ناخۆشی‌دا بەصەبرو ئارام بە، خۆگرو ورە بەرز بە، بێگومان خودا نازو نیعمەتی بەهەشتتان بەنسیب دەکا.

هۆکاری بەهیلاکچوونی گەل و نەتەوەکانی پێشوو

فَلَوْلَا كَانَ مِنَ ٱلْقُرُونِ مِن قَبْلِكُمْ أُوْلُواْ بَقِيَّةٍ يَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْفَسَادِ فِي ٱلْأَرْضِ إِلَّا قَلِيلًا مِّمَّنْ أَنجَيْنَا مِنْهُمْ ۗ وَٱتَّبَعَ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ مَآ أُتْرِفُواْ فِيهِ وَكَانُواْ مُجْرِمِينَ ﴿١١٦﴾ وَمَا كَانَ رَبُّكَ لِيُهْلِكَ ٱلْقُرَىٰ بِظُلْمٍ وَأَهْلُهَا مُصْلِحُونَ ﴿١١٧﴾ وَلَوْ شَآءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ ٱلنَّاسَ أُمَّةً وَٰحِدَةً ۖ وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ ﴿١١٨﴾ إِلَّا مَن رَّحِمَ رَبُّكَ ۚ وَلِذَٰلِكَ خَلَقَهُمْ ۗ وَتَمَّتْ كَلِمَةُ رَبِّكَ لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ ٱلْجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ أَجْمَعِينَ ﴿١١٩﴾

پاش ئەوەی پەروەردگار لەئایەتەکانی پێشوودا باسی ئەو عەزابو سزایانەی کرد: کە تووشی ئەو گەلو نەتەوانەی پێشوو بووە، ئەمجار لێرەدا باسی هۆکاری هاتنی ئەو عەزابە دەکا بۆ سەریان ئەویش دوو شتی سەرەکی یە:

١- هەر کاتێ کەسانێک نەبوو جڵەوگیری لەبڵاوبوونەوەی فەساد بکا.

٢- ستەمکارو ملهورەکانیان شوێن شەهەوەتو ئارەزۆبازی خۆیان کەوتبوونو هەوڵو تێکۆشانیان بۆ پلەو پایە بوو، وازیان لەفەرمان بەچاکەو نەهی لەخراپە هێنابوو.

دەفەرموێ: ﴿فَلَوْلَا كَانَ مِنَ ٱلْقُرُونِ مِن قَبْلِكُمْ أُولُوا بَقِيَّةٍ يَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْفَسَادِ فِي ٱلْأَرْضِ﴾ ئەوە بۆچی لەناو ئەو گەلو نەتەوانەی کە لەچەرخانەکانی پێش ئێوەدا بەهۆی ستەمکاری خۆیان لەناومان بردن، کەسانێک نەبون خاوەن عەقڵو فامو ئایین، یان خاوەن قەدرو قیمەتو قسە بیستراوو ئەهلی خەیر، جڵەوگیرییان بکردایە لەو ستەمکارو ئاشوبگێڕو فیتنە جۆیانەی فەسادیان لەسەر زەوی بڵاوکردەوە، ئەوە بۆ کۆمەڵێک نەبوون خاوەن فەضلو ئایینو هۆشمەند مەنعی جەمارەریان بکردایە لەفەسادو بەد رەوشتی، لەستەمکاریو ئاشووبگێڕی لەولاتدا، ولاتو گەلیان لەو عەزابە رزگار بکردایەو بیانپاراستنایە!! ئەوە نەبوو، ئەوانەی دەست نەکەوتن ﴿إِلَّا قَلِيلًا مِّمَّنْ أَنجَيْنَا مِنْهُمْ﴾ مەگەر کەمێ لەوانە کە رزگارمان کردن لەقارو غەزەبی خۆمان.

واتە: ئەوەی پێویست بوو بێ نەبوو، بەڵکوو ئەوەی رویدا ئەوە بوو: کە کەمێک لەموسوڵمانان کەم نمودو قسە نەبیستراو بێ ئەوەی کاریگەریان هەبێو شوێندەستیان دیار بێ، کەس بەگوێی نەکردن، خودا لەگەڵ پێغەمبەرەکانیاندا رزگاری کردن، لەکاتێکدا ستەمکارو ئاشوبگێڕەکان سوور بوون لەسەر هەڵوێستی خۆیانو وازیان لەژیانی تەرەفو فەساد نەهێنا، بەڵکوو ﴿وَاتَّبَعَ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا مَا أُتْرِفُوا فِيهِ﴾ ئەو ستەمکارانە: کە زۆرینەی گەلو نەتەوەکان بوون، شوێن هەواو ئارەزۆی خۆیان کەوتن هەر خەریکی دەستەبەر کردنی نازو نیعمەتو پلەو پایەی دونیایی بوون، مەشغوولی رابواردنو تاوانکاریو فەساد بوون، ئەگەر موصلیحێک ئامۆژگاری بکردنایە گوێیان بۆ نەدەگرت، خۆش رابواردنی دونیایان بەسەر بەختەوەری قیامەتدا هەڵبژاردبوو، ﴿وَكَانُوا مُجْرِمِينَ﴾ ئەوان لەهەڵبژاردنی ئەم جۆرە ژیانە بۆ خۆیانو سووربونیان لەسەر فەسادو ئاشوبگێڕان، لەناو تاوانو گومڕاییدا نوغرۆ بوبوون، خودا لەناوی بردن بەگوێرەی ئەو دابو نەریتو یاسایەی خۆی کە لەبوونەوەردا دایناوە. کە هەر کاتێ تەرەفو خۆش رابواردن لەناو گەلو

نەتەوەدا بڵاو بووەوە، سەردەکێشێ بۆ زێدە ڕەویو ئیسراف، ئەویش سەر دەکێشێ بۆ فیسقو تاوانو ستەمو لادان لەرێبازی ڕاستو پەسند. بەمەش شیاوی لەناو بردنو قەڵاچۆ کردن دەبن. وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿واذا اردنا ان نهلك قرية امرنا مترفيها، ففسقوا فيها، فحق عليها القول فدمرناها تدميرا﴾الأسراء/١٦.

پەروەردگار هەرگیز نەتەوەیەکی لەناو نەبردوە شارو گوندێکی وێران نەکردوە ئیللا ستەمکار بوونو شیاوی ئەو عەزابو لەناوبردنە بوون، وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وما ظلمناهم ولكن ظلموا انفسهم﴾هود/١٠١. یان دەفەرموێ: ﴿وما ربك بظلام للعبيد﴾فصلت/٤٦.

ئەمجار پەروەردگار دابو نەرێتو هەڵوێستو عەداڵەتکاری خۆی بەرامبەر موصلیحەکان دیاری دەکاو دەفەرموێ: ﴿وَمَا كَانَ رَبُّكَ لِيُهْلِكَ ٱلْقُرَىٰ بِظُلْمٍ وَأَهْلُهَا مُصْلِحُونَ﴾ واتە: ئەوە دابو نەرێتی خودا نیە، عەداڵەتکاری ئەو نیە: کە ستەم لەگەڵو نەتەوەیەک بکا، بەناڕەوا لەناویان بەرێ، لەکاتێکدا ئەهلو دانیشتوانی ئەو شارو گوندانە حەقخوازو حەق پەرست بن، پابەندی ئەخلاقو ڕەوشتی بەرزو پەسەند بن، خەریکی ڕێکخستنی کارو باری خۆیان بن بەگوێرەی شەریعەتو یاسای خودا. چونکە پەروەردگار ستەمکار نیەو ستەم ناکا.

هەندێک لەراڤەکارانی قورئان مانای (ظلم)یان بەشیرک لێ داوەتەوە، ئەو کاتە مانای ئایەتەکە بەم جۆرە دەبێ:

پەروەردگاری تۆ ئەی موحەممەد! هیچ شارو گوندێک وێران ناکا بەهۆی ئەوەی: کە دانیشتوانەکانیان موشریکنو هاوەڵ بۆ خودا بەرەوا دەزانن لەحاڵێکدا ئەوان لەمامەڵەو هەڵوێستو کرداریان لەگەڵ یەکتردا ڕێکو پێک بن، لەناو خۆیاندا بۆ یەکتر باش بنو کارو باری کۆمەڵایەتی خۆیان بەرێکو پێکی هەڵسوڕێنن، واتە: وێڕای شەریک دانانەکەیان ئاشوبگێڕو فیتنە جۆو

فەساد کار نەبن، واتە: خودا عەزابی ریشەکێش نائێرێتە سەر گەلو نەتەوەیەکێ تەنها لەبەر ئەوەی کە موشریکن، بەڵکوو کاتێکێ عەزابی لەناوچوونیان بۆ دەنێرێ: کە وێرای شەریکێ دانانەکەیان، لەناوخۆشیاندا مامەڵەیان باش نەبێ، هەوڵ بدەن یەکتر ئەزیەت بدەن، ماڵی یەکتری بەناحەق بخۆن، یەکتر بچەوسێننەوە، دەستدرێژی نامووس بکەنە سەر یەکتر! ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوە: کە گەلو نەتەوە هەرچەند شەریکێ بۆ خودا دابنێن ریشەکێش ناکرێن. بەڵام هەر گەلو نەتەوەیەکێ ستەم بکا سنوور بەزێنی بکا لەناو دەچێو بەر قەرار نابێ.

ئەمجار پەروەردگار ئەوە رادەگەیەنێ: کە خۆی دەتوانێ هەموو ئادەمیزاد بکا بەیەکێ گەلو نەتەوە: یان هەموویان ئیماندار بن، یان هەموویان کافر بن، دەفەرموێ: ﴿وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ النَّاسَ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلاَ يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ﴾ ئەی موحەممەد! ئەگەر خودای تۆ بیویستایە هەموو ئادەمیزادەکانی لەسەر یەکێ ئایین کۆدەکردەوە، وای لێ دەکردن بەسروشت هەموویان خودا پەرست بوونایە وەکوو فریشتە، ئەو کاتە ئەم عالەمە عالەمێکی تر دەبوو! بەڵام ویستی خودا وا نەبوە کە هەموویان لەسەر یەکێ ئایین کۆ بکاتەوە، بەڵکوو وازی لێ هیناون بۆ خۆیان بەئیختیاری خۆیان رێبازی ژیانیان هەڵبژێرن، ئەوەتا جوداوازییان لەهەموو شتێکدا هەیە، تەنانەت لەبنەمای عەقیدەو بیرو باوەڕیشدا راجیاییان هەیە، تەنانەت لەو شتانەشدا کە نەدەبوو ئیختیلافیان تێدا ببێ وەکوو بڕوا بەرۆژی قیامەت: بیرو رایان جوداوازە، هەر کەسە بەگوێرەی مەیلو ئارەزۆو بیرو بۆچوونی خۆی رایەکی تایبەتی هەیە، هەر تاقمەو پشتگیری عەقیدەو مەذهەبێکێ دەکاو داکۆکی لێ دەکا.

ئەهلی سوننەو جەماعە پێیان وایە: ئایەتەکە بەڵگەیە لەسەر فراوانی دەسەڵاتی خودا، لەوەدا ئەگەر بیویستایە هەموو ئادەمیزادی لەسەر یەکێ

ئایین کۆ دەکردنەوە، وای دروست دەکردن، قبوولّی یەک مەنهەجو پرۆگرام بکەن، بەلاّم خودا ئەو ویستەی نەبوە وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿ولو شاء ربك لآمن من في الأرض كلهم جميعا﴾یونس/٩٩. بەڵێ: خودا ئەو ویستەی نەبوو وای نەکرد؛ چونکە خودا ئادەمیزادو جنۆکەی بۆ بەندەگی‌و خودا پەرستی دروست کردون، بەندەیی‌و خودا پەرستی کاتێک نرخی هەیە کە بەئیختیاری بی‌و زۆرە ملی‌ی تێدا نەبێ، بۆیە پەروەردگار هێزی ئامادەباشی بۆ چاکەو خراپەی تێدا دروست کردن، عەقڵ‌و هۆش‌و ویستو ئیرادەو توانای پێ بەخشین، کە هەر کەسە بەویستی خۆی چی دەکا بیکا، ئەمجار وێرای ئەمەش رێگەی چاکو خراپی بۆ رون کردنەوە، نامەی ئاسمانی بۆ ناردوون، پێغەمبەری بۆ سەر رەوانە کردوون، رێگای چاکو خراپیان بۆ روون کردوونەوە، جا هەر کەسەو بەویستی خۆی چ رێبازێک هەڵدەبژێرێ با هەڵیبژێرێ..

ئا بەو جۆرە ئادەمیزاد جودا وازییان تێدا پەیدا بوو لەئاییندا لەبیرو باوەڕدا، لەڕاو بۆ چوندا ﴿إِلَّا مَنْ رَحِمَ رَبُّكَ﴾ مەگەر کەسانێک کە خودا بەمیهرەبانی خۆی هیدایەتی دابن بۆ هەڵبژاردنی رێگەی خودا پەسندو بەختیاری، ئەوانە شوێن پێغەمبەران کەوتن‌و پابەندی فەرمانو جڵەو گیری‌یەکانیان بوون، لەسەر ئەو رێبازەیان بەردەوام بوون تا دوا پێغەمبەر: کە پێغەمبەری ئیسلامە هاتە سەریانو شوێنی کەوتن، ئەوانە کۆمەڵی رزگار بووی ئادەمیزادن، فیرقەی ناجییە ئەوانن‌و بەس!

﴿وَلِذَٰلِكَ خَلَقَهُمْ﴾ واتە: هەر لەبەر ئەوەی بۆ خۆیان توانایان هەبێ بەویستی خۆیان رێبازی چاک یان خراپ هەڵبژێرن، بۆ ئەوەی ئەو ئیختیارەیەیان هەبێ کە سەر دەکێشێ بۆ ئەو ئیختیلافە، پەروەردگار ئادەمیزادی دروستکردون، بۆ ئەوەی پاداشی باش بداتەوە بەئەوانەی رێبازی

حەق هەڵدەبژێرنو پەیڕەوی دەکەن، سزای ئەوانە بدا کە ڕێگای خراپ هەڵدەبژێرنو پەیڕەوی دەکەن! [١]

ئیمام مالیک دەفەرموێ: مانای ﴿وَلِذَٰلِكَ خَلَقَهُمْ﴾ بەم جۆرەیە: پەروەردگار ئەو ئادەمیزادانەی دروست کردون بۆ ئەو ڕێبازەی لەزانیاری خۆیدا دەیزانێ: کە هەڵیدەبژێرن لەئیختیلافو ئیتفاق. بۆ غەیری ئەو کارەی کە خۆی دەیزانێ هەڵیدەبژێرن دروستی نەکردوون! [٢]

ئەمە لەگەڵ رای زوربەی راڤەکەراندا یەکدەگرێتەوە: کە دەفەرموون: (لا)ی (لذلك) لامی تەعلیلو بابیس نیە، بەڵکوو لامی عاقیبەتو صەیرورەتە. واتە: ئیختیلافو ئیتفاق عیلەتی دروستکرنەکە نین وەکوو موعتەزیلەکان دەڵێن.

بەڵکوو خودا ئادەمیزادی دروست کردوون ویستو ئیختیاری پێ داون بۆ ئەوەی لەسەرنجامدا کارەکەیان سەربکێشێ بۆ ئیختیلاف هەروەکوو چۆن (لام)ی (لیکون) لەئایەتی ﴿فالتقطه آل فرعون لیکون لهم عدواً وحزنا﴾القصص/٨. لامی تەعلیل نیەو لامی عاقیبەتو صەیرورە سەرەنجامە.. چونکە ئاشکرایە فیرعەون ئەگەر بیزانیایە منداڵە دۆزراوەکە (حەزرەتی موسا) لە ئاکامدا دەبێتە دوژمنو مایەی لەناو بردن بۆیان هەڵیان نەدەگرتەوە، یان یەکسەر ئەویشیان وەکوو نێرینەکانی تر دەکوشت.

ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: (لذلك) ئاماژەیە بۆ ئیختیلافو رەحمەت بەیەکەوە.

---

(١) هەڵبەتە ئەمە ڕای موعتەزیلەکانو زومەخشەری پەسندی کردوە. سەیری تەفسیری (کشاف) ج٢/١٢٠ بکە.

(٢) (الأساس في التفسير ـ سعيد حوى) ج٥/٢٦٠٩.

موجاهیدو قەتادە دەفەرموون: (ذلك) ئاماژەیە بۆ رەحمەت: کە لەرستەی ﴿إِلَّا مَن رَّحِمَ رَبُّكَ﴾ وەردەگیرێ، ئاوەڵناو لە(خَلَقَهُمْ)دا دەگەڕێتەوە بۆ روحم پێکراوەکان!!

﴿وَتَمَّتْ كَلِمَةُ رَبِّكَ﴾ بڕیاری خودای تۆ ئەی موحەممەد! دەرچوو قەزاو قەدەری وا ئاراستە کرا، دانایی‌و زانایی خودا وا دەخواز بوو: کە بەشێک لەئادەمیزادو جنۆکەی دروستیان دەکا شیاوی چوونە ناو بەهەشت بن، بەشێکیشیان شیاوی چوونە ناو دۆزەخ بن، بۆیە لەئەزەلدا ئەم بڕیارەی داوەو بڕاوەتەوە ئەویش بریتییە لەئەوە کە دەفەرموێ: ﴿لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ الْجِنَّةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ﴾ وەڵلاهی دەبێ دۆزەخ پڕ بکەم لەجنۆکەو ئادەمیزاد، دەبێ لەگەراو جینسی ئادەمیزادو جنۆکە دۆزەخ بهاخنم، لەوانەی شوێن پێغەمبەران ناکەون‌و پابەندی فەرمان‌و جڵەوگیرییەکانم نابن پەیامی پێغەمبەرەکان بەدرۆ دەخەنەوە..

سوودی چیرۆک و سەرگورشتەی پێغەمبەران و فەرمان بەعیبادەت‌و پشت بەستن بەخودا

وَكُلًّا نَّقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنبَآءِ ٱلرُّسُلِ مَا نُثَبِّتُ بِهِۦ فُؤَادَكَ ۚ وَجَآءَكَ فِى هَٰذِهِ ٱلْحَقُّ وَمَوْعِظَةٌ وَذِكْرَىٰ لِلْمُؤْمِنِينَ ﴿١٢٠﴾ وَقُل لِّلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ ٱعْمَلُوا۟ عَلَىٰ مَكَانَتِكُمْ إِنَّا عَٰمِلُونَ ﴿١٢١﴾ وَٱنتَظِرُوٓا۟ إِنَّا مُنتَظِرُونَ ﴿١٢٢﴾ وَلِلَّهِ غَيْبُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَإِلَيْهِ يُرْجَعُ ٱلْأَمْرُ كُلُّهُۥ

﴿فَٱعۡبُدۡهُ وَتَوَكَّلۡ عَلَيۡهِۚ وَمَا رَبُّكَ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعۡمَلُونَ ١٢٣﴾

دوای ئەوەی پەروەردگار چیرۆکی پێغەمبەرانی پێشووی بۆ پێغەمبەر ﷺ گێڕایەوە، ئەمجار سوودی ئەو چیرۆکانە بەیان دەکا: کە جۆرێکیان پتەوکردنو دامەزراندنی دڵی پێغەمبەرە لەسەر بەجێهێنانی پەیامەکەیو خۆڕاگریو تەحەممولکردنی نارەحەتی. جۆرەکەی تریان رونکردنەوەی شتێکە: کە حەقو راستەو پەندو ئامۆژگارییە بۆ موسوڵمانان. ئەمجار کۆتایی بەسورەتەکە دەهێنێ بەفەرمانکردن بەعیبادەتو خواپەرستیو پشت بەستن بەخواو گرنگی نەدان بەدژایەتی موشریکەکانو دەفەرموێ: ﴿وَكُلًّا نَّقُصُّ عَلَيۡكَ مِنۡ أَنۢبَآءِ ٱلرُّسُلِ﴾ دەخوێنینەوە بەسەر تۆدا ئەی پێغەمبەر! هەموو جۆرە هەواڵێکی پێغەمبەرانی پێشوو لەگەڵ گەلەکانیان بۆ دوو مەبەستو قازانجی سەرەکی:

١- ﴿مَا نُثَبِّتُ بِهِۦ فُؤَادَكَ﴾ یەکەم بۆ ئەوەی دڵت دابمەزرێو پتەو بێ بۆ بەجێهێنانی پەیامەکەتو صەبرو ئارامت بۆ پەیدا ببێو لەبەرامبەر ئەزیەتدانی موشریکەکان خۆگرو پشوو درێژ بی؛ چونکە پێغەمبەرانی پێشوو لەپێناو گەیاندنی پەیامەکەیاندا زۆریان ئەزیەت کێشاوە، گەلەکانیان بەدرۆیان خستنەوەو گاڵتەیان پێ کردن، ئەوان صەبریان گرتو سوورتر بوون لەسەر هەڵوێستی خۆیانو گەیاندنی بانگەوازی حەق بۆ نەتەوەکانیان، لەسەرەنجامدا خودا سەری خستنو بەسەر دوژمنانیاندا زاڵی کردن، دوژمنە کافرەکانیانی ریسوا کرد! ئەتۆش ئەی موحەممەد! چاو لەهاوەڵە پێغەمبەرەکانت بکە، ئەوان بۆ تۆ قودوەو پێشەنگن.

٢- ﴿وَجَآءَكَ فِي هَٰذِهِ ٱلۡحَقُّ وَمَوۡعِظَةٞ وَذِكۡرَىٰ لِلۡمُؤۡمِنِينَ﴾ واتە: سوودی دووەم بۆ تۆ ئەوەیە: کە لەم سورەتانەی چیرۆکی پێغەمبەرانی تێدایە، یان لەو چیرۆکو نیشانانەدا کە بۆت رون دەکەینەوە: شتێکت بۆ هاتووە کە حەقو

راستو یەقینە: ئەویش بریتییە لەتاکئو تەنهایی خوداو عیبادەت بۆ کردنی بەخالصیو چەسپاندنی زیندوو بوونەوەو تۆبەو گەڕانەوە بۆ لای خودا واز هێنان لەفاحیشەو کاری خراپ، لەو هەوالانەدا پەندو ئامۆژگاری هەیە بۆ کافرانو یادخستنەوەو بیرەوەری هەیە بۆ موسولْمانان، سوودی لیّ وەردەگرنو ئیمانیان پیّی زیاد دەکا، ئەوانەش: کە ئامادەباشییان تێدایە بۆ ئیمانهێنان پەلە لەموسولْمانبوون دەکەن.

ئەمجار دوای ئەم هەڕەشەو تەرهیبو تەرغیبە پەروەردگار فەرمان بەپێغەمبەر دەکاو دەفەرمویّ: ﴿وَقُلْ لِلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ﴾ ئەی موحەممەد! بەو ئادەمیزادانە بلّیّ: کە سوورن لەسەر کوفرو بێدینیو بەهیچ جۆرێک بڕوا بەپەیامەکەت ناکەن بەشێوەی هەڕەشە پێیان بلّیّ: ﴿اعْمَلُوا عَلَىٰ مَكَانَتِكُمْ إِنَّا عَامِلُونَ﴾ ئێوە لەسەر رێبازی خۆتانو بەگوێرەی مەنهەجو پرۆگرامی خۆتان کار بکەن، چتان لەدەست دیّ دژی من ئەنجامی بدەنو بیّ منەت بن، هەرچی هێزو تواناتان هەیە بیخەنە کار دژی ئیسلامو بۆ زیانگەیاندن بەموسولْمانان، ئێمەش بەگوێرەی شەریعەتو رێبازی خۆمان کاری خۆمان ئەنجام دەدەین، چی بتوانین لەبانگەوازی بۆ خێرو چاکە درێغی ناکەینو بەردوامو سوورین لەسەر بیرو باوەڕی خۆمانو بەموو لیّی لانادەین!

﴿وَانْتَظِرُوا﴾ ئێوە چاوەڕوان بن ئاخۆ ئێمە دەمرین چیمان بەسەردیّ، ﴿إِنَّا مُنْتَظِرُونَ﴾ ئێمەش چاوەڕوانی سەرەنجامو ناکامی ئێوەین، بزانین چیتان بەسەر دیّ، چۆن بەهیلاک دەچنو بەچ شێوە عەزابێک تەمبیّ دەکرێن. ئێمە خودا وادەو بەلّێنی پیّ داوین بەسەرکەوتن بەسەر ناحەزانماندا، بەتەما هاتنە دی وادەو بەلّێنەکانی پەروەردگارین.

وێنەی ئەم هەڕەشەیە لەقورئاندا زۆرە وەکوو دەفەرمویّ: ﴿فسوف تعلمون من تكون له عاقبة الدار، انه لايفلح الظالمون﴾ الأنعام/١٣٥.

ئەمجار پەروەردگار کۆتایی سورەتەکە بەئایەتێک دەهێنێ: کە هەموو داخوازییەکی خێرو بەهرەمەندی لەخۆ گرتووە. دەفەرموێ: ﴿وَلِلَّهِ غَيْبُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ﴾ هەر بۆ خودایە زانیاری نهێنی ئاسمانەکانو زەوی. واتە: پەروەردگار زاناو ئاگادارە بەهەموو نهێنی‌یەکی ناو ئاسمانەکانو زەوی لەرابوردو حاڵی حازرو داهاتوودا، زانیارییەکەی هەموو کوللیاتو جوزئیات مەعدومو مەوجودێک دەگرێتەوە، دیاریو نادیاری لەلا وەکوو یەک وایە.

﴿وَإِلَيْهِ يُرْجَعُ الأَمْرُ كُلُّهُ﴾ ئیشەکان هەموویان هەر بۆلای خودا دەگەڕێنەوە، چونکە ئەو کانو سەرچاوەی هەموو شتێکە، ئەو خودایە بەتواناو بەدەسەلاتە فەرمانی رەوایەو ویستی جێ بەجێ کراوە، هەموو بوونەوەر، هەموو بەندەکان لەژێر دەسەلاتیدا بێ وەچو زەبوونن، رۆژی قیامەت لەهەموو کەس دەپرسێتەوە، سزاو پاداشی هەموو کەس دەداتەوە، هەموو کردەوەیەک گەورەو پچووک حیساب دەکا.

دەی کە مادام خودا ئەوە زاتو صیفاتی بێ، هەموو شتێک بەدەست ئەو بێو بۆ لای ئەو بگەڕێتەوە، ﴿فَاعْبُدْهُ وَتَوَكَّلْ عَلَيْهِ﴾ بەخالصانەو دڵسۆزی عیبادەت هەر بۆ خودا بکە، با هەموو موسوڵمانان لەگەڵتدا هەر خودا بناسنو ئەو بپەرستن، لەهەموو کارو کردەوەیەکتدا پشتت بەخودا ببەستە، کەسێک تەوەککولی بەخودا بێو پشت بەئەو ببەستێ، خودای بەسەو حەوێجەی بەکەسی تر نیە.

﴿وَمَا رَبُّكَ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ﴾ خودای تۆ لەکردەوەی ئەو خەڵکە بێ ئاگا نیە، هەرچی دەیڵێنو دەیکەن لەخودا نهێنی نیە، لەدواییدا بەتەواوی پاداشو سزایان دەداتەوە، خۆتو شوێنکەوتوانت سەر دەخاو موشریکو بێدینەکان ریسوا دەکا.

ئیمام ئەحمەدو تیرمیذیو ئیبنو ماجە ریوایەتیان کردوە: کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (الكيس من دان نفسه، وعمل لما بعد الموت، والعاجز: من اتبع نفسه هواها وتمنى على الله الأماني) عاقڵ کەسێکە خۆی دادگایی خۆی بکاو ئیش بۆ دوا مردنی بکا، عاجیزو بێ عەقڵ کەسێکە نەفسی شوێن هەواو ئارەزۆی خۆی خستووە، کرداری نیەو بەتەمای خودایە.

بەیارمەتی خودا لێرەدا سورەتی هود تەواو بوو خودا پشتیوانمان بێ بۆ تەواو کردنی بەرگەکانی تر...

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

سوورەتی یوسف

ئەم سورەتە ناونراوە سورەتی یوسف چونکە چیرۆکی حەزرەتی یوسفی تێدایە..

ریوایەت کراوە: کە جولەکەکان پرسیاریان لە پێغەمبەر ﷺ کرد دەربارەی چیرۆکی یوسف ئیتر ئەم سورەتە نازڵ بوو، سەعدی کوڕی ئەبو وەققاص ﷺ دەفەرموێ: قورئان بۆ پێغەمبەر ﷺ هات ماوەیەکی زۆر بۆی خوێندنەوە، کافرەکان وتیان: بریا چیرۆکت بۆ بگێڕایتایەتەوە! ئیتر ئەمە نازڵ بوو ﴿نحن نقص عليك﴾یوسف/٣، الكهف/١٣. ماوەیەک ئەمەی بۆ خوێندنەوە، ئەمجار وتیان: دەکوا بۆمان بگێڕەوە! ئیتر ئەمە نازڵ بوو ﴿الله نزل احسن الحديث﴾الزمر/٢٣.

بێگومان سورەتی (یوسف) پاش ئەوە نازڵ بوو کە بەتەواوی پێغەمبەر ﷺ لەلایەن کافرەکانی مەککەوە تەنگەتاو کرا، دوای ئەو ساڵە خەمناکییە هاتە خوارێ: کە پێغەمبەر ﷺ دوو پشتیوانو یارمەتیدەری رواڵەتی دڵسۆزی لەکیس چوو، خەدیجەی خێزانیو ئەبوطالیبی مامی کۆچی دواییان کرد، لەدونیا دەرچوونی ئەم دوو یارمەتیدەرە ئەوەندە لەسەر شانی پێغەمبەر ﷺ گران بوو ساڵەکەی ناونا ساڵی غەم (عام الحزن).

جا هەرچەندە ئەم سورەتە لەمەککە هاتۆتە خوارێو مەککەییە، ئوسلووبەکەی لەسەرەخۆو دەمارشێلە، ئارامیو سۆزی تێدایە، نەرمو نیانیو سفتو سۆڵی لەخۆ گرتووە، واتە: هەرچەندە سورەتەکە مەککەییەو سورەتی مەککیش توندو تیژییان تێدایە کەچی ئەم سورەتە هەڕەشەو توندو تیژی تێدا بەدی ناکرێ.

ئیمام عەطاء دەفەرموێ: هەر غەمبارێک گوێی لەسورەتی یوسف بێ دڵی دادەمرکێ.

بەیهەقی لە(الدلائل)دا لەئیبنو عەبباسەوە ریوایەت دەکا دەفەرموێ: کۆمەڵێک جولەکە کاتێک گوێیان لێ بوو پێغەمبەر ئەم سورەتەی دەخوێند ئیمانیان هێنا، چونکە لەگەڵ زانیاری لای خۆیان یەکیان دەگرتەوە.

سورەتی یوسف دوای سورەتی هود نازڵ بووە، پەیوەندیشیان بەیەکترەوە هەیە، چونکە هەردوکیان چیرۆکی پێغەمبەرانیان تێدان، هەردووکیان ئەوە دەچەسپێنن: کە نیگای ئاسمانی بۆ پێغەمبەر هاتووە، بێگومان چیرۆکی هەموو پێغەمبەرێک زیاد لەجارێک لەسورەتەکانی قورئاندا دووبارە بۆتەوە، هەر جارە بەئوسلوبو شێوازێکی جیاو بۆ مەبەستێکی تایبەتو پەندو ئامۆژگارییەکی تر، ئیللا چیرۆکی یوسف ﷺ نەبێ. کە چیرۆکی ئەم جگە لەم سورەتە لەسورەتی تردا نەهاتووە، هەموو فەصلو رووداوەکانی چیرۆکی حەزرەتی یوسف لەم سورەتەدا بەزنجیرەو یەک لەدوا یەک رانوێنراون، ئەمەش ئاماژەیە: بۆ ئەوە: کە قورئان هەمووی ئیعجازەو سەرئاسایە چیرۆکەکە هەمووی بێ، یا بەشێکی بێ، بەکورتی بێگێرێتەوە یان بەدرێژی لەهەموو رویەکەوە ئیعجازەکەی خۆی لەدەست نادا.

زانایانی بەلاغەو تەفسیر فەرموویانە پەروەردگار چیرۆکی پێغەمبەرانی لەقورئاندا گێڕاوەتەوە، هەندێکیانی بەئوسلووبی جیا جیا چەند جارێک دووبارە کردونەوە، وشەو رستەکانیان گۆڕانکاری تێدا کراوە، ئاستی بەلاغەو خۆشخوانی چیرۆکەکان لەروی رەوانیو سفتو لووسییەوە جوداوازییان هەیە، چیرۆکی حەزرەتی یوسف دووبارە نەکراوەتەوەو یەک جار هاتووە، هەمووشیان لەرووی ئیعجازەوە سەرئاساو لەژوور پلەی ئاساییین. چیرۆکەکە دووبارە کرابێتەوە یان یەکجار هاتبێ لەپلەی ئیعجاز دانەبەزیوەو کەس نەیتوانیوە بەربەرەکانی بکا.

ئەم سورەتە هەموو چیرۆکی حەزرەتی یوسفی لەخۆ گرتووە، هەموو باسو رووداوە سەرنج راکێشەکان بەخۆشو ناخۆشەوە بەدڵخۆشکەرو خەمناکەکانیەوە کۆ کردۆتەوە.

سەرەتا باسی پلەو پایەی حەزرەتی یوسف دەکا لەلای یەعقووبی باوکیو ئاستی خۆشەویستی یوسف لەدڵیدا دەست نیشان دەکات، ئەمجار پەیوەندی یوسف بەبراکانیەوە، پیلانو نەخشەکێشانیان بۆ لەناو بردنیو سەرەنجام خستنە ناو بیرەوە، ئەمجار دەرهێنانی لەناو بیرەکەو پاشان بردنی بۆ ناو بازاڕی میصرو فرۆشتنی بەعەزیزی میصر وەکوو کۆیلەو دەستاو دەست پێ کردنی دوور لەنازی باوکو دایک، دوور لەخزمو کەسو کارو دڵسۆزانی. ئەمجار پیلانو فێڵی ژنی عەزیزی میصرو ژنە هاوەڵەکانی، پێش ئەوەش تاقیکردنەوەو بەربەرەکانی لەگەڵ ژنی عەزیزو دان بەخۆدا گرتنو بەرەنگار بوونەوەی نەفسو ئارەزۆی گەنجایەتیو شەهوەتو ئیغرائات، ئەمجار راپێچ کردنی بۆ بەندینخانەو میحنەتی ناو ئەو کوونە رەشەو هەڵسو کەوت کردن لەگەڵ کۆمەڵێک بەندکراوی جیا جیاو نامۆ بۆ ئەو، ئەمەش پاش ئەو ژیانە خۆشەی کە ماوەیەک لەماڵی عەزیزدا بەسەری برد. ئەمجار رزگار بوونی لەبەندینخانەو بوونی بەخاوەن دەسەڵاتو ئەمینداری کۆکردنەوەو عەمبار کردنی بژێوی میللەتێک، بۆ ماوەیەکی دوور درێژ، چەند ساڵێک لەو لێپرسراویە گرنگەدا مایەوە لەو فەرمانگە گرنگەدا کەسی یەکەم بوو: کە بژێوی ئەو وڵاتەو وڵاتانی دەورو بەریشی لەئەستۆدا بوو، ئەمجار هاتنی براکانیو چاوپێکەوتنو راسپاردنیان بۆ ئەوەی برا پچووکەکەی تریشیان بێننو هەریەکەیان بارێک بژێو (قووت) ببەنەوە.

ئەم روداوو تاقیکردنەوانە هەموویان ئەزمونگەو بۆتە بوون بۆ یوسفو تێیاندا قاڵ بوو، لەبەرامبەر ئەم هەموو روداوو بەسەرهاتانەدا ئەو خۆی راگرتو پشتی بەخودا بەستو بانگەوازی بۆ خودا پەرستی دەکردو، هەوڵی

دەدا خودا بەخەڵکی بناسێنێ، لەھیچ کاتێکدا خودای لەبیر نەکرد، ھەموو رووداوەکانی بەسەر بەرزیو راستاڵی بەدەستپاکیو داوێنپاکی بەبڕوای پۆلاییینو ورەی بەرزەوە پێچانەوە، دوا سەروەریو دوا ئاواتی لەو کاتەدا کە باوکیو دایکی ھاتنە لاییو بەکەسو کاری شاد بووەوە خەونەکەی ھاتە دی، لەو کاتەدا کە وێڕای مولّک سەڵتەنەتو زانیاری پلەی پێغەمبەرایەتیشی درابوویە، شوکرو سوپاسی خودا دەکاو لێی دەپاڕێتەوە کە بەموسوڵمانی بمرێو بخرێتە ریزی صالحانەوە.

لەکۆتایی چیرۆکەکەدا چەند عیبرەتو پەندێکی رانواندوە، ھەرە گرنگەکەیان چەسپاندنی پێغەمبەرایەتی حەزرەتی موحەممەدو دڵدانەوەیو مزگێنی پێدانی بەھاتنی خۆشی دوای تەنگانە، ئیستراحەتکردن دوا ماندوبوونە چونکە ئەوەتا حەزرەتی یوسف لەبەندینخانەوە گواسترایەوە بۆ قەصری پاشا، کرا بەعەزیزی میصرو ئەمینداری قوتو بژێوی خەڵک، ھەر کەسێک صەبر لەسەر بەڵاو تەنگانە بگرێ حەتمەن رۆژێک لەرۆژان دەرووی لێ دەکرێتەوەو دەکەوێتە خۆشییەوە، ھەروەکوو چۆن ھەڕەشە لەموشریکەکان دەکا بەھاتنی عەزاب ئەگەر واز لەھەڵوێستی خۆیان نەھێنن.

حەزرەتی یوسف کوڕی حەزرەتی یەعقووبە کە بە(ئیسرائیل الله) مەشھورە، ئەویش کوڕی حەزرەتی ئیسحاقە ئەویش کوڕی حەزرەتی ئیبراھیمە! حەزرەتی یوسف زۆر جوانو روح سوکو خوێن شیرین بوو، باوکی زۆری خۆش دەویست، ئەمەش وایکرد براکانی رقیان لێی بێو پیلانی لەناوبردنو سەرنگونکردنی دابڕێژن.

ھێشتا تەمەنی حەڤدە ھەژدە ساڵ بوو: کە لەخەودا بینی یازدە ئەستێرەو خۆرو مانگ سوژدەیان بۆ دەبرد، کە ئەم خەونەی بۆ باوکی گێڕایەوە موژدەی پێغەمبەرایەتیو پلەو پایەی پێدا. پاش ماوەیەک براکانی ویستیان نەخشەو پیلانەکەیان تەنفیذ بکەن، داوایان لەباوکیان کرد: کە

بەمەبەستی گەشتو گوزارو یاریکردنو سەیران یوسفیان لەگەڵدا بنێرێ بۆ دەشتو سارا، بردیانو خستیانە ناو بیرێکەوەو ئێوارە بەگریانەوە هاتنەوە بۆ لای باوکیان بەدرۆ وتیان: ئێمە لەیوسف بێ ئاگا بوینو گورگ خواردی، باوکیان بڕوای پێ نەکردنو قسەکەیانی بەدرۆو هەڵبەست زانی، پاشان کاروانێک هاتو دوڵچەیان داهێشتە ناو بیرەکە بۆ ئاوو یوسف خۆی پێوە هەڵواسیو هاتە دەرەوە، بردیان لەبازاڕی میصر بەبەهایەکی کەم فرۆشتیان ئەو کەسەی یوسفی کڕی عەزیزی میصر بوو، ناوی (فوطیفار) یان (ئەطغیر) بوو خۆشی ویستو چووە دڵیەوە، دەسەلاتی دارایيو ئیداری لەماڵی خۆیدا پێدا، کردی بەلێپرسراوی خزمەتچيو پیاوەکانی، بەزولەیخای خێزانیشی گوت: ڕێزی بگرەو دەست بەر دەستی مەهێنە..

جوانيو شۆخی یوسف وای لەخێزانی عەزیزی میصر کرد کە حەزی لێ بکاو داوای لێ بکا شرواڵ پیسی لەگەڵدا بکا، نەک هەر داواکردن بەڵکو فەرمانی پێ کردو زەختی بەکار هێنا. لەبەرامبەر ئەم هەموو ئیغرائاتو زەخت لێکردنو هەوڵدانەی زولەیخا حەزرەتی یوسف خۆی گرتو بەیدەست نەبوو، بڕوای پتەوی بەخوداو پابەند بوون بەفەرمانو جڵەوگیریيەکانی، وایان لەحەزرەتی یوسف کرد خۆ لەو خیانەتە بپارێزێ، هەروەها پیاوەتی عەزیزی میصری لەبەرچاو بوو، هەرچەند بیری دەکردەوە: نابێ پاساوی ئەو پیاوەتیە بەو خیانەتە بداتەوە، لەهەمان کاتدا دابو نەرێتی باوکو باپیرانی ڕێگەی پێ نادەن کارێکی ئاوا ناپیاوانە ئەنجام بدا. هەرچەندە زولەیخا هەوڵی داو زەختی لێ کردو هەڕەشەی لێ کرد، یوسف نەهاتە ژێر فەرمانی، ئەمجار شەهوەتو ئارەزۆ ئەوەندەی تین بۆ زولەیخا هێنا: کە پەلاماری بداو لەئامێزی بگرێ، سابەڵکوو یوسف لەشەرمان یان لەترسان یان ئەویش ئارەزۆی بجووڵێو بەمەستی خۆی بگا، هەرچەند زولەیخا پڕی دادەبەو دەیەویست لەئامێزی بگرێ حەزرەتی یوسف پاڵی پێوە دەناو داکۆکی لەخۆی

دەکرد، تا کار گەییشتە ئەوە یوسف هەڕەشەی کوشتنیشی کرد ئەگەر وازی لێ نەهێنێ ئا لەو کاتەدا یوسف چاوی لێ بوو مەوکیبی عەزیز (مێردی زولەیخا) بەرەو ماڵ دێتەوە، ئیتر بەرەو دەرگای حەوشە رای کردو زولەیخا بەدویدا، پێش ئەوە بگاتە نزیک دەرگا زولەیخا لەدوواوە پڕی دایەو یەخەی کراسەکەی دڕاندو لەناو دەرگادا بەو حاڵە شپرپوی و سەیرە، تووشی عەزیزی میصر بوون! کە زولەیخا لەو حاڵەدا مێردەکەی خۆی بینی لەبەردەرگاو دەیەوێ وەژوور بکەوێ، خێرا بوختانێکی بۆ یوسف هەڵبەستو وتی: ئەوەتا: ئەمە دەیەوێ دەستدرێژی بکاتە سەرم! حەزرەتی یوسف خێرا بەدرۆی خستەوەو وتی: نەخەیر ئەو دەیەویست ئەو کارە بقەومێو من بێ تاوانم، عەزیزی میصر ویستی بەبەڵگە بۆی دەربکەوێ خەتا لەکامیانەو کێیان تاوانبارن. شایەدێک هاتە پێشەوە وتی: بڕوانن ئەگەر کراسەکەی لەپێشەوە دادڕاوە ئەوە زولەیخا راست دەکاو یوسف درۆ دەکا، ئەگەر لەدواوە دادڕاوە ئەوە یوسف راست دەکاو زولەیخا درۆ دەکا. کە سەیریان کرد کراس بەشێوەیەک دادڕاوە کە راستی یوسف دەگەیەنێو زولەیخا بەدرۆ دەخاتەوە. تاوانەکە بەزولەیخاوە لکاو یوسف بەپاکی رزگاری بوو. ئیتر عەزیزی میصر فەرمانی بەیوسف کرد: کە هەواڵەکە داپۆشرێو بڵاو نەبێتەوە، فەرمانیشی بەزولەیخا کرد کە داوای لێخۆشبوون بکاو تۆبە بکاو جارێکی تر ئەم تاوانە دووبارە نەبێتەوە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەواڵی حەزلێکردنی خێزانی عەزیز بەناو شاردا بڵاوبووەوە، هەموو کەس بیستیان: کە زولەیخا حەز لەبەندەی خۆی دەکاو باسی دڵداری ئاغەژن لەگەڵ بەندەکەی بوو بەبنێشتە خۆشکەی بن ددان.

ئافرەتانی شار سەرزەنشتیان کرد، وتیان فلان حەز لەبەندەکەی خۆی دەکا. ئەویش بانگی کردن بۆ وەتاغو خواردەمەنییەکی بۆ دانان کە پێویستی بەکێردو چەقوە بێو هەریەکەی کێردێکی دایە دەستیانو فەرمانی بەیوسف

کرد کە بێتە ناویانو بیبینن، کاتێ چاویان پیێ کەوت جوانیو شۆخو شەنگی تاساندنی هەریەکەیان لەجیاتی ئەوە خواردەمەنییەکە بەکێردەکە قاش بکەن دەستی خۆیان بڕیو سەرسام بونو وتیان: ئەمە ئادەمیزاد نییە، ئەمە فریشتەیە، هەر کەسێ ئەمە ببینێ حەزێ لێ دەکاو زولەیخا لۆمەی ناکرێ: کەوا عاشقی بووە..

ئەمجار زولەیخا داشی سواربوو وتی: ئاخر ئەوەیە: من عاشقی بومو ئێوە سەرزەنشتم دەکەن، ئەگەر ئەوەی پیێ دەڵێم: بەگوێم نەکا دەیخەمە بەندینخانەوە، سزای دەدەم. ئیتر هەواڵی خۆشویستنی زولەیخا بۆ حەزرەتی یوسف لەناو خەڵکا بەتەواوی بڵاو بووەوە عەزیزی میصر وای بەباش زانی بۆ ئەوەی سومعەی خێزانەکەی نەشکێ، یوسف بخاتە بەندینخانەوە، یوسف نێردرایە بەندینخانەو بەرێکەوت دوو کوڕی گەنجی تر لەتەکیا نێردرانە بەندینخانە، یەکێکیان سەرکاری ئاشپەزەکانی ماڵی پاشا بوو یەکێکیشیان لێپرسراوی ئاو گێڕو مەیگێڕەکانی ماڵی پاشا بوو.

مەیگێڕەکەیان لەخەودا بینی: کە لەپیاڵەی پاشادا شەراب دەگوشێ، ئەوی تریشیان وای بینی لەخەویدا کە سینییەک خواردەمەنی بەسەر سەریەوەیەتی باڵندەو ئادەمیزاد لێیان دەخوارد. جا داوایان لەیوسف کرد مانای خەونەکانیان بۆ لێک بداتەوە: حەزرەتی یوسف بەتوانایی خۆی لەمانای خەوندا دەرخستو ئامادەباشی خۆی دەربڕی بۆ مانا لێدانەوەکە، وەلێ پێش ئەوەی دەست بکا بەمانا لێدانەوەی خەونەکان بانگەوازی ئەوانو بەندییەکانی تریشی کرد بۆ خودا پەرستیو یەکتاپەرستی! ئەمجار بەمەیگێڕەکەیانی گوت: تۆ رزگارت دەبیو دەچیەوە لای پاشاو دەبیەوە مەیگێڕ. بەئەوی تریشیانی گوت: تەتۆ ئیعدام دەکرێیو هەڵدەواسرێیو باڵندە گۆشتەکەت دەخۆن.

ئەمجار بەئەوەیانی گوت: کە پێی وا بوو رزگاری دەبێ، لای پاشا باسی من بکە، پێی بڵێ: پیاوێکی ئاوا بێ تاوان وا لەبەندینخانەدایەو دەزانێ مانای خەونیش لێ بداتەوە. بەڵام شەیتان لەبیری بردەوەو کە چووەوە لای پاشا ئەو راسپاردەیەی هەر لەبیر نەهاتەوە، نزیکەی حەوت ساڵێکی تریش لەبەندینخانەدا مایەوە..

پاشان پاشا بۆ خۆی خەونێکی دی، خەونەکەی زۆر لەسەر دڵی کاریگەر بوو: لەخەویدا بینی: حەوت گای قەڵەو حەوت گای کزو لاواز دەیانخواردن حەوت گوڵە گەنمی سەوزی جوان یەکێ لاسکیان هەبوو حەوت گوڵە گەنمی وشکەوە بوو دەیانخواردن!! پاشا فەرمانی دەرکرد ساحیرو خەون لێدەرەوەیان ئامادە کردن داوای مانای خەونەکەیان لێ کرا هەموو وتیان ئەمە خەونێکی بێ سەرو بەرەو ئێمە مانای خەونی ئاوا پرو پووچ نازانین.

کابرای مەیگێڕی کۆنە هەواڵی یوسف لەبەندینخانەدا یوسفی بیر کەوتەوە، پێشنیاری کرد بینێرن بۆ بەندینخانەو یوسف لەگەڵ خۆیدا بهێنێ بۆ خزمەت پاشاو مانای خەونەکەی لێک دایەوەو مانای خەونەکەی بۆ پاشا بردەوە، پاشا فەرمانی دەرکرد: هەر ئێستا برۆن ئەم کابرا زاناو ژیرەم بۆ بێنن دەیکەمە راوێژکاری خۆم. حەزرەتی یوسف رازی نەبوو هەروا بەئاسانی لەبەندینخانە بێتە دەرێ، ویستی لێکۆڵینەوەو توێژینەوە لەبارەی پیلانی ژنەکانو خێزانی عەزیزی میصرو چۆنیەتی بەندکردنەکەی ئەنجام بدرێو بەرائەتی خۆی لەو تاوانە وەپاڵدراوەی لەسەری بەند کراوە رابگەیەندرێ.

پاشا فەرمانی دەرکرد ئافرەتەکانی کۆکردەوە پرسیارو لێکۆڵینەوەی لەگەڵ ئەنجام دان، هەموو وتیان حاشا لەئێمە هیچ خراپەیەکمان لەم پیاوە نەبینیوە، ژنی عەزیزی میصر (زولەیخا) هاتە قسەو بێ تاوانی یوسفی راگەیاندو وتی: من حەزم لێ کردوە ویستومە بەیدەستم ببێو ئەو کەمەندێکیش نەبوەو خۆی نەداوە بەدەستەوە، ئەم پیاوە پیاوێکی راستو

داوێنپاکئو بێ تاوانە. ئەمجار حەزرەتی یوسف هاتە قسەو وتی: من ئەم توێژینەوەم بۆیە مەبەست بوو بۆ خاتری عەزیز (مێردی زولەیخا) بزانێ من پاشەملە خیانەتم لێ نەکردوە، بزاندرێ کە خودا فێڵو فەجەری خیانەتکاران سەرناخا، وەمن نەفسی خۆم لەم بوختانە بەری ناکەم چونکە نەفسو ئارەزۆ هەردەم فەرمان بەخراپەکاری دەکەن، مەگەر کەسێک خودا رەحمی پێ بکا.

حەزرەتی یوسف لەزیندان بەبێ تاوانو بەریی رزگاری بوو هاتە دەر، پاشا داوای لێ کرد بیکاتە کاربەدەستی خۆیو ویستی بزانێ بۆ خۆی چ کارێکی پێ خۆشە؟ حەزرەتی یوسف، وتی: بمکەنە ئەمینداری گەنجو خەزێنەی میصرو دەسەلاتو توانای پێویستم پێ بدەن بەم شێوە حەزرەتی یوسف بوو بەوەزیری داراییو بازرگانیو لێپرسراوی یەکەم لەو فەرمانگە گرنگەدا..

حەوت ساڵ هەرزانی تێپەڕینو سالانی گرانی سەرەتایان پەیدا بوو، حەزرەتی یوسف فەرمانی کرد: کە دەست بکرێ بەفرۆشتنی ئەو گەنمو خەلەیەی لەسالانی هەرزانیو هاتدا کۆکراوەتەوە، بەپێی پێویستیو بەشێوەیەکی رێکئو پێک بەپێی نەخشەو ئامارێکی بڕیار لەسەر دراو بفرۆشێتەوە بەدانیشتوانی میصر.

ئەمجار دانیشتوانی ولاتانی دەورەو بەر برسیایەتی تینی بۆ هێنانو رویان کردە میصر بۆ کڕینی خواردەمەنی، دانیشتوانی فەلەستین کاروانیان نارد بۆ میصرو حەزرەتی یەعقوب کوڕەکانی خۆی بەچەند وشترو ولاغی ترەوە نارد بۆ میصر بۆ هێنانی گەنمو جۆ، کاتێک کوڕەکان هاتن، حەزرەتی یوسف ناسینیەوە، بەلام ئەوان نەیانناسیەوە، چونکە ئەو کاتە تەمەنی چوبوە چل ساڵیو شێوەو روخساری گۆڕا بوو، پاشان داوای لێ کردن: کە برایەکی باوکی پچوکیان هەیە بیهێنن، خواردەمەنییەکەشی بەخۆڕایی پێ دانو جەختی لێ کردن دەبێ کە هاتنەوە برا بچوکەکەیان لەگەڵ خۆیاندا بهێنن،

پارەو پولی کە هێنا بوویـان بـۆ خـۆراکێ کرِین بۆیـان خستنەوە نـاو جـەواڵو هۆرِەکانیانەوە.

رۆژان تێپەرِ بوونو برسیایەتیو گرانـی تـەنگی بەدانیشتوانی فەلەستین هەڵچنی، حەزرەتی یەعقووب رێگـای دا: کـە کـورِە پچولەکـەی (بونیـامین) لەگەڵ براکانیدا بچن بۆ میصر بۆ هێنانی خۆراکێ، جـا کـە حـەزرەتی یوسف هەواڵی هاتنی براکانی زانی پێشـوازی لیّ کـردنو دەعوەتـی خـوادنو سـفرەو خوانی بۆ رازاندنەوە، وەلیّ بۆ خۆی لەگەڵی نەخواردن، چونکـە دابـو نـەرِیّتی میصرییەکان وەها بوو کە لەگەڵ عیبرانیەکاندا نان نەخۆن.

پاشان حەزرەتی یوسـف فـەرمانی کـرد بارەکانیـان بـۆ داگـرن، ئـەمجار فەرمانیشـی کـرد: کـە هـەر یەکـەیان پـارەو زیوەکـەی هێناویـە بیخەنـە نـاو بارەکەیەوە، ربەی پاشاش بخەنە ناو باری بونیامینـەوە، جـا کـاتیّ قافڵـەیان بارکردو وەرِیّ کەوتن بـانگێ راهێشـترا: کـە ربـەی پاشـا دزراوە، هـەر کەسـیّ دزیبیـەتی خـۆی دەکرێتـە بارمتـەو دەگـیریّ، کـاتێکێ بارەکانیـان پشـکنین ربەکەیان لەباری بونیامیندا دۆزییەوە، ئیتر براکانی یوسف تینیان بـۆ هـاتو پەنایان بردە بەر پاشا بۆ ئەوەی یەکێکیان لەشوێنی بونیـامین گـل بدەنـەوە، چونکە باوکێکی پیری کەنەفتی هەیەو ئەم هەواڵە ببیسـیّ خـۆی بـۆ ناگـیریّ. بەڵام پێشنیارەکەیان وەرنەگیرا، ئەمجارە تورِە بوونو وتیان: ئەمە ئەمرِۆ کـە ئـەم دزییـەی کـردوە لـەوەپێش برایـەکی هـەبوو ئـەویش ئـاوا دزی لیّ رودرا. حەزرەتی یوسف ئەمەی زۆر پیّ ناخۆش بوو بەڵام دانی بەخۆیدا گرتو لەدڵی خۆیدا وتی: بەڵکوو ئێوە زۆر تاوانبارترن لەم کورِەی: کە ئێستا ربەکەی پاشـا لەبارەکەیدا دۆزراوەتەوە.

بەهەر حاڵ بونیامین گل درایەوەو برا گەورەکەشیان لەگـەڵیدا مایـەوە، براکانی تر بەغـەمناکی هاتنەوە بۆ لای باوکیـانو روداوەکـەیان بـۆ گێرِایـەوە، ئیتر حەزرەتی یەعقووب غـەمو نارِەحەتی زیاد بوو، چاوی پیّ سپی بونو برینی

یوسفیشی کولانەوەو هاواری لیّ هەڵساو وتی: ئای سەد داخۆ مخابن بۆ یوسف!

ئەمجار بۆ جاری سێهەم براکانی یوسف هاتنەوە بۆ میصرو داوایان لەحەزرەتی یوسف کرد: کە خواردەمەنی تریان بداتێو پارە کەمەکەیان لیّ قبووڵ بکاو برا گیراوەکەیان بۆ بەرەڵلا بکا.

ئەمجار حەزرەتی یوسف ئاواتی لەوەپێشیانی دەرحەق بەخۆی وەبیر هێنانەوەو وتی: دەزانن ئێوە کاتی خۆی چیتان دەرحەق بەیوسف کرد؟ ئەو کاتە ئێوە نەفام بوون لەبیرتانە چ تاوانێکتان دەرحەق بەبرای خۆتان ئەنجام دا؟

ئیتر براکان زانییان: کە ئەوە یوسفەو ناسییانەوەو وتیان: بۆ تۆ یوسفی؟ حەزرەتی یوسف فەرمووی: بەڵیّ من یوسفمۆ ئەمەش برامە.

ئەمجار هەندێکیان ناردنەوەو کراسی خۆی پێدان بۆ ئەوەی بیهێنن بەسەر دەمۆ چاوی باوکیاندا چاوەکانی چاک ببنەوەو روناکایی بکەوێتەوە ناویانۆ هەموویان بەخاوو خێزانەوە فەلەستین بەجیّ بهێڵنۆ بگوێزنەوە بۆ میصر.

حەزرەتی یەعقووبۆ خێزانۆ کورەکانی کە گەیشتنە لای یوسف سوجدەی رێزو ئیحتیرامیان بۆ ئەنجامدا بەیەکتر شادبوونەوە، حەزرەتی یوسف فەرمووی: باوکە! ئەمە تەعبیری خەونەکەمە کاتی خۆی کە بۆم گێڕایەوە..

ئەمە بەکورتی روداوەکانی چیرۆکی یوسف بوو کردمانە بەرکۆڵ بۆ ئەوەی بەچاوێکی رونترەوە بچینە ناو راڤەی ئایەتەکانەوە.

قورئان بەزمانی عەرەبی نێردراوە، پلەو پایەی چیرۆکەکانی قورئان

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

الٓرۚ تِلۡكَ ءَايَٰتُ ٱلۡكِتَٰبِ ٱلۡمُبِينِ ﴿١﴾ إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ قُرۡءَٰنًا عَرَبِيًّا لَّعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ ﴿٢﴾ نَحۡنُ نَقُصُّ عَلَيۡكَ أَحۡسَنَ ٱلۡقَصَصِ بِمَآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانَ وَإِن كُنتَ مِن قَبۡلِهِۦ لَمِنَ ٱلۡغَٰفِلِينَ ﴿٣﴾

ئیبنو جەریر لەئیبنو عەبباسەوە ریوایەت دەکا: دەفەرموێ: بەپێغەمبەر ﷺ گوترا برِیا چیرۆکت بۆ بگێرِاینەوە! ئیتر ئایەتی ﴿نَحۡنُ نَقُصُّ عَلَيۡكَ أَحۡسَنَ ٱلۡقَصَصِ﴾ نازڵ بوو..

وەکوو ئاشکرایە سەرەتای سورەتی یوسف دەشوبهێتە سەرەتای سورەتی یونس، بەڵام لێرەدا قورئان بە(المبین) وەصف کراوە لەوێ بە(الحکیم) هۆیەکەشی دەگونجێ ئەوە بێ: کە سورەتی یوسف باسی روداوی گەورە گەورە دەکا: کە بەسەر پێغەمبەرێکی رێزدار هاتووەو خۆی لەبەرامبەر ئەو هەموو ناخۆشییانەدا راگرتووە، لەکاتی تەنگانەدا صەبرو لەکاتی خۆشیدا شوکر رەوشتی بووە. کەوابوو وەصف کردنی سورەتێک کە ئەو روداوانەی لەخۆ گرتبێ بە(مبین) گونجاوە، سورەتی (یونس) کە باسەکانی چەسپاندنی بنەماکانی ئایینو یەکتاپەرستیو راستی پێغەمبەرایەتیو هاتنی رۆژی قیامەتە ئەمەش وەصف کردنی بە(الحکیم) گونجاوە.

دەفەرموێ: ﴿أَلر﴾ ئەم وشە دەبێ بە(الف، لام، را) بخوێندرێتەوە، دەربارەی ماناکەشی هەمان راو بۆچون هەیە کە لەسەرەتای سورەتی (البقرة)داو سەرەتای سورەتی (ال عمران)و شوێنی تریشدا باس کراوە هەرە گرنگیان ئەوەیە: کە دەفەرموێ: قورئان لەم پیتانە پێک هاتووە، ئێوەش زوبانەکەتان لەم پیتانە پێک هاتووە، دە ئێوە بتوانن لەو پیتانە کەلامێکی ئاوا بخەنە رو!

﴿تِلْكَ آيَاتُ ٱلْكِتَابِ ٱلْمُبِينِ﴾ ئەو ئایەتانەی لەم سورەتەدا بۆ تۆ هاتووە ئەی موحەممەد! کە لەو جۆرە پیتانە پێک هاتووە ئایەتی سورەتێکی ئاشکراو نمایانە لەوەدا: کە عەرەبەکانو غەیری ئەوانیش دەستەوەسان دەکا. یان ئایەتی قورئانێکە کە ئاشکراو نمایانە هیچ گومانی تێدا نیە، سەرئاسایەو عەرەبەکان دەستەوەسان دەکاو بۆڕیان دەدا..

یان ئایەتی قورئانێکە حەڵاڵو حەرامو حوکمە شەرعییەکانو ئەندازەی تۆڵەو حەدو ئەوەی پێویستە لەسەر ئادەمیزاد دەربارەی ئایین دیاری دەکاو ئاماژەی پێ دەکاو هیدایەتدەرە بۆ پەی بردن بەبەرژەوەندی دونیاو قیامەت، رێبازی کامەرانی دونیاو قیامەت نیشانی ئادەمیزاد دەدا، جا وشەی (الکتاب) بەمانا سورەت بێ، یان بەمانا قورئان بێ چ خراپیەکی تێدا نیە، چونکە (الکتاب) ئیسمی جینسە بۆ هەموو جینسەکەو بۆ هەندێ لەئەفرادی جینسەکەش بەکار دەهێندرێ، لەهەردو حاڵەکەدا مەبست بە(المبین) چەسپاندنی صیفەتی قورئانە، چونکە صیفاتی قورئان لەسورەتێکەوە بۆ سورەتێکی تر جوداوازی تێ ناکەوێ. قورئان هەمووی واضیحو ئاشکرایە، شتی نەزاندراو شی دەکاتەوە، ئایەتەکانی کاری نهێنیو شتی عامض ئاشکرا دەکەن، حوکمی شەریعەتو یاساو قانونی ژیان شی دەکەنەوە. ئادەمیزاد شارەزای رێبازێکی پڕ خێرو خۆشی دونیاو قیامەت دەکا..

قورطوبیو ئیبنو کەثیرو ئەبو حەییان وشەی (الکتاب)یان بەقورئان مانا کردوە، زومەخشەری دەڵێ: مەبەست بە(الکتاب) لێرەدا سورەتی یوسفە.

﴿إِنَّآ أَنزَلْنَٰهُ قُرْءَٰنًا عَرَبِيًّا﴾ ئێمە قورئانێکمان بەزوبانی عەرەبی ناردووە بۆ سەر پێغەمبەری خۆمان کە موحەممەدە، ئەو قورئانە دەخوێندرێتەوەو لەبەر دەکرێ، بۆیەشمان بەزوبانی عەرەبی ناردووە ﴿لَّعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ﴾ بەڵکوو بەهۆی ئەم قورئانەوە عەقڵو هۆش پەیدا بکەن، چیرۆکو سەرگورشتەی رابوردوان بزانن، فێری ئادابو ئەخلاقی جوانو ئەحکامو شەریعەت ببن، رێبازی ژیانتان بەگوێرەی بەرنامەی قورئان دیاری بکەن، بۆ ئەوەی قورئان بکەنە مەنهەجی ژیانتان لەرووی رامیاریو ئابوریو کۆمەڵایەتیو کاروباری دەوڵەتەوە، بۆ ئەوەی لەماناو مەبەستەکانی تێبگەن، تاکو کۆمەڵ لەسەر مەنهەجی ئەو قورئانە پەروەردە بکەن!

مامۆستا سەعید حەووا دەفەرموێ: قورئان کە رێزدارترین کتێبە بەرێزدارترین زوبان لەرێزدارترین نێرەرەوە بۆ رێزدارترین بەرێزدارترین فریشتەدا: کە جوبرائیلە نێردراوە بۆ رێزدارترین پێغەمبەر: کە حەزرەتی موحەممەدە ﷺ[1]

منیش دەڵێم: دەبوایە بیشی گوتایە کراوە بەمەنهەجو رێبازی رێزدارترین گەل: کە گەلی موسوڵمانە، چونکە بەگوێرەی دەقی قورئان گەلی موسوڵمان باشترین گەلو نەتەوەن ئەگەر فەرمان بەچاکەو نەهی لەخراپە بکەن! وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿كنتم خير امة اخرجت للناس تأمرون بالمعروف وتنهون عن المنكر﴾آل‌عمران/١١٠.

﴿نَحْنُ نَقُصُّ عَلَيْكَ أَحْسَنَ ٱلْقَصَصِ بِمَآ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانَ﴾ ئێمە جوانترین چیرۆکو سەرگورشتەت بەسەردا دەخوێنینەوە بەهۆی ئەوەوە: کە

(١) الأساس في التفسير ج٥/٢٦٢٨.

ئەم قورئانەمان بەنیگا بۆ ناردووی، قورئانێک کە تەواوو بێ عەیبو شیکەرەوەی هەموو شتێکە، چیرۆکی حەزرەتی (یوسف)یش چیرۆکێکی تەواوو سەرنج راکێشە، مەبەستو ئەهدافی بەرزی لەخۆ گرتوون ﴿وَإِنْ كُنْتَ مِنْ قَبْلِهِ لَمِنَ ٱلْغَافِلِينَ﴾ هەرچەندە تۆ ئەی موحەممەد! پێش ئەوەی ئەم قورئانەت بەنیگا بۆ بنێرین لەپێری بێ ئاگایان بووی! تۆش وەکوو گەلەکەت لەو باسانەی لەقورئاندان بێ ئاگابووی، چ زانیاریەکت دەربارەی هەواڵو سەرگورشتەی پێغەمبەرانی پێشوو نەبوو، گەلو نەتەوەکەت هیچیان دەربارەی شەریعەتی یەعقووبو کورەکانی نەدەزانی، هەروا ئاگادارییان بەسەر باری کۆمەڵایەتی دانیشتوانی میصرو ژیارو شارەستانییاندا نەبوو، تۆش لەو تاقمو کۆمەڵە بووی، لەوان شارەزاتر نەبووی.

ئایەتەکان بەرونی ئەم حوکمانەیان لێ وەردەگیرێن:

١- قورئان کتێبێکی رونکەرەوەیە: حەڵاڵو حەرامی لێک جیا کردوونەوە، ئەحکامو شەریعەتو ئادابو ئەخلاقی پەسەندی لەخۆ گرتووە.

٢- قورئان بەزوبانی عەرەبی نازڵ بووەو بەزوبانی عەرەبی دەخوێندرێتەوە، کەوابێ عەرەبەکان لەهەموو کەس شیاو ترن: کە ئیمانی پێ بهێننو تێی بگەنو بەخەڵکی تری رابگەیەنن.

٣- قورئان جوانترین چیرۆکو راسترین شوێنەوارو مێژووی گەلانی رابوردووی تێدایە.

٤- چیرۆکو سەرگورشتەی حەزرەتی یوسف جوانترین چیرۆکو سەرنج راکێشترین سەرگورشتەیە. چونکە پڕە لەپەندو حیکمەتو باسی یەکتاپەرستیو فیقهو مانای خەونو رامیاریو چۆنیەتی هەڵسو کەوت کردن لەناو خێزاندا، لەگەڵ کۆمەڵدا. گەلێ ئامۆژگاری سوود بەخشی تێدان کە بۆ دینو دونیا پێویستن باسی پێغەمبەرانو صاڵحانو فریشتەو شەیاتینیو

جندۆکەو ئادەمیزادو ئاژەڵو پەلەوەرو پاشاو بازرگانو زانایانو نەزانانو پیـاوو ئافرەتو پیلانەکانیان دەکا.

چیرۆکێکی گشتیو هەمــە جۆرە. باسـی ژیـانی کۆمەلایـەتیو ئـابوریو رامیاریو ئەدەبی دەکا. پڕە لەپەندو ئامۆژگاری کە هەرە گرنگەکەیان صەبرو خۆڕاگرییە لەسەر ئەزیەتو لێبوردنە لەکاتی دەسەلاتدا.

باسی یەکەم لەچیرۆکی یوسف

خەون بینینی یوسفو مانا کردنی خەونەکەیە لەلایەن حەزرەتی یەعقووبەوە

إِذْ قَالَ يُوسُفُ لِأَبِيهِ يَٰٓأَبَتِ إِنِّي رَأَيْتُ أَحَدَ عَشَرَ كَوْكَبًا وَٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ رَأَيْتُهُمْ لِي سَٰجِدِينَ ﴿٤﴾ قَالَ يَٰبُنَيَّ لَا تَقْصُصْ رُءْيَاكَ عَلَىٰٓ إِخْوَتِكَ فَيَكِيدُوا۟ لَكَ كَيْدًا إِنَّ ٱلشَّيْطَٰنَ لِلْإِنسَٰنِ عَدُوٌّ مُّبِينٌ ﴿٥﴾ وَكَذَٰلِكَ يَجْتَبِيكَ رَبُّكَ وَيُعَلِّمُكَ مِن تَأْوِيلِ ٱلْأَحَادِيثِ وَيُتِمُّ نِعْمَتَهُۥ عَلَيْكَ وَعَلَىٰٓ ءَالِ يَعْقُوبَ كَمَآ أَتَمَّهَا عَلَىٰٓ أَبَوَيْكَ مِن قَبْلُ إِبْرَٰهِيمَ وَإِسْحَٰقَ إِنَّ رَبَّكَ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿٦﴾

ئەمە سەرەتای دەست پێکردنــی چیرۆکـە رازاوەکـەی حـەزرەتی یوسـفە. بڕوانە: ئەم سەرەتا کورتە سەرنج ڕاکێشە لەنێو باسەکانی چیرۆکی حـەزرەتی یوسفدا. سەیرکە: چۆن سەرنجی خوێنەرو گوێگـر بۆ لای خـۆی رادەکێشـێو

وایان لێ دەکا هەوڵ بدەن چاوەڕوان بن: سەرەنجام چی رو دەدا، چۆن ئەو گرێ کوێرکە دەکرێتەوە، ئەو لەغەزەی خەون بینینی یوسفو گێڕانەوەی ئەو خەونە بۆ باوکیو وەڵامی باوکی بۆ کوڕی بچکۆلەی نەورەسیدە: کە فەرمانی پێ دەکا خەونەکەی بۆ براکانی نەگێڕێتەوە نەوەکوو حەسوودی پێ بەرنو نەخشەی لەناوبردنی بۆ دابڕێژن!

ئەم جۆرە ئوسلوبو شێوازە ئوسلوبێکی باوە لای چیرۆک نوسان، سەرتا چیرۆکەکە بەگرێ کویرکەیەک بەلەغەزێک بەهەواڵێکی سەرەنج راکێش دەست پێ دەکەنو ئەمجار وردە وردە پێوە دەچن ئەو گرێ کوێرکەیە دەکەنەوەو لەغەزەکە حەل دەکەن. بێگومان چیرۆکی حەزرەتی یوسف وەکوو لەم سورەتەدا هاتووە، نموونەی تەواوی مەنهەجی ئیسلامییە لەبواری چیرۆکدا!

هەرچەندە مەنهەجی قورئان لەناوەرۆکو شێوازدا یەکێکەو جوداوازی تێدا نیە. وەلێ چیرۆکو سەرگورشتەی حەزرەتی یوسف دەڵێی نمایشگایەکی تایبەتییە لەرانواندنی ئەم مەنهەجە لەبواری فەننی ئەدا کردندا.

بەڵێ چیرۆکەکەی حەزرەتی یوسف (کە خۆی کەسایەتی سەرەکی چیرۆکەکەیە) بەسەرهاتی ئەو زاتە رادەنوێنێ بەشێوەیەکی فراوانو لەهەموو تێوەگلانو تێکەڵاوبوونی ئەو کەسایەتیە بەرووداوەکانی ژیانی پڕ سەیرو سەمەرەیەوە!

لەم چیرۆکەدا جۆرەها ئەزمونو تاقیکردنەوە رادەنوێندرێ کە ئەو زاتە تووشیان بووە. تاقیکردنەوەکان جۆراو جۆرن، سروشتو شێوەیان جیا جیایە. ئەزموونی ناخۆشیو تاقیکرنەوەی خۆشی، جارێک روبەڕوی فیتنەی شەهوەتو ئارەزۆبازی دەبێتەوە، دەمێک گیرۆدەی تاقیکردنەوەی فەرمانڕەواو پاشایەتی دەبێ بەرەو روی جۆرەها ئینفیعالاتو هەستی ئادەمیزادانە بوەتەوە لەجۆرەها وێسکەو لەگەڵ جۆرەها کەسایەتی تردا

هەڵسو کەوتی کردوە، لەهەموو بوارەکاندا سەری دەکرد، هەموو ئەزموونگەو تاقیگەکانی سەربەرزانە بڕیوە بەوپەڕی بەرائەتو داوێن پاکیو دەست پاکییەوە رەها بوو، نموونەی خوداپەرستیو یەکتاپەرستییە، رابەری زانایانی دەروونناسو خەون لێدەرەوانە. نموونەی هەرە بەرزی گەنجی شۆخو شەنگی داوێن پاکو خاوەن وەفاو ئەمەکە، پرۆفسێۆری وەزیرانو فەرمانڕەواو کاربەدەستانی گەلو ولاتە...

دەی بابزانین قورئانی پیرۆز چۆن ئەم چیرۆکە رازاوە جوانو سەرنج راکێشە رادەنوێنێ!؟

﴿إِذْ قَالَ يُوسُفُ لِأَبِيهِ﴾ ئەی موحەممەد! چیرۆکی یوسف بۆ گەلو نەتەوەکەت بگێڕەوە. ئەوە بۆ گەلەکەت باس بکە: کە یوسف بەباوکی (یەعقووب) گوت: ﴿يَاأَبَتِ﴾ ئەی باوکی خۆشەویستم! ﴿إِنِّي رَأَيْتُ أَحَدَ عَشَرَ كَوْكَباً وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ رَأَيْتُهُمْ لِي سَاجِدِينَ﴾ من لەخەومدا: یازدە ئەستێرەو خۆرو مانگم دیتن سوژدەیان بۆ بردم، واتە: سوژدەی رێزو تەقدیرو فەرمانبەرداری، نەک سوژدەی عیبادەتو پەرستن..

بێگومان ئەو دەمەی حەزرەتی یوسف ئەم خەونەی بینی منداڵ بوو ئەم جۆرە خەونەش بەرواڵەت لەخەونی منداڵ ناچێ، چونکە منداڵو ساوا ئەگەر خەونی ئاوەها ببینێ، بینینەکەیان بەو جۆرە دەبێ مانگو خۆرو ئەستێرە بکەونە باوەشیەوە، لەبەردەمیدا بن، یارییان پێ بکا، کەچی حەزرەتی یوسف لەخەودا ئەم شتانەی بینی لەشێوەی عاقڵمەندانیدا سوژدەیان بۆ برد، بینی خۆرو مانگو ئەستێرە وەکوو ئادەمیزادو لەشێوەی ئەواندا سەریان بۆ دانەواندو رێزیان لێ گرت. بۆیە لەئایەتەکەدا وەصفی کرداری بکەری ناعاقڵ بەوەصفی عاقڵ مەند کراوە کە سوژدە بزدنە، تا ئاماژەبێ: کە ئەو خەونە خەونی ئیلهامو نیمچە نیگا بووە نەک خەونی پڕو پوچو بێ بناغەو خەیاڵپلاو! ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: خەونی پێغەمبەران نیگایە. خەونی صالحو راست

بەشێکە لەپێغەمبەرایەتی، بەشێکە لەهەواڵی پەنامەکیو نهێنی بەمەرجێ صالحو دیندار بیبینیو زاناو صالح مانای لێ بداتەوە.

خەون بریتییە لەوێنە گرتنی رووداوەکان لەسەر روبەری ئاوێنەی گیانێکی پاکێ. زوربەی جار خەون لەگەڵ گفتو گۆی نەفسدا یەکدی دەگرنەوە! بێگومان حەزرەتی یەعقووب کە یوسف خەونەکەی بۆ گێرایەوە، تێگەیشت: کە ئەمە خەونێکی راستو نیمچە نیگایەو یوسف پاشەڕۆژێکی گەلێ مەزنی دەبێ، پلەو پایەیەکی وای دەست دەکەوێ داخوازی ئەوە دەبێ کە هەموو براکانیو باوکو دایکیشی رێزی لێ بگرنو سوژدەی رێزو تەقدیری بۆ بەرن، لەوە ترسا براکانی ئەم خەونە ببیسنەوەو وەکوو ئەو لیێ تێبگەنو حەسوودی پێ بەرنو پیلانی لەناو بردنی نەخشە بکێشن! بۆیە جڵەوگیری لێ کرد: کە بەهیچ جۆرێک خەونەکە بۆ براکانی نەگێڕێتەوە. ئامۆژگاری کردو ﴿قَالَ: یابنيَ!﴾ وتی: ئەی کوڕی پچکۆلەو خۆشەویستم! ﴿لَاتَقْصُصْ رُؤْيَاكَ عَلَى إِخْوَتِكَ فَيَكِيدُوا لَكَ كَيْدًا﴾ خەونەکەت بۆ براکانت مەگێڕەوە، نەوەکوو حەسوودیت پێ بەرنو پیلانی وات بۆ دابڕێژن تووشی ناخۆشیو چەرمەسەریت بکەن، چونکە ﴿إِنَّ الشَّيْطَانَ لِلْإِنسَانِ عَدُوٌّ مُّبِينٌ﴾ بێگومان شەیتان دوژمنی سەرسەختی ئادەمیزادە، بەئاشکرا دوژمنایەتی خۆی لەگەڵ بەرەی ئادەمیزاددا راگەیاندوە، نەکەی باسی خەونەکەت لای براکانت بدرکێنی، بترسە لەوەی شەیتان بچێتە بن کلێشەی براکانتەوەو هەڵیان خەڵەتێنیو دنەدەنەیان بدا بۆ ئەوەی زیانت پێ بگەیەنن، دابو نەرێتی شەیتان ئەوەیە: کە ناکۆکیو دژایەتی بخاتە نێوان ئادەمیزادانەوە، زۆر جار لەرێگای حەسوودییەوە زەفەریان پێ دەبا. وەکوو حەزرەتی یوسف دوایی بۆ خۆی ئاماژە بەحەسوودی براکانی دەکا، دەفەرموێ: ﴿من بعد ان نزغ الشيطان بيني وبين إخوتي﴾یوسف/١٠٠.

لەفەرموودەی پێغەمبەردا ﷺ هاتووە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (اذا رآی احدکم ما یحب فلیحدث بە، واذا رأی مایکرە فلیتحول الی جنبە الآخر، ولیتفل عن یسارە ثلاثا، ولیستعذ بالله من شرها، ولا یحدث بها أحدا فنها لن تضره).

ئەگەر یەکێ لەئێوە لەخەودا شتێکی دڵخۆشکەرەی بینی با بیگێڕێتەوە، ئەگەر شتێکی بینی پێی ناخۆش بوو با خۆ وەرسوڕێنێ بۆ بارێکی دیکەو سێ جار تف بکاتە لای چەپی خۆی، پەنا بگرێ بەخوداو لەشەڕی شەیتانو خەونەکەی بۆ کەس نەگێڕێتەوە، چونکە ئەگەر وا بکا خەونەکە نایەتە جێو زیانی پێ ناگا..

ئیمام ئەحمەدو هەندێ کەسی تر فەرموودەیەک ریوایەت دەکەن لەموعاوییەی کوڕی حەیدەی ئەلقوشەری دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (الرؤیا علی رجل طائر مالم تعبر، فاذا عبرت وقعت) خەون لەسەر قاچی باڵندەیە هەتا مانای لێ نەدەیەوە، هەر کاتێ مانای لی دارایەوە دەچەسپێ.

﴿وَكَذَٰلِكَ يَجْتَبِيكَ رَبُّكَ﴾ ئەی کوڕی خۆشەویستم! وەکوو چۆن پەروەردگار لەخەودا ئاوا ئەستێرەو خۆرو مانگی نیشان داوی سوژدەیان بۆ بردوی، خودای خۆت هەڵت دەبژێرێو دەست نیشانت دەکا بۆ پێغەمبەرایەتیو پلەو پایەی ڕێزو ئیحترامت بەسەردا دەڕێژێو جۆرەها بەهرەو سەروەریت پێ دەبەخشێ!

﴿وَيُعَلِّمُكَ مِن تَأْوِيلِ الْأَحَادِيثِ﴾ لەلایەن خۆیەوە زانیاری خەون لێدانەوەت فێر دەکا، واتە: زانیاری تایبەتی خۆیت فێر دەکا، دەتوانێ مانای خەون لێ بدەیەوەو بزانی چۆن دێتە جێو ئاکام چی دەبێ.

فێر کردنی مانای خەون لەلایەن خوداوە بۆ یوسف، ئەوە بووە خودا ئیلهامو کەشفێکی وای داوەتێ: کە بزانێ مانای ئەو خەونە چۆنەو نیشانەی چی دەبێ. یان زەکاو فیراسەتێکی پێش وەخت برێ شت بزانێ وەکوو یوسف

بۆ خۆی ئاماژە بۆ ئەمە دەکاو بەدوو هاوەڵەکەی بەندینخانەی دەڵێ: ﴿لايأتيكما طعام ترزقانه الا نبأتكما بتأويله قبل ان يأتيكما ذلكما مما علمني ربي﴾يوسف/٣٧.

﴿وَيُتِمُّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكَ وَعَلَى آلِ يَعْقُوبَ﴾ هەروەها پەروەردگار نیعمەتی خۆی لەسەر تۆ تەواو دەکا، بەو جۆرە دەتکاتە پێغەمبەرو رەوانەت دەکا بۆ بانگەوازیکردن، هەروەها نیعمەتی خۆی بەسەر یەعقووبو بنەماڵەکەشیدا تەواو دەکا، بەم جۆرە هەلیان بۆ دەڕەخسێنێ کە لەلادێوە بێنە ناو شاری میصرو جێگەو ڕێگەی باشیان بداتیو پاشان زنجیرەی پێغەمبەران لەم بنەماڵەیەدا بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام بێ.

﴿كَمَا أَتَمَّهَا عَلَى أَبَوَيْكَ مِنْ قَبْلُ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْحَقَ﴾ هەروەکوو چۆن لەوەپێش نیعمەتی خۆی ڕژاند بەسەر باپیرتو باوکی باپیرتدا. کە ئیسحاقو ئیبراهیم بوون.. لەئایەتەکەدا ئیبراهیمی پێش خست چونکە پلەو پایەی ئەو بەرز ترەو بەباوکی پێغەمبەرانو (خليل الله) ناسراوە.

﴿إِنَّ رَبَّكَ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾ بێگومان خودای تۆ زاناو دانایە بەو کەسانەی هەڵیان دەبژێرێ بۆ پێغەمبەرایەتیو دەزانێ کێ شیاوی فەضلو نیعمەتو ڕێزلێنانە، هۆکاری بۆ دەڕەخسێنێ بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجی خۆیو ئاواتەکانی بەدی بێن. هەرچی دەیکا لەزانیاریو داناییەوەیە، ئیشی نابەجێ ناکاو کاری خراپی لێ ناوەشێتەوە.

باسی دووەم لەچیرۆکی یوسف

یوسف و براکانی

﴿لَّقَدْ كَانَ فِي يُوسُفَ وَإِخْوَتِهِۦٓ ءَايَٰتٌ لِّلسَّآئِلِينَ ﴿٧﴾ إِذْ قَالُواْ لَيُوسُفُ وَأَخُوهُ أَحَبُّ إِلَىٰٓ أَبِينَا مِنَّا وَنَحْنُ عُصْبَةٌ إِنَّ أَبَانَا لَفِي ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٨﴾ ٱقْتُلُواْ يُوسُفَ أَوِ ٱطْرَحُوهُ أَرْضًا يَخْلُ لَكُمْ وَجْهُ أَبِيكُمْ وَتَكُونُواْ مِنۢ بَعْدِهِۦ قَوْمًا صَٰلِحِينَ ﴿٩﴾ قَالَ قَآئِلٌ مِّنْهُمْ لَا تَقْتُلُواْ يُوسُفَ وَأَلْقُوهُ فِي غَيَٰبَتِ ٱلْجُبِّ يَلْتَقِطْهُ بَعْضُ ٱلسَّيَّارَةِ إِن كُنتُمْ فَٰعِلِينَ ﴿١٠﴾

ئەمە سەرتای چیرۆکەکەیە: لەوەپێش پەروەردگار دوو پێشەکی بۆ ئەم چیرۆکە دیاری کرد:

یەکەم: وەصف کردنی قورئان بەوە کە کەلامێکی خودایی‌یەو بەزوبانی عەرەبی نازڵ کراوە، بەڵگەیە لەسەر راستی پێغەمبەرایەتی حەزرەتی موحەممەد ﷺ.

دووەم: بینینی ئەو خەونە سەرنج راکێشە لەلایەن یوسفەوە، کاریگەری خەونەکە لەسەر یەعقووب. ئیتر دوا بەدوای ئەو دوو پێشەکییە دەست دەکا بەگێڕانەوەی چیرۆکەکەو دەفەرموێ:

﴿لَقَدْ كَانَ فِي يُوسُفَ وَإِخْوَتِهِ آيَاتٌ لِلسَّائِلِينَ﴾ سوێند بێ بەخودا لەچیرۆکی یوسفو براکانیدا[1] پەندو ئامۆژگاری هەن بۆ پرسایان، زۆر عیبرەتو نیشانە هەن لەسەر قودرەتو دەسەلاتی رەهای پەروەردگارو زانایی‌و دانایی‌و لوطفو کەرەمی بۆ بەندە هەڵبژاردەکانی‌و پەروەردەکردنیان بەپەروەردەیەکی خودایی، بۆ هەر کەسێک پرسیار بکا لەرووداوی چیرۆکەکەو بیەوێ بەراستی چۆنیەتی رووداوەکانی ئەم چیرۆکە بزانێ‌و پەندیان لێ وەربگرێ!

سەیر بکەو تێبفکرە! ئەگەر براکانی یوسف حەسوودیان پێ نەبردایە نەیاندەخستە ناو بیرەکەوە، ئەگەر نەیانخستایە ناو بیرەکەوە نەدەگەیشتە دەستی عەزیزی میصر، ئەگەر عەزیز بەئەمین‌و دەستپاکی نەزانیایە نەیدەکردە ئەمینداری خەرجی ناو ماڵی، ئەگەر ژنی عەزیز حەزی ێ نەکردایە داوێنپاکی‌و نەزاهەتی دیار نەدەکەوت، ئەگەر (زولەیخا) لەپیلانەکەیدا تێ نەشکایە یوسف نەدەخرایە ناو بەندینخانەوە، ئەگەر

---

(١) براکانی یوسف وەکوو لەتەوراتی ئێستا تۆمار کراوە ئەمانەن:
١- رأوبین کوڕی لیئە: کە براگەورەیان بوو.
٢- شەمعون کوڕی لیئە: دووەم کوڕی یەعقووب بوو.
٣- لاوی کوڕی لیئە: سێیەم کوڕی یەعقووب بوو.
٤- یەهوذا کوڕی لیئە: چوارەم کوڕی یەعقووب بوو.
٥- دان کوڕی بەلهەی کچی راصیل: پێنجەم کوڕ بوو.
٦- نەفتالی کوڕی بەلهە: شەشەم کوڕ بوو.
٧- جاد کوڕی زلفەی کچی لیئە: حەوتەم کوڕ بوو.
٨- ئەشیر کوڕی زلفە: هەشتەم کوڕ بوو.
٩- یەسساکیر کوڕی لیئە: نۆیەم کوڕ بوو.
١٠- زوبولون کوڕی لیئە: دەیەم کوڕ بوو.
١١- یوسف کوڕی راحیل: یازدەهەم کوڕ بوو.
١٢- بونامین کوڕی راحیل برا بچکۆلەیان بوو.
بەگوێرەی ریوایەتی ریوایەت لەکاتی هاتنە دونیای بونیامین دایکی یوسفو بونیامین کە ناوی راحیل بووە لەدونیا دەرچووە.

نەخرایە بەندینخانەوە مەیگێرو پیاوی مەلیکێ نەیاندەناسیو نەیاندەزانی کە زانایە بەمانای خەون! هەروا پاشا نەیدەناسیو ئیمانی پێ نەدەهێناو نەیدەکردە ئەمینداری گەنجو گەنجینەی ولات، ئەگەر ئەم پلەو پایەی دەست نەکەوتایە. نەیدەتوانی باوکو براکانیو خزمو کەسو کاری لەلادێوە بێنێ بۆ شارو لەبرسیایەتی رزگاریان بکا، بەڵکوو ئەم بەسەر هاتانەی یوسف بوون بەهۆی ئەوە: کە گەلو نەتەوەیەکێ لەبرسیاسەتی رزگار بکا. کەوابوو هەر بەلاو ناخۆشییەکی بەسەری هات هەرچەند بەرواڵەت شەڕو نەگبەتی بوو بەلام ئاکامو سەرەنجامی خێرو بەهرەو سەروەری بوو..

بەڵێ لەچیرۆکی یوسفدا ئایاتو نیشانە هەن بۆ کەسانێک کە بیانەوێ پرسیار لەرووداوەکانی ناو ئەم چیرۆکە بکەن، چ رووداوی حیسسیو ظاهری بن، یان زانیاری نهێنیو پەنامەکی بن وەکوو زانستی یەعقووب بەسەرەنجامی خەونی یوسف، یان بەدرۆ زانینی داوای براکانی یوسف کە وتیان: یوسف گورگ خواردویەتی، یان بەرەنگ کردنی کراسەکەی یوسف، کە هەر لەگەڵ کاروانەکە لەخاکی میصر بەرێکەوت ئەو لەکەنعانەوە بۆنی کراسی یوسفی کرد، یان زانیاری یوسف: کە بەگەیشتنی کراسەکە بۆ لای باوکیو بەسەر دەمو چاوی خۆیدا بهێنێ چاوی چاک دەبنەوە.

بەراستی ئامۆژگاری زۆرو زەبەندە هەن: ﴿إِذْ قَالُوا لَيُوسُفُ وَأَخُوهُ أَحَبُّ إِلَىٰ أَبِينَا مِنَّا﴾ کاتێک براکانی یوسف وتیان: وەڵڵاهی یوسفو براکەی بونیامین لای باوکمان لەئێمە خۆشەویستترن، ئەوان هەرچەندە لەئێمە پچوکترنو کارو کاسبییان پێ ناکرێ کەچی ئەوانی لەئێمە خۆشتر دەوێ، ئێمە هەموومان پیاوی بەهێزو تاقەتو کارو کاسبی کار، چی پێویست بێ بۆ دابینکردنی باری ژیانو خەرجی ناو ماڵ ئێمە دابینی دەکەین کەچی زیاتر گرنگی بەئەوان دەدا!

﴿إِنَّ أَبَانَا لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ﴾ بێگومــان باوکمـان لـەو هەڵوێسـتەیدا کـە ئەوانی لەئێمــە خۆشـتر دەوێ ڕێگـای عەداڵـەتکاری لێ هـون بـووەو بەهەڵـە چووەو بەهەڵەچوونەکەی ئاشـکرایەو هـەموو کـەس دەیزانـێ، دەنـا چـۆن دوو منداڵی بێکارەو هیچ لەبارا نەبوو پاسـاو دەداتـەوە بەسـەر کۆمـەڵێک کـوڕی گەنجی بەدەستو بازۆو کاسبکەرو خزمەتگوزارو پارێزەر!!

بەڵام لەڕاستیدا ئـەوان هەڵـە بـوون نـەک حـەزرەتی یـەعقووب، چونکـە یوسفـو بونیامینی برای هــەردوکیان پچکۆلـە بـوونو دایکیـان کۆچـی دوایـی کردبوو، پێویستیان بەزێدە نازکێشانو چاودێری پتر بوو، حەزرەتی یـەعقووب بەم زێدە گرنگی دانە پێیان دەیەویست کەلێنی بێ دایکییان بۆ پـڕ بکاتـەوە، هەروەها لەحەزرەتی یوسفدا پاشە ڕۆژی پڕشـکۆو پـیرۆزی دەبینـی، عـەقڵو دانایی زیـادی تێـدا بـەدی دەکـرد، بەتایبـەتی لەخەونەکـەی یەسـفـدا گـەلێ بـەهرەو شـکۆمـەندی بـۆ حـەزرەتی یوسـف چاوەڕوان بـوو دەیزانـی ئـەم زاتـە دوارۆژێکی پرشنگداری دەبێ...

ئایەتەکە ئاماژەی ئەوەی تێدایە: کە پێویستە باوکو دایک گرنگی بدەن بەبەخێوکردنی منداڵەکانیانو یەکسـانی بخەنـە نێوانیانـەوە لەخۆشەویسـتیو مامەڵە لەگەڵ کردندا تەنانەت لەماچ کردنیشیاندا، تا بۆیـان دەکـرێ خۆیـان بپـــارێزن لەفـــەرقو جودایـــی کـــردن لـــەنێوانیاندا. پێغەمبـــەریش ﷺ لەفەرموودەیـەکیدا: کـە بوخـاریو موسـلیمو هـی تریـش ریوایـەتیان کـردوە لەنوعمانی کـوڕی بەشـیرەوە دەفـەرموێ: (اتقوا الله واعدلوا بين أولادكم في النحل كما تحبون ان يعدلوا بينكم في البر واللطف) خۆتـان بپـارێزن لەسـزای خـودا، عەداڵـەتکاریی بکـەن لـەنێو منداڵـەکانتاندا لـەبارەی خۆشەیسـتیو سۆزەوە، وەکوو چۆن پێتان خۆشە ئەوان هەموویان وەکوو یەک چاکەتان لەگەڵ بکەن..

ئەمجار پەروەردگار نەخشەو پیلانەکەیان دیاری دەکا دەفەرموێ: براکانی یوسف تەگبیریان کرد لەناوخۆیاندا و وتیان: ﴿اُقْتُلُوا يُوسُفَ أَوِ اطْرَحُوهُ أَرْضاً﴾ با یوسف بکوژین‌و لەناوی بەرین بۆ ئەوەی باوکمان بڕوی بنیێو هیچ هیوایەکی پێکگەیشتنەوەی ئەوی نەمێنێ، یان فڕێی بدەنە ولاتێک دوور بێ لەئاوەدانی، تەنانەت ئەگەر نەش مرێ ڕێگای هاتنەوە نەزانێ بێتەوە بۆ لای باوکمان. ﴿يَخْلُ لَكُمْ وَجْهُ أَبِيكُمْ وَتَكُونُوا مِنْ بَعْدِهِ قَوْماً صَالِحِينَ﴾ ئیتر بەرچاوی باوکتان چۆڵ دەبێو دڵو دەروونی بۆ ئێمە خاڵی دەبێ، هەموو گرنگیپەک بەئێمە دەداو عەطفو سۆزی خۆی دەدا بەئێمە ئەمجار ئێوە تۆبە بکەنو ببنە بەندەی صالحو راستاڵ، کردەوەی باش ئەنجام دەدەینو جارێکی تر تاوانی وا ناکەین، بەمەش خودا لەخۆمان رازی دەکەینو باوکیشمان لێمان رازی دەبێ.

بێگومان بەدارشتنی ئەم پیلانەیان تاوانێکی گەورەیان ئەنجام دا، خۆیان بۆ کارێکی سامناکو لەخودا رەنجانو ئامادە کرد؛ پچڕانی صیلەی رەحم، ئەزیەتدانی باوک، بەزەیی نەهاتنەوە بەپیرێکی کەنەفتی کۆنە ساڵ کە بەهیچ شێوەیەک ئەزیەتدانی دروست نیە، دڵ شکاندنی تاوانی گەورەیە، پێشێل کردنی مافی باوکە لەسەر کوڕ، ئەوان هاتن باوکی پیرو کەنەفتیان لەمنداڵی ساواو خۆشەویستی خۆی دابڕی، باوکی دڵ پڕ سۆزو عاطیفییان لەمنداڵی بێ دەسەلاتو خۆشەویست جودا کردەوە.! خودا لێیان خۆش بێ!

﴿قَالَ قَائِلٌ مِنْهُمْ لاَتَقْتُلُوا يُوسُفَ وَأَلْقُوهُ فِي غَيَابَةِ الْجُبِّ يَلْتَقِطْهُ بَعْضُ السَّيَّارَةِ إِنْ كُنْتُمْ فَاعِلِينَ﴾ یەکێک لەبراکان: کە ناوی بەهوذاو برا گەورەیان بوو، هەندێکیش دەڵێن: روبیل بوو، وتی: یوسف مەکوژن، برکێشی کوشتنی مەکەن؛ چونکە برای خۆتانەو کوشتن تاوانێکی گەورەیە، بەڵکوو فڕێیدەنە ناو بیرێکەوە، کاروانێک (کە هاموشۆی بازرگانی دەکەن) بۆ خۆیان هەڵیدەگرنەوە، لەکۆڵ ئێوە دەبێتەوە، بەمە مەبەستەکەتان دێتە جێو

لەباوکی دوور دەکەوێتەوەو لیێ دیدار ئاخیرەت دەبێ، ئیتر پێویست بەکوشتنی ناکا، ئەگەر ئێوە دەتانەوێ شتێک بکەن عەقڵ پەسندی بکا ئەوە رێگای لەبارو گونجاوە.!!

لەراستیدا ئەم کردارو هەڵوێستەی براکانی یوسف نیشانەی ئەوەیە: کە پێغەمبەر نەبوون، چونکە پێغەمبەران نابێ پیلانی موسوڵمان کوشتن دارێژن. بەڵکوو ئەوان موسوڵمان بوونو تاوانیان ئەنجام داوەو دوایی تۆبەو ئیستیغفاریان کردوە. هەندێکیش پێیان وایە: ئەو کاتەی ئەم پیلانەیان دارشت پێغەمبەر نەبوون، دوای تۆبەیان کردوەو کراون بەپێغەمبەر! .

براکانی یوسف پیلانەکەیان جێ بەجێ دەکەنو باوکیان هەڵدەخەڵەتێنن

قَالُواْ يَٰٓأَبَانَا مَا لَكَ لَا تَأۡمَ۬نَّا عَلَىٰ يُوسُفَ وَإِنَّا لَهُۥ لَنَٰصِحُونَ ﴿١١﴾ أَرۡسِلۡهُ مَعَنَا غَدٗا يَرۡتَعۡ وَيَلۡعَبۡ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ﴿١٢﴾ قَالَ إِنِّي لَيَحۡزُنُنِيٓ أَن تَذۡهَبُواْ بِهِۦ وَأَخَافُ أَن يَأۡكُلَهُ ٱلذِّئۡبُ وَأَنتُمۡ عَنۡهُ غَٰفِلُونَ ﴿١٣﴾ قَالُواْ لَئِنۡ أَكَلَهُ ٱلذِّئۡبُ وَنَحۡنُ عُصۡبَةٌ إِنَّآ إِذٗا لَّخَٰسِرُونَ ﴿١٤﴾ فَلَمَّا ذَهَبُواْ بِهِۦ وَأَجۡمَعُوٓاْ أَن يَجۡعَلُوهُ فِي غَيَٰبَتِ ٱلۡجُبِّۚ وَأَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡهِ لَتُنَبِّئَنَّهُم بِأَمۡرِهِمۡ هَٰذَا وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ ﴿١٥﴾ وَجَآءُو

أَبَاهُمْ عِشَآءً يَبْكُونَ ﴿١٦﴾ قَالُواْ يَٰٓأَبَانَآ إِنَّا ذَهَبْنَا نَسْتَبِقُ وَتَرَكْنَا يُوسُفَ عِندَ مَتَٰعِنَا فَأَكَلَهُ ٱلذِّئْبُ وَمَآ أَنتَ بِمُؤْمِنٍ لَّنَا وَلَوْ كُنَّا صَٰدِقِينَ ﴿١٧﴾ وَجَآءُو عَلَىٰ قَمِيصِهِۦ بِدَمٍ كَذِبٍ قَالَ بَلْ سَوَّلَتْ لَكُمْ أَنفُسُكُمْ أَمْرًا فَصَبْرٌ جَمِيلٌ وَٱللَّهُ ٱلْمُسْتَعَانُ عَلَىٰ مَا تَصِفُونَ ﴿١٨﴾

ئایەتەکان پەیوەندییان بەئایەتەکانی پێشەوەوە هەیە، چۆنیەتی جێ بەجێ کردنی نەخشەو پیلانەکەی براکانی یوسف دیاری دەکا، ئەوە دەردەخا: کە ئەوان بەزوبانی لووسو فرتو فێڵ یوسفیان لەباوکی وەرگرتو بردیان. دەفەرموێ: ﴿قَالُوا: يَا أَبَانَا مَالَكَ لاَ تَأْمَنَّا عَلَى يُوسُفَ وَاِنَّا لَهُ لَنَاصِحُونَ﴾ وتیان: ئەی باوکی بەرێزمان! ئەوە تۆ چیتە لەئێمە دڵنیانی دەربارەی یوسف؟ دەترسی لێمان تووشی ئەزیەتی بکەین؟ ئێمە خۆشمان دەوێ، دڵسۆزین بۆی، دەمانەوێ لەخێرو خۆشیدا بێ، بەدڵو بەگیان نەصیحەتو ئامۆژگاری دەکەین، وەکوو چاوی خۆمان دەیپارێزین،!

ئایەتەکە ئاماژەی ئەوەی تێدایە کە براکان هەستیان بەوە کردبوو: کە باوکیان دڵی لێیان خراپ بووە. دەشیانزانی باوکیان چەند یوسفی خۆش دەوێ، بەتایبەتی دوای بینینی خەونەکە حەزرەتی یەعقووب زێد گرنگی‌یەکی تایبەتی پێ دا بوو، چونکە پاشەرۆژێکی پرشنگداری بۆ دەبینی.

ئەمجار وتیان: ﴿أَرْسِلْهُ مَعَنَا غَداً يَرْتَعْ وَيَلْعَبْ وَاِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ﴾ جا وا ئێمە وەکوو دابو نەرێتی خۆمان بەیانی دەچین بۆ سەیران. بۆ یاریو رابواردن، جەنابیشت بەدڵنیایی‌یەوە یوسفمان لەگەڵ بنێرە، با بۆخۆی

بەئارەزۆی خۆی لەو دەشتو سارایە، لەو کێــوو کـەژە بـەروبوم بخـوا، لەگـەڵ ئێمـەشدا یـاری بکـاو پێشـبڕکێو تۆپێـنو سـێ بـازێن ئـەنجام بــدا، ئێمـە پارێزگاری دەکەین ناهێڵین تووشی هیچ ناخۆشی‌یەک ببێ، هەر لەبەر خـاتری تۆ وەکوو چاوی خۆمان دەیپارێزین!.

حەزرەتی یەعقووب وەلامی دانەوە: ﴿قَالَ: إِنِّيْ لَيَحْزُنُنِيْ أَنْ تَذْهَبُوا بِـهِ﴾ وتی: هەست دەکەم بەغەمو نارەحەتی‌و دڵتەنگ دەبم ئەگەر یوسـف لێـم دوور کەوێتەوە، ئەگــەر ئێـوە لەگـەڵ خۆتـان ببیـەن بـۆ دەشـتو دەر مـن بـێ ئـەو هەڵناکەم، ﴿وَإِنِّيْ أَخَافُ أَنْ يَأْكُلَهُ الذِّئْبُ وَأَنْتُمْ عَنْهُ غَافِلُوْنَ﴾ دەترسـم رێگـا بدەم لەگەڵ خۆتــانی بـەرنو لـەبیابان لێی کەمتەرخـەم بـبنو گـورگ بیخـوا، دەترسم ئێوە سەرگەرمی یاری کردنی خۆتان بنو ئاگاتــان لەیوسف نـەمێنی‌و گورگ پەلاماری بداو بیخوا!

وا پێ دەچێ ئەگەر یــەعقووب باســی گورکـی بـۆ ئـەوان نەکردایـە، ئـەو درۆیەیان بۆ هەڵنەبەسترایەو عەقڵیان بەم عوزرە درۆ ئامێزە نەشـکایە! بـەلام دوور بینی‌و حەزەرو ئیحتیاط کردن لـەپارێزگاری یوسـف پـاڵی پێـوە نـا ئـەم شتانەیان بۆ باس بکا!

﴿قَالُوا: لَئِنْ أَكَلَهُ الذِّئْبُ وَنَحْنُ عُصْبَةٌ إِنَّــا إِذاً لَخَاسِـرُوْنَ﴾ وەلامـی باوکیان دایــەوەو وتیــان: وەڵلاهــی، ئەگـەر ئێمـە ئـەوەندە دەستەوەسان بـین گورک بتوانێ یوسفمان لێ بفرێنی‌و بیخوا، ئەگەر ئێمە بەهەموانمان نەتوانین یوسف بپارێزن (لەکاتێکدا ئێمــە دەسـتەیەکی خـاوەن هـێزو توانـاو دەسـتو بازوینو کوڕی تەنگانەو پیاوی رۆژی هەڵمەتو قوربانین) ئەگەر ئــەوەمان بـۆ نەکرێ، نیشانەی ئەوەیە: ئێمە هیچو پووچـین چمـان لەدەست نایـە، جێگـای متمانە نینو هیچ کارێکمان پێ ئەنجام نادرێو چ خێرو بێرێکمان تێدا نیە!

ئیتر پیرەمێردی باوکیان کە ئەم هەموو سوێندو بەڵێنەی لێ بیستن ئیحراج بوو بەنابەدڵیو ناچاری یوسفی دانە دەست.. بۆ ئەوەی قەزاو قەدەری خودا بێتە دیو بەگوێرەی ویستی خودا چیرۆکەکە تەواو بێ.

ئێستا وا یوسفیان لەباوکی وەرگرتو بەرەو دەشتو سارا کەوتنە ڕێو وا خەریکی ئەنجامدانی پیلانە چەپەڵەکەیانن!

﴿فَلَمَّا ذَهَبُوا بِهِ وَأَجْمَعُوا أَنْ يَجْعَلُوهُ فِي غَيَابَةِ الْجُبِّ﴾ کاتێک بەڕێ کەوتنو یوسفیان لەباوکی دوور خستەوە؛ هەموو رایان هاتە سەر ئەوە کە بیهاوێژنە قوڵایی بیری کەنعانەوەو ئەوەی بڕیاریان لەسەر دا بوو ئەنجامی بدەن. جا لەم حاڵە تەنگو چەڵەمەیەدا، لەم کاتە ناسکو ترسناکەدا کە مردن لێی نزیک بۆتەوەو هیچ فریارەس نیەو کەس نیە فریای بکەوێو دادو فوغان دادی ناداو ئەم منداڵو بێ دەسەڵاتو ئەوان دە کەسی زەلامو زەبەللاحو بێ ویژدان، تا لەم ساتە ناسکەدا: کە یوسف لەژیانی خۆی نائومێد بووە، پەروەردگار نیگای بۆ دەنێرێو دڵنیای دەکا: کە ئەمە تاقیکردنەوەیە، تەنگانەیەو فەرەجی لەدوایە. دەفەرموێ: ﴿وَأَوْحَيْنَا إِلَيْهِ لَتُنَبِّئَنَّهُمْ بِأَمْرِهِمْ هَذَا وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ﴾ نیگامان بۆ کرد، دڵنیامان کرد لەوەی: کە لەم تەنگانە رزگارت دەبێ نامرێ تا ئەم کارە ناپیاوانەیان بەچاودا دەدەیەوە، تەریقیان دەکەیەوە، ئەوان لەسەرەتادا نازانن ئەوەی ئەم تانوتەیان لێ دەدا ئەو یوسفە منداڵەیە کە خستوویانەتە ناو بیرەوەو بەخەیاڵی خۆیان لەکۆڵیان بۆتەوە!

با ئێستا یوسف لەتەنگانەی ناو بیرەکەدا جێ بێڵین، بێگومان ئیلهامی خودا دڵنیای کردوەو چاوەڕوانی رزگار بوونە، با یوسف جێ بێلین بزانین براکانی دوای ئەنجامدانی تاوانەکەیان چی دەکەنو چی دەڵێن: ﴿وَجَاءُوا أَبَاهُمْ عِشَاءً يَبْكُونَ﴾ ئێوارە درەنگانێک کاتی عیشاء هاتنەوە بۆ لای باوکیان، خۆیان بەغەمبارو دڵتەنگ نیشان دەداو شینو رۆرۆیان دەکردو دادو فیغانو برا رۆیان بوو!

﴿قَالُوا: يَاأَبَانَا﴾ وتیان: ئەی باوکی بەرێزمان! چیت لێ وەشێرین ﴿إِنَّا ذَهَبْنَا نَسْتَبِقُ﴾ ئێمە چوین بۆ یاریو پێشبڕکێو بازبازێن ﴿وَتَرَكْنَا يُوسُفَ عِنْدَ مَتَاعِنَا﴾ یوسفمان لای کەلوپەلەکانمان دانابوو ﴿فَأَكَلَهُ الذِّئْبُ﴾ گورگ خواردی، ئێمە لێی دوور بووینو سەرگەرمی یاریو رمبازی خۆمان بووین، ﴿وَمَا أَنْتَ بِمُؤْمِنٍ لَنَا وَلَوْ كُنَّا صَادِقِينَ﴾ ئێمە دەزانین: ئەتۆ بڕوامان پێ ناکەی با ئێمە راستگۆو جێگای بتمانەی جەنابت بین! چۆن تۆ گومانی خراپ بەئێمە دەبەییو پێت وایە ئێمە راست ناکەین؟ بەهەر حاڵ لەمەدا جەنابت بیانووت هەیە چونکە روداوەکە هێندە غەریبە ناچێتە عەقڵەوە شتی وا روبدا؟! ئەتۆ دوێنێ لەم کارەساتە ترساندتینو ئێمە رەدمان دایەوە، بەڵام وا کارەسات رویداو شتەکە قەوماوە!!

بەکورتی ئێمە هەرچەندە راست بکەینو راستگۆبین ئەتۆ بڕوامان پێ ناکەیو تۆمەتی فەوتانی یوسف دەخەیە سەر شانی ئێمە، چونکە تۆ یوسفت زۆر خۆش دەویستو گومانیشت وایە ئێمە درۆ دەکەین!

ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوە: کە ئەوان بۆ خۆیان قەناعەتیان بەوتەکانی خۆیان نەبوو ناراستەوخۆ دانیان بەدرۆزنی خۆیاندا دەنا!

﴿وَجَاءُوا عَلَى قَمِيصِهِ بِدَمٍ كَذِبٍ﴾ هەر بۆ چەواشەکاریو چەسپاندنی فێڵەکەی خۆیان، ئاسکێکیان سەربڕیو بەدرۆ خوێنی ئاسکەکەیان لەکراسی یوسف هەڵسوو بەنارێکو پێکی کراسەکەیان خوێناوی کردو وایان نیشان دا: کە ئەم کراسە ئەوەیە: کە گورگەکە یوسفی تێدا خواردووە، بەڵام ویستی خودا وابوو: کە دەبێ شوێندەستی تاوانەکەیان دەربکەوێ، فێڵەکەیان ئاشکرا ببێ، ئەوەیان لەبیر چوو کە هەندێک کراسەکە بشێوێنن، بیدڕێنن، بیهەنجنن، چونکە ئەگەر گورگ بیخواردایە دەبوایە کراسەکە بدڕایەو ونجڕ ونجڕ ببوایە: بەڵام مەیدانی درۆ کورتەو زۆر ناخایەنێ.

حەزرەتی یـەعقووب بـڕوای پـێ نـەکردن، روی لێ وەرگێڕاو گوێـی بـۆ قسەکانیان شل نەکردو شتەکەی بەدرۆ زانیو فەرمووی: ﴿بَلْ سَوَّلَتْ لَكُـمْ أَنفُسُكُمْ أَمْـراً﴾ بـەڵکوو ئـەوە دڵو دەروونـی ناپاکتـان ئەمـەی پـێ کـردوون کارێکی وا ناپەسندی پێ ئـەنجام داون، ئـەوەی دەیڵێـن لەراستییەوە دوورەو عەقڵ وەری ناگرێ!

﴿فَصَبْرٌ جَمِيلٌ﴾ صەبر دەگرم، صەبری جوانو پەسند بۆمـان باشـەو ئـەوە چـەکی خـاوەن باوەڕانـەو ئـارام دەگـرم، پشـت بـەخودا دەبەسـتم، چـاوەڕوانی دەرووی رەحمەتم، ﴿وَاللَّهُ الْمُسْتَعَانُ عَلَى مَا تَصِفُـونَ﴾ خـودا یارمەتیدەرمـە لەسەر ئەوەی باسی دەکەنو بۆمـی دەگێڕنـەوە لـەم هەواڵـە دڵتەزێنـە. بـەڵێ: ئەوەندە لەیوسف پڕ بوون قینیان لێ بوو بۆیە ئاوا بەپەلەو بێ لێ ورد بوونەوە ئەم درۆ شاخدارەیان هەڵبەست. ئەگـەر لەسـەرەخۆو عـاقڵو ئـەعصاب سـارد بوونایە نەدەبوو وا خێرا بەپەلە ئەو تاوانەیان ئەنجام بدایە. ئەوە یەکـەمجارە یـەعقوب رێگـا دەدا یوسـف بـەرن بـۆ دەشـتو سـارا، دەبوایـە ئـەو رۆژە بەسـەلامەتی بیانهێنایـەوەو قسـەی خۆیـان ببردایـە سـەرو خۆیـان بـەدرۆ نەخستایەوە! بەڵام وا دیارە ئەوان زۆر داخ لـەدڵ بـوون پەلـەیان لـەناو بردنـی بوەو، ترساون جارێکی تر هەلی وایان بۆ هەڵنەکەوێ!!

هـەروەها نەفامییەکـەیان لـەوەدا بـووە کـە گورگیـان هێنایـە نـاو پیلانەکەیان، ئەمەش نیشانەی هەڵەشـەیی‌و سـەر لێ شـێوانیان بـوو، چونکـە دوێنێ باوکیان ئەوەی بەگوێچکەدا دان: کە ترسی ئەوەی هەیە یوسـف گـورگ بیخوا، ئەوان داکۆکییان لەوە دەکردو دەیـانگوت: چـۆن شـتی وا دەبـێ؟ دەی کەی ئەوە عەقڵو فامە بەیانی دەربچنو یوسف بۆ گـورگ دابنێـن؟ کـە رۆژی پێشوو باوکیان ئاگاداری کردنەوەو وتی: ترسی ئەوەم هەیە ئێوە لەیوسـف بـێ ئاگا بنو گورگ بیخوا؟!

هەر بەم شێوە هەڵشەیی‌یەیان هاتن کراسەکەی یوسفیان خوێنـاوی کرد‌و بۆشایەدی لەگەڵ خۆیان ئێوارە خستیانە بـەردەمی باوکیـان، وەلێ بەئاشکرا ئەم کراسە خوێناوییە، بوو بەنیشانەی درۆزنی‌و بێ بناغەیی داواکەیان!

حەزرەتی یەعقووب بەتێفکرین لەروداوەکەو بەڵگە رواڵەتیەکان‌و هیتافی ناو دەروونی خۆی هەستی بەوە کرد: کە یوسف گورگ نەیخواردووە، وە پـێ‌ی وا بوو براکانی پیلانێکیان بۆ دارِشتووە، هەستی کرد کـە ئـەم روداوەی ئـەوان دەیگێڕنەوە شتێکی هەڵبەستراوو بێ بناغەیە. ئـەوەی ئـەوان دەیلێـن هـەرگیز روی نـەداوە! تەنانـەت ریوایـەت کـراوە حـەزرەتی یـەعقووب بەشـیوەیەکی گاڵتەئامێز فەرمووی: ئای کـە گورگێکـی لەسـەرەخۆو هێـدی‌و هێمـن بـووی، کورِەکەم دەخۆی کراسەکەی نادرِێنی!!

تێبینی :

پێشـبرِکێ لەتفەنگچییـەتیدا ، لـەغاردان بەسـواری ولاغ یـان بـەپێ دروستە.مەبەست لەپێشبرِکێ بەشێوەی راکردن راهێنـانی ئـادەمیزادە لەسەر شالاو بردن‌و عەمبازبوون‌و پەلامار دان: کە رامبـوون لەسـەر راکـردن سـوودی هەیە بۆ کاتی شەرکردن لەگەڵ دوژمن‌و گەلێ کارو باری تری ژیان.

ئیبنولعەرەبی دەفەرموێ: پێشبرِکێ رێبازێکە لەشـەریعەت‌و رەوشـتێکی جوان‌و بەسوودە، یارمەتیدەرە بۆ کاتی جەنگ.

پێغەمبـەر ﷺ بـەراکردنی ئاسـایی‌و بەسـواری وشـترو بەسـواری ئەسـپ پێشبرِکێ‌ی کردوە.

ریوایەت کراوە لەگەڵ عائیشەی خێزانیدا پێشبرِکێ‌ی کرد پێش عائیشـە کەوت دوایی کە پێغەمبەر ﷺ کەوتە ساڵەوە جـارێکی تـر پێشـبرِکێیان کـرد عائیشە پێشی کەوت! پێغەمبەر ﷺ پێ‌ی فـەرموو: ئـەمجارە لـەجیاتی ئـەو جارە.

هەروا پێغەمبەر ﷺ پێشبڕکێی لەگەڵ ئەبوبەکرو عومەردا کردوە پێشیان کەوتووە.

کاتێک موسوڵمانان لە (ذي قرد) گەڕانەوە بۆ مەدینە سەلەمەی کوڕی ئەکوەع پێشبڕکێی لەگەڵ پیاوێکدا کرد سەلەمە پێشی کەوت.

ئیمامی مالیک لەئیبنو عومەرەوە ریوایەت دەکا: کە پێغەمبەر ﷺ پێشبڕکێی لەنێوان دوو ئەسپدا ئەنجامدا یەکیان تەضمیر کرابوو، واتە: ئالیکئو جۆی درابوویە تا قەڵەو ببوو پاشان ئالیکئو جۆی لێ کەم کرابوەوە تا قەدی باریک ببوو، ئەویتریان تەضمیر نەکرابوو. عەبدوڵلای کوڕی عومەر یەکێک بوو لەوانەی ئەم پێشبڕکێیەی بەم جۆرە ئەسپە ئەنجامدا.

هەروەها پێشبڕکێ دروستە لەوشتر سواریدا لەتیر ئەندازیو تفەنگچییەتیدا.

نەسائی لەئەبو هورەیرەوە ریوایەت دەکا: دڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (لاسبق الا في نصل أو خف أو حافر)ئیمامی بوخاری لەئەنەسی کوڕی مالیکەوە ریوایەت دەکا دەفەرموێ: پێغەمبەر ﷺ وشترێکی هەبوو ناوی (العضباء) بوو هیچ وشترێک نەیدەتوانی پێشی بکەوێ لەراکردندا کابرایەکی عەرەب هات وشترێکی (قَعُودی) پێ بوو پێشبڕکێی لەگەڵ پێغەمبەردا کردو پێش وشتری (العضباء) کەوت، موسوڵمانان زۆریان پێ ناخۆش بوو، پێغەمبەر ﷺ کە بەمەی زانی فەرمووی: (حق على الله الا يرفع شيئ في الدنيا الا وضعه) خودا لەسەر خۆی پێویست کردوە هەر شتێک لەجیهاندا بەرز بێتەوە ئیللا نزمی دەکاتەوە. زانایانی ئیسلام کۆڕایان هەیە: کە جائیزەوەرگرتن لەسەر شێوەی گرەوو پێشبڕکێ دروست نیە جگە لەسێ جۆر: کە پێشبڕکێ کردنە بەوشترو ولاغی سواریو بەتیرئەندازەییی!!

ئیمامی شافیعی دەفەرموێ: جگە لەم سێ شتانە پێشبڕکێ کردن قومارە.

پێشبڕکێ کردن بەوشترو ئەسپ کاتێ دروستە کە شوێنی دیاریکراوو کاتی دیاریکراو بۆ پێشبڕکێیەکە هەبن، واتە: دەبێ ماوەی پێشبڕکێیەکەو مەسافەی دیاریکراوبن. هەروەها لەتیرئەندازەیشدا دەبێ مەسافەکەو تیرەکانو چۆنیەتی هەنگاوتنەکە دیاریکراو بێ!

جائیزە وەرگرتن لەسەر پێشبڕکێ لەدوو حاڵدا دروستە:

١- یەکەم فرمانڕەوای وەخت لەماڵی خۆی بڕێک ماڵ تەرخان بکا بۆ ئەو کەسەی دەیباتەوە.

٢- یەکێ لەپێشبڕکێ کارەکان ئەندازەیەک لەماڵی خۆی دیاری بکا ئەگەر هاوەڵەکەی پێشی کەوت بیداتێ، ئەگەر خۆیشی پێشکەوت بۆ خۆی بێ.

خەلات وەرگرتنی نادروست ئەوەیە: هەر دوولا لەپێشبڕکێ کارەکان ئەندازەیەک ماڵی خۆیان دیاری بکەن، هەرچییان پێشکەوت بەشەکەی خۆیشیو هاوەڵەکەی بۆ خۆی بەرێ. ئەم حاڵە کاتێک دروست دەبێ کە کەسێکی سێیەم بێتە ناو یارییەکەوەو ئەوەشی لێ بوەشێتەوە کە پێشیان بکەوێ. جا ئەگەر لەپێشبڕکێیەکەدا ئەم کەسی سێیەمە بردیەوە ئەوە هەردو بەشەکان بۆ خۆی دەبا ئەگەر ئەوانی تر هەرچییان پێشکەوتن خەلاتەکە دەساو هیچ نادرێ بەکەسی سێیەم.

باسی سێهەم لەچیرۆکی یوسف

رزگار بوونیو حەوانەوەی لەماڵی عەزیزی میصردا

١- هێنانە دەرەوەی یوسف و رۆیشتنی لەگەڵ کاروانەکەدا

وَجَآءَتْ سَيَّارَةٌ فَأَرْسَلُوا۟ وَارِدَهُمْ فَأَدْلَىٰ دَلْوَهُۥ ۖ قَالَ يَٰبُشْرَىٰ هَٰذَا غُلَٰمٌ ۚ وَأَسَرُّوهُ بِضَٰعَةً ۚ وَٱللَّهُ عَلِيمٌۢ بِمَا يَعْمَلُونَ ﴿١٩﴾ وَشَرَوْهُ بِثَمَنٍۭ بَخْسٍ دَرَٰهِمَ مَعْدُودَةٍ وَكَانُوا۟ فِيهِ مِنَ ٱلزَّٰهِدِينَ ﴿٢٠﴾

لەئایەتەکانی پێشوودا پەروەردگار ئەوەی روونکردەوە: کە براکانی یوسف چ کارێکی نامەردانەیان لەگەڵدا کرد، چۆن بەبێ تاوانو بەشێوەیەکی بێ ویژدانی خستیانە ناو قوڵایی بیرەکەوە، ئەمجار لێرەدا چۆنیەتی رزگار بوونی لەو تەنگانەیە بەهۆی کاروانە بازرگانییەکەوەو بردنی بۆ میصرو فرۆشتنی لەبازاڕدا دیاری دەکاو دەفەرموێ:

﴿وَجَاءَتْ سَيَّارَةٌ فَأَرْسَلُوا وَارِدَهُمْ فَأَدْلَى دَلْوَهُ﴾ کاروانێکی بازرگانی بەپەلە لەولاتی مەدیەنەوە بەرەو میصر دەرۆیشتو بەلای بیرەکەدا تێپەڕین، یەکێکیان نارد هەوڵ بدا ئاویان بۆ پەیدا بکا، کابرا هاتە سەر بیرەکەو دۆڵچەی داهێشت بۆ ناو بیرەکە بۆ ئەوەی پڕ بێ لەئاوو هەڵیکێشێتەوە. ئەو کاتە سێ رۆژ بوو یوسف لەو بیرەدا بوو، یەکێک لەبراکانی: کە ناوی یەهوذا بوو خواردنی بۆ دەخستە ناو بیرەکە.

ئیبنو ئیسحاق دەڵێ: براکان پاش ئەوەی یوسفیان خستە ناو بیرەکەوە هەندێکیان لەنزیک بیرەکەوە خۆیان حەشاردابوو، چاوەڕوان بوون جاخۆ کێ دەیبا.

جا کە کابرای کاروانی دۆڵچەکەی داهێشت حەزرەتی یوسف خۆی پێوە هەڵواسی، کابراکە دۆڵچەکەی هەڵکێشایەوە کوڕێکی جوانکیلەی زۆر ڕوح سووکو خنجیلانەی بینی خۆی بەدڵچەکەوە هەڵواسیبوو، کابرا هاواری لێ هەڵساو موژدەی بەهەڤاڵانی دا ﴿يابشرى﴾ وتی: ئای لەم خێرو بەرەکەتە! ئای لەم دەستکەوتە بەنرخە! مزگێنی لەخۆمان ﴿هَٰذَا غُلَامٌ﴾ ئەمە کوڕێکی جوانو شۆخو شەنگە، وەرن سەیر بکەن! بزانن چ دەستکەوتێکمان دەست کەوت!! ﴿وَأَسَرُّوهُ بِضَاعَةً﴾ لەخەڵکی تریان شاردەوەو کردیانە کاڵایەکی نهێنیو لەناو شتو مەکەکانی خۆیاندا شاردیانەوە، بۆ ئەوەی بیبەنەوە بۆ بازاڕی میصر بیفرۆشن، ﴿وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِمَا يَعْمَلُونَ﴾ خودا زانا بوو بەو کردەوانەی دەیانکرد، ئاگادار بوو بەکردەوەی براکانی یوسفو کڕیارو فرۆشیارەکانی ﴿وَشَرَوْهُ بِثَمَنٍ بَخْسٍ دَرَاهِمَ مَعْدُودَةٍ﴾ بردیانە میصرو بەپارەیەکی کەم فرۆشتیان، ئەو پارەی لەجیاتی یوسف وەریان گرت چەند دیرهەمێکی کەم بوو، بەژمارە وەرگیران نەک بەکێشانە، چونکە دابو نەریتیان وا بوو پارەی کەمیان بەژمارە حیساب دەکردو پارەی زۆریان بەکێشانەو تەرازو حیساب دەکرد. هەر پارەیەک لەچل دیرهەم کەمتر بوایە دەیانهەژمارد، ئەگەر لەچل دیرهەم زیاتر بوایە دەیانکێشا، ئەوان یوسفیان بەبیست دیرهەم یان بیستو دوو دیرهەم فرۆشت ﴿وَكَانُوا فِيهِ مِنَ الزَّاهِدِينَ﴾ ئەوانەی فرۆشتیان خواخوایان بوو لەکۆڵیان بێتەوە، زۆر لێی وەڕز بوونو لایان بێ نرخ بوو، چونکە دەیانەویست لەبەکۆیلە کردنو فرۆشتنی رزگاریان ببێ.[1]

بەمەش کۆتایی بەتەنگانەی یەکەمی حەزرەتی یوسف هات!!

---

(١) هەندێ لەموفەسسیرەکان راناوی (وشروه) دەگێڕنەوە بۆ برامانی یوسف واتە: ئەوان فرۆشتیان بەپارەکی کەمو لێی وەڕز بوون، بەڵام ماناى سەرەوە وێچووترە.

٢- لەماڵی عەزیزی میصردا

وَقَالَ ٱلَّذِي ٱشۡتَرَىٰهُ مِن مِّصۡرَ لِٱمۡرَأَتِهِۦٓ أَكۡرِمِي مَثۡوَىٰهُ عَسَىٰٓ أَن يَنفَعَنَآ أَوۡ نَتَّخِذَهُۥ وَلَدٗاۚ وَكَذَٰلِكَ مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلِنُعَلِّمَهُۥ مِن تَأۡوِيلِ ٱلۡأَحَادِيثِۚ وَٱللَّهُ غَالِبٌ عَلَىٰٓ أَمۡرِهِۦ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ﴿٢١﴾ وَلَمَّا بَلَغَ أَشُدَّهُۥٓ ءَاتَيۡنَٰهُ حُكۡمٗا وَعِلۡمٗاۚ وَكَذَٰلِكَ نَجۡزِي ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴿٢٢﴾

وەلێ وەکوو دەبینین تەنگانەیەکی تر لەجۆرێکی تـر چاوەڕوانی یوسف دەکا، ئەو کاتەی لەماڵی عەزیزدا رەسـیدە دەبێو پێدەگا، خودا زانیاریو دانایی پێ دەبەخشێ، بۆ ئـەوەی روبەڕوی ئـەو تەنگانانـە ببێتـەوە کـە دێنـە رێگای.

ئـەم تەنگانانـەی لـەماڵی عـەزیزدا تووشـی حـەزرەتی یوسـف بـوون تاقیکردنەوەیەکی گرنگ بوون، کەسێک خودا پشـتیوانی نـەبێ لێیـان دەربـاز نابێ، ئەویش تەنگانەی دڵداریو حەز لێ کردنی زولەیخا بوو: کە دەیەویست یوسف دەستی لەگەڵ تێکـەڵاو بکـا، تەنگانـەی فیسـتو بـەرەڵایی نـاو باڵـە خانەو تاغی چینـی دەوڵەمـەندەکان بـوو، یوسـف سـەربەرزانەو داوێنپاکانـە لێیان رزگار بوو، بەڵام زەربەی داوێنپاکی داو تووشی زۆر دەردی سەری بوو!

دەفەرموێ: ﴿وَقَالَ الَّذِي اشْتَرَاهُ مِنْ مِصْرَ لِامْرَأَتِهِ اكْرِمِي مَثْوَاهُ﴾ ئەو کەسەی لەمیصر حەزرەتی یوسفی کڕی: کە بردیەوە بۆ ماڵەوە بەخێزانەکەی خۆی وت: ڕێزی پلەو مەقامی بگرە!

قورئان باسی ئەم کابرایە ناکا چ کارە بووە ناوی چی بوو پلەو پایەی لەو حکومەتو فرمانڕەوایەی ئەو ڕۆژەدا چی بووە؟ بەڵام وەکوو لەمە دوا ئاماژەی پێ دەکرێ کابرا عەزیزی میصر بووە.

هێندێک پێیان وایە: سەرەک وەزیران بووە، حەزرەتی یوسفیش دوایی کە کرا بەکاربەدەست لەقەبی عەزیزی میصری پێ بەخشرا.

هەندێک دەڵێن: کابرا لێپرسراوی پۆلیسو سەرۆکی پارێزەرانی پاشا بوو بەندینخانەکانی ئەو وڵاتەی لەژێر دەست دا بوو، ناوی (فوطیفار) یان (قطفیر) یان (أطفیر) بوو!

هەندێکی تر پێیان وایە: کە ئەو کەسەی یوسفی کڕی ئەو فیرعەونە بوو کە حەزرەتی موساو هارونی بۆ سەر ڕەوانە کراو چوار سەد ساڵ تەمەنی بوو. ئاماژە بەو بەڵگەیە کە قورئان ئاماژەی پێ دەکاو دەفەرموێ: ﴿ولقد جاءكم يوسف من قبل بالبينات﴾غافر/٣٤.

بەهەرحاڵ ئێمە هەر لەیەکەم ڕۆژی گەییشتنی یوسف بۆ میصرو کڕینی لەلایەن عەزیزی میصرەوە دەزانین: کە یوسف گەییشتۆتە جێگاو مەکانێکی ئەمینو لەجیاتی ژیانی پڕ مەینەتی ناو بیرو مەترسی ژیان لەدەستدان، ئێستا وا لەباڵەخانەی پیاوێکی دەست ڕۆیشتووی مەزنە پیاودا دەحەوێتەوەو بەئارەزۆی خۆی دێو دەچێو کەس دەستی وەبەر دەست ناهێنێ!

عەزیزی میصر کە بەخێزانەکەی دەڵێ ڕێزی لێ بگرەو دڵنەوایی بکە، هیواو ئاواتی دوارۆژی بەئەم کوڕە بۆ خێزانی دەدرکێنێو پێی دەڵێ: ﴿عَسَى أَنْ يَنْفَعَنَا﴾ ڕێزی لێ بگرە بەڵکوو سوودی لێ وەربگرین، یارمەتیمان بدا بۆ ئیشو پێویستی ژیان، ماڵو سامانی خۆمانی پێ بخەینە کارو بەرژەوەندی

گشتی خۆمانی پێ بپارێزین ﴿أَوۡ نَتَّخِذَهُۥ وَلَدٗا﴾ یان بیکەین بەکوڕی خۆمانو ببێتە فینکایی چاومانو بۆ کاتی پیریمان فریامان بکەوێو دوایی میراتو کەلەپورمان لێ بگرێ! وا دیارە عەزیزو خێزانەکەی مندالّیان نەبوون، بۆیە عەزیز تەماعی ئەوەی لێ کرد: کە بیکا بەکوڕی خۆیان!

لەهەمان کاتدا فیراسەتو پێش بینی راست دەرچوو.

ئەمجارە پەروەردگار فەضلو بەخششی خۆی بەیان دەکا: کە بەسەر یوسفیدا رشتن دەفەرموێ: ﴿وَكَذَٰلِكَ﴾ واتە: وەکوو چۆن نیعمەتی خۆمانمان پێ بەخشی بەسەلامەتی لەبیری قوڵو تاریک دەرمان هێنا، لەدەستی براکانی رزگارمان کرد شوێنی حەوانەوەی باشمان بۆ دابین کرد، دڵی عەزیزی میصرمان بۆ نەرم کردو سۆزێکی تایبەتی هەبوو بۆی، هەر بەو شێوە ﴿مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِي ٱلۡأَرۡضِ﴾ لەخاکی میصردا جێگیربوونمان بۆ یوسف دابین کرد، پلەو پایەو شانو شکۆمەندیمان پێ دا، بوو بەفەرمانڕەواو کاربەدەستێکی گەورەو لێهاتوو، کاروباری گەنجینەو ماڵو سامانی وڵاتێکی فراوانی کەوتە ژێر دەستو زۆر بەلێهاتوویی بەڕێوەی بردو بوو بەمامۆستاو پێشەنگی ئەوانەی کە دەبنە کارگێڕی ماڵو سامانی گەلو وولات. بەئەوپەڕی عەدالەتکاریو شارەزاییو دەست پاکییەوە ئەرکی سەرشانی خۆی ئەنجام دا، تەنانەت پاشا کە چاوی پێکەوتو قسەی لەگەڵدا کرد چووە دڵیەوەو بەپیاوێکی دەست پاکو لێزانی هاتە بەرچاو بۆیە پێی گوت: ﴿انك اليوم لدينا مكين امين﴾یوسف/٥٤. حەزرەتی یوسفیش پێی گوت: ﴿اجعلني على خزائن الأرض، اني حفيظ عليم﴾یوسف/٥٥.

﴿وَلِنُعَلِّمَهُۥ مِن تَأۡوِيلِ ٱلۡأَحَادِيثِ﴾ واتە: دەسەلاتو توانای فەرمانڕەواییو بەڕێوەبردنمان پێ بەخشی بۆ ئەوەی بیکەینە حوکمدارو فێری مانا لێدانەوەی خەونی بکەین، لەروانگەی تەفسیری خەونەوە بزانێ چ رو دەداو داهاتوو چۆن دەبێ؛ پێش وەخت خۆ بۆ روداوەکان ئامادە بکا، بتوانێ لەتێفکرین لەهەندێ

مەخلووقات بەڵگە لەسەر دەسەلاتی خودا بدۆزێتەوە، بزانێ خودا چەند بەتواناو داناو بەدەسەلاتە.

﴿وَاللهُ غَالِبٌ عَلَى أَمْرِهِ﴾ خودا بەتواناو دەسەلاتە بۆ تەنفیذ کردنی هەر کارێک بیەوێ ئەنجامی بدا؛ هەرچی دەربارەی یوسف روویدا هەر لەدژایەتی براکانیەوەو دۆزینەوەی لەلایەن کاروانەکەوەو بەکۆیلە کردنو فرۆشتنی لەبازاڕی میصردا، ئەمجار ئامۆژگاری عەزیزی میصر بۆ خێزانەکەی کە رێزی بگرێو دوایی حەزلێکردنی زولەیخا لیێ ئەمجار روداوەکانی ناو بەندینخانە هەموویان هۆکار بوونو خودا سازاندبوونی بۆ ئەوەی یوسف لەخاکی میصردا ببێتە ئەو فەرمانڕەوایەو بەو پلەو پایەیە بگا ﴿وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لاَيَعْلَمُونَ﴾ بەلام زوربەی خەڵک نهێنی روداوەکان نازانن، ئاگاداری حیکمەتو پیلانی خودا نین، تەماشای ظاهیری روداوەکان دەکەنو بەو پێیە هەڵسو کەوت دەکەن. ئەوەتا براکانی یوسف پێیان وا بوو: ئەگەر یوسف لەباوکیان دوور بخەنەوە ئیتر باوکیان روویان دەداتێو گرنگییان پێ دەداو ئەمجار تۆبە دەکەنو دەبنە تاقمێکی صالحو راستاڵو کارەکە بەئەوەندە کۆتایی دێ، نەیاندەزانی کە دوور خستنەوەی یوسف لەباوکی دەبێتە ئەزمونگەو تاقیگایەکی وا یوسف لەبۆتە دەداو ئەو پیاوە گەورەیەی لیێ دەردەچێ کە دەبێتە هۆی رزگار بوونی گەلو ولاتێکو سەرباری پلەو پایەی دونیایی روتبەی پێغەمبەرایەتیشی پێ دەدرێو بۆ هەتایە دەبێتە نموونەی گەنجی داوێنپاکو دەست پاکو خۆڕاگرو خودا پەرستو زاناو داناو فەرمانڕەوای دادپەروەرو لێهاتوو!!

﴿وَلَمَّا بَلَغَ أَشُدَّهُ آتَيْنَاهُ حُكْماً وَعِلْماً﴾ کاتێک گەیشتە تەمەنی ژیریو هێزو توانای جەستەییو عەقڵی تەواو بوو، زانیاری حوکمو بڕیاردانی راستو دروستو زانینی بەئاکام گەیشتنو سەرەنجامی روداوەکانو مانای خەونمان

پێ بەخشی، زانیاریمان فێر کرد: چۆن ژیان بەسەر بەرێو چۆن هەڵسو کەوت بکا، چۆن رێگای راستو دروست پەیرەو بکاو خۆ لەرێبازی چەوت بپارێزێ.

پاش ئەوەی پەروەردگار ئەوەی روون کردەوە: کە براکانی یوسف خراپەیان لەگەڵ کردو ئەو خۆی راگرتو بەصەبرو پشودرێژ بوو هەتا خودا دەرووی رەحمەتی لێ کردەوەو لەخاکی میصردا جێگیری کرد.

تەمەنی ژیریو رەسیدە بوونو خۆداڕشتنو تەواو بوونی هێزو توانا لەنێوان تەمەنی سی ساڵیو چل ساڵیدا پەیدا دەبێ، هەندێک دەڵێن: لەتەمەنی سیو سێ ساڵیدا یان شتێک زیاتر ئادەمیزاد کامل دەبێو ئەم رەوشتانەی تێدا تەواوو کامل دەبن. هەندێک پێیان وایە: لەچل ساڵیدا ئەمە دەستەبەر دەبێ..

﴿وَكَذَٰلِكَ نَجْزِي ٱلْمُحْسِنِينَ﴾ بەو شێوە پاداشو ئەمەکدانەوە پاداشی چاکەکاران دەدەینەوە. هەر کەسێک رەوشتی ئاوا جوانو جوانمێرانەی تێدا بن، دڵو دەروونی خۆیان بەخراپەکاریو تاوان پیس نەکردبێ، لەلایەن خۆمانەوە بەهرەی حوکم کردن بەعەداڵەتو حەقخوازییان پێ دەبەخشین، زانیاری بەسوودیان فێر دەکەین بتوانن حەقو بەتاڵ لێک جودا بکەنەوە، چونکە چاکەکاری کاریگەری خۆی هەیە لەمشتو ماڵکردنی عەقڵو گیاندا، وا لەئادەمیزاد دەکا تێگەیشتووبێ، حەقیقەتی شتەکان بزانێ، جگە لەو شتانەی بەهۆی هەوڵدانو توێژینەوە فێریان دەبێ.

باسی چوارەم لەچیرۆکی یوسف

یوسف و ژنی عەزیز

وَرَٰوَدَتۡهُ ٱلَّتِي هُوَ فِي بَيۡتِهَا عَن نَّفۡسِهِۦ وَغَلَّقَتِ ٱلۡأَبۡوَٰبَ
وَقَالَتۡ هَيۡتَ لَكَۚ قَالَ مَعَاذَ ٱللَّهِۖ إِنَّهُۥ رَبِّيٓ أَحۡسَنَ مَثۡوَايَۖ
إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٢٣﴾ وَلَقَدۡ هَمَّتۡ بِهِۦۖ وَهَمَّ بِهَا
لَوۡلَآ أَن رَّءَا بُرۡهَٰنَ رَبِّهِۦۚ كَذَٰلِكَ لِنَصۡرِفَ عَنۡهُ ٱلسُّوٓءَ
وَٱلۡفَحۡشَآءَۚ إِنَّهُۥ مِنۡ عِبَادِنَا ٱلۡمُخۡلَصِينَ ﴿٢٤﴾ وَٱسۡتَبَقَا
ٱلۡبَابَ وَقَدَّتۡ قَمِيصَهُۥ مِن دُبُرٖ وَأَلۡفَيَا سَيِّدَهَا لَدَا ٱلۡبَابِۚ
قَالَتۡ مَا جَزَآءُ مَنۡ أَرَادَ بِأَهۡلِكَ سُوٓءًا إِلَّآ أَن يُسۡجَنَ أَوۡ عَذَابٌ
أَلِيمٞ ﴿٢٥﴾ قَالَ هِيَ رَٰوَدَتۡنِي عَن نَّفۡسِيۚ وَشَهِدَ شَاهِدٞ مِّنۡ
أَهۡلِهَآ إِن كَانَ قَمِيصُهُۥ قُدَّ مِن قُبُلٖ فَصَدَقَتۡ وَهُوَ مِنَ
ٱلۡكَٰذِبِينَ ﴿٢٦﴾ وَإِن كَانَ قَمِيصُهُۥ قُدَّ مِن دُبُرٖ فَكَذَبَتۡ وَهُوَ
مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿٢٧﴾ فَلَمَّا رَءَا قَمِيصَهُۥ قُدَّ مِن دُبُرٖ قَالَ إِنَّهُۥ
مِن كَيۡدِكُنَّۖ إِنَّ كَيۡدَكُنَّ عَظِيمٞ ﴿٢٨﴾ يُوسُفُ أَعۡرِضۡ عَنۡ

هَـٰذَاۚ وَٱسۡتَغۡفِرِي لِذَنۢبِكِۖ إِنَّكِ كُنتِ مِنَ ٱلۡخَاطِـِٔينَ 

ئەمەش تاقیکردنەوەیەکی تر‌ە حەزرەتی یوسف تێی دەکەوێو بەداوێنپاکیو دەستپاکی لێی دەردەچێ، هەڵبەتە ئەو ژینگەو دەورو بەرەی یوسف تێیدا دەژیا رێگای بەدکاریو داوێنپیسیو رابواردنی وا ناشیرینی دەدا، چونکە بیئەکە بیئەیەکی نازدارو خۆویستانە بوو. کۆمەڵگایەکی ئەرەستوقراطیو تەرەف ئامێز بوو. یوسف لەو کۆمەڵگایەدا کۆیلە بوو، لەتەمەنێکی زۆر حەسساسو فیتنە ئامێزدا بوو، ئەم تاقیگایەی یوسف پێیدا تێپەڕی ماوەیەکی زۆری خایاندو جەوێکی وا بوو: هەڵخلیسکان تێیدا بەشتێکی ئاسایی دەژمێردرا، بەلام حەزرەتی یوسف سەربەرزانە لێی دەرچوو، هۆکارو کاریگەری ئەو کەشو هەوایە نەیانتوانی تۆزقاڵێک ئەم زاتە لەخشتە بەرنو سومعەی لەکەدار بکەن!

تەمەنی یوسفو تەمەنی خانمی عەزیز هەردوکیان لەپلەو قۆناغێکدا بوون داخوازی ئەوە بوون: یوسف هەڵخەڵەتێو بکەوێتە داوی زولەیخاوە، بەتایبەتی کە حەزلێکردنو داخوازییەکەی زولەیخا بۆ یوسف شتێکی کوتو پڕی نەبوو، بەڵکوو زۆر لەمێژ بوو زولەیخا نەخشەی بۆ داڕشت بوو بەئاشکرا حەزو ئارەزۆی خۆی درکاند بوو، ئاخۆ چەند جار لەوەپێش بەدرکەو کینایە ئەم حەزەی خۆی نیشان داوە.

دەفەرموێ: ﴿وَرَاوَدَتۡهُ ٱلَّتِي هُوَ فِي بَيۡتِهَا عَن نَّفۡسِهِۦ﴾ داوای دەست تێکەڵکردنی لەیوسف کرد ئەو خانمەی کە یوسف لەماڵەکەیدا ژیانی بەسەردەبرد، بەڵێ زولەیخا (ژنی عەزیز) کە ئاغا ژنو گەورەی یوسف بوو داوای لەیوسف کرد کە دەستی لەگەڵ تێکەلاو بکا.

شۆخو شەنگیو جوانچاکیو قۆزی حەزرەتی یوسف گەیشتبوە ئاستێک، زولەیخای ئاغاژن داوا لەیوسف بکا لەگەڵی رابوێرێ، دەستی لەگەڵ تێکەڵاو بکا، تەنانەت کار گەییشتە ئاستێک زولەیخا هەموو شتێک بۆ ئەو حەزو ئارەزۆیەی دابین بکا، هەموو خۆڕازاندنەوەو جێگا سازکردنو قایمکارییەکی ئەنجام دا. ﴿وَغَلَّقَتِ ٱلۡأَبۡوَٰبَ﴾ حەوت دەرگای باڵەخانەی داخستن، فەرمانی دابوو کەنیزەکو کارەکەرو خزمەتچی لەوماڵەدا نەمێنن، بەکردەوە هەموو شتێکی مادی ئامادە کردو حەزو ئارەزۆی گەییشتە ئاستێک پەردەی حەیا بلڕێو بەشێوەی فەرمان روبکاتە حەزرەتی یوسف، بەئاشکرا داوای لێ بکا ئارەزۆی جینسی دابمرکێنێتەوە ﴿وَقَالَتۡ هَيۡتَ لَكَۚ﴾ پیێ گوت: دەی خۆت ئامادە بکەو وەرە پێشەوەو دەس بەکاربەو دوامەکەوەو خێرابە!

ئەم بانگەوازییە حەیاتکاوییە بێ شەرمییەی زولەیخا بانگەوازی سەرەتایی حەز لێ کردنەکەی نەبوو، بەڵکوو بانگەوازی کۆتاییو دوا پلەی فشار هێنانی داخوازی جینسی بوو: کە تەنگی بەزولەیخا هەڵچنیو باری دەروونی وا لێ کرد: کە ئاوا بێ شەرمانە ئەو داوایە لەیوسف بکا، بێگومان ئەم داوایە بەو جۆرە ئاڕاستە ناکرێ ئەگەر ئەو ئافرەتە نەگاتە تینیو چاری ناچار نەبێو لەوەپێش رێخۆشکەرەو بەرکۆڵی جۆراو جۆری بۆ ئەنجام نەدابن!

ئەوەتا یوسف بەو شۆخو شەنگیو لاوچاکییە لەو باڵەخانەدا لەگەڵی دەژیا، رۆژ بەرۆژ گەنجایەتی کامڵ دەبێو لاوەتی تێدا بەرجەستە دەبێ، لەلایەکی ترەوە لایەنی مێیینەی زولەیخاش وێڕای جوانخاسیو پێگەییشتوویی یوسف رۆژ بەرۆژو سات دوای سات پێ دەگاو گەشە دەکا، کەوابوو دەبێ لەوەپێشو لەرۆژانی رابوردودا جۆرەها ئیغرائاتو تێفکرینو تەماشا کردنو چاو داگرتنو پێکەنینو قسەی خۆش لەگەڵ کردنی رویدا بێو ریخۆشکەرە بووبن بۆ تەقینەوەی ئەو فشارە جینسییەی کە تینی بۆ زولەیخا هێناو بەو شێوە داوای لەیوسف کرد!!

بەلام ئایا حەزرەتی یوسف لەبەرامبەر ئەم ئیغرائاتو داخوازییەی زولەیخا چ هەلوێستێکی نواندو چی کرد؟!

﴿قَالَ: مَعَاذَ اللهِ﴾ حەزرەتی یوسف فەرمووی: پەنا دەگرم بەخودا هانای بۆ دەبەم لەوەی: کە من شتی ئاوا بکەم! هەر خودا دەم پارێزێ لەوەی: کە من بچمە پێری نەفامانەوە، من هەرگیز ئەوەی تۆ داوام لێ دەکەیو دەتەوێ ئەنجامی بدەم توخنی ناکەوم، ئەوە خیانەتەو بێ وەفایییەو ناکەس بەچەیییە من داوێنپیسی لەگەڵ تۆدا بکەم، چونکە تۆ خێزانی گەورەکەمی، بێگومان تۆ خێزانی عەزیزی میصری ﴿إِنَّهُ رَبِّي﴾ ئەویش خاوەنی منەو گەورەمەو ئەمن بەملکایەتی هی ئەوم ﴿أَحْسَنَ مَثْوَايَ﴾ مامەڵەی لەگەڵمدا زۆر پیاوانە بووە رێزی لێ گرتووم، وەکوو کوڕی خۆی حسێب کردووم، تەنانەت ئامۆژگاری تۆشی کرد: کە رێزم بگرێ! چۆن من پاداشی ئەو چاکەیەی بەوە بدەمەوە خییانەتی ناموسی لێ بکەم؟! چۆن دەبێ پاساوی پیاوەتی جوانمێری عەزیز بەوەبدەمەوە داوێنپیسی لەگەڵ خێزانەکەیدا بکەم؟! ﴿إِنَّهُ لَا يُفْلِحُ الظَّالِمُونَ﴾ بێگومان ستەمکاران سەرکەوتوو نابن، خودا ستەمکاران سەرناخا: ئەوانەی ستەم لەخۆیان دەکەنو ستەم لەخەڵکی تر دەکەن خیانەتیان لێ دەکەن، دەستدرێژی دەکەنە سەر ناموسیان، نەلەدونیا سەرکەوتوو دەبنو دەگەنە مەرامی خۆیان نەلەقیامەتدا رەزامەندی خودایان دەست دەکەوێو دەچنە بەهەشتەوە!!

﴿وَلَقَدْ هَمَّتْ بِهِ﴾ بێگومان زولەیخا قەصدی یوسفی کرد بەوە پەلاماری بداو تۆڵەی مل نەدانی بۆ فەرمانەکەی لێ بستێنێ، ئەو ئاغا ژنو گەورەو خاوەنیەتیو داوای کارێکی وای لێ دەکاو بەقسەی ناکا، دەیەوێ تەمبێی بکاو سزای ئەم سەرپێچیکردنەی لێ بستێنێ!

یان زولەیخا شالاوی بۆ یوسف هێناو پەلاماری داو باوەشی پێدا کرد بۆ ئەوەی لەگەڵی تێکەلاو بێ!

﴿وَهَمَّ بِهَا لَوْلَا أَنْ رَأَىٰ بُرْهَانَ رَبِّهِ﴾ حەزرەتی یوسفیش بەگوێرەی سروشتی ئادەمیزادو حاڵەتی گەنجیو باروذۆخی روداوەکە لەدڵداو بەشێوە ختوکەدانی نەفسو خەتەرەی ناو دەروون مەیلی کرد، خۆ ئەگەر نیشانەی خودای خۆی نەبینیایە دەکەوتە ژێر کاریگەری زولەیخاوەو تاوان روی دەدا، بەڵام خودا پاراستیو خستیە دڵیەوە کە باشترین چارە بۆ ئەو هەڵاتنەو هەوڵ بدا خۆی لەدەست زولەیخا رزگار بکا.

بەکورتی جوداوازی نێوان قەصدی زولەیخاو قەصدی یوسف بەم جۆرە بوو:

زولەیخا ویستی کوڵی دڵی خۆی پێ برێژێ تۆڵەی ملنەدانو سەرپێچیکردنی لێ بستێنێ، چونکە ئاواتەکەی نەهاتە دیو ئەوەی دەیەویست نەهاتە جێ، بەڵکوو وایدەزانی کە سوکایەتی پێ کراوەو فەرمانی کردوەو فەرمانی جێ بەجێ نەکراوە، هەستی بەتێشکاوی خۆی دەکرد، بۆیە ویستی رقی دڵی پێ برێژێو تەمبێی بکا. حەزرەتی یوسفیش خۆی ئامادە کرد بۆ بەرگریکردن لەخۆیو کاتێک نیشانەی ئەوەی بینی کە شازادە دەیەوێ هەڵمەتی بۆ بێنێ برِیاری بەرگریکردن لەنەفسی خۆیدا. بەڵام لەو کاتەدا کە زولەیخا دەیەوێ پەلاماری بداو یوسف دەیەوێ بەرگری لەخۆی بکا یوسف نیشانەیەکی خودایی بینی: کە زولەیخا نەیبینی، ئەوە بوو خودا ئەوەی خستە دڵی یوسفەوە کە رێگای هەڵاتن بدۆزێتەوە، چونکە هەڵاتن لەم موقیفە دەبێتە خێر بۆیو بەرەو رێبازی سەرکەوتنو رزگار بوون دەیبا، لەتاوانی زینا یان کوشتنو برین رزگاری دەکا. بۆیە بەرەو دەرگا رایکردو زولەیخا بەدویەوە.[1]

---

(١) ئەمە پوختەی رای تەفسیری طەبەریو تەفسیری کەبیرو رای پەسندی قازی ئەبو بەکری باقلانییە. تەفسیری (المنار)یش هەر رایەکی لەم جۆرەی هەیە.

هەندێک لەراڤەکەران پێیان وایە وەکوو لەوەپێش ئاماژەمان پێ کرد هەمو قەصدی زولەیخا بۆ ئەنجامدانی داوێنپیسیو زینا کردن هیچ لەمپەرو مانیعێکی نەبوەو بەعەزمو جەزمەوە ویستی یوسف دەستی لەگەڵ تێکەلاو بکا، یوسفیش لەدڵدا مەیلی کردو غەریزەی جینسی ختوکەیدا، ئەگەر نیشانەو بەڵگەی خودایی نەبینینایە ویستی زولەیخای دەهێنایە دیو ئەو تاوانەی ئەنجام دەدا.

هەندێکی تر لەموفەسسرین پێیان وایە: یوسف بەدڵیش مەیلی نەبوە، نەقەصدی بەرگریکردنی کردوە نەلەدڵیشدا مەیلی زینای کردوە. چونکە وشەی (لولا) مانای پەیدا نەبوونی شتێک دەگەیەنێ لەبەر هەبوونی شتێک بەعەرەبی دەڵێن: (لولا حرف امتناع لوجود) وەلامەکەشی حەزف کراوە. کەوابێ مانای ﴿وَهَمَّ بِهَا لَوْلَا أَنْ رَأَىٰ بُرْهَانَ رَبِّهِ﴾ بەم جۆرەیە: حەزرەتی یوسف بەگوێرەی غەریزەی ئادەمیزادی مەیلی کرد، ئەگەر بورهانو بەڵگەی خودای نەبینینایە بەتەواوی ملی دەداو دەستی لەگەڵ تێکەلاو دەکرد لەزمانی عەرەبیشدا ئەم جۆرە رستەو دەقانە زۆرو زەبەندەن دەگوترێ: (قصدت قتله لولا اني خفت الله) واتە: (لولا أني خفت الله لقتلته) کەوابوو لەئایەتەکەدا تەقدیمو تەئخیر هەیە، رستەکە پاشو پێشی پێ کراوە، واتە: (لولا أن رأى برهان ربه لهمّ بها)

بەکورتی یوسف هیچ تاوانێکی ئەنجام نەدا، ئەگەر پارێزگاریو چاودێری خودا نەبوایە مەیلی بۆ دەکردو دەستی لەگەڵ تێکەلاو دەکرد. بەلام خودا پاراستیو نەیهێشت هیچ تاوانێک بکا.

ئەمجار ئایا مەبەست بە(همّ) چیە؟ دەڵێن: مەبەست بە(همّ) ئاخاوتنی نەفسە، مەیلو ئارەزۆی دەست تێکەلاو کردنە، ئەمەش سروشتی ئادەمیزادییە، لەشەرعدا لۆمەی لەسەر نیە، کەوابێ ناگوترێ: چۆن دەگونجێ پێغەمبەرێکی خودا مەیلو ئارەزۆی گوناه بکا؟!

بەڵگە لەسەر ئەوە کە مەیلو ئارەزۆی نەفس پرسینەوەی لەسەر نیە: چونکە پلەی لەخوار عەزمو جەزمەوەیە، ئیمامی بەغەوی لەفەرموودەیەکدا: کە عەبدورروەزاق ریوایەتی کردوەو لەصەحیحی (بوخاریو موسلیم)یشدا هاتووە، ئەبو هورەیرە دەیگێڕێتەوە دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (اذا هم عبدي بحسنة، فاكتبوها له حسنة، فان عملها فاكتبوها بعشر أمثالها، وان هم بسيئة فلم يعملها فاكتبوها حسنة، فانما تركها من أجراي، فان عملها فاكتبوها بمثلها).

ئەمجا ئەو بورهانەی کە حەزرەتی یوسف بینی، دەبێ چی بووبێ؟! هەندێک دەڵێن: ئەوەیە: کە خودا لەسەر موکەللەفاکانی پێویست کردوە کە خۆیان لەتاوان بپارێزن. یان بەڵگەو دەلیلی خودایە لەسەر ئەوە: کە زینا حەرامە، یان زانینی ئەوە: کە زیناکەر عیقاب دەدرێ یان پاککردنەوەی دڵو دەروونی پێغەمبەرانە لەرەوشتی ناشیرینو ناپەسند، یان ئەو روتبەو نیشانە پێغەمبەرایەتیەیە: کە دەبێتە لەمپەڕ لەبەردەم تاوانو رەوشتی ناشریندا، دەگونجێ هەموو ئەم مانایانە بەرچاو بگرین..

دەتوانین بڵێین: مەبەست بە(رب) لەرستەی ﴿لَوْلَآ أَن رَّأَىٰ بُرْهَـٰنَ رَبِّهِۦ﴾دا عەزیزی میصرە نەک خودای مەزن. چونکە لەزاراوەی عەرەبیدا (رب) بەمانا بەخێوکەرو مالیک هاتووە. ئەو کاتە مەبەست بە(بورهان) ئەو دەبدەبەو سازو سەمتورو تەپڵو دەفەیە کە لەگەڵ عەزیزدا دوا دەوام دەگەڕانە، چونکە عادەتەن پاشاو کاربەدەستی گەورە دەستو پێوەندو حەرەسو هەیتو هوتیان لەخزمەتدایە. جا بەم پێیە دەبێ لەو کاتەدا: کە زولەیخا پێکێشی لەیوسف کردوەو قەصدی ئەوەی کردوە کە تۆڵە لەیوسف بستێنێو یوسف ویستویەتی بەرگری لەخۆی بکاو تەنانەت هەموو هێزو توانای خۆی بخاتە کار بۆ دیفاعکردن لەنەفسی خۆی، ئا لەو کاتەدا کەژاوەی

عەزیزی بینیوە بەرەو ماڵ هاتۆتەوە، ئیتر لەجیاتی ئەوەی دیفاع بکا بەرەو دەرگا قاچاندویەتیو ویستوویەتی خۆی رزگار بکا.

ئەمە بەکورتی ئەو راڤەو تەفسیرانە بوون کە بۆ ئەم ئایەتە بەپێویستم زانی بیانخەمە بەردەستو بەوێچوو گونجاوم زانین.

شایانی باسە هەندێ تەفسیری تر هەن: کە کاریگەری ئیسرائیلییاتیان پێوە دیارە پێویستە زۆر بەحەزەرەوە شتیان لێ وەربگرین چونکە چیرۆکئو ئەفسانەی وەندە سەیرو سەمەرەیان هێناون کە پیاو سەری لەگێلیو سافیلکەیی ئەو موفەسیرانە سوڕ دەمێنێ، بۆ نموونە یوسف وارادەنوێنن: کە شەهوەتو ئارەزۆی تینی بۆ هێنابێو لەزولەیخا زیاتر بەکوڵ بووبێ، وای نیشان دەدەن کە خودا دەیەوێ بەبەڵگە لەو تاوانەی وەگێڕێ، بەلام ناگەڕێتەوە. وێنەی باوکی لەسەقفی هودەکە چاو پێ دەکەوێو قامکی خۆی لەداخان دەگەزێو دەڵێ: کوڕە نەکەی! چەند لەوحەیەکی بۆ کێشراون: کە ئایەتی قورئانیان لەسەر نووسراوە (بەڵێ ئایەتی قورئان) نەهی لێ دەکەن کە ئەو کارە ناشرینە نەکا. بەلام بەمانەش دانەپەتاو ئارەزۆی دانەمرکایەوە!! هەتا خودا جوبرائیلی نارد مستەکۆڵەیەکی لەسنگی یوسف داو پاشەو پاش گێڕایەوە دواوە!!! ئەمجار وازی هێنا!![1]

دەی تو خوا ئەگەر ئەمە وابێ ئازایەتی یوسف لەکوێدایەو خوڕاگرییەکەی چیە!؟

﴿كَذَٰلِكَ لِنَصْرِفَ عَنْهُ السُّوءَ وَالْفَحْشَاءَ﴾ ئاوا بەو جۆرە یوسف بەگوێی مەیلی دڵی نەکردو پڕکێشی تاوانو خیانەتی نەکردو بەداوێنپاکی مایەوە، بەم جۆرە یوسفمان لەسەر پاکئو خاوێنیو داوێنپاکی پەروەردە کردو رامـمان کرد لەسەر بەردەوام بوون لەسەر ئەو رەوشتە بەرزانە، بۆ ئەوەی خراپەی

(١) سەیری (الأساس) ج٥/٢٦٥١ بکە.

خییانەتو تاوانی زینا کردنی لێ دوور بخەینەوە، بۆ ئەوەی لەپێڕی چاکەکاراندا بمێنێتەوەو نەچێتە ناو تاقمی ستەمکارانەوە.

﴿إِنَّهُ مِنْ عِبَادِنَا الْمُخْلَصِينَ﴾ بێگومان یوسف یەکێک بوو لەبەندە راستاڵەکانی ئێمە، دڵسۆز بوو بۆ ئاایینی خودا، هەڵبژاردەبوو شەیتان نەیتوانی لەخشتەی بەرێ!

جا وەکوو لەپێشەوە ئاماژەمان پێ کرد زولەیخا کە زانی یوسف مل نادا بۆ داواکەی ویستی پەلاماری بداو تۆڵەی سەرپێچی لێ بستێنێ، (یوسف)یش ویستی بەرگری لەخۆی بکا بەڵام کە بورهانو بەڵگەی خودایی بینین، یان مەوکیبو کەژاوەی عەزیزی میصری بینی بەرەو ماڵ دەهاتەوە بڕیاریدا هەڵێو خۆی دەرباز بکا، ئیتر ﴿وَاسْتَبَقَا الْبَابَ﴾ هەرا دوکیان بەرەو دەرگای دەرەوە رایان کرد؛ یوسف لەپێشەوەو زولەیخا بەدواوە، یوسف دەیەویست بگاتە دەرگای حەوشەو دەرچێ، زولەیخا بەدوایدا رادەیکرد دەیەویست نەهێڵێ لەدەرگا دەرچێ، لەکاتی یەکتر راونانەکەدا زولەیخا لەدواوە لەیوسف نزیک کەوتەوە ﴿وَقَدَّتْ قَمِيصَهُ مِنْ دُبُرٍ﴾ کراسی یوسفی گرتو دڕاندی، ویستی لەدواوە یەخەی کراسەکەی بگرێو بۆ دواوە بیگێڕێتەوەو نەهێڵێ دەربارز ببێ، یەخەی کراس دڕاو لەو کاتە ناسکەداو بەو حاڵەتە سەرنج راکێشە موفاجەئەیەکی سەیر قەوما چونکە ﴿وَأَلْفَيَا سَيِّدَهَا لَدَى الْبَابِ﴾ هەردوکیان؛ یوسفو زولەیخا لوتیان بەلوتی عەزیزەوە هەڵتەقییەوەو لەناو دەرگاکەدا بەرەوڕووی بوونەوە!

ئیتر زولەیخا هەوڵی دا بەمەکرو حیلە خۆ لەتاوانەکە دەرباز بکاو تۆمەتەکە وەپاڵ یوسف بدا، وەلامێکی ئامادەکراوی بۆ پرسیارێک کە شێوە گوماناوییەکە هەڵیساندبوو خێرا دایەوە، ویستی تۆمەتەکە بخاتە ئەستۆی حەزرەتی یوسف ﴿قَالَتْ: مَا جَزَاءُ مَنْ أَرَادَ بِأَهْلِكَ سُوءًا؟﴾ وتی: ئەوە سزای ئەو کەسە چیە: کە بیەوێ دەستدرێژی بکاتە سەر خێزانی تۆ؟ بەڵام لەم

کاتەش‌دا چونکە زولەیخا ئەوینی یوسفی هەبوو، ترسی ئەوەی هەبوو عـەزیز، یان کەسانی دیکە، بڕیاری سزایەکی بۆ بـدەن: کـە یوسـف لـەناو بچـێ، بۆیـە خێرا جۆری سزاکەی دیاری کردو وتی: ﴿إِلَّا أَنْ يُسْجَنَ أَوْ عَـذَابٌ أَلِيمٌ﴾ مەگەر بەند بکرێ، یان دارکارییەکی باش بکرێو سزایەکی بەئێش بدرێ.

ئیمامی رازی لێرەدا چەند بەڵگەیـەکێ دەهێنێتـەوە هـەموویان نیشـانەی ئەوەن کە یوسف راست دەکاو زولەیخا درۆزنە:

١- یوسف بەڕواڵەت لەماڵی زولەیخادا کویلە بوو، کۆیلەش هەرگیز ئەو دەسەڵاتەی بەسەر خاوەنی خۆیدا نابێ.

٢- بەچاو بیندرا یوسف رایدەکرد بۆ ئەوەی دەربچێو رزگاری ببـێ. دەی کەسێکێ بیەوێ لەگەڵ ئافرەتێکدا رابوێرێ ئاوا لەبەری راناکا.

٣- زولەیخا خۆی ئارایش دابوو، بـەجوانترین شـێوە خـۆی رازاندبـوەوە، بەڵام یوسف وانەبوو.

٤- لەوەپێش‌و لەو ماوە دوورو درێـژەدا یوسـف بـەداوێنپیس مەشـهوور نەبوەو حاڵەتێکی لێ نەبیندراوە کە لەگەڵ ئەو کردەوە بگونجێ.

٥- زولـەیخا بەصەراحـەت نیسـبەتی فاحیشـەکەی وەپـاڵ یوسـف نـەدا بەڵکوو بەموجمەلی قسەکەی درکاند.

ئـەمجار یوسـف دەیـەوێ تۆمەتەکـە لـەخۆی دوور بخاتـەوە، راسـتی دەدرکێنێو تۆمەتی پووچو بێ بناغە رەت دەکاتەوە ﴿قَالَ هِيَ رَاوَدَتْنِي عَـنْ نَفْسِي﴾ فەرمووی: نەخێر وا نیەو من هیـچ دەسـتدرێژییەکەم نەکردۆتـە سـەر ئەم ئافرەتە بەڵکوو ئەو هەوڵی دا بەمەکرو حیلەبازی لەخشـتـەم بـەرێ، هـەڵم خەڵەتێنێ ئەو ویستی من کەمەندکێش بکاو مـن بەقسـەم نـەکرد، کێشـەیان تێکەوتو هەریەکەیان ئەوی تری تاوانبار دەکردو بەڵگەی لەسـەر بـێ تـاوانی خۆی دەهێنایەوە، هەتا کار گەییشتە ئەوە ﴿وَشَهِدَ شَاهِدٌ مِـنْ أَهْلِـهَا:﴾ یەکێکێ لەخزمەکانی زولەیخا شایەتی دا وتی: سەیر بکەنو بزانن ﴿ان کـان

قمیصه قدّ من قبل فصدقت وهو من الکـلذبین﴾ ئەگـەر کراسـەکەی یوسـف لەپێشەوە دادڕاوە، ئەوە زولەیخا ڕاست دەکاو یوسف لەپێڕی درۆزنانە.
﴿وَاِنْ كَانَ قَمِيصُهُ قُدَّ مِنْ دُبُرٍ فَكَذَبَتْ وَهُوَ مِنَ الصَّـــادِقِينَ﴾ ئەگـەر کراسەکەی لەدواوە دادڕاوە ئەوە زولەیخا درۆ دەکاو یوسف لەڕاستگۆیانە.

ئـەمجار ماوەتـەوە بزانـین ئـەم شاهیدە کـێ بـوو؟ لـەکوێو چۆن ئـەم شایەتیەی دا؟ ئایا ئەم شایەتە لەگەڵ عەزیزی میصردا بوو؟ لەگەڵ مـەوکیبی ئەو دادەهاتەوەو حازری ڕوداوەکە بوو؟ یان عـەزیز بەتایبـەتی لـەدووی ناردو ڕوداوەکەی بۆ گێڕایەوەو داوای ئەوەی لێ کرد لەم بارەوە بڕیارێک بدا، وەکوو چۆن باوە: کـە لـەو حاڵەتانـەدا پیاوماقوڵێک لەبنەماڵـەی ئافرەتەکـە بـانگ بکرێو بەسەر ڕوداوەکـەدا ئاگـادار بکـرێو ڕای وەربگـیرێ، بەتایبـەتی لـەناو چینو توێژێکی خوێن ساردو فاسیدی وەکوو کۆمەڵگای ئەو سەردەمەدا.

ئەمجار زانایانی تەفسیر دەربارەی ئەم شایەتە دوو ڕایان هەیە:

ئایا منداڵ بووە یان گەورە بووە؟؟ ئایـا ئـادەمیزاد بـووە یـان کراسـەکە بوو؟! کەوابوو بۆ دیاریکردنی ئەو شایەتە سێ ڕا دێنە پێشەوە:

١- ئەو کابرایە کوڕی مامی زولەیخا بوو، پیاوێکی دانـاو عـاقڵ مـەند بوو، کە سەیری ڕوداوەکەی کـرد وتـی: ئەگـەر کراسـەکەی لەپێشـەوە دادڕاوە ئەوە زولەیخا ڕاست دەکاو یوسف درۆزنە، ئەگەر دڕانی کراسـەکە لەدواوەیـە، ئەوە یوسف ڕاست دەکاو زولەیخا درۆزنە.. جـا کەسـەیری کراسەکەسـان کـرد لەدواوە دڕابوو، ئیتر ئامۆزاکەی زولەیخا بەزولەیخای گوت: ﴿اِنَّهُ مِنْ كَيْـــدِكُنَّ﴾ واتە: ئەمە ئیشـی تۆیـە، ئـەمجار بـە(یوسـف)یشـی گـوت: داوای لێ خۆشبوون بکەو عوزر بێنەوە.

٢- ئەو شاهیدە وەکوو ئیبنو عـەبباسو کۆمـەڵێک دەڵێـن: منداڵێکـی ساوا بوو خودا زمانی کردەوەو دەستی کرد بەئاخاوتن.

ئیبنو جەریری طەبەری لەئیبنو عەبباسەوە ریوایەت دەکا دەفەرموێ: پێغەمبەر فەرموویەتی: (تكلم أربع وهم صغار: ابن شطة بنت فرعون، وشاهد يوسف، وصاحب جريج، وعيسى بن مريم) چوار کەس بەمندالّی زمانیان پژاوەو کەوتوونە ئاخاوتن: کچی فیرعەونو شایەدی یوسفو هاوەڵی جورەیجو عیسای کوڕی مەریەم..

٣- شایەتەکە کراسە دڕاوەکە بوو، ئیمامی رازی دەفەرموێ: ئەم رایە زۆر لاوازە، چونکە کراس بە(أهلها) وەصفدار ناکرێ.

جا ﴿فَلَمَّا رَأَىٰ قَمِيصَهُ قُدَّ مِنْ دُبُرٍ﴾ کە عەزیزی میصر یان شایەتەکە تەماشای کرد، بینی: کراسەکەی لەدواوە دڕاوە، بەم پێیە دەرکەوت: کە راستگۆ یوسفەو حەق بەلای ئەوەوەیە، کە لەمە دڵنیا بوو: ﴿قَالَ: إِنَّهُ مِنْ كَيْدِكُنَّ إِنَّ كَيْدَكُنَّ عَظِيمٌ﴾ وتی: ئەوە لەمەکرو حیلەی تۆیە ئەی زولەیخا! ئەمە بەشێکە لەفێڵەکانت، بەراستی حیلەو فێڵی ئێوەی ئافرەت کاریگەرن لەسەر دڵو دەروون، زۆر سەرسوورهێنەرنو پیاوان کەم وا هەیە زوو پەییان پێ بەرن، هەرگیز پیاوان فێڵی وا نازانن! بێگومان ئەم جۆرە قسانە بۆ ئافرەت بەسەرزەنشتکردن ناژمێردێن، چونکە وەپاڵدانی مەکربازیی بۆ لای ئافرەت، ئاماژە کردنە بۆ ئەوە: کە ژنیەتی تەواوەو توانای مێیینەیەتی زۆر بەهێزە!!

﴿يُوسُفُ أَعْرِضْ عَنْ هَٰذَا﴾ ئەی یوسف! ئەو شتە پاشگوێ بخەو گرنگی پێ مەدەو باسی مەکەو پەردەپۆشی بکە!

ئەمجار ئامۆژگاری خانم دەکا: کە حەزی لەکۆیلەی خۆی کردوە، لەدواوە کراسی کۆیلەی خۆی دڕاندوەو بەم تاوانەوە گیراوە! دەڵێ: ﴿وَاسْتَغْفِرِي لِذَنْبِكِ. إِنَّكِ كُنْتِ مِنَ الْخَاطِئِينَ﴾ ئەی زولەیخا! تۆ تاوانباری داوای لێ بوردن لەتاوانەکەت بکە، بێگومان تۆ لەپێڕی تاوانبارانی!.

باسی پێنجەم لەچیرۆکی یوسف

بڵاوبوونەوەی هەواڵی حەزلێکردنی زولەیخا لەیوسف بەناو ئافرەتانی شارداو پیلانی زولەیخا

﴿ وَقَالَ نِسْوَةٌ فِي الْمَدِينَةِ امْرَأَتُ الْعَزِيزِ تُرَاوِدُ فَتَاهَا عَن نَّفْسِهِ قَدْ شَغَفَهَا حُبًّا إِنَّا لَنَرَاهَا فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ ﴿٣٠﴾ فَلَمَّا سَمِعَتْ بِمَكْرِهِنَّ أَرْسَلَتْ إِلَيْهِنَّ وَأَعْتَدَتْ لَهُنَّ مُتَّكَأً وَآتَتْ كُلَّ وَاحِدَةٍ مِّنْهُنَّ سِكِّينًا وَقَالَتِ اخْرُجْ عَلَيْهِنَّ فَلَمَّا رَأَيْنَهُ أَكْبَرْنَهُ وَقَطَّعْنَ أَيْدِيَهُنَّ وَقُلْنَ حَاشَ لِلَّهِ مَا هَٰذَا بَشَرًا إِنْ هَٰذَا إِلَّا مَلَكٌ كَرِيمٌ ﴿٣١﴾ قَالَتْ فَذَٰلِكُنَّ الَّذِي لُمْتُنَّنِي فِيهِ وَلَقَدْ رَاوَدتُّهُ عَن نَّفْسِهِ فَاسْتَعْصَمَ وَلَئِن لَّمْ يَفْعَلْ مَا آمُرُهُ لَيُسْجَنَنَّ وَلَيَكُونًا مِّنَ الصَّاغِرِينَ ﴿٣٢﴾ قَالَ رَبِّ السِّجْنُ أَحَبُّ إِلَيَّ مِمَّا يَدْعُونَنِي إِلَيْهِ وَإِلَّا تَصْرِفْ عَنِّي كَيْدَهُنَّ أَصْبُ إِلَيْهِنَّ وَأَكُن مِّنَ الْجَاهِلِينَ ﴿٣٣﴾ فَاسْتَجَابَ لَهُ رَبُّهُ فَصَرَفَ عَنْهُ كَيْدَهُنَّ إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ ﴿٣٤﴾ ثُمَّ بَدَا لَهُم مِّن بَعْدِ مَا رَأَوُا الْآيَاتِ لَيَسْجُنُنَّهُ حَتَّىٰ حِينٍ ﴿٣٥﴾

پاش ئەم رووداوەش عەزیز نەهات زولەیخاو یوسف لێک دابڕێ، نەزولەیخای دەرکرد، نەیوسفی گواستەوە بۆ شوێنێکی دوور، بەڵکوو هەروەندەی پێ کرا داوای لەیوسف کرد رووداوەکە پاشگوێ بخاو پەردەپۆشی بکاو ئامۆژگاری زولەیخاشی کرد کە خۆی بەهەڵەکار بزانێو داوای لێبووردن بکا!!

رۆژان هاتو رۆیشتنو یوسف لەماڵی عەزیزدا مایەوەو زولەیخا شاژنو خانمی ماڵە. کاروباری قەصری عەزیز وەکوو خۆی دەڕۆیشت. بەڵام قەصری لێپرسراوان دیواری تایبەتی خۆی هەیە رەنجەرو کارەکەری تێدان، کارێکی ئاوا لەناو حەرەمی عەزیزدا رویدا داناپۆشرێ، کوردی وتەنی: (قسە کەوتە زارێ دەکەوێتە شارێ) چونکە بینەکە بینەیەکی ئەرتۆقراطییەو ئافرەتانی ناو ئەو کۆمەڵگاو بینەیە ئیشو کاریان نیە جگە لەگێڕانەوەی باسو خواسی ئەو رووداوانەی کە لەو دەوروو بەرەیاندا روودەدا، بۆیە ئەم هەواڵە بەناو ئافرەتانو خانمانی شاردا بڵاوبووەوە، هەر یەکە بەجۆرێک لێی دەدواو هەر کەسە لەلایەن خۆیەوە سەرزەنشتی زولەیخایان دەکرد، کە چۆن عاشقی کۆیلەو بەندەی خۆی بووە!؟

دەفەرموێ: ﴿وَقَالَ نِسْوَةٌ فِي الْمَدِينَةِ امْرَأَتُ الْعَزِيزِ تُرَاوِدُ فَتَاهَا عَن نَّفْسِهِ﴾ کۆمەڵێک ژنی هاوەڵ و هاوشانی زولەیخا لەناو شاردا کەوتنە (تەحاتەو ئەیەڕۆ ئەیەڕۆ) وتیان: ژنەکەی عەزیز خەریکی دڵداری بووە لەگەڵ غولامەکەی، هەمیشە خەریکی لەخشتە بردنیەتی، دەیەوێ رامی بکاو دەستی لەگەڵ تێکەڵاو بکا، بەردەوامە لەسەر هەوڵو تەقەلا بۆ رامکردنی!

﴿قَدْ شَغَفَهَا حُبًّا﴾ بەراستی ئەوینو خۆشەویستی ئەو غولامە چووەتە نا پەڕەی دڵی زولەیخاوە ﴿إِنَّا لَنَرَاهَا فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ﴾ بێگومان ئێمە لەم بارەوە زولەیخا بەگومڕاو سەرلێ شێواو دەزانین، چونکە چۆن دەبێ شاژنێکی وەکوو

زولەیخا حەز لەخزمەتکاری خۆی بکا؟ کەی کۆیلەو بەندە شیاوی ئەوەیە: ژنی عەزیز دڵداری لەگەڵ بکا؟؟!

موحەممەدی کوڕی ئیسحاق دەفەرموێ: ژنەکان هەواڵی جوانیو شۆخو شەنگی یوسفیان پێ گەییشتبوو حەزیان دەکرد چاویان پێ بکەوێ، بەم قسەو باسانەی بلاویان کردەوە مەبەستیان ئەوە بوو زولەیخا وا لێ بکەن یوسفیان نیشان بداو قەناعەت بکەن ئایا حەقیقەتی هەیە یان نا؟! مەبەستنیان نەصیحەتو ئامۆژگاری نەبوو، بەڵکوو مەکربازیو فێڵ بوو بۆ ئەوەی یوسف ببینن..

﴿فَلَمَّا سَمِعَتْ بِمَكْرِهِنَّ﴾ کاتێک زولەیخا قسەو باسی ژنەکانی بیستەوە، بەئاشکرا ئەو قسانەیان بلاو دەکردەوە بۆ ئەوە زولەیخا بیان بیسێتەوە رقی هەڵستێو بانگیان بکاو یوسفیان نیشان بدا، پیلانەکەیان سەری گرتو ویستەکەیان هاتەدی: ئەوەبوو: ﴿أَرْسَلَتْ إِلَيْهِنَّ وَأَعْتَدَتْ لَهُنَّ مُتَّكَأً وَآتَتْ كُلَّ وَاحِدَةٍ مِنْهُنَّ سِكِّينًا﴾ زولەیخاش فێڵی خۆی لێ کردنەوە، بانگی کردن بۆ خوانێک لەماڵی خۆیدا، کورسیو سەرینی بۆ ئامادەکردن خواردنێکی بۆ ئامادەکردن کە پێویستی بەوەبێ بەکێردو چەقوە لەتی بکەن. کە هاتنو کۆبوونەوە خواردنەکەی لەبەردەم دانانو هەریەکەیان کێردێکی پێ دان، جا کە ژنەکان خەریکی قاش کردنی خوادنەکە بوون، ﴿وَقَالَتِ اخْرُجْ عَلَيْهِنَّ﴾ فەرمانی بەیوسف کرد وتی: وەرە بۆ ناو ئەم ژنانەو خۆتیان نیشان بدە! وا دیارە یوسف لەژورێک دابووە نزیک ئەو دیوەخانەی ژنەکانی لێ کۆببوونەوە، لەژنەکان نادیارو لەزولەیخا دیار بووە، بەئەنقەستو بۆ ئەوەی فێڵەکەی سەربگرێ کاتێک یوسفی بانگ کرد بێتە ناویان: کە ئەوان سەرگەرمی قاشکردنی خواردەمەنییەکە بن، دەیزانی: کە هاتنە ژورەوەی یوسف بۆ ناویان بەناگەهانو کتوپڕ کاریگەر دەبێو رۆڵی خۆی دەبینێ..

بۆیە ﴿فَلَمَّا رَأَيْنَهُ أَكْبَرْنَهُ وَقَطَّعْنَ أَيْدِيَهُنَّ﴾ کە یوسف هاتە ناویانو چاویان پێکەوت، زۆر بەشکۆمەندی جوانو شۆخ هاتە بەرچاویانو سەریان لەجوانیو پیاوەتی یوسف سوورماو چاویان تێ بڕیو بەهۆی تەماشا کردنیان بۆ ئەو هۆشیان لای خۆیان نەماو لەجیاتی ئەوە کێردەکە لەخواردەمەنییەکە بنێنو پێی قاشقاش بکەن دەستی خۆیان بڕی، دەستو پەنجەی خۆیانیان بریندار کردو بەخۆیان نەزانیو هەستیان بەئازاری برینەکەیان نەکرد. ﴿وَقُلْنَ حَاشَ لِلَّهِ مَا هَٰذَا بَشَرًا إِنْ هَٰذَا إِلَّا مَلَكٌ كَرِيمٌ﴾ هەموو وتیان: پاکو بێ عەیبی بۆ خودا، خودا هەموو تواناو دەسەلاتێکی هەیە، بەراستی ئەمە جێگای سەرسوورمانە، خودا توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیەو دەتوانێ ئادەمیزادی ئاوا شۆخو شەنگ دروست بکا، ئەمە ئادەمیزاد نیەو فریشتەیەکی رێزدارو خاوەن قەدرە لەشێوەی ئادەمیزاددا خۆی دەنوێنێ!! دڵنیابە ئێمە لەمەودوا سەرزەنشتت ناکەینو هەرچی دەکەی حەقی خۆتە، کێ دەتوانێ لەبەرامبەر ئەم کوڕە لاوە شۆخو شەنگەدا خۆ ڕاگرێ؟!

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: شەوی (ئیسرا) لەئاسمانی سێیەم بەلای یوسفدا تێپەڕیم بینیم نیوەی جوانی درابوویە.

ئیمامی رازی دەفەرموێ: ژنەکان کە چاویان بەیوسف کەوت نیشانەو شکۆمەندی پێغەمبەرایەتیو داوێنپاکیو بێ تاوانیییان بەسەرەوە بینی، بۆیە خێرا دیاردەی شەهوەتی بەشەریو ڕەوشتی ئادەمیزادییان لێ داڕنیو ڕەوشتی فریشتەیان بۆ چەسپاند.! جا زولەیخا کە گوێی لەشایەدی ژنەکان بوو هەڵسو کوتیانی بینی وای زانی: سەرکەوتووەو داشی سوارە! هەستی کرد: کە ژنەکان لەجوانی یوسف سەریان سوورماوەو گیرۆدەی جوانیو شۆخی بوونو کەس لەئاستی جوانیو شکۆمەندی ئەودا خۆی ناگرێ، بێ شاردنەوەو بەدەنگی بەرز ﴿قَالَتْ فَذَٰلِكُنَّ الَّذِي لُمْتُنَّنِي فِيهِ﴾ وتی: ئاخر ئا ئەم جوانو دڵڕفێنەیە: کە خۆتان بەچاوی خۆتان دیتانو لەجوانی سەرسام بوونو گیرۆدەی

ئەوینی بوون، ئەو غولامەیە: کە ئێوە سەرزەنشتی منی لەسەر دەکەنو رەخنەم لێ دەگرن، دەبڕوانن خۆتان چیتان بەسەر هاتو چۆن بەبینینی شاگەشکەو سەرسام بوونو دەستی خۆتان بریندار کردو هەستان بەئازاری برینداربیەکەتان نەکرد.

سەرنج بدەن هەرچەندە یوسف لەزولەیخا نزیک بووەو دەبوایە بەوشەی (هذا) کە بۆ موشاروئیلەیهی نزیک بەکار دێ ئیشارەی بۆ بکردایە، کەچی بەوشەی (ذلك) کە بۆ موشاروئیلەیهی دوور بەکار دەهێندرێ ئیشارەی بۆ کرد، تا ئاماژەبێ بۆ بەرزی پلەو پایەو شکۆمەندیو جوانیو شۆخو شەنگی وەکوو ئەوە بڵێ: ئا ئەوەیە: ئەو گەنجە دڵڕفێنە شۆخو شەنگەیە کە من گیرۆدەی ئەوینی بومو دڵی لێ ستاندومو حەجمینی لێ بڕیومو مەستو مەدهۆشی کردوم، ئەمن عوزرم هەیەو چارم ناچارە، کەس خۆی لەبەرامبەر جوانی ئەودا ناگرێ، ئیتر من چۆن خۆم پێ بگیرێ!!؟ جا: کە ئەوە حاڵو وەزعی ئێوە بێ لەم ماوە کەمەدا، ئەدی من چیبکەم و چۆن هەڵکەم: کە ئەو هەموو کاتێ لەماڵەوە لەگەڵمەو چاوم لێیەتی. بۆیە لێتانی ناشارمەوە دانی پیا دەنێم: ﴿وَلَقَدْ رَاوَدْتُهُ عَنْ نَفْسِهِ فَاسْتَعْصَمَ﴾ بێگومان چۆن ئێوەی سەرسام کرد، منیشی ئاوا سەرسام کردوە، بەراستی من زۆرم پێکیشی لێ کردوە، هەوڵم داوە بۆ رامکردنیو کەوی بوونی بۆم، بەلام ئەو خۆی بەدەستەوە نەداوەو خۆی گرتووە.

ئەمجار زولەیخا بالادەستی خۆی رادەگەیەنێو هەڕەشەی توندو تیژی ئاڕاستە دەکا، جارێکی تر حەزلێکردنو ئەوینی خۆی بەئاشکراو بێ پەردە لەناو ژنەکاندا رادەگەیەنێو دەڵێ: ﴿وَلَئِنْ لَمْ يَفْعَلْ مَا آمُرُهُ لَيُسْجَنَنَّ وَلَيَكُونًا مِنَ الصَّاغِرِينَ﴾ سوێند دەخۆمو عەهدو پەیمان بێ، ئەگەر ئەوەی من لەوم دەوێ ئەنجامی نەدا، ئەوەی فەرمانی پێ دەکەم پابەندی نەبێ، بەتەئکید دەخرێتە بەندینخانەوەو دەچێتە ریزی پێرو تاقمی زەلیلو چەوساوەکانو داماو

دەکرێ، چونکە مێردەکەم هەرچی پێ بڵێم بەگوێم دەکاو سەرپێچی فەرمانم ناکا. چۆنم بوێ ئاوا سزای دەدا، دەیخاتە کوونە ڕەشی بەندینخانەوەو زەلیلو داماوی دەکا!

حەزرەتی یوسف بۆ خۆی گوێی لەم هەڕەشانەیەو دەزانێ کە سزای بۆ توند دەکرێ، لەوەپێش هەڕەشەی لێ کرد بەڵام وا توندو تیژ نەبوو، هەڕەشەی بەندکردنی لێ کرد بەبەندکردنێکی سادەو بێ ئازار لەوانە بوو بەبەندکردنی لەهۆدەیەکی باڵەخانەکەدا کیفایەت بکرێ!

بەڵام ئەمجارە هەڕەشەکانی توندو کاریگەرن، بەتایبەتی کە باسی سوکایەتی پێکردنو زەلیل کردنو داماو کردنی تێدا بوو، نەفسی بەرزو ناسک ئەم جۆرە هەڕەشانەی لەسەر شان گرانە، بەتایبەتی نەفسی یوسف کە تا بڵێی ناسکو بەرزو حەسساس بووە. ناخۆشترین ئازارو ناخۆشی لای ئەو جۆرە نەفسانە سوکایەتی پێکردنو داماو کردنە.

جا وەکوو لەسییاقی ئایەتەکەی دوایی دەردەکەوێ، هەموو ژنەکان دانیان بەوەدا نا: کە ئیختیاریان لەدەس داوەو بەرامبەر بەجوانی یوسف سەرسامو ماتو حەیران بوون، ئیتر ژنەکان دەستیان کرد بەئامۆژگاریکردنی حەزرەتی یوسفو هەوڵیان دا: کەوای لێ بکەن لەوە دوا سەرپێچی فەرمانی زولەیخا نەکا، بۆ ئەوەی گیرۆدەی زیندانو سوکایەتی پێکردن نەبێ!

ئەڵلا ئەڵلا بەراستی ئەمە مەوقیفێکە کێو بەلەرزە دێنێو هەستو شعور دەهەژێنێ، بەهێزترین کەس ناتوانێ خۆی بۆ ڕابگرێ، ئەوەتا ئافرەتێکی مەکربازی ناز لێ گیراو پەردەی حەیای خۆی دڕاندوەو لەبەردەم کۆمەڵێک لەژنانی خێزانە ئەشرافەکانی شاری مصردا نهێنی ناو دڵی خۆی ئاشکرا دەکا. پەردە لەسەر ڕوداوەکانی ناو باڵەخانەی عەزیزی میصر لادەدا. حەزرەتی یوسف لەبەرامبەر ئەم هەڕەشەو ترساندنەدا پەنا بۆ بارەگای پەروەردگار دەباو لەخودا دەپاڕێتەوە پشتی بگرێو بیپارێزێ ﴿قَالَ: رَبِّ السِّجْنُ أَحَبُّ إِلَيَّ مِمَّا

تدعونني اليه﴾ وتی: خودایە! بەندینخانە لەلای من زۆر خۆشترە لەو کارە ناشیرینەی: کە ئەو ژنانە داوام لێ دەکەن ئەنجامی بدەم!

﴿والاّ﴾ ئەگینا خودایە! ئەگەر تۆ پشتیوانم لێ نەکەی‌و فرتو فێڵی ئەو ژنانەم لێ لانەدەی ﴿أَصْبُ إِلَيْهِنَّ وَأَكُنْ مِنَ الْجَاهِلِينَ﴾ لەوایەنە بکەومە داویانەوەو مەیلیان بدەمێ، دەست بکەم بەرابواردن لەگەڵیاندا، ئەو کاتە دەچمە پێری نارەزۆبازانو نەفامو گومڕایانەوە!!

ئەمە نموونەی نزاو پاڕانەوەی ئادەمیزادی خودا ناسو خۆناسە: کە هەرگیز بەبێ تاوانی‌و خۆڕاگری خۆی لەخۆی بایی نابێ، دەپاڕێتەوە خودا زیاتر پشتیوانی بکاو یارمەتی بدا بۆ رزگار بوون لەفرتو فێڵی هەڵخەڵەتێنەران. واتە: دەڵێ: خودایە! ئەگەر تۆ پشتگیریم نەکەی‌و هەر بەتەما خۆم بم، ئەوە من هێزی بەرەنگاری کردنی ئەو ژنانەم نیە، بۆیە من هانا بۆ قاپی بارەگای تۆ دێنم، پەنا بەهێزو توانای تۆ دەبەم، هەر ئەتۆی پشتیوانو پەنام، خودایە بێ پشتیوانی خۆتم مەکە!

﴿فَاسْتَجَابَ لَهُ رَبُّهُ﴾ پەروەردگار وەڵامی دوعاو پاڕانەوەکەی دایەوە نزاو لالانەوەکەی وەرگرت ﴿فَصَرَفَ عَنْهُ كَيْدَهُنَّ﴾ شەڕو نەگبەتی‌و فرتو فێڵی ژنەکانی لێ لادا، پاراستی لەوەی بکەوێتە نێو داوی هەوەسبازی‌و شەهوەتەوە، وەزعێکی وای رەخساند کە دڵی عەزیز هاتە سەر ئەوە یوسف لەو باڵەخانە دوور بخەنەوە، بێگومان خودا شنەوایە بەدوعاو پاڕانەوەی ئەوانەی پەنای بۆ دەبەن، زانایە بەراستی بیرو باوەڕیانو دەزانێ حاڵو وەزعیان چۆنەو چییان بۆ باشەو بەرژەوەندییان لەچی‌دایە!!

خودا پارێزگاری کرد، پەروەردەی کرد بەشێوەیەک کە شیاوی پەروەردە کردنی پێغەمبەران بێ!

ئەوەبوو لەو تەمەنە گەنجی‌یە داو وێرای ئەو بارو دۆخەی بۆ ئەو رەخسابوو خۆی دوور گرت لەوەی دەست لەگەڵ ژنی عەزیزی میصر تێکەڵ

بکا، کە ئەویش لەئەوپەڕی جوانیو نازکیدا بوو، وێڕای جوانی سروشتی خۆیشی ئارایش دابوو وەندەی تر خۆی بەجوان دەنواند!

لەترسی خوداو بەتەمای پاداشی قیامەت، چوونە ناو بەندینخانەی هەڵبژاردو مەبەستی زولەیخای رەت کردەوە... هەتا دونیا دونیایە یوسف نموونەی گەنجی داوێنپاکی خۆڕاگرو لەخودا ترسەو پێشەوای گەنجانی داوێنپاکو دەستپاکە. بەکورتی پێغەمبەرەو هەڵبژاردەی خودایەو هەر ئەو جۆرە هەڵوێستەی لێ چاوەڕوان دەکرێ!!

لەصەحیحەیندا هاتووە: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی (سبعة يظلهم الله في ظله، يوم لاظل الا ظله: امام عادل، وشاب نشأ في عبادة الله، ورجل قلبه معلق بالمساجد، اذا خرج منه حتى يعود اليه، ورجلان تحابا في الله، اجتمعا عليه وتفرقا عليه، ورجل تصدق بصدقة فأخفاها، حتى لاتعلم شماله ما أنفقت يمينه، ورجل دعته امرأة ذات منصب وجمال، فقال اني أخاف الله، ورجل ذكر الله خاليا ففاضت عيناه..) واتە: حەوت کەس هەن خودا رۆژی قیامەت دەیانخاتە ژێر سێبەری عەرشی خۆیەوە، لەرۆژێکدا جگە لەسێبەری عەرشی خودا چ سێبەری تر نین: پاشایەکی دادپەروەر، گەنجێک کە بەخوداپەرستی پەروەردە بووبێ، پیاوێک دڵی پەیوەست بێ بەمزگەوتەکانەوە، کە هاتە دەرەوە لەمزگەوتێک حەزی لێ بێ بچێتەوە ناوی، دوو پیاو لەبەر خاتری خودا یەکتریان خۆش بوێ، لەسەر خۆشەویستی خودا کۆببنەوە، لەسەر خۆشەویستی خوداش لێک جیا ببنەوە، پیاوێک ماڵی خۆی ببەخشێ بەنهێنی، بەجۆرێک لای چەپی نەزانێ دەستی راستی چی بەخشیوە. پیاوێک ئافرەتێکی خاوەن پلەو پایەو شۆخو شەنگ بانگی بکا بۆ داوێنپیسی، لەوەلامدا بڵێ: من لەخودا دەترسم، پیاوێک بەتەنیاو لەشوێنێکی چۆڵدا خودای بیر بکەوێتەوەو لەترسی خودا بگریاو چاوی ئاو برێژن.

﴿ثُمَّ بَدَا لَهُمْ مِنْ بَعْدِ مَا رَأَوُا الآيَاتِ لَيَسْجُنُنَّهُ حَتَّى حِينٍ﴾ جا پاش ماوەیەکی کەم لەکپکردنەوەی باسی ئەم روداوە، دوای ئەوەی نیشانەی راستیو داوێنپاکی یوسفیان بۆ دەرکەوت، عەزیزو زولەیخاو پەیوەنداران وایان بەباش زانی: کە تا ماوەیەک یوسف بخەنە بەندینخانەوە، بۆ ئەوەی وای نیشان بدەن: کە یوسف ویستویەتی دڵی زولەیخا بۆ لای خۆی رابکێشیو هەوڵی کاری نادروستی داوە، هەر لەسەر ئەم تاوانە مەوهوومە بێ بناغەیەو لەسەر داخوازی خێزانی عەزیز کە وادیارە بەسەر مێردەکەیدا دەست رۆییشتوو بووەو عەزیز لەحاندایدا هیچ دەسەڵاتێکی نەبوە، بۆیە ویستی رەزامەندی ژنەکەی بەدەست بێنیو بەهەر نرخێک بێ رازی بکا.

وا پێ دەچێ زولەیخاش لەبەروبوومی هەوڵەکانی نائومێد بووەو زانیویەتی هیچی دەست ناکەوێ؛ هەروەها لەوانەیە هەواڵەکە زیاتر تەشەنەی کردبێو بەناو خەڵکدا بڵاوەی کردبێ، ئەمجار بۆ گێڕانەوەی سومعەو ئیعتیبار بۆ بنەماڵەی عەزیز، هاتن بڕیاری بەند کردنی یوسفی بێ تاوانیان دا.

باسی شەشەم لەچیرۆکی یوسف

یوسف لەبەندینخانەدایەو بانگەوازیی بۆ ئایینی حەق دەکا

ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴿٣٦﴾ قَالَ لَا يَأۡتِيكُمَا طَعَامٞ تُرۡزَقَانِهِۦٓ إِلَّا نَبَّأۡتُكُمَا بِتَأۡوِيلِهِۦ قَبۡلَ أَن يَأۡتِيَكُمَاۚ ذَٰلِكُمَا مِمَّا عَلَّمَنِي رَبِّيٓۚ إِنِّي تَرَكۡتُ مِلَّةَ قَوۡمٖ لَّا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَهُم بِٱلۡأٓخِرَةِ هُمۡ كَٰفِرُونَ ﴿٣٧﴾

وَٱتَّبَعۡتُ مِلَّةَ ءَابَآءِيٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَإِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَۚ مَا كَانَ لَنَآ أَن نُّشۡرِكَ بِٱللَّهِ مِن شَيۡءٖۚ ذَٰلِكَ مِن فَضۡلِ ٱللَّهِ عَلَيۡنَا وَعَلَى ٱلنَّاسِ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَشۡكُرُونَ ﴿٣٨﴾ يَٰصَٰحِبَيِ ٱلسِّجۡنِ ءَأَرۡبَابٞ مُّتَفَرِّقُونَ خَيۡرٌ أَمِ ٱللَّهُ ٱلۡوَٰحِدُ ٱلۡقَهَّارُ ﴿٣٩﴾ مَا تَعۡبُدُونَ مِن دُونِهِۦٓ إِلَّآ أَسۡمَآءٗ سَمَّيۡتُمُوهَآ أَنتُمۡ وَءَابَآؤُكُم مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ بِهَا مِن سُلۡطَٰنٍۚ إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِۚ أَمَرَ أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلۡقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ﴿٤٠﴾

دوای ئەوەی عەزیزو راوێژکاران بڕیاریان دا حەزرەتی یوسف بخەنە بەندینخانەوە هەرەچەندە دڵنیا بوون لەپاکیو بێ تاوانیو داوێنپاکی! ئەمجار لێرەدا پەروەردگار باسی جێ بەجێ کردنی بڕیارەکەی عەزیزو دارو دەستەکەی دەکا: کە بریتییە لەبەند کردنی یوسف. جا کە یوسفیان خستە بەندینخانەوە، دوو خزمەتکاری پاشاشیان لەگەڵ دا ناردە بەندینخانەوە. دەفەرموێ: ﴿وَدَخَلَ مَعَهُ السِّجْنَ فَتَيَانِ﴾ واتە: کاتێ ویستیان یوسف بەند بکەنو بەندیان کرد، وێڕای حەبس کردنی یوسف دوو خزمەتکاری پاشاشیان بەند کردن. ئەمەش ڕێکەوت نەبوو بەڵکوو تەقدیری خودا وا بوو. ئەم دوو خزمەتچییانە بەتاوانی ئەوە زیندانی کران گوایە: ویستوویانە پاشا دەرمانخواردوو بکەن!

جا بـەهۆی دەنگدانـەوەی دەنگوباسـی روداوی نـاو مـاڵی عـەزیزی میصرەوە، دەرکردنی بڕیار بـەزیندانکردنی یوسـف بلاوبـۆوە، خـەڵکێ زۆریـان دڵنیا بوون لەوەی: کە یوسـف کوڕێکـی بەحورمـەتو دڵو داوێنپـاکێو خـاوەن نەفسێکی بەرزو پاکە، لەم رووەوە دوو خزمەتکارەکانی پاشـا باوەڕیـان پـێ پتەو بوو، وەگری بوونو زانییان: کە یوسف شـیاوی ئەوەیـە: تـەگبیرو راوێـژی پێ بکرێو داوای مانا لێدانەوەی خەونیشی لێ بکرێ.

سییاقی ئایەتـەکان باسـەکە زۆر بـەکورتی رادەنوێنـێو هـەڵسو کـەوتی یوسف لەزینداندا کورت دەکاتەوە باسی ئەوە ناکا: کە دەسپاکیو داوێنپاکیو صاڵحیو زاناییو دانایی یوسف بەناو زیندانەکاندا بڵاوەی کردو، بووە جێگای بتمانەی خەڵکانی ناو بەندینخانەکە، کە ژمارەیان زۆر بوو، زۆری لەوانە تێـدا بوو: کە بەختی رەشیان رۆژگارێکێ خستبونیە ناو قەصرو باڵەخانەکانی پاشـاو دارو دەستەکانیو توشی هەڵەیەکێ بوونو لەزیندانیان پەستاوتبوون.

سییاقەکە ئەم زانیارانە هەموو کورت دەکاتەوە، بۆ ئـەوەی نماییشـێک رانوێنێ، نماییشی یوسـف لەبەندینخانـەداو لەتەنیشـتیدا دوو گـەنج وەگری بوونو هاتوونە لای تەعبیری خەونیان بۆ لێکێ بداتەوە، خـەونیان بینیـوەو بـۆ یوسـفی دەگێڕنـەوەو داوای تـەعبیری راسـتو دروسـت بـۆ خەونـەکانیانی لێ دەکەن. چونکە نیشانەی پاکیو چاکیو خودا پەرستیو ئەخلاق جوانیـیان تێـدا بەدی دەکرد.. هاتن بەنۆرە خەونەکانیان بۆ گێڕایەوە: ﴿قَالَ أَحَدُهُمَا: إِنِّيٓ أَرَىٰنِيٓ أَعۡصِرُ خَمۡرٗاۖ﴾ یەکێکیان وتی: لەخەوما دیم ترێم دەگوشیو دەمکـردە شـەراب بۆ پاشا ﴿وَقَالَ ٱلۡأٓخَرُ: إِنِّيٓ أَرَىٰنِيٓ أَحۡمِلُ فَوۡقَ رَأۡسِي خُبۡزٗا تَأۡكُلُ ٱلطَّيۡرُ مِنۡـهُۖ﴾ ئەویتریان وتی: لەخـەوما دیـم نـانم لەسـەر سـەرم دانـاوەو بـاڵندە دائـەبارین بەسەرماو لەو نانەیان دەخوارد! ﴿نَبِّئۡنَا بِتَأۡوِيلِهِۦٓۖ﴾ وتیـان: دەمانـەوێ مـەعنای ئەم خەونانەمان پێ بفەرمووی: بزانین چی دەگەیەنن ﴿إِنَّا نَرَىٰكَ مِنَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ﴾ بێگومان ئێمـە وا دەزانـین جـەنابت مرۆڤێکـی لـیزانو لـەپێری پیاوچاکـانیو

لەتەعبیری خەوندا زۆر شارەزاو کارامەی. پیاوێکی مرۆڤ دۆستیو خێرو چاکەی ئادەمیزادانت دەوێ.

حەزرەتی یوسف کە زانی ئەم دوو خزمەتکارە ئەوەندە بتمانەیان پێیەتیو خودای مەزنیش ئاگاداری کردبوو لەوە: کە مەیگوشەکەیان رزگاری دەبێو دەچێتە لای پاشاو رێزی لێ دەگیرێ، ویستی ئەم هەلە بقۆزێتەوەو خۆی دەربخاو بیرو باوەڕی صەحیحی خۆی بڵاو بکاتەوەو بانگەوازی بکا بۆ خوداپەرستیو ئەرکی سەرشانی خۆی ئەنجام بدا، ئیتر لێ بڕا بۆ بانگەوازیکردنی دوو خزمەتکارەکەو بەندییەکانی تریش بۆ یەکتاپەرستیو وازهێنان لەبتپەرستی!

بەرکولێو رێخۆشکەرەیەکی بۆ قسەکانی دامەزراند ﴿قَالَ: لَايَأْتِيكُمَا طَعَامٌ تُرْزَقَانِهِ إِلاَّ نَبَّأْتُكُمَا بِتَأْوِيلِهِ قَبْلَ أَنْ يَأْتِيَكُمَا﴾ پێی فەرموون: من نەک هەر بۆ تەعبیری خەون پرسم پێ دەکرێ، بەڵکوو خودا زانیارییەکی وای پێ بەخشیوم: هەر خواردەمەنییەک لەلایەن کاربەدەستو ئاشپەزی زیندانەوە بۆ ئێوە رەوانە دەکرێ بۆ خواردن، پێش ئەوەی خواردەمەنییەکە بگاتە لاتان، دەزانم چ خواردنێکەو دەتوانم هەواڵتان بدەمێ چ جۆرە خواردەمەنییەکەو خواردنی سودی هەیە بۆتان یان زیان! ﴿ذَٰلِكُمَا مِمَّا عَلَّمَنِي رَبِّي﴾ ئەم زانیارییانە لەو زانیارییانەیە کە خودای خۆم فێری کردوم. وەمن بەهەوانتە فێری ئەم زانستانە نەبووم، نهێنی ئەم بەهرەو سەروەریانە ئەوەیە: کە ﴿إِنِّي تَرَكْتُ مِلَّةَ قَوْمٍ لَايُؤْمِنُونَ بِاللهِ وَهُمْ بِالآخِرَةِ هُمْ كَافِرُونَ﴾ من دەست بەرداری ئایینی گەلو نەتەوەیەک بووم: کە بڕوایان بەخودای تاکو تەنیا نیەو پێیان وا نیە رۆژی قیامەت هەبێو بڕوا ناکەن زیندوو بوونەوە هەبێو پاداشو سزا لەسەر چاکەو خراپە بدرێتەوە.

مەبەستی بەم گەلو نەتەوەیە: بنەماڵەی عەزیزی میصرو دارو دەستەی پاشاو ئەو خەڵکەیە کە وا بەستەی ئەوان بوون.

هەڵبەتە دوو خزمەتکارەکەش لەسەر ئایینی دارو دەستەی پاشاو عەزیزی میصر بوون، بەڵام حەزرەتی یوسف راستەو خۆ کوفرو بێدینییەکە ئاراستەی خودی ئەوان ناکا، بەڵکوو بەشێوەیەکی گشتی وەپاڵی گەلەکەیانی دەدا بۆ ئەوەی ئەوان ئیحراج نەکا.

دەشگونجێ مەبەستی بەگەلو نەتەوە کافرو بێدینەکە کەنعانییەکانو خەڵکانی تری دانیشتووی فەلەستینو ئەو میصرییانە بێ کە خودا درۆزنەی جۆراو جۆریان دەپەرستن، هەیانبوو خۆریان دەپەرست، هەبوو گوێرەکە پەرست بوو، هەبوو فیرعەون پەرست بوو، ئەوانە هیچیان بڕوایان وا نەبوو کە رۆژی قیامەت هەبێو پاداشو سزای تێدا وەربگیرێتەوە!

﴿وَاتَّبَعْتُ مِلَّةَ آبَائِي إِبْرَاهِيمَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ﴾ من شوێنی ئایینی باوکو باپیرەکانی خۆم کەوتووم: کە یەعقوبو ئیسحاقو ئیبراهیمن، هەموویان پێغەمبەری رەوانەکراو بوون، بانگەوازییان بۆ یەکتاپەرستی کردوە..

کە دەفەرموێ: (آبائي) ئاماژەیە بەئەوە: کە باپیریش حوکمی باوکی هەیە، هەروەها خانەوادەی ئەو خانەوادەی پێغەمبەرایەتییە، لەبنەماڵەی پێغەمبەرانە، ئەمەشی بۆ ئەوە راگەیاند: کە سەرنجیان رابکێشێو هەڵیان نێ بۆ ئەوەی گوێی لێ بگرنو شوێن قسەکانی بکەون!

ئەمجار پەیڕەوو پرۆگرامی پێغەمبەران بەشێوەیەکی گشتی دیاری دەکاو دەفەرموێ: ﴿مَا كَانَ لَنَا أَنْ نُشْرِكَ بِاللهِ مِنْ شَيْءٍ﴾ ناگونجێو بۆ ئێمە رەوا نیەو نابێ: کە شەریکو هاوەڵ بۆ خودا دابنێین، هەرگیزاو هەرگیز هیچ شتێک ناکەین بەشەریک بۆ خودا.

﴿ذَلِكَ مِنْ فَضْلِ اللهِ عَلَيْنَا وَعَلَى النَّاسِ﴾ ئەم رێبازو پەیڕەوو پرۆگرامە پیرۆزەیە فەضلو بەخششی خودایە بەسەر ئێمەوەو بەسەر ئەو کەسانەشەوە کە ئێمە پێغەمبەریانین ﴿وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَشْكُرُونَ﴾ وەلێ زۆربەی

ئادەمیزاد نازانن کە ئەم بەهرەیە چەند بەرزو پیرۆزو پاکە، شوکرو سوپاسی پەروەردگار ناکەن، کە ئەم ئایینەی بۆ ناردون لەجیاتی شوکر شەریکی بۆ دادەنێن، بیر لەداهاتووی خۆیان ناکەنەوە. هەست بەو نیعمەتە مەزنە ناکەن کە ناردنی پێغەمبەرانە بۆ سەریان!

ئەمجار دوا ئەوەی: کە حەزرەتی یوسف بتپەرستی پوچ کردەوەو بتپەرستانی بەگومڕاو نەفام دانان، پێغەمبەرایەتی چەسپاندو بانگەوازی کرد بۆ یەکتاپەرستی خالیص‌و بێ خەوش‌و داننان بەهەبوونی خودایەکی تاکئو تەنیا دەفەرموێ: ﴿يَا صَاحِبَيِ السِّجْنِ! أَأَرْبَابٌ مُتَفَرِّقُونَ خَيْرٌ أَمِ اللهُ الْوَاحِدُ الْقَهَّارُ؟﴾ ئەی دوو هاوڕێکانم لەم بەندینخانەیەدا! ئەی هاوەڵانی زیندانم! ئایا پەرستنی چەند خودایەکی جیا جیای لێرەو لەوێ، پەرستنی چەند خودایەکی دژ بەیەکی جوداواز لەزاتو صیفاتدا: کە ئەم جوداوازییەیان سەردەکێشێ بۆ کێشەو بەرەنگاریکردنی یەکتری‌و تێکچوونی بوونەوەر لەئاکامدا، ئایا ئەوە باشترە بۆ ئێوەو غەیری ئێوەش لەبارەی هێنانی سودو گێڕانەوەی زیانو ئاگاداریکردنو چاودێری کردن! یان خودایەکی تاکئو تەنیاو خاوەن دەسەڵاتو بێ ئاتاج لەهەموو شتێ، کە هیچ شتێک نیە بتوانێ بەرامبەری بوەستێ‌و ئیشی لێ تێک بدا، خودایەکی بالادەستو زاڵە بەسەر هەموو شتێکدا؛ ئایا ئەم خودایە باشترە یان ئەو خودا درۆزنانەی ئێوە کە هیچیان پێ ناکرێ؟؟

ئەمجار حەقیقەتی خودا درۆزنەکان دەردەخاو دەفەرموێ: ﴿مَا تَعْبُدُونَ مِنْ دُونِهِ إِلَّا أَسْمَاءً سَمَّيْتُمُوهَا أَنْتُمْ وَآبَاؤُكُمْ﴾ ئێوە کە عیبادەت بۆ ئەو خودا درۆزنانە دەکەنو لەجیاتی خودای مەزن دەیانپەرستن، لەراستیدا عیبادەت بۆ چەند شتێک دەکەن کە شیاوی عیبادەت بۆ کردن نین چونکە خودا نین، بۆ خۆتان ناوتان لێ ناون، ئێوەو باوکئو باپیرانتان بەناڕەوا بەخوداتان داناون ﴿مَا أَنْزَلَ اللهُ بِهَا مِنْ سُلْطَانٍ﴾ خودای مەزن هیچ بەڵگەو نیشانەیەکی لەسەر

بەخودا دانانیان نازڵ نەکردوە تا بیکەنە بیانووی عیبادەت بۆ کردنیان، ئەوانە بۆ خۆتان ناوتان ناون خودا، هیچ بەڵگەو دەلیل لەسەر خودایەتی ئەوانە نیە.

﴿إِنِ ٱلْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ﴾ حوکمو فەرمانو خاوەنیەتی هەمووی هەر هی خودای تاقو تەنیایە..

﴿أَمَرَ أَلَّا تَعْبُدُوٓا۟ إِلَّآ إِيَّاهُ﴾ ئەو خودایەی من دەیپەرستم فەرمانی بەبەندەکانی کردوە: کە جگە لە ئەو عیبادەت بۆ کەسی تر نەکەن، ئەوەی من بانگەوازیتان دەکەم بۆ پەرستنیو دڵسۆزی بۆ جێ بەجێ کردنی فەرمانەکانی، ئەوە خودای حەقەو ئایینی پەسندو راستو بەجێیە، ئەو ئایینەیە خودا فەرمانی پێ کردوین پەیڕەوی بکەینو بەڵگەو دەلیلی لەسەر راستیو پەسندی نازڵ کردون!

﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾ بەلام زوربەی زۆری ئادەمیزاد نازانن: کە ئەوە ئایینی حەقو خودا پەسندەو رێبازێکی شەقامە رێیەو هیچ خوارو خێچیەکی تێدا نیە!

ئا بەو جۆرە بەم چەند وشە کورتو پڕ مانایانە حەزرەتی یوسف هەموو نیشانەیەکی ئایینی خودا پەسندی رەنگرێژ کرد، هەموو بنەماو پێکهاتەی عەقیدەی راستو رەوانی شی کردەوە، هەموو پایگاو سەنگەرەکانی شیرکو بتپەرستیو ملهوڕانی وەلەرزە هێنا.

بێگومان طاغووتو ملهوڕەکان هەر کە لەشوێنێک جێ پێی خۆیان کردەوە، یەکسەر داوای تایبەتترین دەسەلاتی خودای مەزنو تاکو تەنیا دەکەن، داوای ربوبییەت دەکەن؛ داوا دەکەن خەڵک گەردنکەچی فەرمانو یاسایان بن، پابەندی قانونو نیظامیان بن.

ئاشکراشە دەرەبەگو ملهوڕ کاتێ سەرهەڵدەدەنو پەیدا دەبن: کە ئایینی حەقو راست لەگۆڕێ نەبێ، کاتێک طاغوت پەیدا دەبن: کە ئایینی حەقو خودا پەسند لەدڵی ئادەمیزادەکاندا رەگی دانەکوتابێ، هەرکاتێ دڵو

دەروونی ئادەمیزادەکان بەئیمانی ساغو پتەو ئاوەندان بێ، ملهوڕان جێگایان نابێتەوە، بەڵکوو ناتوانن سەر دەربێنن!

بەشی حەوتەم لەچیرۆکی یوسف

مانا لێدانەوەی یوسف بۆ خەونی هاوەڵانی بەندینخانە

يَٰصَٰحِبَيِ ٱلسِّجۡنِ أَمَّآ أَحَدُكُمَا فَيَسۡقِي رَبَّهُۥ خَمۡرٗاۖ وَأَمَّا ٱلۡأٓخَرُ فَيُصۡلَبُ فَتَأۡكُلُ ٱلطَّيۡرُ مِن رَّأۡسِهِۦۚ قُضِيَ ٱلۡأَمۡرُ ٱلَّذِي فِيهِ تَسۡتَفۡتِيَانِ (٤١) وَقَالَ لِلَّذِي ظَنَّ أَنَّهُۥ نَاجٖ مِّنۡهُمَا ٱذۡكُرۡنِي عِندَ رَبِّكَ فَأَنسَىٰهُ ٱلشَّيۡطَٰنُ ذِكۡرَ رَبِّهِۦ فَلَبِثَ فِي ٱلسِّجۡنِ بِضۡعَ سِنِينَ



پاش ئەوەی: حەزرەتی یوسف باسی یەکتاپەرستیو پێغەمبەریەتی بۆ هاوەڵانی کرد، ئەمجار هاتە سەر تەعبیری خەونەکانیانو فەرمووی: ﴿يَا صَاحِبَيِ السِّجْنِ! أَمَّا أَحَدُكُمَا فَيَسْقِي رَبَّهُ خَمْرًا﴾ ئەی دوو هاوڕێی زیندانم! یەکێکتان، واتە: ئەوەتان: کە لەخەویدا بینیویەتی ترێی دەگوشیو دەیکردە شەراب بۆ پاشاکەی! ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەر کاری پێشووی وەکوو جاران مەی پێشکەش پاشا دەکا.

﴿وَأَمَّا الآخَرُ فَيُصْلَبُ فَتَأْكُلُ الطَّيْرُ مِن رَّأْسِهِ﴾ بەڵام ئەویترتان ئەوە تاوانبار دەکرێو حوکمی ئیعدامی بەسەردا دەدرێو تەنفیذ دەکرێو

هەڵدەهاوەسرێ بەسەر سێدارەوەو بۆ چاو ترساندنی خەڵك بەسێدارەوە دەمێنێتەوە، باڵندەو پەلەوەری گۆشت خۆر لەگۆشتی سەری دەخۆن!

دەگێڕنەوە دەڵێن: حەزرەتی یوسف بەئەمیانی گوت: خەونێکی خراپت بینیوە، دوای سێ رۆژی تر پاشا هەڵت دەهاوسێو باڵندە لەگۆشتی سەرت دەخۆن، ئەمە ئاماژە بۆ ئەوە دەکا: کە ئەم ئاشپەزە تاوانبار کراوە بەژەهراویکردنی خواردەمەنی پاشا.

هەروەها ریوایەت کراوە: کە یوسف مەعنای خەونەکانی بۆ لێك دانەوە، وتیان: درۆمان کردو خەونمان نەبینیوە. ئیتر حەزرەتی یوسف فەرمووی: ﴿قُضِيَ ٱلۡأَمۡرُ ٱلَّذِي فِيهِ تَسۡتَفۡتِيَانِ﴾ لەسەری مەرۆن کار لەکار ترازاوەو ئەوەی پرسیارتان دەربارەی هەبوو هاتە جێو براپەوە، واتە: ئاکامی زیندانی کردنتان لەروانگەی تەعبیری خەونەکانتانەوە ئەمەیە: کە من بۆم شی کردنەوە..

ئەمە راست دەرچوو، یوسف بەهاوەڵەکانی راگەیاند: کە ئەمە دێتە جێو بەچاوی خۆتان دەیبینن، چونکە خەون لەسەر قاچی باڵندەیە تا مانای لێ نەدەیەوە نایەتە جێ، هەر کاتێ مەعنات لێ دایەوە دێتە دی.

ئیمام ئەحمەد لەمعاوییەی کوری (حَیَدة)وە ریوایەت دەکا کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (الرؤیا علی رجل طائر مالم تعبر، فاذا عبرت وقعت)

ئاشکراشە حەزرەتی یوسف بەهەوانتە وەلامی نەدانەوە، مانا لێدانەوەکەی لەشکو گومانەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکوو لەسروشو نیگای خوداییەوە هەڵقولاوەو پشتی بەو سەرچاوە روونە بەستووە، سروشو نیگاش یەقینو دڵنیاییان لێ پەیدا دەبێ.

حەزرەتی یوسف کابرای مەیگوشی بەند کراوی بێ تاوانی خۆش دەویستو لێی روون بوو کە ئەویش بەهەوانتە خراوەتە کونە رەشی زیندانەوەو بەبێ لێکۆڵینەوەو تێفکرین پاشا دوچاری ئەم سزایەی کردوە،

دەیزانی ئەمیش وەکوو خۆی تاوانیان بۆ هەڵبەستووەو دەستە چەوری خۆیان بەئەو سریوە، بۆیە یوسف پیی خۆش بوو کە بەهۆی ئەمەوە سکالای خۆی بگەیەنێتە پاشا بۆ ئەوەی لەقەزیەکەی بکۆڵێتەوەو چی دی بێ تاوان لەزینداندا نەمێنێتەوە.

﴿وَقَالَ لِلَّذِي ظَنَّ أَنَّهُ نَاجٍ مِنْهُمَا: اذْكُرْنِي عِنْدَ رَبِّكَ﴾ بەدزییەوە بەویانی گوت: کە پیی وا بوو لەزیندان رزگاری دەبێ، واتە: کابرای مەیگێڕ، پیی فەرموو: کاتێ چویتە دەرێو گەڕایەوە بۆ سەر وەزیفەی خۆت، لای پاشا باسی من بکە، بڵێ: یوسف بەناڕەواو ستەم لەزینداندا هێڵراوەتەوە، تاوانی نەکردوەو بەتاوانبار لەقەڵەم دراوە، بەڵکوو پاش لێکۆڵینەوەو دەرکەوتنی بێ تاوانیم بەزەیی پێمدا بێتەوەو لەم کونە ڕەشە رزگارم بکا، بەلام کابرا: کە رزگاری بوو، گەڕایەوە بۆ سەر کاری پێشووی تێکەڵ بەکۆڕو مەجلیسی پاشا بووەوە، راسپاردەکەی یوسفی فەرامۆش کرد، چونکە ﴿فَأَنْسَاهُ الشَّيْطَانُ ذِكْرَ رَبِّهِ﴾ شەیتان باسو خواسی یوسفی لەلای پاشا لەبیر کابرای رزگار بووی مەیگێڕ بردەوە، هەر بەخەیاڵیا نەهاتەوەو بیری نەکەوتەوە!! ویستی خودا وابوو: دەبوایە یوسف ماوەیەک لەو بەندینخانەدا بمێنێتەوە، بانگەوازی بکا بۆ یەکتاپەرستی، بۆ عیبادەتکردن بۆ خودای تاکو تەنیا، بەرەنگاری بتپەرستیو بتپەرستان بکا، ﴿فَلَبِثَ فِي السِّجْنِ بِضْعَ سِنِينَ﴾ ئیتر یوسف لەبەندینخانەدا نزیکەی حەوت ساڵێکی تر مایەوە، بەبێ ئەوەی کەس باسی بکاو بەخەیاڵی کەسدا گوزەربکا. هەر لەبیرچوەوە..

زوربەی زۆری راڤەکەرانی سەلەف پێیان وایە: حەزرەتی یوسف دوای رزگار بونی کابرا حەوت ساڵی تەواو لەبەندینخانەدا ماوەتەوە.

ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: دوازدە ساڵ ماوەتەوە.

(الضحاك) دەفەرموێ: چواردە ساڵ ماتەوە. بەلام رای صەحیح رای یەکەمە.

شتێکی ئاشکراو باسکراوە لەشەریعەتی ئیسلامدا: کە داوای کۆمەکی کردن لەئادەمیزادان بۆ نەهێشتنی ستەم، کارێکی ڕەواو دروستە. وەلێ وەکوو گوتراوە: ﴿حسنات الأبرار سيئات المقربين﴾ هەندێ شت بۆ پێغەمبەرانو نزیکانی بارەگای خودا باش نیەو لەسەریان دەکەوێ، پێویستە ئەو خۆشەویستانەی خودا پەنا بۆ هیچ کەس نەبەن جگە لەخودا، بۆیە خودا ویستی زیاتر حەزرەتی یوسف لەبۆتە بدا، ویستی تێی بگەیەنێ: کە واز لەهەموو هۆکارەکان بێنێو خۆی بداتە دەست خاوەنی بوونەوەرو پشت هەر بەئەو ببەستێ، داوای رزگار بوون لەتەنگو چەڵەمە هەر لەخودا بکا.

ئیمامی قورطبی دەگێڕێتەوەو دەفەرموێ: ریوایەت کراوە: حەزرەتی جوبرائیل هاتووە بۆ لای حەزرەتی یوسف لەبەندینخانەدا، سەرزەنشتی کرد لەسەر پەنا بردن بۆ ئادەمیزادو پێی گوت: ئەی یوسف! کێ تۆی لەمردن بەدەستی براکانت رزگار کرد، حەزرەتی یوسف فەرمووی: خودا رزگاری کردم، ئەمجار پێی فەرموو: کێ تۆی لەبیر هێنایە دەرێ!؟ وتی: خودای مەزن، ئەمجار وتی: کێ تۆی لەفرتو فێڵی ژنەکان رزگار کرد؟ وتی: خودای مەزن.

ئەمجار پێی فەرموو: ئەدی چۆن خودات لەبیر کردو داوای رزگار بوون لەبەندینخانەت ئاراستەی خودا نەکردو بتمانەت بەپیاوی پاشاو دارودەستەکەی پاشا کرد بۆ رزگار بونت لەبەندینخانە؟؟

ئەمجار حەزرەتی یوسف دەستی نزاو پاڕانەوەی بەرز کردەوە وتی: خودایە! قسەیەکێ لەدەمم دەرچوو! ئەی خودای ئیبراهیمو خودای یەعقووبی پیرو کەنەفت! داوات لێ دەکەم بەزەییت پێمدا بێتەوە جوبرائیل پێی فەرموو: سزای تۆ ئەوەیە: چەند ساڵێکی تر لەبەندینخانەدا بمێنیتەوە.[1]

---

(١) تەفسیری قورطبی بەرگی:٩/١٩٥-١٩٦.

بێگومان بەندەراستاڵەکانی خودا پێویستە ئیخلاصی تەواویان بۆ خودا هەبێ، هەموو پاڕانەوەو عیبادەتێکیان لەخودا بێو بۆ ئەو بێ، هەر کاتێکیش بەهۆی لاوازی ئادەمیزادییانەوە پەنا بۆ هۆکارێکی مادی بەرنو بەموو لەخەت لابدەن، خودا لەدونیادا سزایان دەداو دەیانخاتە بۆتەی پاڵفتە کردنەوەوە، تا بەتەواوی خۆی پێ بسپێرنو بەئەوپەڕی رەزامەندییەوە بەندایەتی بکەنو بەموو لەرێبازی پەروەردگار لانەدەن!!

خەون بینینی پاشاو پەیوەندیکردن بەیوسفەوە بۆ مانا لێدانەوە

﴿وَقَالَ ٱلۡمَلِكُ إِنِّيٓ أَرَىٰ سَبۡعَ بَقَرَٰتٖ سِمَانٖ يَأۡكُلُهُنَّ سَبۡعٌ عِجَافٞ وَسَبۡعَ سُنۢبُلَٰتٍ خُضۡرٖ وَأُخَرَ يَابِسَٰتٖۖ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمَلَأُ أَفۡتُونِي فِي رُءۡيَٰيَ إِن كُنتُمۡ لِلرُّءۡيَا تَعۡبُرُونَ ٤٣ قَالُوٓاْ أَضۡغَٰثُ أَحۡلَٰمٖۖ وَمَا نَحۡنُ بِتَأۡوِيلِ ٱلۡأَحۡلَٰمِ بِعَٰلِمِينَ ٤٤ وَقَالَ ٱلَّذِي نَجَا مِنۡهُمَا وَٱدَّكَرَ بَعۡدَ أُمَّةٍ أَنَا۠ أُنَبِّئُكُم بِتَأۡوِيلِهِۦ فَأَرۡسِلُونِ ٤٥ يُوسُفُ أَيُّهَا ٱلصِّدِّيقُ أَفۡتِنَا فِي سَبۡعِ بَقَرَٰتٖ سِمَانٖ يَأۡكُلُهُنَّ سَبۡعٌ عِجَافٞ وَسَبۡعِ سُنۢبُلَٰتٍ خُضۡرٖ وَأُخَرَ يَابِسَٰتٖ لَّعَلِّيٓ أَرۡجِعُ إِلَى ٱلنَّاسِ لَعَلَّهُمۡ يَعۡلَمُونَ ٤٦ قَالَ تَزۡرَعُونَ سَبۡعَ سِنِينَ دَأَبٗا فَمَا حَصَدتُّمۡ فَذَرُوهُ فِي سُنۢبُلِهِۦٓ إِلَّا

قَلِيلًا مِّمَّا تَأْكُلُونَ ﴿٤٧﴾ ثُمَّ يَأْتِي مِنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ سَبْعٌ شِدَادٌ يَأْكُلْنَ مَا قَدَّمْتُمْ لَهُنَّ إِلَّا قَلِيلًا مِّمَّا تُحْصِنُونَ ﴿٤٨﴾ ثُمَّ يَأْتِي مِنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ عَامٌ فِيهِ يُغَاثُ ٱلنَّاسُ وَفِيهِ يَعْصِرُونَ ﴿٤٩﴾

ئێستائێمە وا لەکۆڕو مەجلیسی پاشادایین، پاشا لەخەو هەستاوە، پەشۆکاوە، خەونێکی سەرنج ڕاکێشی بینیوە، دەیەوێ بزانێ: مانای چیەو چی دەگەیەنێ، داوا لەکاهینو کەشیشەکانی دەرباری دەکا تەعبیری خەونەکەی بۆ بکەن، هەرچەندە بیریان لێ کردەوەو سەری خۆیان هێناو برد، نەیانتوانی مانایەکی ڕاست بۆ خەونی پاشا بدۆزنەوە، ناچار وتیان: ئەمە لەخەونە پڕوپووچو بێ بناغەکانەو چ مەعنایەکێ نابەخشێ! جا وەکوو زانیمان لەئایەتەکانی پێشوودا پەروەردگار باسی مانا لێدانەوەی حەزرەتی یوسفی کرد بۆ خەونی دوو هاوەڵە زیندانییەکانی، ئەمجار لێرەدا باسی خەو بینینی پاشای میصر دەکا: کە یەکێک بووە لەپاشاکانی عەرەبو ناوی (هەکسوس) بووەو دەفەرموێ: ﴿وَقَالَ ٱلْمَلِكُ إِنِّيٓ أَرَىٰ سَبْعَ بَقَرَٰتٍ سِمَانٍ يَأْكُلُهُنَّ سَبْعٌ عِجَافٌ﴾ پاشای میصر وتی: من لەخەومدا شتێکم دی سەر سوڕهێنەر، خەونێکم بینیوە سەرسامی کردوم؛ لەخەومدا دیتم حەوت مانگای قەڵەو لەچەمێکی وشک هاتنە دەرەوە، حەوت مانگای لەڕو لاواز خواردیانن، ﴿وَسَبْعَ سُنۢبُلَٰتٍ خُضْرٍ وَأُخَرَ يَابِسَٰتٍ﴾ هەروەها حەوت گوڵە گەنمی وشکەوەبوو بەسەریاندا زاڵ بوونو بەسەریاندا کەوتنو دایانپۆشین، لەم خەوەم سەرم سوڕ ماوەو نازانم چیمان دێتە ڕێو وڵاتمان توشی چی دەبێ؟

کاهینو کەشیشی وڵاتی کۆکردنەوە، گەورە پیاوانی حکومەتی ئامادە کردنو خەونەکەی بۆ گێڕانەوە، ئەمجار وتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمَلَأُ أَفْتُونِي فِي رُءْيَٰيَ إِن كُنتُمْ لِلرُّءْيَا تَعْبُرُونَ﴾ ئەی خەڵکینە! ئەی زاناو فامیدەی وڵات! ئەی پیاو

ماقوڵو کاربەدەستانی حکوومەت! مانای ئەم خەونەم بۆ لێک بدەنەوە، ئەگەر ئێوە لەو کەسانەن کە شارەزای مەعنای خەونن. پێم بڵێن: ئاماژە بەچی دەکاو چی لێ وەردەگیرێ؟!

﴿قَالُوا: أَضْغَاثُ أَحْلَامٍ﴾ هەموویان وتیان: ئەمە جۆرێکە لەخەونو خەیاڵی تێکەڵو پێکەڵو بێ سەرو بەرو پرو پووچ، نوستوو لەلاشعووری خۆیدا دەیانبینێو مانا نادەن بەدەستەوە، لەئاکامی نارێکی هەزمکردنو تێکچوونی مەعیدەو ماندووبوونی گیان پەیدا دەبێ. ﴿وَمَا نَحْنُ بِتَأْوِيلِ الْأَحْلَامِ بِعَالِمِينَ﴾ ئێمە مانای خەونی ئاوەها بێ بناغەو پروپووچ نازانین چونکە حەقیقەتی نیە!

وێ دەچێ ماناکەیان زانیبێ، بەڵام هەستیان کردبێ: کە ئاماژە بۆ شتێکی ناخۆش دەکا، نەیانویستبێ بیدرکێنن‌و دڵی پاشا ناخۆش بکەن، چونکە دابو نەریتی دەستو پێوەندی پاشاو خەڵکانی دەرباری وا هاتووە هەموو کاتێ خۆ دەدزنەوە لەو شتانەی کە دڵی پاشا ناخۆش دەکاو هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدەن شتێک بخەنە رو: کە دڵی پاشا خۆش بکا!

تا ئێستا سێ خەون بینراو هەوڵی مانا لێدانەوەیان درا: خەونی حەزرەتی یوسف، خەونی دوو هاوەڵە زیندانییەکانی، خەونی پاشا، گرنگی دان بەخەونو مانا لێدانەوەی وێنەیەکی ئەو رۆژگارەمان بۆ دەکێشێ، ئارماییەکی بارو دۆخی میصرو دەورو بەریمان نیشان دەدا، ئەمجار ئایا ئەو زانستە خوداییەی کە بەیوسف دراوەو لەو رۆژگارەدا گرنگی پێ دراوە بەموعجیزەی حەزرەتی یوسف حسێب دەکرێ؟ ئەمە باسێکەو دوورو درێژە زەحمەتە بەئاسانی یەکالا بکرێتەوە!!!

جا کە خەونی پاشا بەمانا لێ نەدراوەیی مایەوەو بووە موشکیلەی ناو قەصرو پاشا پێی تەنگەتاو بوو، دەستو پێوەند کەوتنە هەوڵو تەقەڵلای تەعبیری خەونەکە ﴿وَقَالَ الَّذِي نَجَا مِنْهُمَا﴾ ئەو کاتە کابرای کە لەزینداندا هاوەڵی یوسف بوو بوو خەونی بینیبوو یوسف مانای خەونەکەی بۆ لێ

دابوەوەو رزگاری بوبوو شەیتان راسپاردەکەی یوسفی لەبیر بردبوەوە، ﴿وَادَّكَرَ بَعْدَ أُمَّةٍ﴾ پاش تێپەڕبوونی چەند ساڵێک ئەو کابرا مەیگێڕەی پاشـا، یوسـفی کەوتەوە بیرو یادی ئەوەی کردەوە کە خۆی خەونی بینیـوە یوسـف مانـای بـۆ لێ دایەوەو راست دەرچوو، راسپاردەکەی (یوسـف)یشـی هاتـەوە بـیرو وتـی: ﴿أَنَا أُنَبِّئُكُمْ بِتَأْوِيلِهِ فَأَرْسِلُونِ﴾ من خەبەرتان دەدەمێ بـەمانای ئـەم خەونـەو فەرمان بفەرموون بم نێرن بۆ لای یوسفی هاوەڵم: کە ئێستا لەزینداندایە! (وا دیارە لەو رۆژگارەدا کەس نەیتوانیوە بێ فەرمانی پاشا بچێتە ناو زیندانـەوەو بەند کراوان ببینێ).

پاشا خێرا فەرمانی داو کابرایان نارد بۆ زیندان بۆ لای یوسفـو گەیشتە لایو پێی گوت: ﴿يُوسُفُ أَيُّهَا الصِّدِّيقُ!﴾ ئەی یوسف! ئەی هـاوەڵی دێرینـم! ئەی ئادەمیزادی خودا پێداوی قسە راستو کار دروسـت! ئـەی راسـتگۆی زۆر راستگۆ! لەگوفتارو رەفتاردا ﴿أَفْتِنَا فِي سَبْعِ بَقَرَاتٍ سِمَـانٍ يَأْكُلُـهُنَّ سَـبْعٌ عِجَافٌ وَسَبْعِ سُنْبُلَاتٍ خُضْرٍ وَأُخَرَ يَابِسَاتٍ﴾ تـەعبیری ئـەم خەونـەمان بـۆ لێک بدەرەوە، خەونێکی گرنگەو پاشا دیویەتی بەڵکوو مانا لێدانەوەکە بۆ تۆ ببێتە هۆی رزگـار بونـت لەبەندینخانـە. خەبـەرمان بـدەرێ دەربـارەی خـەونی پاشا: کە لەخەودا دیویـەتی: حـەوت گـای لـەڕو لاواز حـەوت گـای قەڵـەویان خوارد، حەوت گوڵە گەنمی وشکی پووکاوە بەسەر حەوت گوڵەگەنمی سەوزی دانەوێڵـە لەخـەم رەخسـیوو پێگەیشـتوودا کـەوتنو دایانپۆشـین، مانـای ئـەم خەونەم بۆ شی بکەرەوە ﴿لَعَلِّي أَرْجِعُ إِلَى النَّاسِ﴾ بەڵکوو من بگەڕێمـەوە بـۆ لای پاشاو دەستو پێوەندەکانیو باسەکەیان بۆ بگێڕمەوەو تەعبیرەکەی تۆیان پێ رابگەیەنم ﴿لَعَلَّهُمْ يَعْلَمُونَ﴾ بەڵکوو ئـەوانیش لـەمانای خەونەکـە حاڵی ببنو بزانن: ئاکامی چی دەبێو ئاماژە بۆ چی دەکا، لەهەمان کـاتدا زانـینو فەضلو هونەری تۆش بناسنو فەرمانی رزگار بوونت دەربکەن!

﴿قَالَ: تَزْرَعُونَ سَبْعَ سِنِينَ دَأَباً﴾ حەزرەتی یوسف فەرمووی: مانای ئەو خەونە ئەوەیە: ئێوە حەوت ساڵ کشتو کاڵ دەکەن، بەبێ پسانەوە ئێوە سەرگەرمی چاندنو دروێنە دەبن، ﴿فَمَا حَصَدْتُمْ فَذَرُوهُ فِي سُنْبُلِهِ إِلاَّ قَلِيلاً مِمَّا تَأْكُلُونَ﴾ هەرچی دەیدروونەوە لەناو گوڵەکەیدا بیهێڵنەوەو بەگوڵەکەیەوە عەمباری بکەن، مەگەر کەمێ نەبێ لەوەی: کە پێویستان دەبێ بۆ خواردن لەم ساڵە هاتانەدا. تا دەتوانن پەیڕەوی ئیقتیصاد بکەنو بەپێو دان دانەوێڵە بۆ خواردن وەلا بنێنو بەئەندازەی پێویست لیێ خەرج بکەن!

﴿ثُمَّ يَأْتِي مِنْ بَعْدِ ذَلِكَ سَبْعٌ شِدَادٌ يَأْكُلْنَ مَاقَدَّمْتُمْ لَهُنَّ إِلاَّ قَلِيلاً مِمَّا تُحْصِنُونَ﴾ پاش ئەو حەوت ساڵە پڕ پیتو بەرەکەتە حەوت ساڵی گرانی دێن، حەوت ساڵ قاتوقڕی دەبێ، هەرچی ئەو رزقو رۆژییەی لەساڵە هاتەکاندا عەمبارتان کردوەو هەڵتان گرتووە بۆ ساڵە گرانییەکان دەیخۆن، مەگەر کەمێ نەبێ لەوەی کە هەڵی دەگرن بۆ تۆو چاندن لەساڵی داهاتوودا واتە: ساڵی دوا ساڵە قاتوقڕیەکان.

﴿ثُمَّ يَأْتِي مِنْ بَعْدِ ذَلِكَ عَامٌ فِيهِ يُغَاثُ النَّاسُ وَفِيهِ يَعْصِرُونَ﴾ پاش تێپەڕبوونی ساڵە گرانییەکان، ساڵێکی هاتو بارانـاوی دێ لەو ساڵەدا دانیشتوانی وڵات کشتو کاڵیان تێراو دەبێو بەرو بوومو دانەوێڵەیان زۆر دەبێ، لەو ساڵەدا خەڵک ترێو زەیتونو هەر میوەیەک کە بگوشرێ دەیگوشنو شەربەتو پێخۆر بۆ خواردن دروست دەکەن!

ئەم هەواڵدانە بەنهێنییەکانی داهاتوو لەنیگاو سروشی خوداییەوە سەرچاوەی بۆ هەڵگیراوە، هەر تەعبیری خەون نینو بەس! ئەمە مزگێنییە کە دوا ساڵە گرانییەکان ساڵێکی پڕ پیتو بەرەکەت پەیدا دەبێ!

شایانی باسە لەخەونەکەدا هیچ ئاماژە کردنێکو رەمزێک نیە بۆ ساڵی پاش گرانی، کەوابێ حەزرەتی یوسف بەنیگاو سروش ئەمەی زانیوەو بۆ مزگێنی موژدەی بەکابرای مەیگێڕو هاوەڵی زیندانی داوە، بۆ ئەوەی ئەویش

لەلایەن خۆیەوە موژدە بەخەڵکی بداو رایبگەیەنێ کە پاش حەوت ساڵ گرانی ساڵێکی هەرزانیو هات پەیدا دەبێ.

ئایەتەکان بەئاشکرا ئەوەیان لێ وەردەگیرێ کە خەون دوو جۆرە، خەونی پڕو پووچو بێ بناغە هەیە، خەونی راستو حەق هەیە.

ئەم ئایەتانە بەڵگەن لەسەر ئەوە کە ئەو قسە مەشهووررو باوەی: کە دەڵێن: گوایە خەون یەکەم جار چۆن مانای لێ درایەوە بەو شێوە دیتە جێ ناڕاستە. ئەوەتا خەونی پاشا خەڵکەکە هەموو وتیان: ﴿أَضْغَاثُ أَحْلَامٍ﴾ە کەچی بەو شێوە نەهاتە دی. بەو شێوە هاتە دی: کە یوسف مانای لێ دایەوە.

کەوابێ ئەو فەرموودەی کە ئەبویەعلا لەئەنەسەوە بەمەرفووعی دەیگێڕێتەوە گوایە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (الرؤيا لأول عابر) وا دیارە زەبوونو لاوازە!!

سەعید حەووا دەفەرموێ: کاتێ وایە: کە مانا لێدەرەوەکە زاناو لێزان بێ لەبواری تەعبیردا لەروانگەی زانستو عیلمەوە تەفسیری بکا.

هەروەها بەڵگەیە لەسەر بێ بناغەیی ئەو فەرموودەیەی کە لەوەپێش باسمان کرد: کە دەڵێ: (الرؤيا على رجل طائر فاذا عبرت وقعت) بەگوێرەی ئەم ئایەتە حەدیثەکە راست نیە.

ئیمامی قورطبی لەتەفسیری ئایەتی: ﴿تَزْرَعُونَ سَبْعَ سِنِينَ﴾دا دەفەرموێ: ئەم ئایەتە بنەمایەکە لەبواری بەرژەوەندی شەرعیدا، یەکێکە لەو دەقانەی کە مەصالیحی شەرعی دەچەسپێنێ کە بریتین لەپاراستنی ئایینو گیانو عەقڵو نژادو ماڵو سامان. هەر شتێک پارێزگاری یەکێ لەم پێنج شتە یان هەموانیان بکا ئەو مەصلەحەتەو پەسندە، هەر شتێک یەکێ لەم پێنج شتانە بفەوتێنێ ئەو مەفسەدەیەو بەرەنگاریکردنو رەتکردنەوەی بەرژەوەندییەو پێویستە. هەموو زانایانیش کۆڕایان هەیە لەسەر ئەوە کە مەبەستی هەموو شەریعەتە ئاسمانییەکان شارەزا کردنی ئادەمیزادە بۆ

وەدەستهێنانی بەرژەوەندییە دونیاییەکان تا بەهۆی ئەو بەرژەوەندییانەوە بتوانن، خودا بناسنو بەندایەتیو عیبادەتی بۆ ئەنجام بدەن، کە ئەمەش سەردەکێشێ بۆ بەختەوەری دەونیاو قیامەت.

بەشی پێنجەم لەچیرۆکی یوسف

پاشا داوا دەکا یوسف ببینێو لەبەندینخانە رزگاری بکەن، یوسف داوای لێکۆڵینەوە دەکا

وَقَالَ ٱلْمَلِكُ ٱئْتُونِي بِهِۦ ۖ فَلَمَّا جَآءَهُ ٱلرَّسُولُ قَالَ ٱرْجِعْ إِلَىٰ رَبِّكَ فَسْـَٔلْهُ مَا بَالُ ٱلنِّسْوَةِ ٱلَّٰتِي قَطَّعْنَ أَيْدِيَهُنَّ ۚ إِنَّ رَبِّي بِكَيْدِهِنَّ عَلِيمٌ ﴿٥٠﴾ قَالَ مَا خَطْبُكُنَّ إِذْ رَٰوَدتُّنَّ يُوسُفَ عَن نَّفْسِهِۦ ۚ قُلْنَ حَٰشَ لِلَّهِ مَا عَلِمْنَا عَلَيْهِ مِن سُوٓءٍ ۚ قَالَتِ ٱمْرَأَتُ ٱلْعَزِيزِ ٱلْـَٰٔنَ حَصْحَصَ ٱلْحَقُّ أَنَا۠ رَٰوَدتُّهُۥ عَن نَّفْسِهِۦ وَإِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿٥١﴾ ذَٰلِكَ لِيَعْلَمَ أَنِّي لَمْ أَخُنْهُ بِٱلْغَيْبِ وَأَنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِي كَيْدَ ٱلْخَآئِنِينَ ﴿٥٢﴾

دوای ئەوەی کابرای مەیگێڕ گەڕایەوە بۆ لای پاشاو تەعبیر لێدانەوەی خەونەکەی لەلایەن یوسفەوە پێ راگەیاند، مانا لێدانەوەکەی بەلاوە پەسند بوو، دەست بەجێ داوای ئامادە کردنی یوسفی کرد، بۆ ئەوەی خودی خۆی ببینێو زیاتر مانای خەونەکەی بۆ شی بکاتەوەو بیرو بۆچوونی لەم بارەوە بزانێ، دەفەرموێ: ﴿وَقَالَ ٱلْمَلِكُ ٱئْتُونِي بِهِۦ﴾ پاشا فەرمانی دەرکردو داوای

کرد: کە یوسفی لائامادە بکەن، دەست بەجێ پیاوێکیان نارد بـۆ بەندینخانـە بۆ لای یوسف، ﴿فَلَمَّا جَاءَهُ الرَّسُولُ﴾ جا کـە کـابرای فرسـتادە هاتـە لای حەزرەتی یوسفـو پەیامی رزگار بوونی پێ راگەیاندو ویستی پاشـای بـۆ روون کردەوە، حەزرەتی یوسف هیچ خۆی تێک نەداو هەواڵی رزگار بوونو مـوژدەی بڕیـاری بـەرەڵلا کردنـی لەبەندینخانـە شاگەشـکەی نـەکرد، بـەڵکوو چوونـە دەرەوەشی لەبەندینخانە رەت کردەوە.

ئەوەتا ئێمە دەبینین: یوسف کە ئەو ماوە درێژەی لەبەندینخانەدا بەسەر بردوە پەلە لەچوونـە دەرەوە ناکـا تـا قەزیەکـەی لێکۆڵینـەوەی تێـدا نـەکرێو بەرائەتی رانەگەیەنرێ مان لەچوونە دەرەوە دەگرێ. مانەوە لەبەندینخانەدا بـۆ یوسف بووە بۆتەی پاڵفتە کردنو قـاڵ کـردن، خـودا پـەروەردەی کـردو جوانـی پێگەیاند، ئەم پەروەردە کردنە پـەروەردە کردنـەو قاڵکردنـە بتمانـەو ئـارامی خستە نێو دڵی یوسفەوە، پەلە پەلی سەرەتای چوونە نـاو بەندینخانـەی پێـوە دیار نەماوە!!

بێگومان کاریگەری ئەم پەروەردە یەزدانییـە بەسـەر یوسـ‌ ‌ەوە ئاشـکراو نمایانە، جوداوازی نێـوان مـەوقیفی سـەرەتای چوونـە نـاو بەندینخانـەی کـە بەهاوەڵەکەی دەڵێ: ﴿اذْكُرْنِي عِنْدَ رَبِّكَ...﴾ لەگەڵ مەوقیفی دوا ئـەو مـاوە درێژەی: کە لەبەندینخانەدا ماوەتەوە زۆر ئاشکراو دیـارە. ئـەوەتا: حـەزرەتی یوسف داوای چوونە لای پاشا رەت دەکاتەوە، لـەباتی ئـەوەی خێـرا هەسـتێو خۆوەپێچێو بەرەو قەصری پاشا بکەوێتە ڕێو بەندینخانە جێ بێڵێ: ﴿قَـالَ ارْجِعْ إِلَى رَبِّـكَ﴾ بەفروستادەکەی فـەرموو: بگـەڕێرەوە بـۆ لای پاشـاکەتو داوای لێ بکە با لێکۆڵینەوە لەو تۆمەتە بکا کە وەپاڵ من دراوە ﴿فَاسْأَلْهُ مَا بَالُ النِّسْوَةِ اللَّاتِي قَطَّعْنَ أَيْدِيَهُنَّ﴾ برۆ عـەرزی پاشـا بکـە! فـەرمان بـدا ئـەو ژنانەی دەستی خۆیـان بڕی لەگـەڵ ژنـی عـەزیزی میصـردا کۆیـان بکاتـەوەو پرسیاریان لێ بکا: حاڵی ئەوان چۆن بووەو حاڵی من چۆن بووە؟ لێیان بپرسـێ لەسەر چی ئەو ژنانە داوایان لەمن کرد فەرمانی شاژن جێ بەجێ بکەم؟ ئەمن

لەبەندینخانە نایەمە دەرەوە تا ئەو لێکۆڵینەوە ئەنجام نەدرێ، چونکە پێم ناخۆشە من بێمە لای پاشاو ئەو تۆمەتەم بەدووەوە بێ. ﴿إِنَّ رَبِّي بِكَيْدِهِنَّ عَلِيمٌ﴾ بێگومان خودای مەزن ئاگاداری فێڵو حیلە بازی ئەو ژنانەیەو بێ تاوانی من ئاشکرایە، داواکارم پاشا ئەو ژنانە کۆبکاتەوە بەڵکوو دان بەناپاکی خۆیانو پاکی من دابنێن!

پاشا ئەو ژنانەی دەستی خۆیان بڕیبوو لەگەڵ ژنی عەزیزدا کۆی کردنەوەو رووی تێ کردنو ﴿قَالَ: مَا خَطْبُكُنَّ إِذْ رَاوَدتُّنَّ يُوسُفَ عَن نَّفْسِهِ﴾ وتی: مەبەستتان چی بوو ئەو رۆژەی: کە دەوری یوسفتان دابوو لەماڵی عەزیزی میصرو دەتانەویست یوسف لەخشتە بەرنو رامی بکەن بۆ ژنی عەزیز، ئایا یوسف هاتە سەر مەبەستی ئێوەو بەڵێنی دا داخوازییەکەتان جێ بەجێ بکا!!

﴿قُلْنَ حَاشَ لِلَّهِ! مَا عَلِمْنَا عَلَيْهِ مِن سُوءٍ﴾ ئەوانیش هەموو وتیان: نەوەڵڵا حاشا ئێمە هیچ رەفتارو هەڵسو کەوتێکی ناپەسەندمان لەیوسف نەدیوە، نە لەسەرەتاوە نەلەکۆتاییدا هیچ خراپەیەکمان لێ نەدیوە!!

ئیتر نەزعەی خێر لەدڵی زولەیخادا سەری هەڵدا دانی بەراستی دانا؛ وەکوو دەفەرموێ: ﴿قَالَتِ امْرَأَتُ الْعَزِيزِ﴾ ژنی عەزیز کەوتە قسەو وتی: ﴿الْآنَ حَصْحَصَ الْحَقُّ﴾ ئێستا حەق دەردەکەوێو خۆی دەنوێنێ، چیتان لێ بشێرمەوە ﴿أَنَا رَاوَدتُّهُ عَن نَّفْسِهِ﴾ ئەم ژنانە پەیوەندییان بەقەزیەی یوسفەوە نیە، من هەوڵم لەگەڵ داوەو ویستوومە بۆ خۆمی رام بکەم، زۆرم ئەملاو ئەولا لەگەڵدا کردو هەوڵو تەقەللامدا بۆ ئەوەی سازی بکەمو بۆخۆمی بگونجێنم، بەلام ئەو ملی نەداو بەقسەی نەکردمو نەهاتە سەرخەت. بەراستی یوسف داوێنپاکەو ﴿وَإِنَّهُ لَمِنَ الصَّادِقِينَ﴾ بێگومان ئەو لەگوفتارو هەڵوێستدا راستو راستخوازە، ئەو کاتەش کە لەبەردەم عەزیزدا رەدی دامەوە راستگۆ بوو. ئەم داننانەی زولەیخا شایەدییەکی رەپو رەوانە لەسەر ئەوە: کە یوسف

داوێنپاکئو نیاز پاکئو سروشت پاکـە، هیـچ تـاوانو خیانەتکارییـەکی ئـەنجام نەداوە!!

﴿ذَٰلِكَ﴾ ئەم دان پیانانەم ئاوا بەئاشکراو بـێ منجـە منـجو شـایەتیدانم بەراستگۆییو بێ تاوانی یوسف بۆ ئەوەیە: ﴿لِيَعْلَمَ أَنِّي لَمْ أَخُنْهُ بِـالْغَيْبِ﴾ کـە یوسف بزانـێ مـن لـەو کاتانـەدا کـە ئـەو لەبەندینخانـەدا بـوەو خیانـەتم لێ نەکردوە، تانەو تەشـەرم لەشـەرەفـو داوێنپـاکیو نـەفس بـەرزی ئـەو نـەداوە، تەنانەت کە ژنەکانیشم بانگ کردن بۆ ماڵی خۆمو خواردەمـەنیو کێردم دانـە دەسـتو یوسـفم هێنایـە سـەریانو لەعـەیبـەتاو لـەتاوا دەسـتی خۆیـان بـڕی، بەئاگاداری ئەوان دانم بەوە دانا: کە من هەوڵم داوە لەخشتەی بەرمو بۆخۆمی کەوی کەمو کوڵی دڵی خۆمی پێ دامرکێنـم! بـەڵام یوسـف بەیدەسـت نـەبوو، خۆی گرتو بۆم رام نەبوو.

زومەخشەری دەفەرموێ: رستەی ﴿لِيَعْلَمَ أَنِّي لَمْ أَخُنْهُ بِالْغَيْبِ﴾ وێ دەچێ لـەئاخاوتنی جـەزرەتی یوسـف بـێو پەیوەسـت بـێ بەوتەکـەی پێشـووی کـە فەرمووی ﴿إِنَّ رَبِّي بِكَيْدِهِنَّ عَلِيمٌ﴾.

ئەو کاتە مانای رستەی ﴿لِيَعْلَمَ أَنِّي لَمْ أَخُنْهُ بِـالْغَيْبِ﴾ بـەم جۆرە دەبـێ: من کە داوای ئەم لێکۆڵێنەوەم کردو ویستم پاشا ئەنجامی بدا بۆ ئـەوە بـوو: کە عـەزیز (مێردی زولـەیخا) بزانـێو دڵنیـا بـێ مـن خیانـەتم لێ نـەکردوە، لـەماڵ نەبوونی ئەوم بەهەل نەزانیوە دەست لەگەڵ خێزانەکەیدا تێکەڵاو بکەم![1]

ئەبو حەییان رەخنەی لەم تەفسیر کردنەی زومـەخشـەری گرتـووەو دەڵـێ: ئەوانەی پێیان وایە رستەی ﴿ذَٰلِكَ لِيَعْلَـمَ...﴾ لـەئاخاوتنی یوسفە، خۆیـان تووشی گێرو گرفتی نەگونجانی پێکەوە گرێدانی ئەم رسـتەیە لەگـەڵ رسـتەی پێشوودا کردوە، هیچ بەڵگەیەکیان بەدەستەوە نیە: کە ئەوە قسەی یوسف بێ.

---

(١) تەفسیری کەششاف ج٢/١٤٢.

هەڵبەتە زومەخشەری وەلامی ئەبو.حەییانی داوەتەوەو دەڵێ: گونجانی مەعنا باشترین بەڵگەیە: کە ئەوە لەکەلامی یوسفە..

﴿وَأَنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي كَيْدَ الْخَائِنِينَ﴾ با هەموو کەس بزانێو دڵنیا بێ کە خودا فرتو فێڵی خائینان جێ بەجێ ناکاو سەرکەوتوویان ناکا بەڵکوو بەتاڵیان دەکاتەوە.

ئەوەی لەئایەتەکان وەردەگیرێ ئەمەیە:

١- هانا بردنی پاشا بۆ یوسف نیشانەی ئەوەیە: کە زانیاری زۆر بەنرخو پیرۆزە.

٢- زانیاریو کرداری چاک بەیەکەوە هۆکاری رزگار بونن لەتەنگو چەڵمەی دونیاو قیامەت.

٣- دروستە هەر کاتێ ئینسان هەلی بۆ هەڵکەوت حەقو راستی بچەسپێنێ.

٤- خۆرازاندنەوە بەرەوشتی صەبرو هێدیو هێمنیو نەفس بەرزیو کەرامەت پاراستن بنەمای ئەخلاقی پێغەمبەرانن.

٥- بەگوێرەی شەریعەت پێویستە ئینسانی موسوڵمان پەلە لەلەکەدار کردنی ناموسی خەڵک نەکا، ئەوەتا حەزرەتی یوسف خۆی پاراست لەوەی کە تۆمەتی خراپە ئاراستەی ژنەکان بکا، بەڵکوو داوای کرد پاشا بۆ خۆی لەو بارەوە لێکۆڵینەوە ئەنجام بدا. تەنانەت باسی زولەیخاشی بەخراپە نەکرد.

٦- راگەیاندنی حەقیقەتو درکاندنی قسەی حەقو ئازایەتی نواندن لەدەرخستنی راستییەکانداو ویژدان بەخەرجدان بەرامبەر بێ تاوانانو تەصدیق کردنی خودا پەرستانو خۆپارێزان بەشێکن لەرەوشتی بەرزو جوانو پەسند.

بەیارمەتی خودا لەپاکنووسای جزمی دوانزەهەم بووەوە بەمەش بەرگی شەشەمی تەفسیری رەوان تەواو دەبێ خودا یارمەتیمان بدا بۆ تەواو کردنی جزمەکانی تر ...

١٩٩٩/٣/١٥

مەلا محمود أحمد

